# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات. ژمارە (٢٥) ساڵی شەشەم، ئەیلوولی ٢٠٢٥

# کۆچ

## دیاردەیەکی بەردەوام و دەروازەی دەرفەتەکان

- مانەوەی ناچاری؛ چوارچێوەیەکی نوێ بۆ خوێندنەوەی دیاردەی کۆچی گەنجان لە کوردستان
- ئاوارەیی و پەروەردە: کاریگەرییەکانی لە سەر خوێندن
- ئاستەنگەکانی بەردەم ئاوێتەبوونی پەنابەرانی سووریا لە هەرێمی کوردستان
- کۆچی ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا؛ وردبوونەوەیەک لە دەیتا و ئامارەکان
- سیاسەتی پەنابەرێتی لە وڵاتانی بەریتانیا و ئەڵمانیا



# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە (٢٥) ساڵی شەشەم، ئەیلوولی ٢٠٢٥

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: د.هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین: د.ئەژی ئازاد ئەبوبەکر



بۆردی ڕاوێژ

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول



هەڵەگر: باخان ئەحمەد
نەخشەساز: ڕەوشت محەمەد



شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G, شووقەی 4

Address: Iraq, Kurdistan, Slemani

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

SCAN ME

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. وەرزی جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەتڕێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەند پسپۆڕێتی (Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.

# پێڕستی ناوەڕۆک


**سەروتار**

کۆچ؛ دیاردەیەکی بەردەوام و دەروازەی دەرفەتەکان ............................................ ● د. یوسف گۆران ٤

**توێژینەوەی ناوخۆیی**

مانەوەی ناچاری، چوارچێوەیەکی نوێ بۆ خوێندنەوەی دیاردەی کۆچی گەنجان لە کوردستان
..................................................................................................... ● عەبدولسەمیع محەمەد ڕەحمان ٩

ئاوارەیی و پەروەردە: کاریگەرییەکانی لە سەر خوێندن ................................ ● د. پێشەوا جەلال محەمەد ٣٥

ئاستەنگەکانی بەردەم ئاوێتەبوونی پەنابەرانی سووریا لە هەرێمی کوردستان ....... ● د. فارووق عەبدول مەولوود ٥٦

کۆچی کورد لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا گەڕانی بەدوای ماڵدا
.............................................................................. ● د. کوردستان عومەر محەمەد - دیدار ئەبوزەید سەعدی ٨٢

**توێژینەوەی وەرگێڕاو**

سیاسەتی کۆچبەری و کاریگەرییە هەمەلایەنە ئابوورییەکانی لە خولی دووەمی سەرۆکایەتیی «ترەمپ»دا
....................................................................................... ● وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: بەهرە مەهدی ١٠٣

کۆچی ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا وردبوونەوەیەک لە دەیتا و ئامارەکان ......................................... ● ئایندەناسی ١٢٦

**ڕاپۆرتی ئایندەیی**

سیاسەتی پەنابەریتی لە وڵاتانی بەریتانیا و ئەڵمانیا ............................................................ ● ئایندەناسی ١٤٣

دیاردەی کۆچ لە هەرێمی کوردستان هۆکار، ئاستەنگ و سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا .... ● ئا: د. ژیلوان لەتیف یارئەحمەد ١٥٥

**کتێبی ئایندەیی**

گەڕان بە دوای ماڵ لە نێو کۆچبەران و پەنابەرانی زۆرەملێدا ............................................ ● ئایندەناسی ١٧٤

**فەرهەنگی ئایندەیی**

کۆچ و کۆچی نێودەوڵەتی ........................................................................................... ● ئایندەناسی ١٧٩



د. یوسف گۆران

# کۆچ؛ دیاردەیەکی بەردەوام و دەروازەی دەرفەتەکان

هەر چەندە دیاردەی کۆچ لە دێرزەمانەوە بە گەڕانی مرۆڤ بەدوای ژینگەیەکی باشتر و ئارامتر بۆ گوزەران و مانەوەیەوە پەیوەست بووە، بەڵام ئەم دیاردەیە لە سەردەمی مۆدێرندا و بە تایبەتی لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا چەندین ڕەهەندی دیکە و فرەلایەنەی وەرگرت.

چەندین هۆی سەرەکی بۆ دیاردەی کۆچ، چ کۆچی تاکەکەسی و چ کۆچی کۆمەڵی بێت، بە پێی سەردەمەکە لەئارادا بووە، ڕەنگە گرینگترینیان هۆی ئابووری و گەڕان بەدوای خۆشگوزەرانییەوە بووبێت و یاخود جەنگەکان و گەڕان بەدوای ئارامی و ئۆقرەییەوە هۆیەکی دیکە بووبێت. بەڵام لە دوو دەیەی ڕابردوودا بە هۆکاری گۆڕانی کەشوهەوا و قاتوقڕی و گۆڕانکاری لە ژینگەی جیهانیدا و بە تایبەت لە ئەفەریقا، ئاسیا و ئەمەریکای باشووردا، هۆیەکی دیکەی سەرەکی بۆ کۆچ بووبێت و سەرەنجام بەرپابوونی نائارامی و شەڕوشۆڕی لێ کەوتووەتەوە.

کۆمەڵگەی کوردستانی بە هۆی پێگە جوگرافییەکەی لە چەقی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەردەوام ڕووبەڕووی دیاردەی کۆچ بووەتەوە، لە لایەک نەتەوە هاتووەکانی نێوچەکە بە تایبەت تورک و عەرەب، بە هۆکاری جیاواز یان هاتوونەتە کوردستان، یان پیایدا تێپەڕیون، کە سەرەنجام گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی و کولتووریی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. گەر لە دوای دەرکەوتنی ئیمپڕاتۆریای بێزەنتی و داگیرکردنی باکووری کوردستان ژمارەیەکی زۆری کوردستانیانیش یان بە زۆرەملێ یان بە هۆکاری جیاواز بۆ نێوەڕاستی ئەنادۆڵ و تورکیای هەنووکە کۆچیان کرد. ئەوەش بۆخۆی بەڵگەیە کە کۆچکردنی کوردانی کەفکاس لە سەدەکانی نێوەڕاست بەرەو سووریا و میسڕ و فەڵەستین و عێراقی عەرەبی، گۆڕانکاریی گەورەی سیاسی و مێژوویی لە چەشنی دەوڵەتی ئەیوبی و دەرکەوتنی سەرکردە سەلاحەدینی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە دوای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، کە لە سەر بنەمای کولتووری نەتەوەی سەردەست دامەزرا، ئەم دیاردەیە زیاتر هەستی پێ کرا و دەرکەوت، چونکە ئەگەر پێشتر ئایین تاقە پێوەری جیاکردنەوەی شوناسی هاوڵاتییان بووبێت، ئەوا بە دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی ئینتیمای کولتووریی ئیتنیی نەتەوەیی ڕەهەندی جیاکاریی نوێی بەدوای خۆیدا هێنا و پرۆسەی تێکەڵبوونی تاکە غەریبەکان (کۆچبەران)ی کۆمەڵگای قورستر و ئەستەمتر کرد.

لەگەڵ دەستپێکردنی سەدەی بیست و یەک و ئەو دیاردەیەی کە بە «بەجیهانیبوون» ناسرا و دەستی پێ کرد، دیاردەی کۆچ ڕەهەندی گەورە و مەترسیداری بەخۆوە بینی. دەرئەنجامی بەجیهانیبوون و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن زۆربەی هەرە زۆری هاوڵاتییانی جیهان بە ئاسانی ئاگایان لە جیهانی دەرەوەی خۆیان و ئاستی کۆمەڵگەکان و تەنانەت شێوازی هەوڵدان بۆ گەیشتن بۆ نێوچە ئارام و خۆشگوزەرانییەکانی جیهان بوو، کە بووە پاڵنەری بەهێز بۆ کۆچکردن بەرەو دنیای ڕۆژئاوا. ئەم دیاردە جیهانییە بە تێکچوونی ژینگە و دۆخی کەمئاوی و بەبیابانبوون هێندەی تر قووڵ و چڕ بووەوە. بۆیە هەنووکە دەتوانین بڵێین نائارامیی سیاسی و ئاسایشی و هەژاریی کۆمەڵایەتی و شەڕە بێکۆتاکانی پەیوەست بە تێکچونی ژینگە و

کێبڕکێی سیاسی؛ هۆی سەرەکیی دیاردەی کۆچی جیهانین.

ڕەهەندێکی دیکەی کاریگەریی ئەم دیاردەیە لە تێکدان و گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکانە لە وڵاتە خانەخوێکاندا، بە تایبەت وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا بە هۆی زۆریی ژمارەی کۆچبەران کە کولتوور و دابونەریتی جیاوازیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە، کۆمەڵگە خانەخوێکانی تووشی دیاردەی نامۆ و جیاواز کردووەتەوە کە پێشتر لە نێو بەها کۆمەڵاتییەکانی خۆیاندا بوونیان نەبووە. بەم شێوەیە دەبینین لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا هەڵکشان و بەهێزبوونی باڵی ڕاستڕەوە پارێزگار (موحافزکار)ەکان کە دژی سیاسەتی کۆچ و کولتووره جیاوازەکانیانن؛ بەخۆوە دەبینێت کە بێگومان کاریگەریی بە پەیوەندیی وڵاتانەوە دەبێت، بەڵکوو ڕەنگە خودی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان تووشی بوومەلەرزەی سیاسی و کولتووری و ئاسایشی بکات و هەرەس بهێنن.

سەبارەت بە پرسی کۆچ و پەیوەست بە کورد و کوردستانەوە، لەگەڵ دەستپێکردنی سەرکوتکردنی شۆڕشە کوردستانییەکان لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە و بە تایبەت لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە ئەم دیاردەیە دەستی پێ کرد، دەرپەڕاندن و کۆچکردنی نالی و کوردی دوای ڕووخاندنی میرنشینی بابان و دوورخستنەوەی بنەماڵەی بەدرخان؛ دوو نمونەی نێو دەیان نموونەن. بەڵام دیارە ئەم کۆچکردنەی کوردانیش جگە لە هۆکاری سیاسی و شەڕ، پاڵنەری تریشی بەخۆوە بینیوە. ڕاستە ئێستا نزیکەی ٢ ملیۆن کورد لە ئەورووپا دەژین کە دەکرێت بڵێین بەشی پێنجەمی کوردستانە، بەڵام سەرباری ئەم کۆچکردنە زۆرەملێیە؛ ئەم دیاردەیە بۆ گەشەپێدانی تاکی کوردستانی و کردنەوەی بە ڕووی شارستانیەت و گەشەسەندی ڕۆژئاوادا سوودێکی بەرچاوی هەبووە.

وەک کورد گرنگە وەک نەتەوەیەکی کەمدۆست و پڕ لە کێشە لە جوگرافیای سیاسیی دراوسێکانی نێوچەکە، گرنگییەکی تایبەت بە کوردانی کۆچبەر( دیاسپۆڕا) بدات. دەکرێت هەرێمی کوردستان کە تاقە دەسەڵاتی فەرمیی کوردە لە سەرجەم پارچەکانی تری کوردستان، بەرنامەی نیشتمانیی فراوانی هەبێت بۆ پەرەپێدانی کولتوورو پاراستنی شوناسی کوردانی دیاسپۆڕا و بەستنەوەیان بە نیشتمانی دایکەوە.

گرنگیدان بە گەنجانی لێهاتووی کورد لە دەرەوە و فەراهەمکردنی چانسی زیاتر بۆیان، چ لە ناوە و چ لە دەرەوە، پێویستە کاری لەپێشینەی حکومەتی هەرێممان بێت. ئەگەر پێشتر کۆچ و ئاوارەیی و غەریبی بە گوتەی شاعیری مەزنی گەلەکەمان «حاجی قادری کۆیی»:

**غەریبی غوربەتی لێ کردم بە ئەوتان**

**سەراپای دونیای لێ کردم بە زیندان**

گەر ئەو دەمە هەموو دنیای لێ کردبینە زیندان، ئەوا ئێستا بە هۆی گەشەکردنی زانست و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و بەرنامەی ڕوونی کارکردن لە سەر کوردانی دیاسپۆڕا، ئەم زیندانە ببێتە گۆڕەپانێکی فراوان و کراوە و پڕ لە دەرفەت بە ڕووی کورد و گەشەسەندنی کۆمەڵگە لە ڕووی سیاسی و زانستی و زیاتر ئاشنابوون بە بەها دیموکراسی و دامەزراوەییە جیهانییەکان.

توێژینەوەی نێوخۆیی

ئایندەناسی

# مانەوەی ناچاری

## چوارچێوەیەکی نوێ بۆ خوێندنەوەی دیاردەی کۆچی گەنجان لە کوردستان



عەبدولسەمیع محەمەد ڕەحمان

خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی ئیۆتفۆش لۆراند - هەنگاریا

**بەرایی**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر دیاردەی «مانەوەی ناچاری» لە نێوان گەنجانی کوردستاندا کە ئارەزووی کۆچکردنیان هەیە، بەڵام بە هۆی بەربەستە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ناتوانن کۆچ بکەن. بۆ تێگەیشتن لە کۆچ؛ چەمک و تیۆری جیاوازمان لە بەر دەستە کە هەریەکیان بە ڕێژەی جیاواز لە شوێنی جیاواز کار دەکەن. دووانەی ئارەزوو/توانا، هەوڵێکی نوێی توێژەرانی بواری کۆچکردنە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە کۆچکردن تەنها پەیوەندیی بەو کەسانەوە نییە کە شوێنێک بەجێ دەهێڵن، بەڵکوو ئەوانەش کە دەمێننەوە پەیوەندیدارن بەم پڕۆسەیەوە. ئەم توێژینەوەیە پشت بە بەشێک لەو سەرنج و دۆزینەوانە دەبەستێت لە ماوەی کارکردن لە سەر کۆچکردن بۆ پڕۆژەی نووسینی دکتۆرا کۆ کراوەتەوە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا. بوونی خواست و نەبوونی توانای کۆچکردن کاریگەری بەجێ دەهێڵێت لە سەر تاک و کۆمەڵگە بە گشتی، ئەم کاریگەرییانە دەکرێت لە سەر ئاستی کەسی، لە فشار و ناسەقامگیر دەروونی دەربکەوێت بۆ مانەوە لە جێگایەک کە بەردەوام مایەی ناڕازیبوونە لە لای گەنجان. لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی، دابڕان و گرنگینەدانی لێ بکەوێتەوە بۆ دۆخی گشتیی کۆمەڵگە و هەروەها لاوازبوونی ناسنامە و ئینتما و یەکانگیریی کۆمەڵایەتییشی بەدوادا بێت.

## دەروازە

هەر چەندە کۆچکردن لە کۆنەوە خەسڵەتێکی زۆر بنەڕەتیی کۆمەڵگەی مرۆیی بووە، مرۆڤ و گرووپەکانی سەردەمە دێرینەکان بەردەوام لە جووڵەدا بوون، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر سیستماتیک و زانستی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ئەدەبیاتی توێژینەوە لە سەر کۆچکردن بە شێوەیەکی زۆر خێرا گەشەی کردووە و ناوەند و سەنتەری توێژینەوەی تایبەتی بۆ دروست کرا. زۆربەی توێژینەوە و شیکردنەوەکان لە سەر دیاردەی کۆچکردن بە دەوروبەری هۆکارەکان و کاریگەرییەکانی دەسووڕایەوە لە سەر هەردوو کۆمەڵگای نێردەر و وەگری کۆچبەران. توێژینەوەکانیش زیاتر بە هەردوو تیۆری «نیوکلاسیکی» و «ئابووریی نوێی کۆچکردن» لێک دەدرانەوە. یەکەمیان کۆچ وەک بڕیارێکی تاکەکەسی و عەقڵانی لە ڕوانگەی قازانج و سوودەوە دەبینێت کە بە هۆی جیاوازیی داهات و دەرفەتی کار لە نێوان وڵاتاندا دێتە کایەوە، بە ئامانجی بەدەستهێنانی زۆرترین سامان. دووەمیان کۆچکردن وەک ستراتیژییەکی خێزانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان و تێپەڕاندنی سنووردارییە ماددییەکان دەبینێت. بەڵام لە سەرەتای سەدەی ٢١ و بە هۆی کاریگەرییە بەرفراوانەکانی شەپۆلەکانی بەجیهانیبوون و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی، کۆچکردن بوو بە دیاردەیەکی جیهانیی بەربڵاو، کاریگەرییەکانی سنوورەکانی تێپەڕاند و ئاڵۆزیی بەخۆیەوە بینی، بۆیە بوو بە بوارێکی هاوبەشی نێوان زانستەکان (interdisciplinary)، تا ئەم ساتەش بەردەوام چەمک و تیۆر و مەعریفەیەکی فراوان و فرەڕەهەندی لە سەر بەرهەم دێت.

یەکێک لەو چوارچێوە شیکارییانەی لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە پەرەی پێ دراوە لە لایەن کارلینگ[١] و دواتریش دی هاس[٢]، بریتییە لە ئاواتەکانی کۆچکردن (Migration Aspirations). ئاواتەکانی کۆچکردن تەنها کۆچی ڕاستەقینە لەخۆ ناگرێت، بەڵکوو کۆچی هەرگیز بەدینەهاتووش دەگرێتەوە. ئەم چوارچێوەیە گریمانەی ئەوە دەکات ئەو وڵات و ناوچانەی کە شەپۆلەکانی کۆچکردن تێیاندا ڕوو دەدات، بە جۆرێک هەموو دانیشتووانەکەی دەکەونە ناو دینامیکیەتی کۆچکردنەوە یان پێی کاریگەر دەبن. لەم ڕووەوە ئەم چوارچێوەیە باس لە چوار گرووپی جیاواز لە خەڵک دەکات کە هەریەکەیان دەبن بە کاتیگۆرییەکی شیکاریی جیای پەیوەست بە کۆچکردنەوە. ئەم

چوارچێوە شیکارییە لە سەر دوو بنەمای خواست و توانا دامەزراوە کە خەڵکی ئەو وڵاتانەی کە کۆچی لێ دەکرێت؛ بەسەریاندا دابەش دەبن. یەکێک لەو کاتیگۆرییانەی کە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو کاری لەسەر کراوە بریتییە لەو کەسانەی کە خواستی کۆچکردنیان هەیە، بەڵام توانای ئەنجامدانی کۆچکردنیان نییە بە هۆی ڕێگرییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی و سیاسییەکانەوە، ئەم کەسانە پێیان دەوترێت مانەوەی ناچاری (Involuntary immobility). ئەم بارودۆخە واقیعێکی جیهانییە، بە تایبەتی لەو وڵات و ناوچانەی کە کۆچکردن تێیاندا مێژوویەکی درێژی هەیە. دوایین ڕاپرسی گالۆپ[٣] سەبارەت بە کۆچی جیهانی، ئاماژە بە بەردەوامیی خواستی بەرزی کۆچکردن دەکات. لە ساڵی ٢٠٢٣، ١٦٪ی ئەوانەی لە تەمەنی پێگەیشتوودان لە سەرانسەری جیهاندا -کە پێشبینی دەکرێت زیاتر لە ٩٠٠ ملیۆن کەس بێت-، ڕایانگەیاندووە کە حەز دەکەن وڵاتی خۆیان بەجێ بهێڵن بۆ هەمیشە، ئەگەر بتوانن.

هەرێمی کوردستان مێژوویەکی هەیە لە شەپۆلەکانی کۆچکردن بۆ ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا، ئێرلێند پۆسکە (٢٠٢٠) بەدواداچوون بۆ نزیکەی چوار دەیە لە کۆچی پەنابەری کوردی عێراق بۆ ئەورووپا دەکات. ئەم ڕەوتە مێژووییانە زەمینەیەک بۆ تێگەیشتن لە شێوازەکانی ئێستای خواست و جووڵەی کۆچکردن لە هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنن. کۆچکردن بۆ ژمارەیەکی زۆری گەنجان ئاواتێکی بەدینەهاتووە، توێژینەوەی پالانی و بەسیر[٤] ئاماژە بەم خواستە بەربڵاوە دەکات، ڕێژەیەکی زۆری گەنجان لە هەرێمی کوردستان (نزیکەی ٦٠٪) مەیلی کۆچکردنیان نیشان داوە. دۆخی ئابووریی خراپ و بێکاری و ناڕەزایەتیی سیاسی و گەندەڵی و نادادپەروەری لە ڕیزی ئەو هۆکارە پاڵنەرانەن کە هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان ناچار بە کۆچکردن دەکات[٥]. بەڵام سەرباری ئەم هۆکارانە، بە هۆی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان چەند شەپۆلێکی کۆچکردن تێیدا ڕووی داوە، پۆسکە زیاتر لە میکانیزمەکانی کۆچکردن ورد دەبێتەوە و پێی وایە هۆکارە کەڵەکەبووەکان (Cumulative causation) لەم نێوانەدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت. لە بنەڕەتدا هۆکارە کەڵەکەبووەکان چەمکێکە کە دۆگلاس ماسەی و هاوکارەکانی[٦] پەرەیان پێ داوە و ئاماژەیە بۆ ئەو بیرۆکەیەی شەپۆلی یەکەمی کۆچکردن کە سەرەتا دەست پێ دەکات دەتوانێت دواتر هەلومەرجێک دروست بکات کە هاندەری کۆچی زیاتر بێت.

بەو پێیەی کۆچکردن دیاردەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە، دەتوانرێت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ڕەهەندە جیاکانی لێک بدرێتەوە، باس لە هۆکار و کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگە بە گشتی بخرێتە ڕوو. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر لایەنێکی دیاریکراو و پەیوەندیدار بە کۆچکردنەوە کە کەمتر لە توێژینەوەی کوردی لەسەر کۆچکردن گفتوگۆی لە بارەوە کراوە، ئەویش بەدینەهاتنی ئاوات و خولیای کۆچکردنە، وەکوو لە سەرەوە باسمان کردووە مانەوەی ناچارییە. بارودخی ئێستای وڵاتانی نێردەر و وەرگری کۆچبەران بە دوو ئاڕاستەی جیادا لە پەرەسەندان کە بووەتە هۆی ئەوەی تا دێت بەربەستەکانی کۆچکردن زیاتر دەبێت. لە لایەکەوە لەو وڵاتانەی کە کۆچکردن لێیەوە ڕوو دەدات؛ بارودۆخی ژیانی خەڵک و بژێویی تاک و ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنی و پرسی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی بەرەو خراپتربوون دەچێت، لە لایەکی تریشەوە ئەو وڵاتانەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ لانکەیەکی ئارام و پڕ لە شادی بوون بۆ کۆچبەران؛ خۆیان ڕووبەڕووی جۆرەها گرفتی ئابووری و سیاسی و کولتووری بوونەتەوە و چیتر ناتوانن میواندارییی ئەو لێشاوە لە کۆچبەران بکەن. هێزە سیاسییە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان تا دێت لە ڕووی نفووزی سیاسییەوە کاریگەرتر دەبن و دەگەنە دەسەڵات، کە وتاری زاڵی ئەم هێزانە بە دژەکۆچبەر دەناسرێتەوە. لە ئەنجامدا ئەمە دۆخێکی دروست کردووە کە کۆچکردن تا ڕادەی ئەستەمبوون زەحمەتە، لە بەرامبەردا پاڵنەر و هۆکارەکانیش وەکوو خۆیان بگرە زیاتریش بوون. ئارگیومێنتی ئەم توێژینەوە بریتییە لەوەی تێگەیشتن لە خەیاڵ و خولیای بەدینەهاتووی گەنجان بۆ کۆچکردن؛ یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە دیارەی کۆچکردن، هەروەها کاریگەریی دوورمەودای هەیە لەسەر گەشەپێدانی کەسی و وابەستەبوون بە شوێن و سەقامگیری لە ژیان، لە ئەنجامیشدا کاریگەریی کۆمەڵگەیی قووڵ بەجێ دەهێڵێت. بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لەم ڕوانگەیەوە شیکارییەکی مانەوەی ناچاریی گەنجان لە کوردستان پێشکەش بکات.

ئەم توێژینەوەیە، کە توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە، بەرهەم هاتووە لە میانەی پرۆژەیەکی دکتۆرا و گەڕان و پشکنین بە ناو سەرچاوەکان و ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی

چۆنایەتیی زیاتر لە ٥٠ گەنجی کورد، بە تایبەتی تیشك خستنەسەر ئەو کەسانەی ئارەزوویەکی زۆری کۆچکردنیان هەیە، بەڵام توانای کۆچکردنیان نییە، بە تایبەتی لەبەر باری ئابووری یان ڕێگریی کۆمەڵایەتی و خێزانی. هەروەها ئەم توێژینەوە سەرنجی لەسەر بەشێکی زۆری ئەو مەتریاڵە میدیایانە بووە کە گەنجان لە هەرێمی کوردستان بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

## چوارچێوەی تیۆری و ئەدەبیاتی پێشوو

توێژینەوە لە دیاردەی کۆچکردن پێویستی بە زیاد لە چوارچێوەیەکی تیۆری و شیکاری و میتۆدی هەیە کە یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی لە ڕەهەندە جیاوازەکانی تێبگەین. لە ناو ئەدەبیاتی بەرهەمهاتوو هەندێکی چوارچێوەی تیۆری و مۆدێلی شیکاری هەیە کە هەریەکەیان لایەنێکی ئەم دیاردەیان بۆ شی دەکاتەوە. یەکەم تیۆری کۆچ لە لایەن ئێرنست جۆرج ڕاڤێنشتاین[7] پەرەی پێ درا، کە زۆر جار بە دامەزرێنەری تیۆری کۆچ دادەنرێت. ڕاڤێنشتاین بە پشتبەستن بە دەیتاکانی سەرژمێری لە بەریتانیا؛ هەندێک یاسای کۆچکردنی داڕشت، لەوانە: زۆر جار کۆچبەرانی مەودای دوور دەچنە ناوەندە گەورەکانی بازرگانی یان پیشەسازی، پاشان لەگەڵ بەجێهێشتنی ناوچەکان لە لایەن خەڵکەوە بەرەو ناوەندەکانی هەڵمژینی کۆچبەران؛ بۆشایی بەجێ دەهێڵن کە لە لایەن کۆچبەرانی ناوچە دوورترەکانەوە پڕ دەکرێنەوە، ئەمەش ڕەوتی کۆچکردنی ناوخۆیی دروست دەکات. هەروها یەکێکی تر لە یاساکانی کۆچکردنی دوورمەودا پیاوان ئەنجامی دەدەن، بەڵام کۆچی نزیکمەودا زیاتر لایەن ئافرەتانەوە ئەنجام دەدرێت. بە سوودوەرگرتن لە بیرۆکەکانی ڕاڤێنشتاین، مۆدێلی پاڵنان-ڕاکێشان دواتر لە لایەن ئێڤێرت ئێس لی[8] لە وتارەکەیدا بە ناوی «تیۆری کۆچ» بە فەرمی کرا. لی ئاماژەی بەوە دا کە کۆچکردن لە ئەنجامی تێکەڵەیەک لە هۆکارەکانی پاڵنەر (دۆخی نەرێنیی ژیان لە شوێنی ڕەسەن، وەک بێکاری یان ناسەقامگیریی سیاسی)، هۆکارەکانی ڕاکێشان (دەرفەتی ئەرێنی لە شوێنی کۆچ بۆ کردن، وەک: کار، خوێندن، یان سەلامەتی) و هۆکارەکانی نێوەندگیری (وەک دووری، تێچووی گەشت، یان یاساکانی کۆچبەری) سەرچاوە دەگرێت. ئەم تیۆرییە سەرەتاییانە پێکەوە

بناغه‌ی توێژینه‌وه‌كانی كۆچی مۆدێرنیان دانا به‌ گۆڕینی فۆكه‌س له‌ جووڵه‌ی ساده‌ی مرۆڤه‌كانه‌وه‌ بۆ دیاره‌ ئاڵۆزه‌كانی نێوان هێزه‌ ئابووری و كۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسییه‌كان، كه‌ كاریگه‌رییان له‌سه‌ر بۆچی و چۆنیه‌تیی ڕوودانی كۆچكردن هه‌یه‌.

له‌ چوارچێوه‌ی تیۆرییه‌ ئابوورییه‌ نیوكلاسیكییه‌كان، دوو هه‌وڵمان هه‌یه‌ بۆ زانینی هۆكاری كۆچكردن؛ یه‌كه‌میان بریتییه‌ له‌ تیۆری لاری سجاستاد[٩] كه‌ له‌ سه‌ر ئاستی مایكرۆ یان تاك؛ گریمانه‌ی ئه‌وه‌ ده‌كات كه‌ كۆچكردن وه‌به‌رهێنانێكه‌ له‌ سه‌رمایه‌ی مرۆیی، كه‌ تاكه‌كان كۆچ ده‌كه‌ن ئه‌گه‌ر سووده‌ مادديیه‌ چاوه‌ڕوانكراوه‌كان (بۆ نموونه‌ داهاتی زیاتر) له‌ تێچووی كۆچكردنه‌كه‌یان زیاتر بێت (بۆ نموونه‌ خه‌رجییه‌كانی كۆچكردن و ئه‌و داهات و كار و ده‌رفه‌ته‌ی له‌ده‌ست ده‌چێت). ئه‌م شیكارییه‌ هه‌ڵسه‌نگاندنی تێچوون و قازانجی كۆچكردن وه‌ک بڕیارێكی ئابووریی عه‌قڵانی ده‌بینێت، كه‌ به‌ هۆی خواستی تاكه‌وه‌ بۆ زۆرترین داهات له‌سه‌ر سه‌رمایه‌ی مرۆیی خۆی به‌ گواستنه‌وه‌ بۆ شوێنێک كه‌ بتوانێت به‌رهه‌مدارتر بێت و داهاتی زیاتر به‌ده‌ست بهێنێت. دووه‌میان جۆن هاریس و مایكل پی تۆدارۆ[١٠]؛ مۆدێلی هاریس-تۆدارۆیان په‌ره‌ پێ دا بۆ ڕوونكردنه‌وه‌ی كۆچی نێوان گوند و شاره‌كان له‌ وڵاتانی تازه‌پێگه‌یشتوودا، پێیان وا بوو كۆچكردن ته‌نها به‌ هۆی جیاوازیی ڕاسته‌قینه‌ی داهات له‌ نێوان ناوچه‌ گوندنشینه‌كان و شاره‌كانه‌وه‌ نییه‌، به‌ڵكوو به‌ هۆی داهاتی چاوه‌ڕوانكراوه‌وه‌یه‌. كۆچبه‌ران بڕیاری گواستنه‌وه‌ ده‌ده‌ن ئه‌گه‌ر كرێی چاوه‌ڕوانكراوی شاره‌كان له‌ داهاتی به‌ده‌ستهاتووی گونده‌كان زیاتر بێت. ئه‌مه‌ دۆخێک دروست ده‌كات كه‌ خه‌ڵكێكی زیاتر كۆچ ده‌كه‌ن بۆ شاره‌كان له‌وه‌ی كه‌ هه‌لی كار له‌ به‌ر ده‌ستدا بێت. ئه‌نجامه‌كه‌ی بێكاریی شاره‌كان یان كه‌مكارییه‌، ته‌نانه‌ت له‌ كاتێكدا ناوچه‌ گوندنشینه‌كان هێزی كار له‌ده‌ست ده‌ده‌ن. مۆدێله‌كه‌ نیشانی ده‌دات كه‌ كۆچكردن ده‌توانێت به‌رده‌وام بێت سه‌ره‌ڕای بێكاریی زۆری شاره‌كان، چونكه‌ ئه‌وانه‌ی به‌ نیازی كۆچكردنن هێشتا چاوه‌ڕوانی به‌ده‌ستهێنانی داهاتی زیاتر ده‌كه‌ن به‌ به‌راورد به‌ مانه‌وه‌ له‌ ناوچه‌ گوندنشینه‌كان. ئه‌م مۆدێله‌ تیۆرییه‌ له‌سه‌ر بنه‌مای داواكاری-دابینكرد (Demand-Supply) باس له‌ دۆخی هاوسه‌نگی ده‌كرێت، به‌ مانایه‌كی تر: كۆچكردن به‌رده‌وامه‌ تا جیاوازیی مووچه‌ و ده‌رفه‌ته‌كان له‌ نێوان شوێنی كۆچلێكردوو و شوێنی مه‌به‌ستدا یه‌كسان ده‌بن. كاتێک ئه‌مه‌ ڕووی دا،

هاندەر بۆ کۆچکردن کەم دەبێتەوە یان دەوەستێت.

بە پێچەوانەی تیۆری نیوکلاسیک (کە کۆچ وەک بڕیارێکی تاکەکەسی بۆ زۆرترین داهات دەبینێت)، تیۆری ئابووری نوێی کۆچی کار کە لە لایەن ئۆدێد ستارک و دەیڤید لیڤهاری[11] سەری هەڵدا و پەرەی پێ درا. ئەوان دەڵێن کە کۆچ ستراتیژێکی خێزانییە، نەک تەنها هەڵبژاردنی تاکەکەسی. خێزانەکان ئەندامەکانیان دەنێرن بۆ دەرەوەی وڵات بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی داهات. ئامانج تەنها زۆرترین مووچە نییە، بەڵکوو کەمکردنەوەی مەترسییەکان و زاڵبوونە بەسەر شکستەکانی بازاڕی کار لە وڵاتی خۆیاندا. حەواڵەکردن (Remittance) پرۆسەیەکی سەنتەریە بۆ ئەم تیۆرە. ئەوانەی لە دەرەوەن یارمەتیی خێزانەکانیان دەدەن بۆ باشترکردنی ئاستی ژیان، وەبەرهێنان لە خانووبەرە و پەروەردە و بزنسە بچووکەکاندا. ئەمە بۆ خۆی بابەتێکی زۆر گرنگی توێژینەوەیە کە تاچەند ئەم جۆرە کۆچکردنە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەتا سیاسییش لە سیاقی هەرێمی کوردستان، بەڵام پێویستی بە زانیاری و دەیتای ورد و سیستماتیک هەیە کە لە کوردستان بوونی نییە. هەروەها ئەنجامدانی لەم هەلومەرجەی کوردستان کارێکی زەحمەتە و توانای ماددی و مرۆییی زۆر دەوێت.

بەڵام بە شێوەیەکی دیار و جیاواز لەم مۆدێلانەی هەڵبژاردنی عەقڵانی و ئابووری، تیۆری دووانەی بازاڕی کار (Dual Labour Market Theory) کە تەرکیز لە بڕیارە تاکەکەسییەکان دوور دەخاتەوە و پێی وایە کۆچی نێودەوڵەتی لە دینامیکیەتە ناوەکییەکانی کۆمەڵگە پیشەسازییە مۆدێرنەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. مایکل پیۆرێ[12] بەهێزترین و ڕەسەنترین لایەنگری ئەم ڕوانگە تیۆرییەیە و دەڵێت کۆچی نێودەوڵەتی بە هۆی داواکارییەکی بەردەوام بۆ دەستی کاری کۆچبەرانەوە دروست دەبێت کە لە پێکهاتەی ئابووریی وڵاتانی پێشکەوتوودا هەیە. بە گوتەی پیۆرێ، کۆچکردن بە هۆی هۆکارە پاڵنەرەکانەوە نییە لە وڵاتانی کە کۆچبەر دەنێرن (وەکو کەمی کرێی کارکردن یان بەرزیی ڕێژەی بێکاری)، بەڵکوو بە هۆی هۆکارە ڕاکێشەرەکانە لە وڵاتانی وەرگر (پێویستییەکی درێژخایەن و حەتمی بۆ کرێکارانی بیانی) دروست دەبێت. ئەم داواکارییە بەردەوامە بۆ کاری کۆچبەران لە هەندێك تایبەتمەندیی بنەڕەتیی کۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتووەکان و ئابوورییەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆ نموونە؛ جۆرێک

له‌ چینایه‌تی دروست ده‌بێت كه‌ په‌یوه‌ندیی به‌ جۆری كار و پێگه‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كه‌یانه‌وه‌ هه‌یه‌، هه‌ندێک پیشه‌ و كار كه‌ داهاتیان كه‌مه‌ و له‌ پێگه‌ی نزمدان؛ ده‌بێت به‌ كاری كۆچبه‌ران و دانیشتووانی ڕه‌سه‌ن ئه‌و كارانه‌ ناكه‌ن، ئه‌مه‌ سه‌ر ده‌كێشێت بۆ دروستبوونی دوو جۆر بازاڕی فه‌رمی بۆ دانیشتووانی وڵاته‌كه‌ خۆی له‌گه‌ڵ بازاڕی نافه‌رمی بۆ كۆچبه‌ران. ئه‌مه‌ جگه‌ له‌ دیمۆگرافیای دانیشتووان گۆڕانی به‌سه‌ر دێت و پێویستی به‌ ده‌ستی كاری ناكارامه‌ له‌و وڵاتانه‌دا زیاد ده‌كات. له‌ سه‌ر بنه‌مای كاره‌كانی ئیمانوێل واڵشتین[١٣]، كه‌ تیۆری سیستمی جیهانیی په‌ره‌ پێ دا، به‌شێک له‌ شیكردنه‌وه‌ كۆمه‌ڵناسییه‌كان سه‌رچاوه‌ی كۆچی نێوده‌وڵه‌تییان به‌ستووه‌ته‌وه‌ به‌ پێكهاته‌ی بازاڕی جیهانی كه‌ له‌ سه‌ده‌ی شانزه‌یه‌مه‌وه‌ په‌ره‌ی سه‌ندووه‌ و فراوان بووه‌. له‌م چوارچێوه‌یه‌دا، هاتنه‌ناوه‌وه‌ی په‌یوه‌ندییه‌ ئابوورییه‌ سه‌رمایه‌دارییه‌كان بۆ ناو كۆمه‌ڵگه‌ په‌راوێز و ناسه‌رمایه‌دارییه‌كان، دانیشتووانێكی گه‌ڕۆک دروست ده‌كات كه‌ مه‌یلی كۆچكردنیان بۆ ده‌ره‌وه‌ی وڵات هه‌یه‌. به‌ پێی تیۆری سیستمه‌ جیهانییه‌كان، كۆچكردن ده‌رئه‌نجامێكی سروشتیی تێكچوون و ناشوێنبوونه‌ كه‌ به‌ ناچاری له‌ پرۆسه‌ی گه‌شه‌سه‌ندنی سه‌رمایه‌داریدا ڕوو ده‌ده‌ن. خاوه‌ن و به‌ڕێوه‌به‌رانی كۆمپانیا سه‌رمایه‌دارییه‌كان به‌ هۆی خواستی قازانج و سامانی زیاتره‌وه‌ به‌دوای زه‌وی و كه‌ره‌سته‌ی خاو و كار و بازاڕی به‌كاربه‌ری نوێدا ده‌چنه‌ ناو وڵاته‌ هه‌ژار و په‌راوێزه‌كانی ئابووریی جیهانییه‌وه‌.

ڕێكچكه‌یه‌كی تری تیۆری له‌ ناو ئه‌ده‌بیانی كۆچكردندا؛ جه‌خت له‌وه‌ ده‌كه‌نه‌وه‌ كه‌ كۆچكردنی سه‌ره‌تایی خۆی به‌رهه‌م دێنێته‌وه‌ و ده‌بێته‌ پرۆسه‌یه‌كی به‌رده‌وام[١٤]. دۆگلاس ماسه‌ی و ئه‌وانی تر[١٥]؛ تۆڕه‌كانی كۆچكردنیان (Migration Networks) وه‌ک میكانیزمێكی خۆبه‌ڕێوه‌بردن خسته‌ ڕوو. تۆڕه‌كانی كۆچ بریتین له‌ په‌یوه‌ندییه‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان (خێزان، هاوڕێ، ئه‌ندامانی یه‌ک ئه‌تنیک و گرووپ و نه‌ته‌وه‌) كه‌ كۆچبه‌رانی شوێنی مه‌به‌ست له‌گه‌ڵ ئه‌و كه‌سانه‌ی له‌ وڵاتی خۆیان به‌ نیازی كۆچكردنن؛ ده‌به‌ستن به‌یه‌كه‌وه‌. ئه‌م تۆڕانه‌ به‌ پێشكه‌شكردنی زانیاری و یارمه‌تی و پشتیوانی، تێچوون و مه‌ترسی و نادڵنیایی كۆچكردن كه‌م ده‌كه‌نه‌وه‌. له‌ ئه‌نجامدا كاتێک كۆچی سه‌ره‌تایی ده‌ستی پێ كرد، له‌ وڵاتی میوان كۆچبه‌ران نیشته‌جێ بوون و ژیانیان دامه‌زراو و جێگیر بوو، له‌ ڕێگه‌ی كۆچی زنجیره‌ییه‌وه‌ شه‌پۆلی تری كۆچكردنی

بەدوادا دێت، تەنانەت ئەگەر هۆکارە ئابووری یان سیاسییەکانی سەرەتا لاواز بن. بەم شێوەیە کۆچکردن دەبێتە خۆبەردەوامکەر. تا خەڵک زیاتر کۆچ بکەن، ئاسانترە بۆ ئەوانی تر کە شوێنیان بکەون. هەر لە سەر ئەم ڕەوتە کە جەخت لە سەر بەردەوامیی کۆچکردن دەکات، ماسەی جەخت لە سەر هۆکارە کەڵەکەبووەکانی (cumulative causation) کۆچکردن دەکاتەوە، لە ڕێگەی چەندین میکانیزمی بەهێزکردنەوە کۆچکردن بەردەوامی بە خۆی دەدات. سەرەڕای ئەمەش ماسەی داوای لێکۆڵینەوەی فرە ئاست و درێژخایەن دەکات کە گۆڕاوەکانی ئاستی تاکەکەس و خێزان و کۆمەڵگ لەبەرچاو بگیرێت و پاشان لەگەڵ زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی ئەو جێگایەی توێژینەوەی لەسەر دەکریت تێکەڵ بکرێت بۆ تێگەیشت لە دینامیکیەتی بەرهەمهێنراو پەیوەست بە کۆچکردن[١٦] .

پێشکەوتنی توێژینەوە لە بواری کۆچکردن گەیشتوە بە کۆدەنگییەک کە هەموو ئەو چوارچێوە تیۆر و شیکارییانەی کە بەرهەم هاتوون دەکرێت هەریەکەیان لایەنێکی دیاردەکەمان بۆ ڕوون بکەنەوە کە بۆچی کۆچکردن ڕوو دەدات. هەروەها ڕەنگە هەریەکەیان لە کۆنتێکستێکی دیاریکراو باشتر یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی لە دیاردەکە تێبگەین، بەڵام ئەوەی کە گرنگە کە بۆ تێگەیشتن لەم دیاردە ئاڵۆز و فرەهۆکار و فرەشوێنە، دەبێت دیدگایەکی گشتگیر و لێکدانەوەیەکی هەمەلایەن لەبەرچاو بگیرێت. بۆیە لە کتێبی ‹‹کولتوورەکانی کۆچ: سروشتی جیهانی جووڵەی هاوچەرخ››، جێفری کۆهین و ئیبراهیم سیرکێچی[١٧] دەڵێن کە کۆچکردن تەنیا بە هۆی هۆکارە ئابوورییەکانەوە نییە، بەڵکوو بە قووڵی لە پراکتیکە کولتووری و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە چەسپاوە. ئەوان چەمکی «کولتووری کۆچ» دەناسێنن، جەخت لەوە دەکەنەوە کە بڕیارەکانی کۆچ بە هۆی بیروباوەڕی کولتووری، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و ستراتیژەکانی خێزان، جگە لە ڕەچاوکردنی دۆخی ئابووری؛ لەقاڵب دەدرێت. لە هەندێک کۆمەڵگەدا کۆچکردن وەک نۆرمێک یان نیشاندەرێکی سەرکەوتن سەیر دەکرێت. تەنانەت ئەوانەی هەرگیز ناڕۆن، لە «کولتووری کۆچکردن»دا دەژین کە ئاواتەکان بە هۆی ئەزموون و حەواڵە و چیرۆکەکانی ئەوانی دیکەوە لەقاڵب دەدرێن. ئەمەش ئاوات و خواستی بەهێز بۆ کۆچ دروست دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مانەوەی ناچاریی بەربڵاویش دروست دەکات[١٨].

هه‌ندێک له‌ توێژه‌ران داکۆکی له‌ شیکارییه‌کی ئاستی نێوانی یان ناوه‌ندی (Me-so-level) ده‌که‌ن بۆ کۆچکردن، که‌ تیایدا سه‌رنج ده‌خه‌نه‌ سه‌ر ئه‌و زه‌مینه‌ کۆمه‌ڵایه‌تی و کولتوورییانه‌ی که‌ کاریگه‌رییان له‌ سه‌ر بڕیاره‌کانی کۆچی تاک و خێزان هه‌یه‌. هه‌روه‌ها پێیان وایه‌ که‌ تێگه‌یشتن له‌ کۆچ پێویستی به‌ ئاوێته‌کردنی شیکارییه‌کانی ئاستی تاک و ئاستی بونیادی هه‌یه‌، که‌ تیشک ده‌خه‌نه‌ سه‌ر گرنگیی چوارچێوه‌ کولتوورییه‌کان له‌ داڕشتنی شێوازه‌کانی کۆچکردندا. لێره‌دا زیادکردنی شیکردنه‌وه‌ی ئاستی مامناوه‌ند بۆ بنه‌ما کۆمه‌ڵایه‌تی و کولتوورییه‌کانی کۆچکردن به‌ مه‌به‌ستی جێگرتنه‌وه‌ی ئه‌و تیۆر و مۆدێله‌ شیکاریانه‌ نیه‌ که‌ بۆ ئاستی تاک و یان ئاستی کۆمه‌ڵگا له‌ تێگه‌یشتن له‌ کۆچکردن به‌رهه‌مهێنراون، به‌ڵکو ئامانجیان ناساندنی مۆدێلێکی ته‌واوکه‌ری کۆچکردنه‌ که‌ سه‌رنجی له‌ سه‌ر پراکتیک و نه‌خشه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان و بیروباوه‌ڕه‌ کولتوورییه‌کان بێت، ته‌نانه‌ت له‌ کاتێکدا پاڵنه‌ره‌ ئابووری و سیاسییه‌کانی کۆچکردن له‌به‌رچاو ده‌گیرێت. له‌ دواترین په‌ره‌سه‌ندندا ده‌کرێت ئاماژه‌ به‌ هاین دی هاس[١٩]، که‌ یه‌کێکه‌ له‌ سکۆڵه‌ره‌ هه‌ره‌ دیاره‌کانی ئێستای بواری کۆچکردن، له‌ سه‌ر بنه‌ماکانی کاره‌کانی پێشتری یۆرگن کارلینگ و کیریلین شیوێل[٢٠]، ڕێبازێکی تیۆریی نوێی بۆ کۆچکردن په‌ره‌ پێ دا به‌ تێکه‌ڵکردنی توانای تاک و به‌ربه‌سته‌ بونیادییه‌کان. هاس چوارچێوه‌یه‌ک بۆ پۆلێنکردنی کۆچی مرۆڤ بۆ جۆره‌ جیاوازه‌کانی کۆچکردن/ مانه‌وه‌ به‌ پشتبه‌ستن به‌ ئاوات و تواناکان په‌ره‌ پێ دا. هاس کۆچکردن وه‌ک دووانه‌ی ئاواته‌کان (ئاره‌زووه‌کانی کۆچکردن) و تواناکان (سه‌رچاوه‌ و ئازادییه‌کانی کۆچکردن) چه‌مکسازی ده‌کات. جیاوازی ده‌کات له‌ نێوان کۆچی ئامرازی (واته‌ گه‌یشتن به‌ ئامانجێکی تر، بۆ نموونه‌ داهات و په‌روه‌رده‌ و سه‌لامه‌تی و ئاسایش) و کۆچی ناوه‌کی (کۆچ له‌ خودی خۆیدا وه‌کوو ئامانج، بۆ نموونه‌ به‌ مه‌به‌ستی سه‌رگه‌رمی و ئازادیی گه‌شت و گه‌ڕان به‌ دونیادا). خاڵێکی جێگای سه‌رنج ئه‌وه‌یه‌ له‌م چوارچێوه‌یه‌دا مانه‌وه‌ یان کۆچنه‌کردن وه‌ک پرۆسه‌یه‌کی گرنگ هه‌مان گرنگیی هه‌یه‌ له‌ لێکدانه‌وه‌ی دینامیکیه‌تی کۆچ، چونکه‌ کۆچکردن ته‌نها جووڵه‌ نییه‌، به‌ڵکوو هه‌بوونی ئازادییه‌ بۆ هه‌ڵبژاردنی شوێنی ژیان. لێره‌دا کاتیگۆرییه‌کی نوێ دێته‌ کایه‌وه‌ که‌ له‌ سه‌ر بنه‌مای توانا و خواست دیاری کراوه‌. ئه‌و که‌سانه‌ی که‌ ده‌یانه‌وێت و خواست و ویستی

کۆچکردنیان هەیە، بەڵام بە هۆی بەربەستە کەسی و خێزانی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بونیادییەکان ناتوانن کۆچ بکەن. کارلینگ ئاماژە بەوە دەکات کە توێژینەوەکانی کۆچکردن بە شێوەیەکی گشتی جیاوازی دەکەن لە نێوان کۆچکردن لەگەڵ کۆچنەکردن وەکوو دوو بواری جیاواز، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دۆخی ئارەزووی کۆچکردن تەمومژاوی بکات، بە تایبەتی کاتێک ئارەزووی کۆچکردن هەبێت بەڵام ئامرازەکان بۆ بەدیهێنانی لەبەردەست نەبێت چونکە ئارەزوی کۆچکردن لەو دوالیزمەی پێشوو جێگای نابیتەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەمە، کارلینگ لە ڕووی شیکارییەوە جیاوازی دەکات لە نێوان ئاوات بۆ کۆچکردن و توانای ڕاستەقینەی ئەو کارە. مانەوەی نائیرادی بەو شێوەیە پێناسە دەکات کە ئارەزووی کۆچکردن بە بێ ئامرازەکان هەبێت. ئەم چەمکە بە وردی ڕەنگدانەوەی واقیعی ئێستای بەشێکی گەنجانی کوردە، ئەمەش وای کردووە کە گرنگیدان بە کارلینگ لە سەر ئاواتەکانی کۆچبەری؛ سەنتەری ئەم شیکارییە بێت.

## گفتوگۆی ئەنجامەکان

### بزوێنەرە ئابوورییەکانی کۆچی گەنجان لە هەرێمی کوردستان

کۆدەنگییەکی ڕێژەیی لە ئەدەبیاتی کۆچکردندا هەیە کە کۆچکردن پڕۆسەیەکی هەڵبژاردەیە، بەو مانایەی ئەوانەی کە کۆچ دەکەن کەسانی هەڵبژاردەن؛ تایبەتمەندیی کەسیی دیاریکراویان هەیە، چونکە ئەگەر بارودۆخە بابەتییەکان لەبەرچاو بگیرێن، ڕەنگە ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هاوشێوە بژین، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان کۆچ دەکەن. لە لایەکی تریشەوە ئەو بۆچوونە هەیە کە ئەم فاکتەرە کەسییانە کاتێک دێنە ئاراوە کە هەلومەرجی بابەتی کۆچکردن پێشتر بوونیان هەبێت. بە هەر جۆرێک بێت، لێرەدا گرنگە تیشک بخەینە سەر فاکتەرە ئابووری و سیاسییەکان کە بەشێکی زۆری گەنجان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە؛ بە فاکتەری یەکەم و کۆتایی کۆچکردنی دەزانن، چونکە چەند گەنجێک ئەم قسەیان کردووە کە ئەگەر ناچار نەبین؛ چۆن بیر لە کۆچکردن دەکەینەوە، لە کاتێکدا هەموو کەس حەز دەکات لە وڵاتی خۆی و نزیک کەسوکاری و خێزانی خۆی بژیەت.

ئاڵنگاریی ئابووری دەستبەجێترین و دیارترین پاڵنەرەکانی کۆچکردن پێک دەهێنن

لە ناو گەنجاندا. ڕێژەی بێکاری و کەمکاریی گەنجان لەڕادەبەدەر بەرزە، زۆرێک لە گەنجە دەرچووەکان تەنانەت دوای چەندین ساڵ خوێندنیش؛ ناتوانن کار بدۆزنەوە. کەرتی گشتی کە بە شێوەیەکی نەریتی گەورەترین دابینکەری کار بوو لە ڕابردوودا، بە هۆی قەیرانە داراییەکانی ١٠ ساڵی ڕابردوو بەستراو بە گرفتی  نەوت و ناکۆکیی سیاسیی ناوخۆیی و لەگەڵ بەغدا، چیتر ناتوانێت جێگای ئومێدی گەنجان بێت، ئەمە جگە لە دواکەوتنی مووچە کە کاریگەریی کردووەتە سەر تەواوی سێکتەری ئابووری بەو پێیەی کە سەرچاوەی سەرەکیی داهات و جووڵەی بازاڕە لە کوردستان. ئەم دۆخە سەختە ئابوورییە لە پاڵ کەرتی تایبەتی ناگەشەسەندوو لە کوردستان، وای کردووە کە گەنجان بە هیواوە سەیری ڕەخساندنی دەرفەتی کار لە کەرتی تایبەتیش نەکەن، بگرە کارکردن لە کەرتی تایبەت بە خراپترین هەڵبژاردە و ئەزموون بزانن، وەکوو هەندێک لە گەنجان ئاماژەی پێ دەدەن جۆرێکە لە کۆیلایەتی لە بەرامبەر کارێکی زۆر؛ کرێیەکی کەم و هەندێک جار مامەڵەی نامرۆڤانە قبووڵ بکەیت. ئەوەشی ئەم دۆخەی دروست کردووە، پەیوەندیی بە پێکهاتەی دیمۆگرافیی کوردستان و ئابووریی سیاسیی کوردستانەوە هەیە. بە پێی دوایین سەرژمێریی گشتی، نزیکی ٦٤٪ی دانیشتووان لە تەمەنی کارکردندان، ئەمەش ڕێژەی بەرزی داواکاریی کار پیشان دەدات. لە بەرامبەریشدا دەرفەتی کار لەوپەری سنووردارێدایە، کەرتی تایبەت توانای لەخۆگرتنی هێزی کاری نییە کە بە پێی دەیتای وەزارەتی خوێندنی باڵا ساڵانە ٤٨ هەزار دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان دێنە ناو بازاڕی کارەوە. ئەم دۆخەی هەرێمی کوردستان ئەگەر لە ڕوانگەی کارل مارکسەوە تەماشای بکەین، هەمان سوپای یەدەگی کارە (کە پێی دەوترێت سوپای یەدەگی پیشەسازی)، کە ئاماژەیە بۆ ئەو لێشاوە لە کرێکارانی بێکار یان کەمکار کە سەرمایەداری بەردەوام بەرهەمی دەهێنێت و دەیپارێزێت لە پێناو پارێزگاریکردن لە دەستکەوتنی قازانج کە لۆژیکی سەرەکیی سیستمەکەیە. هەر چەندە ئێمە لە هیچ ڕوویەکەوە لە ناو ئەو سیستمە سەرمایەدارییە ڕۆژئاواییەدا نین کە تا ئەم ساتە گەشەی کردووە، بەڵام بەرکەوتەمان لەگەڵ ئەنجامەکانیدا هەیە. لەم ڕووەوە بە هۆی زۆریی دەستی کار و کەمیی دەرفەتی کار، پڕۆسەیەکی قۆرخکاریی مەترسیدار بەڕێوە دەچێت کە گەنج تەنها بۆ ئەوەی کارێکی دەست بکەوێت؛ ئامادەی

قبووڵکردنی هەموو پێشێلکارییەکە بەرامبەری ئەنجام دەدرێت. یەکێک لەو گەنجانەی کە چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەنجام دا، ڕۆژی بە ١٥٠٠ دینار کاری دەکرد. ئەم هەلومەرجەی گەنجی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان زۆر لەو چەمکەی «گای ستاندینگ[٢١]»ەوە نزیکە کە ناونیشانی کتێبەکەیەتی؛ «پرێکاریات (Precariat): چینی مەترسیداری نوێ». یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پریکاریا، پەیوەندییە پڕ گرفتەکەیانە بە پڕۆسەی بەرهەمهێنانەوە. ئەمانە یان گرێبەستی کاریان نییە، یان لە گرێبەستێکی کاتی کار دەکەن و ئەو کارانەی کە دەستیان دەکەوێت؛ وەکوو کرێکاری ئاسایی یان نیمچەدەوام یان پچڕپچڕ لە ڕێگەی دەڵاڵی کار یان دەزگاکانی دامەزراندنەوە پەیدای دەکەن. بە گشتی بارودۆخی کارکردنی ناجێگیر بەشێکە لە ناسنامەیان. لەوەش گرنگتر، ئەوانەی لە پرێکاریاتدان هیچ ناسنامەیەکی پیشەیی پارێزراویان نییە، هیچ گێڕانەوەیەکی پیشەییان نییە کە بتوانێت مانا بدات بە ژیانیان. بەردەوام بەدوای کاردا دەگەڕێن و ڕووبەڕووی جۆرەها خراپ مامەڵەکردن دەبنەوە، چ لە کاتی کاتژمێرەکانی کار یان لە دەرەوەی کار.

ئەزموونی بێکاری یان کاری سەخت و دژوار و مووچەی کەم، لە گرنگترین ئەو نیشاندەرانەن کە حەزی کۆچکردنی لە ناو گەنجاندا زۆر بەهێز کردووە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ڕێگای کۆچکردن و بەجێهێشتنی وڵات پڕە لە سەختی و مەترسی، گەنجان هەندێکیان دەڵێن بەس نییە لە کۆتاییدا دەتوانیت کارێک بکەیت و ژیانێک بۆ خۆت بونیاد بنێیت. بەڵام گواستنەوە لە ئاواتەوە بۆ کۆچی ڕاستەقینە بە قووڵی بە هۆی توانا بونیادییەکانەوە سنووردارە، کە بارودۆخی بەرچاوی مانەوەی نائیرادی دروست دەکات. بۆ زۆرێک لە گەنجانی کورد، ئەو سەرچاوانەی کە پێویستن بۆ کۆچکردن؛ لە دەستیاندا نییە.

## ئابووریی سیاسی و خواستەکانی کۆچی گەنجان لە کوردستان

یەکێک لەو میتۆدانەی کە دیاردەی کۆچکردنی پێ دەخوێنرێتەوە، بریتییە لە ئابووریی سیاسی. لە ڕوانگەی ئەم میتۆدەوە بەجیهانیبوون پڕۆسەی بەرهەمهێنان و بازرگانی و خزمەتگوزاری و ئابووری و دارایی، لە ڕێگەی گرێبەستی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکانەوە داڕشتووەتەوە. بەم پڕۆسەیە وڵاتە هەژار و ناگەشەسەندووەکان بۆ دابینکردنی دەستی کاری هەرزان و سەرچاوەی سروشتی ڕادەکێشرێنە ناو ئەم سیستمەوە. هەر چەندە ئەم گۆشەنیگا میتۆدییە کۆچکردن دەبەستێتەوە بە داینامیکی

بونیادی ئێستای سیستمی جیهانی، بە تایبەتی ئەو شێوازە نایەکسان و ناهاوسەنگەی کە سەرمایەداریی هاوچەرخ لە سەرانسەری ڕووبەڕوو و ئاستە جیاوازەکاندا، لەوانەش دارایی، بازرگانی، بەرهەمهێنان و بازاڕی کار ئاماژەی پێ دەکرێت. بەڵام هیچ ڕێگرییەک نییە ئەم میتۆدە لە سەر ئاستی لۆکاڵی و ناخۆیی وڵاتان و پەیوەست بە پەیوەندیی نێوان سیاسەت و ئابووری جێبەجێ بکرێت[٢٢] .

توێژینەوەکانی ئابووریی سیاسی لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە دەکۆڵنەوە کە لە پڕۆسەکانی بەرهەمهێنان، دابەشکردن، ئاڵوگۆڕ و بەکاربردندا هەن. مەبەستیان ئەوەیە کە پێداویستییە ماددییەکانی ژیان بە پێی پلەی ئێستای گەشەسەندنی بەرهەمهێنان و لە کارلێککردن لەگەڵ دامەزراوەکانی ئێستا و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا پیشان بدەن. هەڵبەت لە ئێستادا گرێدانەوەیەکی زۆر لە نێوان سێکتەری ئابووری و سیاسی لە کوردستاندا هەیە، ئەم پەیوەندییە تەنها لەوەدا نییە کە سیاسەت ڕێسا و سیاسەت و ڕێوشوێنی چالاکیی ئابووری دادەنێت و چاودێریی جێبەجێکردنیان دەکات، بە پێچەوانەوە پەیوەندیی ئەم دوو سیستمە زۆر گیروگرفتاوی و پر کێشەیە، بەوەی سیاسییەکان بە تایبەتییش دوو حیزبی دەسەڵاتدار مۆنۆپۆلی ئابوورییان کردووە لە ڕێگای کۆمپانییەکانی خۆیانەوە، ئەمەش ڕێگای خۆش کردووە بۆ گەندەڵییەکی بەرفراوان  و لە ئەنجامیشدا ڕێگە لە گەشەسەندنی کەرتی تایبەت دەگرێت. لە جیاتیی ئەوەی کەرتەکە بە لۆژیکی ئابووری و بازاڕ کار بکات، بەڵکوو بە لۆژیکی قۆرخکاری بەڕێوە دەبرێت. ئەمە هەڵگوشراوی بۆچوونی ئەو گەنجانەیە کاتێک باس لە گەندەڵی و نادادپەروەری دەکەن لە کوردستان. هەتا بەشێکی زۆری گەنجان ئەو بۆچوونەیان هەیە کە ئەگەر دەرفەتێکی گونجاوی کاریش هەبێت، بۆ ئەو کەسانەیە کە لەو دوو حیزبەوە نزیکن و بە قسەی خۆیان واستەیان هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی بنەمای کێبەرکێ لە سێکتەری تایبەت کە بنەمایەکی بنچینەییە بۆ گەشەکردنی ئابووریی بازاڕ. ئابووریی هەرێمی کوردستان بە نەزمێکی سیاسی کڕیارخوازی (cli-entelist) لەقاڵب دراوە کە تیایدا حزبە دەسەڵاتدارەکان -پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان- دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە و دەرفەتەکانیان کۆنترۆڵ کردووە. زۆربەی دامەزراندن و گرێبەست و بازرگانی لە ڕێگەی دڵسۆزیی

سیاسییەوە دابەش دەکرێن نەک شایستەیی، ئەمەش زۆرێک لە گەنجان بەدەر دەکات ئەگەر پەیوەندیی پێویستیان نەبێت. بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی ئەم تۆڕانەی حیمایەت و پاڵپشتین (patronage)، بە تایبەتی دەرچووانی گەنج یان ئەوانەی لە خێزانە کەمدەرامەت و پەراوێزخراوەکانەوە هاتوون، ئاسۆی دامەزراندنێکی سەقامگیر و بزاوتی کۆمەڵایەتی بەرەو سەرەوە تاریکە. گەندەڵی و خزمایەتی ئەو متمانەیە تێک دەدەن کە پەروەردە یان هەوڵدان دەبێتە هۆی سەرکەوتن، زیاتر ئەو هەستە توندتر دەکات کە سیستمی ناوخۆیی بە ڕوویاندا داخراوە. ئەم ئەنجامە گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی ئەو توێژینەوانەی تەرکیز لە هۆکارەکانی کۆچکردن دەکەن، گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی خراپیی سیستمی بەڕێوەبردن و گەندەڵی هۆکاری کاریگەری کۆچی گەنجانن[٢٣]. ئەم نارازیبوونە سیاسییە ڕاستەوخۆ خۆراک دەداتە نائومێدیی ئابووری، وەکوو گەنجێک دەڵێت: «تەنیا کۆچکردن دەتوانێت لەم کارەساتە ڕزگارم بکات و دەرفەتێکم بۆ پێشکەوتن پێ ببەخشێت». شایانی باسە پەیوەندیی کڕیارخوازی-پاراستن (client-patron relationship) یەکێکە لەو شێوە و قاڵبە (Pattern) کولتوورییەی لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕیشەیەکی دامەزراوی هەیە. ئەم جۆرە پەیوەندییە دوولایەنە نابەرامبەرە لەسەر بنەمای بەخشینی دلسۆزی لاوازەکان بۆ بەهێزەکان لە بەرامبەر دابینکردنی بژێوی و پارێزگاری لە لایەن بەهێزەکانەوە کاردەکات. دیانە گینگ[٢٤] لە توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆژی دەربارەی کۆچکردن لە کوردستان، ئەوەی دەرخستووە کە پێشبینیی ئەوانەی کۆچ دەکەن ئەوەیە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا سیستمێک هەیە کە دەیانژێنێت، ئەم بیرکردنەوەیە تا ئێستاش لە ناو گەنجاندا هەیە و وەکوو جۆرێک لە گرەنتی دەیبینن بۆ ژیان کە ئەگەر بچنە ئەو وڵاتانە؛ ژیانیان پارێزراو دەبێت.

ئەو پاڵنەرە ئابووری و سیاسییانەی کە دەبنە هۆی کۆچکردنی ژمارەیەک لە گەنجان، لە هەمان کاتیشدا دەبنە هۆکار بۆ کۆچنەکردن، یان وەکوو بەربەست دەبینرێن لە بەردەم کۆچکردن. کۆچکردن پرۆسەیەکی خەرجدارە و تەنیا ئەوانەی دەتوانن ئەنجامی بدەن کە توانای داراییان لە ئاستێکدایە کە دەتوانن بەرگەی خەرجییەکانی بگرن، یان بە لانی کەمەوە دەستیان بە پاڵپشتیی دارایی کەسانی تر بگات بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەن. بەو پێیەی کە چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەوانەش کردووە کە کۆچیان کردووە، ئەوەم

بۆ دەرکەوتووە کە بەشێکیان کە گەیشتوونەتە شوێنی مەبەست قەرزاربوون، یان کەیسی وا هەیە کە بە زۆر گەڕێنراوەتەوە بۆ کوردستان و قەزری کەوتووەتە سەر شان. بە گشتی دۆخی ئابووری وەکوو فاکتەری ڕێگرییش کار دەکاتە سەر ئەو کەسانەی ناتوانن خەرجیی سەفەرەکەیان دابین بکەن، چونکە وەکوو ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، زۆربەیان ئاماژەیان بەوە داوە کە زۆربەی دەرفەتەکانی کارکردن لە کوردستان لە نێوان ٣٠٠ بۆ ٥٠٠ هەزار دیناری مانگانەدایە. بەم داهاتە هەندێک جار ناتوانرێت پێداویستیی سەرەکییش دابین بکرێت، نەک بتوانرێت پاشەکەوت بکرێت بۆ مەبەستێکی وا کە نیازی کۆچکردنت هەبێت. بۆیە زۆربەی جار ئەم کەسانە بە کەسی گیرخواردوو ناو دەبرێن[٢٥]. لە کاریگەریی درێژخایەندا ئەم کەسانە تووشی دۆخێکی بێهیوایی دەبن کە ناتوانن هیچ وەبەرهێنانێک لە توانا و کارامەیی خۆیان بکەن. چاوەڕوانی دەرفەتێک بۆ ڕۆیشتن لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی خەڵک کەمتر وەبەرهێنان لە کۆمەڵگە ناوخۆییەکانیاندا بکەن، ئەمەش دەتوانێت کاریگەریی نەرێنیی لە سەر تاک و خێزان و کۆمەڵگە هەبێت[٢٦]، ئەو پاڵنەرەشیان نییە کە بتوانن پرۆژەی بازرگانی و کاری تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن، وەکوو یەکێک لە گەنجان دەڵێت: « ئەگەر من ١٠ هەزار دۆلار بخەمە ئیشێکەوە، ئەوە دەبێت چاوەڕێی ئەوە بم کە ساڵێکی تر نیوەی پارەکەم دەست ناکەوێتەوە».

## پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو لەنگەر

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتییش لە نێو خێزان، یەکێکی ترە لەو بەربەستانەی لە بەردەم ئەوانەی ئارەزووی کۆچکردن دەکەن. ئەم کەسانە بە حوکمی پەیوەندیی بەهێزیان، بە تایبەتی لە چوارچێوەی خێزان و کەسانی نزیکیان، ناتوانن کوردستان بەجێ بهێڵن و دەستبەرداری پەیوەندییەکانیان بن. «بە مەرجێک ئامادەم کۆچ بکەم کە هەموو ئەندامانی خێزانەکەم لەگەڵم بێت و بڕۆین»، ئەمە دەربڕینێکی زۆر ئاشکرا و ڕوونی گەنجێکە کە تەنها لە دۆخێکی گریمانەکراوی وەهادا دەتوانێت بیر لە کۆچکردن بکاتەوە.

ئەو دەربڕینەی سەرەوە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن وەک بەربەستێکی بەهێز لە بەردەم کۆچکردندا کار بکەن، تەنانەت کاتێک تاکەکان ئاواتەخوازی کۆچکردنن. لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر جار کۆچ هەڵبژاردەیەکی تاکەکەسی

نییە، بەڵکوو بڕیارێکی خێزانیی بەکۆمەڵە، کە ڕەنگدانەوەی بەها کولتوورییەکان و پابەندبوون و وابەستەیی یەکترە. بۆ هەندێک لە گەنجان، ئارەزووی کۆچکردن بە هۆی پێویستیی دەستەبەرکردنی ڕەزامەندیی خێزان و پاراستنی یەکگرتوویی ماڵەوە سنووردارە. هەندێک کەیس هەیە کە دوای کۆچکردنیش بە هۆی ئەرك و پابەندبوونەکانی خێزان گەڕاوەتەوە. لای هەندێکی تر لە گەنجانی کورد، ئاواتەخوازیی کۆچکردن لەگەڵ ترسی دابڕان لە ئازیزان تێکەڵ بووە، بەو پێیەی زۆر جار خێزان سەرچاوەی سەرەکیی ناسنامە و پشتیوانی و سەربەخۆییە. تەنانەت کاتێک دەرفەتەکان هەن، جێهێشتنی دایک و باوک، خوشک و برا، یان خزم و کەسوکار دەتوانێت جۆرێک لە هەست بە بەرگەنەگرتن دروست بکات، کە خێزانەکە دەکاتە هەم لەنگەر و هەم قەڵغانێک لە بەرامبەر نادڵنیاییەکانی کۆچکردن، ئەمەش جۆرێک لە مانەوەی نائیرادی دروست دەکات کە ڕەگوڕیشەی لایەنی سۆزدارییدا هەیە کە تەنیا سەختیی ئابووری یان بەربەستی سیاسی نییە کە ڕێگری لە ڕۆیشتن دەکات، بەڵکوو دوودڵییە لە تێکدانی یەکێتیی خێزانی بەنرخ.

بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خێزان بۆ کۆچکردن یەکێکە لەو دینامیکیەتانەی لە کۆچکردنی گەنجانی کورددا هەیە. هەندێک جاریش بەرپرسیارێتیی کۆچکردنی گەنجێک دەخرێتە ئەستۆی خێزانەکان. لە زۆرێک لەو پۆستانەی لە سەر کۆچکردنی گەنجان دەکرێت، خێزان وەکوو ڕەگەزێکی گرنگی کۆچکردن پیشان دەدرێت. زۆر جار ئەو دەربڕینانە دەنووسرێن «دایک و باوک چۆن دڵیان دێت مناڵەکانیان بنێرن»، ئەمە پیشاندەری ئەو ڕۆڵە گرنگەیە کە خێزان دەیگێڕێت لە ئاڕاستەکردنی ژیانی ئەندامەکانی، بە تایبەتییش گەنجان، بە مانەوە بێت یان ڕۆیشتن. دەکرێت بڵێین تا ڕادەیەک بۆ هەندێک لە گەنجان گرنگیی خێزان و بازنەی نزیکی هاوڕێیەتی و خزمایەتی؛ جێگای سۆز و ووتاری نیشتمانی و نەتەوەیی گرتووەتەوە. بە بڕوای هەندێک لە گەنجان، وتاری عاتفیی کوردایەتی و نەتەوەیی ئامرازێکە بۆ ڕەوایەتیدان بە پاراستنی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی نوخبەی دەسەڵاتدار. خۆبەریکردن لە نیشتمان و نەتەوە دەتوانێت ڕێگەیەک بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەڕادەبەری بێزاری. وتنی «ئەم نیشتمان و شوناسە بۆ من چیتر گرنگ نییە»؛ لێدوانێکی بەهێزی نامۆبوونە، بەڵکوو ستراتیژێکە بۆ پاراستنی خۆ لە نائومێدی زیاتر. ناسنامەی نەتەوەیی بە گشتی

سەرچاوەی خۆڕاگری و یەکڕیزییە، بە تایبەت بۆ گەلێک کە مێژوویەکی دوورودرێژی خەباتی هەیە وەکوو کورد. بەڵام کاتێک ئەو نوخبە سیاسییانەی کە بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنی ئەو ناسنامەیە دەکەن؛ شکست دەهێنن لە دابینکردنی دەرفەتی ژیانی شایستە، ڕەنگە هەندێک لە گەنجان خۆیان لەم ناسنامەیە جیا بکەنەوە. لە یەکێک لەو ڤیدیۆیانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بووەتەوە، گەنجێک بە توورەییەوە دەڵێت: «هەر کەس ئامادەیە خەرجی سەفەرەکەم بدات؛ من بەشە نیشتمانەکەی خۆمی دەدەمێ. کێشەی نیشتمان ئەوەیە هەر چی دەوێ لە منی داوا دەکات، هەر چییشی هەبێت دەیدات بە دەسەڵاتدارەکان». بۆیە هەندێک لە گەنجان ئەم وتارە وەک قسەیەکی پووچ دەبینن کە پارتە دەسەڵاتدارەکان بۆ پاراستنی دەسەڵات بەکاری دەهێنن، نەک چوارچێوەیەکی مانادار بۆ داهاتوویان.

کە وایە  بۆ ژمارەیەکی بەرچاوی گەنجان ناسنامەی کوردبوون چیتر ئەو فاکتەرە نییە کە کاریگەریی هەبێت لە مانەوەی گەنجان لە کوردستان و پەیوەستیان بکات بە کوردستانەوە وەکوو نیشتمان. هەستکردن بە ناسنامەی نەتەوەیی بۆ هەندێک لە گەنجان ئەو کاتە بەرجەستە دەبێت کە کوردستان بەجێ دەهێڵن و بەرکەوتەیان دەبێت لەگەڵ نەتەوە و کولتوور و نیشتمانی تر. ئەوانەی ئەزموونی کۆچکردنیان هەیە، زیاتر هەستی بەهێزبوونی ناسنامەی کوردبوون دەبینن. هەندێک لەوانە دەڵێن بۆ ئەوەی کە گەنجی کورد جیاوازی بکات لە نێوان دەسەڵات لە کوردستان لەگەڵ ئەوەی کە پێی دەڵێین ناسنامەی نەتەوەیی، پێویستە ئەزموونی ژیان لە دەرەوە بکەن.

**تێچووە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی ئاواتە بەدینەهاتووەکانی کۆچکردن**

ئەزموونی نەتوانین یان نەبوونی توانای بەدیهێنانی کۆچکردن، لە کاتێکدا لە بارودۆخێکدا بژین کە بە وتەی ئەو گەنجانە هیچ هیوا و ئومێدێکی گەشی بۆ ئایندە تێدا بەدی ناکرێت، لێکەوتەی بەرچاوی کەسی و کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووریی جیاوازی هەیە. دەستەواژەی «ئەگەر بۆم بکرێ یەک دەقە لەم وڵاتە ناژیم»، دەرخەری دۆخی ئاڵۆز و قەیراناویی ژیانە لە کوردستان. هەڵبەت دەبێت خواستی ئەم جۆرە کۆچکردنە بۆ هەڵهاتن لە ژینگەی کوردستان جیا بکەینەوە لەو جۆری کە لەگەڵ بەجیهانیبوون و سەرمایەداریی ئابووری هاتە ئاراوە، کە جۆرێک لە هاوڵاتیی

جیهانیی دروست کردووە کە لە جووڵەی بەردەوامدان، بە تایبەتییش ئەم تایپە لە دنیای ڕۆژئاوا یان ئەوەی پێی دەڵێن نیوەگۆی باکووری زەوی؛ بەدی دەکرێت کە وەکوو جۆرێک لە شێوازی ژیانی لێ هاتووە. ئەم خواستە لە ئەنجامی ئەو باوەڕەیە کە کوردستان بۆ ئەوان گەیشتووەتە دۆخی چەقبەستوویی و بێجووڵەیی و هیچی لێ بەدی ناکرێت. لە خوارەوە هەندێک لەو کاریگەرییانە کە بەدی کراون لە میانەی چاوپێکەوتنی ئەو گەنجانە؛ دەخەینە ڕوو.

لە ڕووی دەروونییەوە ئاواتەخوازی کۆچکردن بەڵام نەبوونی توانای ئەو کارە، هەستێکی قووڵی شکست و بێزاری دروست دەکات. لە نێو گەنجانی کورددا زۆر جار دەگێڕدرێتەوە کە «گیری خواردووە» یان «گیر بووە» لە شوێنێکدا کە هیچ ئایندەیەکی پێشکەش ناکات، ئەمەش بەشدارە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی خەمۆکی و بێهیوایی و نارەزایی لە دامەزراوە گشتییەکان. لە بێهیوایی گەنجانەوە ڕێژەی بەرزی دڵەڕاوکێ، خەمۆکی و فشار بەدی دەکرێت کە لەوانەیە لە ئەنجامی نادڵنیایی و نەبوونی توانای پێشبینیکردن و کۆنترۆڵکردنی داهاتوو بێت. بە دڵنیاییەوە دۆخی شڵەژاوی دەروونی ئەم جۆرە گەنجانە لە چوارچێوەی دینامیکیەتی کۆچ تەنها ناگەڕێتەوە بۆ بێتوانینیان لە کۆچکردن، کاتێک کەسانی دەوروبەری خۆی دەبینێت کە توانای کۆچکردنیان هەیە و کوردستانیان بەجێ هێشتووە، بەڵام ئەمان لەم دۆخە بێزاوت و چەقبەستووە خۆیان دەبیننەوە، بێگومان کاریگەریی خۆی هەیە. بە تایبەتییش زۆربەی ئەو گەنجانەی بۆ ئەم پرۆژەی توێژینەوەیە چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردوون؛ کەسوکار و هاوڕێی نزیکیان ڕۆیشتوون و کۆچکیان کردووە. ئەم دۆخە دەروونییە بۆ ئەو کەسانە زۆر قورسترە کە دوای ئەوەی هەوڵیشیان داوە و ڕۆشتوون، بەڵام شکستیان هێناوە و گەڕێنراونەتەوە. ئەمانە دوای ئەوەی هەوڵەکانیان شکستیان هێناوە؛ زیاتر هەستی نامۆبوون و بێزاری دایگرتوون، بە تایبەتییش کە کەوتوونەتە ژێر باری قەرز، ئەوەش فشارێکی دەروونیی زیاتری بۆ هێناون.

یەکێکی تر لە کاریگەرییەکانی کۆچکردن، وەکوو وەک ئیلیۆت[٢٧] ئاماژەی بەوە کردووە کە خەڵک لەو ناوچانەی پێیان دەوترێت نێردەری کۆچبەران یان کە کۆچکردن بە لێشاو لێوە ڕوودەدات؛ زۆر جار خۆیان لە چاویلکەی کۆچەوە دەبینن، تەنانەت

ئەگەر هەرگیز نەڕۆن. ئەمەش پێگەیەکی خودی و ناسنامەیی دروست دەکات کە لە نێوان لێرە و لەوێ یەکلایی نەبووەتەوە، نە بە تەواوی لە ناوخۆدا جێگیر دەبێت، نە بە تەواوی سەر بە دەرەوەی وڵاتە. ڕەهەندی ناسنامە لێرە جێگای سەرنجە، لە لای ئەم کەسانە کە لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ کۆچکردن؛ هەستکردنێکی لاواز بە ناسنامە، بە تایبەتی ناسنامەی نەتەوەیی بەدی دەکرێت، ڕایەڵەکانی بەستنەوەی ئەم تاکانە بە ناسنامە و کولتووری نەتەوەیی شل و دانەمەزراون. بانگەشەی ئەوە ناکەین کە ئەمە هۆکارێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ ئەو دیاردەیەی کە بە لاوازبوونی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی ناو دەبرێت، بەڵام بێگومان یەکێک دەبێت لەو هۆکارانەی لەم پڕۆسەیەدا دەکرێت ڕۆڵی هەبێت، چونکە ئەگەر تاکێک سەر بەو ژینگە و چوارچێوە کۆمەڵایەتییە نەبێت؛ ناتوانرێت پێشبینیی هەستێکی بەهێزی کوردبوون بکرێت. کۆچکردن بۆ هەندێک لە گەنجان ژیانە لەگەڵ پێشبینییەکی بەردەوام بۆ ڕۆیشتن. هەندێک لە گەنجان کە بیری کۆچکردنیان هەیە؛ باوەڕیان وایە کە ئەوان لە دۆخێکی پاسیڤدان، بەو پێیەی کە نە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت، نە ڕۆڵێکیان وایان پێ دەدرێت کە هەستبەخۆبوون و ڕەنگدانەوەیان بەرامبەر بە ناسنامەی کۆیی بۆ دروست ببێت، کە ڕەگەزێکی گرنگی هەر جۆرە ناسنامەیەکە لە لای تاک دروست دەبێت[٢٨].

لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییشەوە، ئەو کەسانەی کە بەردەوام لە ناو خواستی کۆچکردندان کەمتر بەشداری و دەرگیرییان بۆ دۆخی گشتیی کۆمەڵگە هەیە. بینینی کۆچکردن وەکوو تاکە ڕێگای دەربازبوون لە دۆخی قەیراناوی، ڕێگری دەکات لە برەودان بە هەر جۆرە دەستپێشخەرییەک لە ئاستی کۆمەڵگایی بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لەو دۆخەی لێی ناڕازین. لە کاتی گفتوگۆکردنم لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە کە بەو جۆرە بیر لە کۆچ دەکەنەوە، بە ڕوونی ئەوەم بەدی دەکرد کە هاندەر و پاڵنەرێکی مانادرایان نییە بۆ هەر جۆرە هەنگاوێک کە ئامانجی گۆڕانکاری بێت لەو دۆخەی بە وتەی خۆیان بێهیوای کردوون. بازنەی پەیوەندیی زۆربەی ئەو گەنجانەی کە قسەم لەگەڵیان کردوون؛ بریتییە لە خێزان و هاوڕێی نزیک، بازنەی فراوانتری مەدەنی و کۆمەڵگایی کە خۆی لە گرووپ و بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی دەبینێتەوە؛ لە ئاستی نەبوون هەستی پێ دەکرێت. پرسیاری ئەوەم لە گەنجەکان دەکرد لە چ چالاکییەک بەشدار

بوویت کە پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی گشتییەوە هەبێت، بۆ نموونە وەکوو چالاکییەکی ژینگەپارێزی یان بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە سەر تەندروستی، یان بەشداریکردن لە گفتوگۆیەکی گشتی دەربارەی کێشەکانی هاتوچۆ، زۆر بە دەگمەن وەڵامێکی ئەرێنیم وەرگرت لە ناو گەنجان بە گشتی و بە تایبەتی ئەوانەی کە تەواو بیری کۆچکردن لە لایان گەڵاڵە بووە و بووە بە پرۆژەی داهاتوویان. ئەگەر توێژینەوەیەکی پانۆرامی بکرێت لە ماوەی دوو و سێ دەیەی ڕابردوو، هیچ قۆناغێک وەکوو ئاستی بەشداریی گەنجان لە پرسە گشتییەکان بە شێوەیەکی مانادار و کاریگەر وەکوو ئێستا لاواز نەبووە. ئەو بنەما و پرەنسیپ و کۆڵەکانەی کە هاوبەستی و هاوبەندیی کۆمەڵایەتیی لە سەر دروست دەبێت، پێویستی بە ڕۆحیەتێکی گشتیی هاوبەش هەیە، ئەوەی دورکهایم پێی دەڵێت کۆ ویژدانی (collective conscience) و بە کۆمەڵێک بیروباوەڕ و بەها و نۆرم و هەڵوێستی ئەخلاقیی هاوبەش پێناسەی دەکات کە وەک هێزێکی یەکگرتوو لە ناو کۆمەڵگەدا کار دەکەن. بوونی خواستێکی بەربڵاو لە ناو گەنجان کە لە هەندێک لە ڕاپرسییەکاندا دەرکەوتووە، دەگاتە ٦٠٪ و زیاتریش، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ لاوازیی ئەم بنەما کۆمەڵگاییە، چونکە کۆچکردن تا ڕادەیەک دەستبەرداربوونە لەم بنەما گشتییانە.

### ئەنجامگیری

لەو شوێنانەی کە کۆچ ڕەگوڕیشەی مێژوویی هەیە، چیتر کۆچ تەنها بەجێهێشتنی وڵات نییە لە لایەن ژمارەیەک تاکی دیاریکراوەوە، بەڵکوو دەبێتە دینامیکیەتی کولتووری و کۆمەڵایەتیی ئەو جێگایە. لە کاتێکدا دەرفەرتی کۆچکردنی ڕاستەقینە بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو بەردەستە، ژمارەیەکی زۆر زیاتر لە خەڵک کە خواستی کۆچکردن و بەجێهێشتنی وڵاتیان هەیە؛ بە ناچار دەمێننەوە. بۆیە چوارچێوەی شیکردنەوەی ئارەزوو/توانا، ئەو کەرەستەیەمان دەداتێ بتوانین کۆچکردن وەکوو دیاردەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندی ناو دنیای ئەمڕۆ ببینین کە نەک تەنها پەیوەندیی بەوانەوە هەیە کە کۆچ دەکەن، بەڵکوو بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرجەمی تاکەکان لەو جوگرافیا دیاریکراوەی کە کۆچکردن تێیدا ڕوو دەدات؛ پێی کاریگەر دەبن. لە کوردستان دۆخی دژواری ئابووری و ناسەقامگیریی سیاسی لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا شەپۆلێکی

بەرفراوانی کۆچکردنی لێ کەوتووەتەوە، لە هەمان کاتدا خەیاڵ و ئارەزووی کۆچکردنی لە بیری ژمارەیەکی زۆرتریشدا چاندووە. ئەم خواستە بۆ کۆچکردن لە نائومێدییەکی قووڵی خەڵک بە گشتی و گەنجان بە تایبەت دروست بووە بەرامبەر بە داهاتووی ژیان و کار و خوشگوزەرانی لە کوردستان. زۆربەی گەنجانی کورد، بەوانەشەوە کە کۆچیان کردووە، مانەوەیان لە وڵاتی خۆیان و نزیک لە کەسوکاریان پێ باشترە، بەڵام لە هەلومەرجێکی گونجاوی ئابووری و کار کە گرەنتیی ژیانێکی شایستەیان بۆ دابین بکات. بوونی خواستی زۆر بۆ کۆچکردن لە ناو گەنجان، هەڵگری ئاماژەی جیاواز و لە هەمان کاتدا کاریگەریی دوومەودای هەیە بۆ سەر شوناسی تاک و دۆخی کومەڵگا و هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی. کاریگەرییە دەروونییەکانی خواستی کۆچکردن ئەگەر نەتوانرێت ئەنجام بدرێت، خۆی لە بوونی فشاری دروونی و هەستکردن بە لاوازی و نەبوونی هاندەری پێویست دەبینێتەوە کە هەموو تاکێک بۆ ئەنجامدانی هەتا کاروبارە ڕۆژانەییەکانی پێویستی پێیەتی، ئەم دۆخە دەروونی و بێهیواییە گەنجانی تووشی جۆرێک لە دەستەمۆیی و هەوڵنەدان کردووە. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە؛ دابڕان و نەبوونی گرنگیدانی هەستپێکراو لە ناو گەنجاندا بەدی دەکرێت بۆ پرسە کۆمەڵگایی و گشتییەکان. ئەو نائومێدییە قووڵەی کە هەیە، دۆخێکی چەقبەستوویی بۆ گەنجان دروست کردووە. هاندەرێکی کاریگەر نادۆزنەوە کە یارمەتییان بدات کار لە سەر دروستکردنی خۆیان و هەست بە سەقامگیری بکەن. ئەوەی زیاتر هەستی چەقبەستوویی لە لای گەنجان زیاتر دەکات، زۆربەی ئەوانەی کۆچکردن بە ڕێگەچارەی گونجاو دەزانن بۆ ئەم دۆخە، توانای پێویستی ماددی و مرۆییان لەبەردەست نییە بتوانن بەدوای ئەو ڕێگایەدا بچن، لە هەمان کاتدا هەندێک بەربەستی تری کۆمەڵایەتی و خێزانی هەیە کە بۆ ژمارەیەکی تری گەنجان وەکوو ڕێگری لە کۆچکردن کار دەکات. سەرباری ئەمەش لە کوردستان تا ئێستا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سنووردارەکان لە ناو خێزان و بازنەی هاوڕێیەتی مانایەک و هاندەرێکە بۆ گەنجان کە بیانبەستێتەوە بەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژین، جۆرێک لە هەستی پابەندێتی و بەرپرسیارێتییان بۆ دروست دەکات.

## پێشنیار و ڕاسپاردە

١. ئەم توێژینەوەیە هانی توێژەرانی تر دەدات کە ئەم بابەتە بکرێتە ئەجێندای توێژینەوەکانی بواری کۆچکردن، چونکە خواستی کۆچکردن پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر و فروانتر هەیە، بە تایبەتی بە بەکارهێنانی دەیتای چەندایەتی بتوانرێت پەیوەندیی نێوان خواستی کۆچکردن و گۆڕاوە دیمۆگرافی و بایۆگرافییەکان بدۆزرێتەوە.

٢. هەروەها توێژینەوەکە هانی سەنتەر و ناوەندەکانی توێژینەوە دەدات کە کۆچکردن گرنگیی زیاتری پێ بدرێت و ئاڵۆزییەکانی ئەم دیاردەیە بە ئامرازی میتۆدی و تیۆریی جیاواز لێک بدرێتەوە، بە تایبەت کۆچکردن دیاردەیەکی زیندوو و کاریگەری سەردەمی ئێستایە و هەر کۆنتێکستێک دەکرێت کەیسێکی ناوازە بێت بۆ ئەدەبیاتی توێژینەوەی کۆچکردن.

٣. لە ئاستی داڕێژەرانی سیاسەتیش، وەکوو گونفۆر جۆنسۆن[29] دەڵێت، بۆ تێگەیشتن لە هۆکارە ڕیشەییەکانی کۆچکردن نابێت تەنها جەخت لە سەر کۆچی ڕاستەقینە بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت خەڵکی بۆ کۆچ دەکەن، بەڵکوو تێگەیشتن لە مانەوەی ناچاری کلیلە بۆ زانینی چاوەڕوانییەکان و چارەسەرکردنی هۆکارە بنەڕەتییەکانی کۆچکردن. بۆیە توێژینەوەی زیاتر لەم بابەتە دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی مەعریفەی زیاتر لە سەر دیاردەی کۆچکردن، کە یەکێکە لە دینامیکیەتە گرنگەکانی کۆمەڵگای کوردی لە هەرێمی کوردستان.

٤. لە ئاستی حکومی و دامەزراوەکان؛ تێگەیشتن لەم کاتیگۆرییە لە گەنجان لە چوارچێوەی دیاردەی کۆچکردن خزمەت بە دانانی سیاسەت و ڕێوشوێنی گونجاو دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵی، ئەمەش پێویستی بە نیەتێکی جددیی داڕێژەرانی سیاسەت و حکومڕانی هەیە بۆ تێگەیشتن لەم دیاردەیە تا ڕادەیەکیش کەمکردنەوە، بە تایبەتییش ئەمە هۆکارێک دەبێت بۆ بنبڕکردنی کۆچی نایاسایی کە قەیرانێکی نێودەوڵەتییە.

٥. لە ڕێگای گرنگیدان بەم بابەت،ە بە تایبەتییش دۆزینەوەی ئەو بەهانە و هۆکارانەی کە وا دەکات گەنجێک بیر لە کۆچکردن بکاتەوە، بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێم ڕوون دەبێتەوە کە گەنجان لە چی نیگەرانن، بۆ دەیانەوێت بڕۆن، چ هیوا و خەون و خەیاڵێکیان هەیە و چاوەڕوانییەکانیان چین، ئەمەش بە نۆبەتی خۆی خزمەت بە دانانی سیاسەت و ستراتیژی گەشەپێدان دەکات کە هانی گەنجان بدات هەستی وابەستەیی بە وڵات و ژینگە و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیەوە بۆ گرنگ بێت و تاکێکی بەشداری چالاک بێت لە پرسە گشتی و جڤاتییەکانی خۆی.

## سەرچاوەکان

1.Carling, J. (2001). "Aspiration and Ability in International Migration. Cape Verdean Experiences of Mobility and Immobility.". PhD thesis in Human Geography: University of Oslo.

2. De Haas, H. (2021). A theory of migration: the aspirations capabilities framework. Comparative Migration Studies, 9(1), 1-35.

3. Ray, Julie, and Gpugliese, Anita (2024) Desire to Migrate Remains at Record High
https://news.gallup.com/poll/652748/desire-migrate-remains-record-high.aspx

4. Palani, K., & Baser, B. (2025). Next Generation Iraq: Youth in the Kurdistan Region of Iraq. British Council.

5. Özdemir, A. C., & Alaca, M. (2021). Migration Phenomenon in the KRG: Why Are the Kurds Going West. Center for Middle Eastern Studies, Policy Brief 199.

6. Massey, D.S 1990b. "Social structure, household strategies, and the cumulative causation of migration." Population Index 56: 3-26

7. Ravenstein, E. G. (1885) The Laws of Migration. Journal of the Statistical Society of London. 48(2), 167-235.

8. Lee, E. L. (1966). A Theory of Migration. Demography, 3(1), 47-57.

9. Sjaastad, L. A. (1962). The Costs and Returns of Human Migration. Journal of Political Economy, 70(5), 80-93.

10. Harris, J. R., & Todaro, M. P. (1970). Migration, Unemployment and Development: A Two-Sector Analysis. The American Economic Review, 60(10), 126-142.

11. Stark, O., and Levhari, D. (1982) On Migration and Risk in LDCs," Economic Development and Cultural Change, Vol. 31, No. 1, 1982, pp. 191-196.

12. Piore, M. J. (1979). Birds of Passage: Migrant Labor and Industrial Societies. Cambridge : Cambrideg University press.

13. Wallerstein, I. (1974). The modern world system I: Capitalist agriculture and the origins of the European world economy in the sixteenth century. . New York: Academic.

14. Boyd, M. (1989). Family And Personal Networks In International Migration: Recent Developments And New Agendas. The International Migration Review, 23(3), 638-670.

15. Massey, D. S., Arango, J., Hugo, G., Kouaouci, A., Adela, P., & Taylor, J. E. (1993). Theories of International Migration: A Review and Appraisal. Population and Development Review, 19(3), 431-466.

16. Ibid.P.451

17. ohen, J. H., & Sirkeci, I. (2011). Cultures of Migration: the Global Nature of Contemporary Mobility . University of Texas Press. P. 1-19

18. Jónsson, G. (2008). Migration Aspirations and Immobility in a Malian Soninke Village. International Migration Institute Working Paper Series (Working Paper 10):1–45.

19. De Haas, H. (2021). Ibid. P.30

20. Carling, J., & Schewel, K. (2020). Revisiting aspiration and ability in international migration. In F. L. Collins, & J. Carling, Aspiration, Desire and the Drivers of Migration (pp. 37-55). London: Routledge.

21. Standing, G. (2011). The Precariat: The New Dangerous Class. London : Bloomsbury. P.1-25

22. Wise, R. D., & Covarrubias, H. M. (2012). Contemporary Migration Seen from the Perspective of Political Economy: theoretical and methodological elements. In C. Vargas-Silva, Handbook of Research Methods in Migration (pp. 92-113). Cheltenham: Edward Elgar Publishing Limited

23. Lapshyna, I. (2014). Corruption as a Driver of Migration Aspirations: the Case

of Ukraine . Economics and Sociology, 7(4), 113-127 and Auer, D., Römer, F., & Tjaden, J. (2020). Corruption and the desire to leave quasi-experimental evidence on corruption as a driver of emigration intentions. IZA Journal of Development and Migration, 11(1), 1-31.

24. King, D. E. (2005). Asylum Seekers / Patron Seekers: Interpreting Iraqi Kurdish Migration. Human Organization ,, 64(4), 316-326.
25. Alpes, M. J. (2014). Imagining a future in 'bush': migration aspirations at times of crisis in Anglophone Cameroon. Identities, 21(3), 259–274. And Schewel, K. (2015). Understanding the Aspiration to Stay: A Case Study of Young Adults in Senegal. IMI Working Paper Series, 107.
26. Aslany, M., Carling, J., Mjelva, M. B., & Sommerfelt, T. (2021). Systematic Review of Determinants of Migration Aspirations. Change, 1(18), 3911--3927.
27. Elliot, A. (2015) Paused subjects: Waiting for migration in North Africa. Time and Society. 25(1). 102-116
28. Vignoles, V. L. (2019). Identity: Personal AND social. In K. Deaux, & M. Snyderr, Oxford handbook of personality and social psychology (2nd ed., pp. 289–315). New York: Oxford University Press
29. Jónsson, G. (2008). Migration Aspirations and Immobility in a Malian Soninke Village. International Migration Institute Working Paper Series (Working Paper 10):1–45.



# ئاوارەیی و پەروەردە:

## کاریگەرییەکانی لە سەر خوێندن

د. پێشەوا جەلال محەمەد/ دکتۆرا لە زانستە پەروەردەییەکان



## بەرایی

ئەم توێژینەوەیە پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان پەروەردە و ململانێ و ئاوارەبوون بە گرنگیدانێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان دەکۆڵێتەوە. ئاوارەبوون، چ ناوخۆیی بێت یان لە دەرەوەی سنوورەکان، کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر مافی خوێندن بۆ منداڵانی پەنابەر و ئاوارە ناوخۆییەکان هەیە. لە کاتێکدا کە دەستڕاگەیشتن بە خوێندن وەک مافێکی بنەڕەتی ناسراوە، بەڵام زۆر جار پەنابەران ڕووبەڕووی بەربەستی وەک سەرچاوە سنووردارەکان، قەرەباڵغیی قوتابخانەکان و مامۆستایانی ڕانەهێنراوی دەبنەوە. سیستمی پەروەردە لە ناوچە زیانلێکەوتووەکانی ململانێدا تووشی زۆر گرفت دەبێت، وەکوو دابەزینی کواڵتی و لاوازبوونی توانای دامەزراوەیی. زۆر جار قوتابخانەکانی پەنابەران پرۆگرامی گونجاو و کارمەندی شارەزا و ژێرخانی گونجاویان نییە، ئەمەش هەم دەرئەنجامی فێربوون و هەم یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی دەخاتە مەترسییەوە. لێرەدا باس لە ڕۆڵی پەروەردە دەکرێت لە کەمکردنەوە یان توندکردنەوەی ململانێکان، ئەمەش بە پێی چۆنیەتیی داڕشتنی پرۆگرام و سیاسەتەکان. پەروەردەی ئاشتی و ڕێبازەکانی فێرکردنی گشتگیر وەک پێویست بۆ پێشخستنی خۆڕاگری و کەمکردنەوەی گرژییەکان ئاماژەیان پێ دەکرێت. لە هەرێمی کوردستان هەوڵەکان بۆ تێکەڵکردنی خوێندکارە پەنابەرەکان لە قوتابخانە حکومییەکان دراوە، بەڵام ئاستەنگەکانی دابینکردنی بودجە و چوارچێوەی سیاسەت و گونجانی کولتووری هەر ماون. ئایندەی پەروەردەی پەنابەران لە کوردستان پەیوەستە بە هەماهەنگیی کاریگەر لە نێوان حکومەتەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان. لە کۆتاییدا، بەهێزکردنی پەروەردەی پەنابەران نەک تەنها بۆ داهاتووی تاکەکانی منداڵان، بەڵکوو بۆ سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی فراوانتر و گەشەپێدانی بەردەوامیش زۆر گرنگە.

## پەروەردە و ململانێ

ململانێ لە سیاسەتی بنەماڵە و کۆمەڵگە و نەتەوەدا بابەتێکی گشتگیرە. هەر سیستمێکی مرۆیی دینامیکی بە سروشت ناکۆکیی لە خۆیدا هەڵگرتووە و یاریی بەرژەوەندییە دژبەرەکان لەخۆ دەگرێت. جەوهەرەکە لەوەدایە کە چۆن ئەو جۆرە ململانێیانە بەڕێوە دەبرێن. تا پرۆسەی کۆمەڵایەتی و سیاسی

کەناڵ بۆ دیالۆگ و بەشداری و دانوستان دابین بکات، ململانێ ڕۆڵی بنیاتنەر دەگێڕێت. لەو شوێنانەی کە ئەم جۆرە کەناڵانە بلۆک دەکرێن و لەگەڵ ئەوەشدا پێداویستییە سەرەتاییەکان دابین ناکرێن، ئەوا ناڕەزایی و بێهیوایی دروست دەبن. دەرئەنجامەکەی ناڕەزایەتی و سەرکوت و توندوتیژییە[١]. ململانێ توخمێکی جەوهەریی بوونی ئێمەیە، ئەمە وا دەکات پێشبینیی دوورخستنەوەی ململانێ لە بەدواداچوون یان چەسپاندنی دەسەڵاتدا قورس بێت. سەرەڕای ئەوەش سروشتی ململانێ لە گۆڕاندایە، بەڵام زۆرێک لە قوربانی و ئاوارە و پەنابەرانی جەنگ و ململانێیەکانی ئەمڕۆ ژن و منداڵانن.

پەیوەندیی نێوان سیستمەکان و پەروەردە؛ کێشەیەک بۆ داڕێژەرانی سیاسەت دروست دەکات. بۆ نموونە کاتێک دامەزراوەکان لە ململانێیەکدا تێوە دەگلێن، کارامەیی و بیروباوەڕ و ڕەفتار و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی گرووپە باڵادەستەکانی کۆمەڵگە دووبارە بەرهەم دەهێننەوە. بەم شێوەیە دامەزراوە پەروەردەییەکان بە شێوەیەکی گشتی دەبنە هۆی ململانێی زیاتر. باڵادەستیی نەتەوەیی یان ئایینی؛ هۆکارێکی بەهێزە کە بەشدارە لە ململانێی مەدەنیدا. پەروەردە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە نێوەندگیری یان خراپترکردنی ناکۆکییە نەژادی و ئایینی و ناکۆکییەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە ناسنامەوە، تەنانەت دەتوانێ خۆی ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی زیاتر بکات. بۆیە پەروەردەیەک کە یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی خۆڕاگریی بەهێزتر لە ململانێدا، ستراتیژییەکی گرنگە بۆ سازێژی دوای ململانێ[٢].

بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەکانی کاریگەریی شەڕی ناوخۆ لە نیپاڵ کە لە ساڵی ١٩٩٦ تا ٢٠٠٦ بەردەوام بوو[٣]، بەو ئەنجامە دەگەین کە ململانێکان بوونە هۆی کۆچی زیاتر لە ناو دەوڵەمەندترین و خوێندەوارترین دانیشتواندا، لە کاتێکدا هەژارترینەکان کەمتر کۆچیان کرد. لە ئەنجامی ئەمەشدا دەستکەوتی پەروەردەیی بە گشتی دادەبەزی، بۆشاییەکانی نێوان کەسانی کەمتر خوێندەوار و خوێندەوارترین کەمتر بووەوە، ئەمەش بە واتای کاریگەریی نەرێنی دێت لە سەر ئابووری و سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی وڵات. کاریگەرییەکانی ململانێ لە سەر پەروەردە تا قۆناغی دوای ململانێ بەردەوام دەبێت. بۆ نموونە کێشە لە

زۆربەی وڵاتانی کارتێکراوی ململانێکان تەنها دامەزراندنی مامۆستای نوێ نییە، بەڵکوو بەرزکردنەوەی کواڵتیی ستافی پەروەردەیە لە ڕووی ڕاهێنان و ئەزموون و لێهاتووییەوە. لە زۆربەی وڵاتان ڕێژەی مامۆستا لە ساڵی دوای ململانێ و جەنگ کەمتر بووە بە بەراورد بە ساڵی پێش ئەو ململانێیە. هەر چەندە ڕەنگە ژمارەی مامۆستایان زیاد بکات، بەڵام ڕەنگە ڕێژەی نێوان قوتابییان و مامۆستایان لە کاتی ململانێکان و ڕاستەوخۆ دوای ململانێکان کەم ببێتەوە. بۆ نموونە؛ ڕێژەی خوێندکار و مامۆستا لە ئۆکراین گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە بە هۆی کاریگەرییەکانی جەنگەوە، کە بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە داینامیکی پەروەردەیی. بە هەمان شێوە، لێشاوی پەنابەران کاریگەریی لە سەر ڕێژەی خوێندکار و مامۆستا لە وڵاتانی دراوسێی ئۆکراین هەبووە، لەوانەش هەنگاریا[٤]. پڕۆسەی بەرهەمهێنانی مامۆستایان دەبێتە قوربانیی لەپێشینەی ململانێ و کاریگەریی درێژخایەنی هەیە. لە ئەنجامدا تەنانەت ئەگەر ژمارەی مامۆستایان بە بەرزی بمێنێتەوە یان تەنانەت زیاد بکرێت، ئاست نزمی لە بڕوانامەی مامۆستایاندا بەردەوام دەبێت، هەروەها ئەدا و توانای وانەوتنەوە دادەبەزێت[٥].

یەکێکی تر لە دەرئەنجامە نەرێنییەکانی ململانێ کە کێشەیەکی زۆر دەخاتە بەردەم پەروەردە، ئاوارەبوونە. ئاوارەبوون، چ لە ناو سنوورەکانی وڵات یان لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات، فشارێکی گەورە دەخاتە سەر سیستمی پەروەردە و دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەزاران ڕۆژ لە مەشقکردن. هەروەها دەتوانێت ببێتە هۆی شارنشینیی خێرا لەگەڵ قەرەباڵغیی قوتابخانەکانی شار و کەمبوونەوەی دانیشتووانی گوندەکان. لێرەوە ڕاهێنانی مامۆستایان، سەرکردایەتی و ڕاهێنان، هەروەها پەرەپێدانی سیاسەتی پەروەردە؛ تووشی ناکارایی و شکست دەبێت. زۆر جار فێرخوازان لەناو دەچن و پارە لە خەرجییەکانی پەروەردەدا دەگوازرێتەوە بۆ سەربازی. قوتابخانەکان بە بێ کتێبی خوێندن یان کەرەستەی فێربوون دەمێننەوە، مامۆستایان بێ مووچە دەبن و قوتابخانەکان چاودێری ناکرێن[٦،٧]. کاریگەرییەکان دەکرێت زۆر درێژ مەودا بن و بۆ کەمکردنەوەی ئەم کاریگەرییانەش پێویستە پەروەردەی ئاوارە بە خاسیەتەکانیەوە لەبەرچاو بگیردرێت.

## قوتابخانە و پەروەردەی ئاوارە

زاراوەی «پەنابەر» و «ئاوارەی ناوخۆیی» و «کۆچبەر»؛ مانای جیاواز و واتای یاساییان هەیە، بەڵام زۆر جار بە هەڵە بەکار دەهێنرێن. لێرەدا گرنگە کە زاراوەکان چەمکسازی بکرێن و پێناسەکانیان ڕوون بکرێتەوە. پەنابەر ئەو کەسانەن کە بە هۆی شەڕ، گۆشەگیری، یان کارەساتێکی سروشتی ناچار دەبن وڵاتی خۆیان بەجێ بهێڵن[٨]، لە بەرامبەردا ئاوارە ناوخۆییەکان ئەو کەسانەن کە ناچار کراونماڵەکانیان یان شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆیان بەجێ بهێڵن، بەڵام سنووری نێودەوڵەتییان نەبەزاندووە. لە ناو سنووری وڵاتی خۆیاندا دەمێننەوە. ئاوارەکان و پەنابەران ڕووبەڕووی هەمان مەترسی دەبنەوە، بەڵام ڕێسا و سیستمی پاراستنی وڵاتی خۆیان بۆ ئەوان پیادە دەکرێت[٩]. کۆچبەران ئەوانەن کە خۆبەخشانە دەچنە شوێنێکی تر، نەک لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی مەترسی یان مردنی دەستبەجێ دەبنەوە، بەڵکوو بۆ بەرزکردنەوەی کواڵتیی ژیانیان، بە بەدواداچوونی کارێک، وە لە هەندێک حاڵەتدا بۆ مەبەستی پەروەردەیی، یەکگرتنەوەی خێزان، یان پاڵنەرێکی دیکە. بە پێچەوانەی پەنابەران کە ڕووبەڕووی بێتوانایی لە گەڕانەوەی سەلامەت بۆ وڵاتەکەیان دەبنەوە، کۆچبەران تووشی ئەو جۆرە بەربەستانە نابن. ئەگەر بڕیار بدەن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، حکومەتەکەیان بەردەوام دەبێت لە پشتگیریکردنیان[٨]. بە کورتی: «خەڵکی ئاوارە» زاراوەیەکی گەورەترە کە هەم پەنابەران و هەم ئاوارەکان دەگرێتەوە. ئەم پێناسانە لە ڕێککەوتن و بنەما نێودەوڵەتییەکانەوە وەرگیراون، وەک ڕێککەوتننامەی پەنابەران لە ساڵی ١٩٥١. لێرەدا دەستەواژەی «ئاوارە » بۆ پەنابەران و ئاوارەی ناوخۆش بەکار هاتووە.

ڕێکخراوەکانی وەکوو منداڵپارێز، قوتابخانەیان بۆ ئەو منداڵانە دامەزراند کە لە جەنگی جیهانیی دووەم ناچار بوون ماڵەکانیان بەجێ بهێڵن، بەڵام پێویستیی دەستڕاگەیشتن بە خوێندن لە کاتی جەنگ و دوای جەنگدا بە شێوەیەکی بەرچاو فراوانتر بوو. چەمکی پەروەردەی ئاوارەکان لەو سەردەمەدا سەرچاوەی گرتووە. هەڵچوونە جیۆپۆلەتیکییەکانی جەنگی سارد بووە هۆی زیادبوونی ژمارەی پەنابەرانی جیهانی. ئەو دڕندەییانەی لە جەنگی جیهانیی یەکەم و جەنگی جیهانیی دووەمدا

بینران، بوونە هۆی ئەوەی باوەڕێکی بەهێز دروست بێت کە پەروەردە خاوەنی هێز و بەرپرسیارێتییەکی بەرچاوە. ئەمەش بە ڕوونی لە دەستووری یونسکۆی ساڵی ١٩٤٥دا هاتووە. دواتر پەروەردەی پەنابەران بە پلەی یەکەم پەیوەست بووە بە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، پەیوەندییە دامەزراوەییەکان و چەمکە پەرەسەندووەکانی ئامانجە پەروەردەییەکان[١٠].

لە مادەی ٢٢ی ڕێککەوتننامەی باری پەنابەران لە ساڵی ١٩٥١دا، بنەماکانی دابینکردنی پەروەردە بۆ پەنابەران دانرا. بە پێی ڕێککەوتنامەکە پەنابەران پێویستە هەمان مامەڵەی هاوڵاتیانیان لە ڕووی خوێندنی سەرەتاییەوە لەگەڵ بکرێت، هەروەها پێویستە تا دەتوانرێت مامەڵەی لەباریان بۆ بکرێت بۆ خوێندن لە دەرەوەی ئاستی سەرەتایی. بەڵام جێبەجێکردنی مافی پەروەردە، تەنانەت لە نێو ئەو وڵاتانەی کە پەیماننامەکەیان واژۆ کردووە، وابەستەی ڕێسا و سیاسەت و دابونەریت و مێژوو و نەتەوە جیاوازەکان بووە، بۆ ئەمەش کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR) هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی میواندار دەکات بۆ دابینکردنی پەروەردە و بابەتە پەیوەندیدارەکانی دیکە کە تایبەتن بە پەنابەران.

‹‹بۆچی ڕۆڵی قوتابخانەکان لە ئاوارەبووندا زۆر گرنگە؟›› لەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لە سەر مەترسیی ململانێ هەیە، زۆر جار هۆکارە دامەزراوەییەکان و ئابوورییەکان و ناسنامەن. قوتابخانە و سیستمی پەروەردە وەک دامەزراوە لە توانایاندا هەیە ئەو بارودۆخانە بەرهەم بهێنن کە بەشدارن لە ململانێی و توندوتیژی یان خراپتری بکەن. پەروەردەی ناتەواو، جیاکاری لە سەر بنەمای ڕەگەز یان نەتەوە، پرۆگرامی لایەنگیری و چاوەڕوانییە جێبەجێنەکراوەکان، هەموو ئەمانە گرژییە کۆمەڵایەتییەکان خراپتر دەکەن و ڕەنگە فۆڕمی نوێی پێکدادانی کۆمەڵایەتیی لێ بکەوێتەوە. قوتابخانەکان دەتوانن لە ڕێگەی دەستتێوەردانی بەردەوامەوە پارێزگارییەکی بەرچاوی دەروونی بۆ منداڵان لە پێش و دوای ڕووداوەکان دابین بکەن. قوتابخانەکان لە بەرزکردنەوەی توانای کەسیی منداڵان لە لەپێشینەدان بە گرنگیدان بە پەرەپێدانی خوێندنەوە و توانای زارەکی و ژمارەیان. ئەم سیفەتانە بۆ پەرەپێدانی خۆڕاگریی کەسی زۆر گرنگن.

قوتابخانەکان ئاسانکاری دەکەن بۆ بەدەستهێنانی تواناکانی چارەسەری کێشەکان و باشترکردنی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو خوێندکاراندا. قوتابخانەکان دەتوانن یارمەتیی دایک و باوک و بەخێوکەران بدەن لە دابینکردنی پێداویستییەکانی منداڵاندا، بۆیە مامۆستایان و ستافی قوتابخانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پاراستنی گەشبینیی منداڵان و پاڵنەرن بۆ گەشتکردن بە ناو دۆخ و ئاڵنگاری و پەیوەندییە کەسییەکاندا. هەروەها یارمەتیدەرن لە بەدەستهێنانی لێهاتووییەکان بۆ پشتگیریکردنی ئەوانی دیکە، دروستکردنی سۆز و بەزەیی بۆ یەکتر.

توێژەران لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا کاریگەرییە بەرچاوەکانی کتێبەکانی خوێندن بە تایبەت زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر داڕشتنی سیاسەت و حوکمڕانیی حکومەتەکان و دەوڵەتان باشتر دەبینن. کتێبەکانی خوێندن دەتوانن لایەنگرییەکی بەهێزی ناسیۆنالیستی پیشان بدەن و نەیار وەک خراپەکار وێنا بکەن، بەڵام بە هەمان شێوە دەکرێ وێناکردنی وردی واقیع بە ئاسانی پشتگوێ بخەن[11]. بۆ نموونە؛ لە یوگۆسلاڤیای پێشوو؛ پارتی دەسەڵاتدار نەیتوانی شێوازێکی دروست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازییە نەتەوەییەکان و کێشەی کتێبی خوێندنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان پەیڕەو بکات، لە ئەنجامدا لێکەوتەی لە سەر تەواوی گۆڕانکارییەکانی وڵاتەکە هەبوو. بۆیە گرنگە هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ پشتگیریکردن لە کولتوورێکی سیاسی کە بە شێوەیەکی گونجاو ئامرازی پێویستی هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسییەکانی ئێتنیکسەنتەری. دەتوانین بڵێین لە یوگۆسلاڤیای پێشوودا سیستمی پەروەردە یارمەتیدەر بوو بۆ دامەزراندنی ناسنامەی بە کۆمەڵ، ئەفسانەی مێژوویی ناسیۆنالیستی و دژایەتی[1]. بە هەمان شێوە ناوەڕۆکی کتێبەکانی پڕۆگرام لە سریلانکا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە هاندانی توندوتیژیی مەدەنی[12].

سەنتەری چاودێریکردنی کاریگەرییەکانی ئاشتی لە کتێبی خوێندنی ئۆرتۆدۆکسی جوولەکەکان و فەڵەستینییەکانی توێژییەوە، تێبینیی ئەوەی کرد کە هەردووکیان تێڕوانینی نەرێنی و سووکایەتیپێکردن لە پڕۆگرامەکانیان بۆ یەکتر لەخۆ دەگرن[13]. توێژینەوە پەروەردەییەکان بۆ درککردن بەم بابەتە گرنگی دەدەن بە نوێنەرایەتیکردنی ناسنامەی ناو گرووپی سەردەست و دەرەوەی گرووپەکە لە

کتێبی خوێندندا، هەروەها گرنگی دەدەن بە پەیوەندییە ناڕاستەوخۆکانی ئەم پرسە بە ململانێ و پرسە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

ڕۆڵێکی دیکەی پەروەردە لە چوارچێوەی ئاوارەبوون؛ دروستکردنی ژینگەیەکی ئارامە، بۆ ئەمەش پەروەردەی ئاشتی دێتە پێش. پەروەردەی ئاشتی زاراوەیەکی فراوانە کە چەندین جۆری دەستپێشخەریی پەروەردەیی فەرمی و نافەرمی لەخۆ دەگرێت، ئامانجیان هاندانی ئاشتییە لە ناو قوتابخانە و کۆمەڵگەکاندا لە ڕێگەی زیادکردنی کارامەیی، هەڵوێست و بەهاکان کە ڕێکارەکانی چارەسەرکردنی ململانێی ناتوندوتیژ بەرەوپێش دەبەن و لێبوردەیی و ڕێزگرتن لە ناو فرەیی کۆمەڵگە دەچێنن.

### پەوەردە و ئاشتی

پەروەردەی ئاشتی زۆر کاریگەر و بەرهەمدارە کاتێک لەگەڵ پێداویستییە ئابووری و کولتووری و نیشتمانییەکان هاوتەریب بێت. مامۆستایان دەبێت ئامرازی پێویستیان هەبێت بۆ ڕێنماییکردن لە سەر ئەو بابەتانەی کە زۆر جار کێشە و نارەحەتیی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو چەواشەکاری و گرژی و نادادپەروەرییەی کە پەروەردەی ئاشتی ئامانجیەتی کەمیان بکاتەوە[١٤].

پەروەردەی ئاشتی ڕێگە بە قوتابییان دەدات کە هۆشیاری و لێهاتوویی لە خۆیاندا گەشە پێ بدەن، بانگەشە بۆ ئەو پرەنسیپانە دەکات کە پێویستن بۆ ئەوەی ململانێکان گەشە نەکەن بۆ شەڕانگێزیی فیزیکی، بەڵکوو بە شێوەی ئاشتییانە لە ڕێگەی هاوکاری و یەکگرتووییەوە یەکلایی بکرێتەوە. پەروەردەی ئاشتی جەخت لە سەر پێویستیی فێرخوازان دەکاتەوە بۆ پەرەپێدانی خودئاگایی و تێگەیشتن لە پەیوەندییە کەسییەکان و ناساندنی بەشدارییە کۆمەڵایەتییەکان. لە گرنگترین ئەو پەروەردەکارانەی کە بەشدارییان لە پێشخستنی پەروەردەی ئاشتیدا کردووە؛ ماریا مۆنتیسسۆری، جۆن دیوی و پاولۆ فرێیرین.

مۆنتیسۆری ڕای وایە کە پەروەردە کلیلی گەیشتن بە ئاشتیی درێژخایەنە. فێرکردنی منداڵان لە تەمەنێکی بچووکدا دەربارەی ئاشتی، وایان لێ دەکات کە چالاکانە بەشداری بکەن لە بنیاتنانی جیهانێکی هاوسەنگتر. مۆنتیسسۆری

تیشکی خستە سەر گرنگیی دامەزراندنی کەشێکی ئامادەکراو کە پەرە بە گەڕان و سەربەخۆیی و لەخۆگەڕان بدات. لەم دۆخە تایبەتەدا منداڵان ئەو سەربەخۆییەیان پێ دەدرێت کە بەشداری لە بەرکەوتە پەروەردەییەکاندا بکەن و توانا بنەڕەتییەکانی ژیانیان بچێنن، وەک چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و پەیوەندییەکی هاوسەنگ. لەگەڵ ئەمانەشدا، دروستکردنی ژینگەیەک کە پەروەردەی ئاشتی لە پێشینەدا بێت، مانای نەبوونی تەواوەتیی ململانێ نییە، بەڵکوو ململانێکان وەک بۆنەیەک سەیر دەکرێن بۆ چاندنی بەزەیی، باشترکردنی پەیوەندییەکان و تێگەیشتنێکی قووڵتر لە دیدگای کەسێکی دیکەوە[١٥].

هەروەها دیوی کاری کرد بۆ سیستمێکی قوتابخانە کە خوێندکاران فێری دیموکراسیەت بن تیایدا. لە ڕوانگەی ئەوەوە، پێویستە قوتابخانەکان هانی قوتابییان بدەن کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیر بکەنەوە و ببنە هاوڵاتیی هوشیار و ڕۆڵی کارا لە کۆمەڵگەدا بگێڕن بۆ ئەوەی بتوانن بە تەواوی بەشداریی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی بکەن. جەختی لە پێویستیی پرۆگرامێک کردەوە کە هەڵوێستێک پەرە پێ بدات کە نیشتمانپەروەریی جیهانی بەرەوپێش ببات، زانستە کۆمەڵایەتییەکانی وەک جوگرافیا و مێژوو کەڵک وەربگرن بۆ پەروەردەکردنی تێگەیشتن لە کولتوورەکانی دیکە، هەروەها چارەسەری لایەنە نەرێنییەکانی ناسیۆنالیزم بکات کە لە مێژوودا زۆر جار بووەتە هۆی شەڕی نێوان گەلان. تیۆرییەکانی ئەو بۆ پەروەردەی ئاشتی، ڕۆڵی مامۆستایانی خستە ژێر پرسیارەوە و هانی دان کە بنەماکانی ئاشتی و هاوکاریی نێودەوڵەتی لە نێوان وڵاتاندا بخەنە ناو پرۆگرامەکانیانەوە[١٦،١٧].

فرێیریش پێی وایە پەروەردە نابێت بەدەستهێنانی پاسیڤانەی زانین لەخۆ بگرێت، بەڵکوو لە بریی ئەوە دەبێت وەک هێزێکی ڕزگارکەر خزمەت بکات کە دانیشتووانی پەراوێزخراو و چەوساوە بەهێز بکات. جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەروەردە دەبێت پرۆسەیەکی گۆڕانکاری بێت کە ئەم خەڵکانە بەهێز بکات، بۆ ئەوەی تاکەکان بتوانن خۆیان لە شێوازە دووبارەبووەکانی ستەم و نادادپەروەری ڕزگار بکەن. ئەو داکۆکیی لە ڕێبازێکی پەروەردەیی کرد کە پەرەپێدانی هۆشیاری و گفتوگۆی کراوە و هەوڵی

هاوبەش بەرەوپێش ببات[١٨].

لە ئێستادا ئێمە لە کۆمەڵگەی هەمەچەشن و ئاڵۆز و تێکەڵاو و وابەستە بە یەکتردا دەژیین. ڕۆژانە ڕووبەڕووی دژیەکی دەبینەوە سەبارەت بە ئەخلاق و کردەوەی نادادپەروەری و توندوتیژی کە ئاڵنگاری بۆ ئاڕاستەی ڕەفتاری و ئەخلاقیمان دروست دەکەن. لە پەروەردەی ئاشتیدا دەبێت خوێندکاران بتوانن بە بێ مەرج وەڵامی ئەو حەزە زگماکییە بدەنەوە کە پێویستن بۆ گرنگیدان بە یەکتر، بەهێزکردنیان بۆ بڕیاردانی ئەخلاقی و گرتنەبەری هەنگاو، بە بێ گوێدانە بۆچوونە ئایینی یان کولتوورییەکان یان هەر پابەندییەکی تر. پەروەردەی ئاشتی ئاسانکاری دەکات بۆ ناسینەوە و قەدرزانینی فرەیی قوتابییان لە ڕێگەی تێڕامانێکی ئەخلاقییەوە، لێرەوە پەرە بە چاندنی پەیوەندییە هاوسەنگەکان دەدات.

**بەربەستەکانی بەردەم پەروەردەی ئاوارەکان**

**پرۆگرامی خوێندن:** هەڵبژاردنی پرۆگرام لە دابەشکەرترین و سەختترین کێشەکاندایە کە دەبێت بۆ خوێندکاری پەنابەر چارەسەر بکرێت. پرسێکی ناوەندی لە دەوری ئەم بڕیارە دەسووڕێتەوە کە دەرئەنجامە درێژخایەنەکانی بۆ منداڵان و کۆمەڵگەکانە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا منداڵانی پەنابەر دەبێ پرۆگرامی وڵاتی خانەخوێ یان وڵاتی خۆیان بخوێنن؟

بڕیارەکانی پرۆگرام گرنگن، هەم لە حاڵەتە فریاگوزارییەکان و هەم لە شوێنی مانەوەی درێژخایەندا. لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر، هەڵبژاردنی پرۆگرام قورسە. بۆ ئۆرگانە حکومییەکان و دانیشتووانی پەنابەر، دەتوانێت کێشەیەکی زۆر سیاسی و هەستیار بێت و دەتوانێت بەشدار بێت لە هەستیارییەکان سەبارەت بە نەتەوە و کولتوور و پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتی ڕەسەن. لە لایەکی دیکەوە بڕیارەکانی پرۆگرام دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر منداڵانی پەنابەر هەبێت و بیانپارێزێت، لەوانەش بابەتی درێژەدان بە خوێندن و بژێوی. پێویستە دەزگاکانی بەڕێوەبردن لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا کار بکەن کە یارمەتیی پەنابەران دەدەن لە دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان سەبارەت بە پرسە لۆجستی و پلاندانانەکان. نەتەوە

یەکگرتووەکان وەک دەزگایەکی کاریگەر، سیاسەتی خۆی لەم جۆرە چوارچێوەیەدا هەیە. نەتەوە یەکگرتووەکان بە هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پەروەردەی نیشتمانی بەرەوپێش دەبات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خوێندکاری پەنابەر یان ئاوارە دەبێ بە بەکارهێنانی پرۆگرامی نیشتمانیی وڵاتی میواندار بخوێنن. ئەم ڕێبازە یارمەتیدەرە بۆ تێکەڵاوبوون بە سیستمی پەروەردەی وڵاتی میواندار، دانان بە بڕوانامە و تاقیکردنەوەکان داهاتوو، وە دەستڕاگەیشتنێکی باشتر بە خوێندنی باڵا و هەلی کار لە وڵاتی میوانداردا.

ئامارەکانی ئاوارەبوون ئاماژە بەوە دەکەن کە نزیکەی دوو لە سەر سێی پەنابەران زیاتر لە پێنج ساڵ بە ئاوارەیی دەمێننەوە و تێکڕای ماوەی ئاوارەبوونیان ٢٠ ساڵە، بۆیە بەرنامەکانی پەروەردە پێویستە لانی کەم بۆ ماوەی مامناوەند پێشکەش بە پەنابەران بکرێن. بەکارهێنانی پرۆگرامی پەنابەری لە وڵاتان، دەستڕاگەیشتن بە ئامرازەکانی پەروەردەی پەسەندکراو و کۆنترۆڵکراو و لێپرسینەوە ئاسان دەکات. دەتوانرێت وەک گونجاوترین و سەلامەتترین هەڵبژاردە بۆ ماوەی درێژخایەن و مامناوەند سەیر بکرێت. بەم شێوەیە دەستەبەرکردنی بڕوانامە و تاقیکردنەوە بە شێوەیەکی متمانەپێکراو، دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی پەروەردەیی، دڵنیایی کواڵتی و زیادکردنی دەستڕاگەیشتن بە دامەزراوە پەروەردەییەکان، لەگەڵ دەرفەتی خوێندنی زیاتر لە ئاستە باڵاکاندا؛ ئاسانکاریی بۆ دەکرێت[١٩].

لەگەڵ ئەمانەشدا بەکارهێنانی پرۆگرامی وڵاتی ڕەسەن هەندێک سوودی خۆی هەیە، وەک لە خشتەی خوارەوەدا دەردەکەوێت. جگە لەوەش، گواستنەوە بۆ وڵاتانی پەنابەر پێویستی بە خەرجکردنی کات و پارەیەکی بەرچاو هەیە بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتنی منداڵانی پەنابەر لە سیستمی وڵاتی میوانداردا.

## بەراوردی پرۆگرامی وڵاتی ڕەسەن و پرۆگرامی وڵاتی خانەخوێ (میواندار)

| پرۆگرامی وڵاتی خانەخوێ | پرۆگرامی وڵاتی ڕەسەن |
|---|---|
| ڕێڕەو بۆ پەنابەران دەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانن بچنە قوتابخانە نیشتمانییەکان. | زمانێکی ئاشنا بە پەیوەندی بە کولتووری ماڵەوە/ناسنامەی ماڵەوە |
| دەستگەیشتن بە تاقیکردنەوەکان و بڕوانامەی باوەڕپێکراو | لە ڕووی سیاسییەوە قبوولکراوە، هەم بۆ پەنابەران و هەم بۆ هەندێک لە حکومەتە میواندارەکان. |
| ئاسانکاریی گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی دەکات، ئاسانکاریی دەستگەیشتن بە کەرەستەی پرۆگرام، هەبوونی مامۆستای شارەزا، ڕاهێنانی مامۆستایان، کوالێتیی بەرزی خوێندن. | بڕاردەیە کاتێک سیاسەتی وڵاتی پەنابەری ڕێگری دەکات لە دەستڕاگەیشتن بە سیستمی نیشتمانی. |
| چاودێری و سەرپەرشتیکردن لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە بۆ باشترکردنی | کێشەی دەستڕاگەیشتن بە تاقیکردنەوە و بڕوانامە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن |
| دەستڕاگەیشتن بە ئاستی باڵای خوێندن | دەستڕانەگەیشتن بە ئاستی باڵای خوێندن یان دامەزراندن بە هۆی نەبوونی بڕوانامە |
| دەرفەتەکان بۆ یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی میواندار | دەستڕانەگەیشتن بە کتێبی پرۆگرام و مەشقی مامۆستایان |
| لەدەستدانی هەستپێکراوی زمانی وڵاتی ڕەسەن، ناسنامەی کولتووری، ئایینی | دابڕان لە کۆمەڵگەی خانەخوێ |

**سەرچاوە:** (Curriculum choices in refugee settings (UNHCR, 2015a, p.3

## ڕاهێنانی مامۆستایان

مامۆستایان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە هاندانی خوێندکاران بۆ خۆگونجاندن لە پۆل و کۆمەڵگەکەیاندا. دابینکردنی کەشێکی پارێزراو و پێشوازیکردنی خوێندکارانی پەنابەر، پشت بە هۆشیاری و بیروباوەڕ و چالاکییەکان و هەڵوێستی مامۆستایان دەبەستێت. مامۆستایان لە ژینگەی پەنابەراندا پێویستە سەرچاوە و ئامادەکاریی زیاتریان بۆ دابین بکرێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ کولتوورە هەمەچەشنەکان و زیاتر وەڵامدەرەوە بن بۆ پێداویستییەکانی خوێندکارانی پەنابەر[٢٠]. دەرئەنجامەکانی تێنەگەیشتنی کولتووری ڕەنگە ببێتە هۆی داوەری پێشوەختە و جیاکاری. لە ئەنجامدا ئەو خوێندکارانەی کە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە کولتووری و زمانەوانییەکان دەدەن، دەبێ هەوڵی چارەسەرکردنی تێڕوانینی ئەوانی تریش بدەن. ئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە داوەریی پێشوەختە گەورەترین بەربەستە لە بەردەم گونجانی قوتابییانی پەنابەران و کۆچبەران، کە کاریگەریی درێژخایەن بەجێ دەهێڵێت لە سەر بڕوابەخۆبوون، پاڵنەری خوێندن، بەشداریکردن و دەستکەوتی خوێندن. زۆر جار مامۆستایان ئەزموون و شارەزایی و زانیارییان نییە بۆ ناسینەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانی خوێندکارانی کۆمەڵگە پەنابەرەکان. سەرەڕای ئەوەش، توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆر جار مامۆستایان ئەزموون و سەرچاوەی پێویستیان نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەم چالاکییانەی پێوستن ئەنجام بدرێن. بۆیە لەو پۆلانەی کە لە منداڵانی وڵاتانی جیاواز پێک هاتوون، پێویستە مامۆستایانی تایبەتمەند خزمەت بکەن.

## کێشەکانی بڕوانامە

بەڵگەنامەی پاشخانی پەروەردەیی خوێندکاران و پەنابەرە پیشەگەرەکان دەتوانرێت بسەلمێنرێت کاتێک دەگەنە وڵاتێکی نوێی میواندار. لە کاتێکدا هەندێک کەس دەرفەتی ئەوەیان هەیە کە بتوانن هەموو تۆمارە پەروەردەیی و پیشەییەکانیان لەگەڵ خۆیان ببەن کاتێک هەڵدێن، ژمارەیەکی بەرچاو لە پەنابەران ناچار دەبن لە ناکاو هەڵبێن و بەشێکی بەرچاو لە کەلوپەلەکانیان بەجێ دەهێڵن. ڕەنگە هەندێکیان کاتێک دەگەن بە شوێنی ئارام، تەنها ژمارەیەکی سنوورداری بەڵگەنامەکانیان لا بێت، ڕەنگە هەندێکی تر بە هۆی ئامێری مۆبایلەوە وێنەی دیجیتاڵییان لا بێت، ژمارەیەکیش بە دەستی بەتاڵ

دەگەن. هەندێ جار پەنابەران ئامادەن هەندێک یان هەموو بەڵگەنامەیەک پێشکەش بکەن، بەڵام ڕێسا دامەزراوەییەکان داوا دەکەن کە بەڵگەنامەی فەرمی ڕاستەوخۆ لە دامەزراوەکان خۆیانەوە بنێردرێن. بۆ ئەوەی دانپێدانان بەدەست بهێنرێت، وەکوو وەرگێڕان و بڕوانامە، بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن زۆربەی دامەزراوەکانی ئەمەریکای باکوور، ئەورووپا، یان هەندێ ناوچەی دیکە پێویستە بەڵگەنامە فەرمییەکان ڕاستەوخۆ لە دامەزراوەکەوە پێشکەش بکرێن یان کۆپیی فەرمیی پشتڕاستکراوە بنێرن[٢١]. ئەم پێوەرانە متمانەپێکراوترین ڕێگان بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕەسەنایەتیی بڕوانامەکان.

دەرکردنی بەڵگەنامەی کاتی بۆ ئاوارەکانی ناوخۆ لە کاتێکدا ناسنامەیان لەدەست داوە، ڕێگەیان پێ دەدات ناوی خۆیان تۆمار بکەن بۆ قوتابخانە بە بێ ئەوەی پێویست بکات بگەڕێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتایی خۆیان. بەدواداچوون و بەڵگەنامەکردنی خوێندنی سەرەتایی بێ تێچوون لە هەندێک وڵاتدا دابین دەکرێ، وەک لە لایەن لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵان و لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان ئەنجام دەدرێت.

جگە لەوەش، ڕەنگە هەندێک لە پەنابەران خۆیان لە داوای بەڵگەنامەی فەرمی لە دامەزراوەی حکومی بەدوور بگرن، چونکە ترسیان هەیە مامەڵەی نەرێنییان لەگەڵ بکرێت یان لە خەمی ئەوەدان کە لەگەڵ حکومەتدا تووشی کێشە ببن، ئەمەش کاتێک ڕوو دەدات کە پەیوەندی بە دامەزراوەی وڵاتی ڕەسەنەوە دەکرێت بۆ پشتڕاستکردنەوە. بۆیە پێویستە دامەزراوەکانی وڵاتی خانەخوێ پێش ئەوەی داواکاری ئاڕاستە بکەن بۆ تۆمارکردن یان پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەنامەکان، داوای مۆڵەتی لە داواکار بکەن.

### پەروەردەی ئاوارە لە هەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان دانیشتووانی ئاوارە، لەوانەش پەنابەرانی سووری و ئاوارەکانی ناوخۆ بە هۆی قەیرانە بەردەوامەکان و ململانێکانەوە، ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو دەبنەوە لە دەستڕاگەیشتن بە خوێندن. لە کاتێکدا هەوڵەکان دەدرێن بۆ تێکەڵکردنی خوێندکارانی ئاوارە لە سیستمی پەروەردەدا، ئاستەنگەکان لە دابینکردنی ژێرخانی گونجاو، سەرچاوە و کارمەندانی لێهاتوودا ماونەتەوە تاکوو دڵنیایی هەبێ لە خوێندنی کواڵتیی باش.

بە پێی میساقی مافی مرۆڤ، هەموو مرۆڤێک مافی خوێندنی هەیە، چونکە مەبەست لە خوێندن/خوێندنی باڵا خزمەتکردنە بە چاکەی گشتی. بۆیە ڕێگەدان بە خوێندکارانی پەنابەر بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن، هاوتەریبە لەگەڵ ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام. جگە لە پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی بێبەرامبەر، هەرێمی کوردستان دەستی کردووە بە تەرکیزکردن لە سەر سیاسەتی یەکخستنی پەروەردەی پەنابەران.

جێبەجێکردنی سیاسەتی یەکخستنی پەروەردەی پەنابەران پێویستی بە پلاندانان و بەشداریکردنی سیستماتیکیی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانە، لەوانەش: دارایی پێویست، ژێرخان و سەرچاوەی مرۆیی. حکومەتی هەرێم سیاسەتی یەکخستنی پەروەردەی پەنابەران بە هێواشی جێبەجێ دەکات، لە خوێندنی سەرەتاییدا کارەکە بەرەوپێشچوونی باشتر بووە وەک لە سەر ئاستی زانکۆ. هەر چەندە جێبەجێکردنی سیاسەتی یەکخستنی پەروەردەی پەنابەران بە دابینکردنی دەرفەت بۆ خوێندکارە پەنابەرەکان لە زانکۆ حکومییەکان دەستی پێ کردووە[٢٢].

بۆ ئاسانکاری بۆ بەشداریکردنی دروست و بەشداریکردنی خوێندکارانی پەنابەر، پێداچوونەوەی سیاسەتی ڕوون پێویستە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سنووردارکردن و ئاڵنگارییانەی کە هەن، کە ڕێگری دەکەن لە بەشداریکردنی سەرکەوتووانەی خوێندکاران لە بواری پەروەردەدا لە ئاستە جیاوازەکاندا. حکومەتی هەرێم پێویستی بە دروستکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی هەیە کە هاوتەریب بێت لەگەڵ ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و دەستڕاگەیشتنێکی یەکسانی خوێندن بۆ هەمووان مسۆگەر بکات. بەشێک لە خێزانە پەنابەرەکان و ئاوارەبووەکان بە هۆی بارودۆخەکانیانەوە توانای خوێندنیان بۆ منداڵەکانیان نییە، بەمەش بەرپرسیارێتیی حکومەتە کە پاڵپشتیی تەواو دابین بکات. لە ئێستادا پەروەردەی گشتگیر وەکوو پێویست لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا نییە، ئەمەش نیگەرانیی جددی بۆ داهاتووی منداڵان و گەنجان دروست دەکات و مافی دەستڕاگەیشتنیان بە خوێندن دەخاتە مەترسییەوە، لە ئەنجامدا کاریگەریی لە سەر داهاتوویان دەبێت.

**ئاوارەی ناوخۆ لە هەرێم**

لە ئێستادا زیاتر لە یەک ملیۆن ئاوارە ماون و ٦٥٠ هەزاریان لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن. سەرەڕای ئەوەی ٣٧٠ قوتابخانەی ئاوارەکان لە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پەروەردەدا کار دەکەن، لە ئێستادا ٤٥٪ی قوتابخانەکانی ئاوارەکان پێش ساڵی ٢٠١٤دروست کراون. هەر چەندە ڕێکخراوە ناحکومییەکان ساڵانە پاڵپشتی دابین دەکەن بۆ نۆژەنکردنەوەکان، بەڵام ئەم قوتابخانانە پێویستیان بە چارەسەری درێژخایەن و بەردەوام هەیە. بە هۆی ئەوەی ١٥٨ هەزار منداڵی ئاوارەکان هێشتا پێویستیان بە پشتیوانییە، وەبەرهێنانی زیاتر لە سەقامگیرکردنی پەروەردە بۆ کۆمەڵگە ئاوارەکان پێویستە[٢٣]. قەیرانی دارایی و ئەزموونی کەم لە ئیدارەدانی پەروەردەی گشتگیر؛ وای کردووە ڕێگایەکی دوور لە پێش بێت بۆ دروستکردنی پەروەردەی گشگیر. زۆرێک لە قوتابخانەکان بە بێ لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دروست دەکرێن، ئەمەش واتە دوورکەوتنەوەی زیاتر لە پەروەردەی گشتگیر.

**پرسە سەرەکییەکان و لەمپەرەکان**

**ژێرخانی ناتەواو:** زۆرێک لە قوتابخانەکانی ئاوارەکان لە کوردستان بە کواڵتیی نزم دروست کراون، هەندێکیان لە کاتی قەیرانی سەرەتای ئاوارەبوون لە ساڵی ٢٠١٤ دروست کراون.

**سەرچاوە سنووردارەکان:** کەمیی سەرچاوەی پەروەردەیی هەیە، لەوانە: کتێبی خوێندن، کەرەستەی فێربوون و ئاسانکاریی گونجاو.

**ڕاهێنان و پاڵپشتیی مامۆستا:** مامۆستایانی ئاوارە ڕاهێنان و پشتیوانییەکی پێویستیان نییە بۆ چارەسەرکردنی پێداویستییە تایبەتەکانی خوێندکارانی ئاوارە.

**ئاڵنگارییەکانی یەکگرتن:** یەکخستنی خوێندکارانی ئاوارە، بە تایبەتی لە سەر ئاستی زانکۆ، ئاستەنگی کولتووری و ئەکادیمیی هەیە.

**سنوورداریی دارایی:** سنووردارکردنی بودجە و کەمکردنەوەی بودجەی حکومەت؛ کاریگەریی لە سەر کواڵتی و بەردەستبوونی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان بۆ دانیشتووانی ئاوارە هەیە.

**هەوڵ و دەستپێشخەرییەکان**

**سیاسەتی یەکخستنی پەروەردەی پەنابەران:** حکومەتی هەرێم لەگەڵ دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکات بۆ جێبەجێکردنی ڕێسای سیاسەتی یەکخستنی پەروەردەی پەنابەران، تیشک دەخاتە سەر تێکەڵکردنی پەنابەران لە زانکۆ حکومییەکان و چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕێگرن لە بەشداریکردنی تەواویان لە بواری پەروەردەدا.

**پشتگیریی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان:** یونسکۆ و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تر پشتگیری بۆ چاکسازیی قوتابخانە و ڕاهێنانی مامۆستایان و پشتگیریی دەروونی و کۆمەڵایەتی و دەرفەتی خوێندنی نافەرمی پێشکەش دەکەن.

**بەرنامەسازی بە سەرپەرشتیی کۆمەڵگە:** دەستپێشخەری بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئاوارە هەن بۆ پەرەپێدان و گرنگیپێدانی فێربوون و زیادکردنی پاڵنەرەکانی خوێندن لە نێو خوێندکارانی ئاوارەدا.

**وەبەرهێنان لە ڕاهێنان و پاڵپشتیی مامۆستایان:** لێرە و لەوێ هەوڵ هەن بۆ ڕاهێنان و دابینکردنی سەرچاوە و پشتگیریی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ مامۆستایان بۆ دروستکردنی ژینگەی فێربوونی سەلامەت و گشتگیر.

بە گشتی لە کاتێکدا پێشکەوتنەکان بەدی دەکرێت، ئاڵنگاری بەرچاو هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی منداڵان و گەنجانی ئاوارە لە هەرێمی کوردستان دەستیان بە خوێندنی کواڵتی بگات، ئەمەش بۆ پەنابەرانی سووریا جیاوازترە لە ئاوەرەکانی ناوخۆ، چونکە ئاوەرەکانی سووریا لە هەرێمی کوردستان زیاتر پشت بە پاڵپشتیی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و حکومەتی هەرێم دەبەستن، لە کاتێکدا ئاوارەکانی ناوخۆ لە لایەن حکومەتی عێراقەوە ساڵانێکە پشگیری کراون. بەردەوامیی وەبەرهێنان لە ژێرخانی پەروەردە، ڕاهێنانی مامۆستایان و دەستپێشخەرییە کۆمەڵایەتییەکان؛ زۆر گرنگە بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئاڵنگارییانە و پاراستنی داهاتووی پەروەردەیی دانیشتووانی ئاوارە.

## ئەنجامگیری

ئایندەی پەروەردەی ئاوارە لە هەرێمی کوردستان ئاڵۆزە، هەم ئاڵنگاری و هەم دەرفەتی لە پێشە. لە کاتێکدا هەوڵەکان لەئارادان بۆ تێکەڵکردنی خوێندکارانی ئاوارە لە سیستمی پەروەردەی گشتی، بە تایبەتی لە ڕێگەی سیاسەتی یەکخستنی پەروەردەی پەنابەرانەوە بەربەستی بەرچاو لە دڵنیابوون لە کواڵتی و دەستڕاگەیشتن بە خوێندن ماونەتەوە. ئەمانە بریتین لە ژێرخانی ناتەواو، کەمیی سەرچاوە و پێویستیی چوارچێوەی سیاسەتی گشتگیر کە باس لە پێداویستییە تایبەتەکانی دانیشتووانی ئاوارە بکات. ئایندەی پەروەردەی ئاوارە لە هەرێمی کوردستان پەیوەستە بە جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی ئەو هەوڵانە و بەردەوامیی پابەندبوونی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان. ئەگەر بە شێوەیەکی کاریگەر چارەسەری ئاستەنگەکان بکرێت، ئەوا خوێندکارانی ئاوارە دەتوانن دەستیان بە خوێندنی کواڵتی بگات، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرفەتی کۆمەڵایەتی و ئابووریی زیاتر. بەڵام ئەگەر پێشکەوتنەکان وەستان، ڕەنگە نایەکسانییەکان فراوانتر بن و داهاتووی نەوەیەکی منداڵ و گەنجی ئاوارە بکەوێتە مەترسییەوە و لەگەڵ خۆشیدا مەترسییەکان دەگوازێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە.

## ڕاسپاردە و پێشنیار

١. بەهێزکردنی ژێرخانی قوتابخانەکان-بەرزکردنەوەی قوتابخانەی پەنابەران/ئاوارەکانی ئێستا، کە زۆربەیان لە کاتی حاڵەتە فریاگوزارییەکاندا دروست کراون.

٢. فراوانکردنی ڕاهێنان و پشتگیریی مامۆستایان بە دابینکردنی گەشەپێدانی پیشەیی بەردەوام بۆ مامۆستایان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پۆلە فرەکولتوورییەکان و پێداگۆجیی گشتگیر.

٣. پەرەپێدانی سیاسەتی پەروەردەی گشتگیر، واتە دانانی چوارچێوەی یاسایی و سیاسەتی ڕوون لە هەرێمی کوردستان کە گەرەنتیی دەرفەتی خوێندنی یەکسان بکات بۆ منداڵانی ئاوارە، پەنابەر و منداڵانی کۆمەڵگەی میواندار.

٤. چارەسەرکردنی بەربەستەکانی زمان و کولتوور لە ڕێگەی پێشکەشکردنی

بەرنامەکانی پشتگیریی زمان و فێرکردنی هەستیاریی کولتووری بۆ ئاسانکاریی تێکەڵبوون لەگەڵ قوتابخانە ناوخۆییەکان.

٥. فراوانکردنی پشتگیریی دەروونی و کۆمەڵایەتی، واتە بەهێزکردنی خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری و بەرنامە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانە بۆ یارمەتیدانی منداڵانی ئاوارە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زەبروزەنگ و گونجاندن لەگەڵ ژینگە نوێیەکانی فێربوون.

٦. بەرزکردنەوەی پشتیوانیی دارایی و نێودەوڵەتی، واتە دەستەبەرکردنی بودجەی بەردەوام لە ڕێگەی هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان، دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە بەخشەرەکان بۆ کەمکردنەوەی فشار لە سەر بودجەی پەروەردە.

٧. بەهێزکردنی بەشداریکردنی کۆمەڵگا -بەشداریکردنی خێزانە ئاوارەکان و کۆمەڵگە میواندارەکان لە بەڕێوەبردنی قوتابخانە، چالاکییەکانی دەرەوەی پرۆگرام و بەرنامەکانی هۆشیاری بۆ دروستکردنی متمانە و هاوکاری.

## سەرچاوەکان

1 Davies, L. (2004). Education and conflict: Complexity and chaos. Routledge-Falmer.

2 Buckland, P. (2005). Reshaping the future: Education and postconflict reconstruction. World Bank Publications.

3 Valente, C. (2013). Education and civil conflict in Nepal. The World Bank Economic Review 28(2):354-383. https://doi.org/10.1093/wber/lht014

4 UNESCO. (2023, November 14). Hungary's education responses to the influx of Ukrainian refugees. https://www.unesco.org/en/ukraine-war/education/hungary-support

5 Alimba, N. C. (2017). Dysfunctional consequences of conflict on teachers' productivity: a theoretical insight. AFRREV IJAH: An International Journal of

Arts and Humanities, 6(1), 146-161. http://dx.doi.org/10.4314/ijah.v6i1.13

6 Utsumi, Y. (2021). Impact of Armed Conflict on Education in Timor-Leste. In: Peddie, F., Liu, J. (eds) Education and Migration in an Asian Context. Economics, Law, and Institutions in Asia Pacific. Springer, Singapore. https://doi.org/10.1007/978-981-33-6288-8_8

7 Assefa, Y., Tilwani, S., & Moge, B. (2023). The impact of armed violence on educational institutions, students' educational attainment and the role of actors in governance of the education process. Cogent Education, 10 (1). https://doi.org/10.1080/2331186X.2023.2189503

8 UNHCR. (2016, November 7). UNHCR viewpoint: 'Refugee' or 'migrant' – Which is right? WWW.UNHCR.ORG. Retrieved August 20, 2023, from https://www.unhcr.org/news/stories/unhcr-viewpoint-refugee-or-migrant-which-right

9 Deng, F. M. (1999). Guiding principles on internal displacement. International Migration Review, 33(2), 484-493.

10 Dryden-Peterson, S. (2011). A Global Review: Refugee Education. Toronto: Ontario Institute for Studies in Education, University of Toronto

11 Bokovoy, M., Irvine, J. A., & Lilly, C.S. (1997). State-society relations in Yugoslavia, 1945-1992. Macmillan.

12 Heyneman, S. P., & Todoric-Bebic, S. (2000). A renewed sense for the purposes of schooling: the challenges of education and social cohesion in Asia, Africa, Latin America, Europe and Central Asia. Prospects, 30(2), 145-166. doi:10.1007/bf02754062

13 Adwan, S., Bar-Tal, D., & Wexler, B. E. (2016). Portrayal of the Other in Palestinian and Israeli Schoolbooks: A Comparative Study. Political Psychology, 37(2), 201-217. https://doi.org/10.1111/pops.12227

14 Mishra, L. (2011). Designing a peace education programme for secondary schools. Journal of Research in Peace, Gender and Development, 1(1).

15 Duckworth, C. (2006). Teaching peace: a dialogue on the Montes-

sori method. Journal of peace education, 3(1), 39-53. https://doi.org/10.1080/17400200500532128

16 Sant, E. (2019). Democratic education: A theoretical review (2006–2017). Review of Educational Research, 89(5), 655-696. https://doi.org/10.3102/0034654319862493

17 Feinberg, W., & Torres, C. A. (2001). Democracy and education: John Dewey and Paulo Freire. Education and Society, 59.

18 Cabezudo, A. & Haavelsrud (2007). Rethinking peace education. Handbook of peace and conflict studies (pp. 279-296). Routledge.

19 UNHCR. (2015a. July 31). Curriculum Choices in Refugee Settings. https://reliefweb.int/report/world/education-issue-brief-3-curriculum-choices-refugee-settings

20 OECD. (2018). The Resilience of Students with an Immigrant Background: Factors that Shape Well-being. OECD Publishing.

21 WES Canada. (2012). Best practices: Strategies and processes to obtain authentic international educational credentials. Toronto: World Education Services.

22 United Nations. (2024, August 21). Higher education: Cultural and academic challenges for the refugees and internally displaced personnel in the case of Kurdistan Region-Iraq. United Nations Academic Impact.

23 Kurdistan Save the Children. (2025, February 4). Slemani: KSC hosts webinar on rebuilding education for Iraqi children amid crisis. KSC – Press Release. https://www.ksc-kcf.org/publication/18/1272

# ئاستەنگەکانی بەردەم ئاوێتەبوونی پەنابەرانی سووریا لە هەرێمی کوردستان

د. فارووق عەبدول مەولوود/ پسپۆڕ لە سیستمە سیاسییەکان



**بەرایی**

پرسی پەنابەران و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵیدا؛ یەکێکە لەو بابەتانەی کە ئەمڕۆ جیهانی نیگەران کردووە، چونکە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە هەم لە سەر ئەو وڵاتەی کە پەنابەران لێیەوە هەڵاتوون و هەم لە سەر ئەو وڵاتەی کە میوانداریی پەنابەران دەکات. کاریگەرییەکانی ئەم جووڵە مرۆییە گەورەیە لە سەر هەموو لایەنە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتوورییەکانی وڵاتی میواندار بەجێ دەهێڵێت. لەم توێژینەوەیەماندا ڕۆشنایی دەخەینە سەر پرسی پەنابەرانی سووریا لە هەرێمی کوردستان و ئەو سەختی و گرفتانەی بەدەستیەوە دەناڵێنن کە ڕێگرن لە پرۆسەی ئاوێتەبوونیان لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێدا، بە تایبەت کە ململانێ و شەڕ لە سووریا ماوەیەکی زۆر بەردەوام بووە، وەک چۆن نەوەیەکی تەواو لە هەرێمی کوردستان لەدایک بووە.

## چەمکی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی

زاراوەی «ئاوێتەبوون» جۆرێک لە ئاڵۆزیی تێدایە، چونکە لە یەک کاتدا هەڵگری ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵناسییە، ئەمە جگە لە پەیوەندی بە مشتومڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو پرسەکانی کۆچبەری (ئاوێتەبوونی پەنابەران) و فرەکولتووری (ناسنامەی کولتووری)، بە تایبەتی لە هەندێک کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی کە ڕێوشوێنی تایبەتیان گرتووەتە بەر و وەزارەت یان دەزگایەکی حکومییان بۆ دامەزراندووە کە تایبەتن بە کۆچبەری و پرسی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی[١].

لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە ئاوێتەبوون ئاماژەیە بۆ ئەو پڕۆسەیەی کە تاکێک یان کۆمەڵێک دەتوانێت ببێتە ئەندامی گرووپێکی گەورەتر و فراوانتر بە وەرگرتنی بەها و ڕێساکانی سیستمە کۆمەڵایەتییەکەی[٢].

ئاوێتەبوون بریتییە لەو پڕۆسەیەی کە هاوڵاتییان ڕۆڵی خۆیان لە چوارچێوەی پێکهاتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوە دەبەن، یان بە هەوڵدان -لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی- بۆ وەرگرتنەوەی پێگەی خۆیان لە چوارچێوەی پێکهاتە جۆراوجۆرەکاندا، یان بە چالاککردنی پێگەی خۆیان لە ڕووی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە لایەن دەوڵەتەوە[٣]. بۆیە ئاوێتەبوون دوو مەرجی دەوێت: ئیرادەی تاک و کەسی بۆ ئاوێتەبوون و خۆگونجاندن -واتە دەربڕینی خۆبەخشانەی «ئاوێتەبوون”، پاشان توانای ئاوێتەبوونی کۆمەڵگە لە ڕێگەی ڕێزگرتن لە فرەیی و جیاوازیی تاکەکان.

چەمکی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی؛ ئەو پڕۆسەیەیە کە تاکەکان بتوانن خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگەکانیاندا ئاسمیلە بکەن (بگونجێنن)، بە شێوەیەکی ئاسۆیی بە وەرگرتنی بەها و دابونەریت و شێوازی ژیان، بە شێوەی ستوونییش واتە بەدەستهێنانی شوناسێکی سیاسی کە پەیوەندی و وەلائیان بە دامەزراوەی دەوڵەتەوە بەهێزتر و جێگیر بکات[٤].

ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ پڕۆسەی دڵنیابوون لەوەی کە هەموو تاکێک لە کۆمەڵگەدا دەرفەتی بەشداریکردنی لە هەموو لایەنەکانی ژیان و بەدیهێنانی توانای تەواوی خۆی هەیە. پەیوەندیی بە دروستکردنی کۆمەڵگایەکەوە هەیە کە هەمووان تێیدا بەشدار بن و بەهایان بۆ دابنرێت، بە بێ گوێدانە پاشخان و توانا و پێگەی

کۆمەڵایەتی، ئەوەش ئامانجێکی گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو کەسێک هەمان دەرفەت و سەرچاوە و خزمەتگوزارییەکانی هەبێت و بە ڕێز و کەرامەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی لە ژێر کاریگەریی چەند هۆکارێکدایە، لەوانە[٥].

١. فاکتەرە کولتوورییەکان: بریتین لە زمان، ئایین، داب و نەریت، بەها کۆمەڵایەتییەکان. دەتوانرێت ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی بە پێشکەشکردنی پشتیوانیی کولتووری بۆ گرووپە ئامانجدارەکان باشتر بکرێت.

٢. هۆکارە ئابوورییەکان: بریتین لە دامەزراندن، خوێندن و نیشتەجێبوون. دەتوانرێت ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی باشتر بکرێت بە ڕەخساندنی دەرفەتی ئابووری بۆ باشترکردنی ژیان.

٣. فاکتەرە سیاسییەکان: بریتین لە یاسا و سیاسەت و ڕێککەوتننامە و دامەزراوەکان. دەتوانرێت ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی باشتر بکرێت بە نوێکردنەوەی سیاسەت و یاساکانی کۆچبەری و باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بۆ پەنابەران و کۆچبەران.

٤. فاکتەرە دەروونییەکان: بریتین لە هاندان و پاڵنەر و متمانەی نێوان کەسەکان. دەتوانرێت ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی بە دابینکردنی چالاکیی کارلێککارانە و باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەموو تاکەکان باشتر بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین ئاوێتەبوون پرۆسەیەکی ئاڵۆز و درێژخایەنە، پێویستی بە ڕێوشوێنی تایبەت هەیە بۆ ئەوەی پەنابەران و کۆچبەران بتوانن ژیانێکی ئاساییان وەک هەر هاوڵاتییەکی تر هەبێت، دوور لەو هۆکارانەی لە وڵاتەکانیان لێی هەڵهاتوون.

**چەمکی پەنابەران و پەنابەرانی سووری لە هەرێمی کوردستان**

یەکێک لە بابەتە ئاڵۆزەکان پێناسەکردنی پەنابەرە، بە تایبەت پەنابەر کێیە و کێ مافی پەنابەریی هەیە و کێ سوودمەندە لەو گەرەنتییانەی کە یاسای نێودەوڵەتی بۆ پەنابەرانی دابین کردووە. بۆیە دەکرێت پەنابەر بەو کەسە پێناسە بکرێت کە وڵاتی ئەسڵی خۆی بەجێ هێشتووە لە ترس یان بۆ ڕزگاربوون لەو هەڕەشانەی بە هۆی ڕەگەز، ئایین، نەتەوە، بیروڕای سیاسی، یان ئەندامێتی لە گرووپێکی کۆمەڵایەتیی

دیاریکراودا ڕووبەڕووی بووەتەوە و نایەوێت خۆی بخاتە ژێر پاراستنی وڵاتی بنەڕەتی خۆی(٦). لە مادەی (١٤)ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا، بە ڕوونی ماف بە هەموو کەسێک دەدات کە داوای پەنابەری لە وڵاتانی دیکە بکات بۆ دەربازبوونی لە هەڕەشە و چەوسانەوە. ئەم مافە نابێت لە دادگاییکردنەکاندا لە سەر بنەمای تاوانی ناسیاسی یان کردەوەی پێچەوانەی ئامانج و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە ئاراوە(٧). لە ڕوانگەی ئەو وڵاتەی کە پەنابەر بۆ پاراستنی ژیانی لێی هەڵهاتووە، پەنابەری بە کارێکی دوژمنکارانە دادەنرێت لە لایەن وڵاتی میواندارەوە. بە پێی دەیتاکانی کۆمیسۆنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR) لە ساڵی ٢٠٢٠دا، ٢٨١ ملیۆن کۆچبەر لە جیهاندا هەن و لەو ژمارەیەش ١٦٤ ملیۆنیان کرێکاری کۆچبەرن، کە دەکاتە نزیکەی ٣.٦٪ی دانیشتووانی جیهان(٨).

پێناسەکردنی پەنابەر بۆخۆی پرسێکی گرنگە، هەروەها لە چارەسەرکردنی پرسی پەنابەرییشدا زۆر گرنگە، چونکە ئەم پێناسەیە دیاریی دەکات کێ شایستەی پەنابەرییە و بەم پێیەش شایستەی پاراستنی یاساییە. پێناسەی پەنابەر بە پێی داڕێژەرانی و ناوچە جوگرافییەکان و پەیماننامەکان جیاوازە. بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی پەنابەران لە سەر یەک پێناسەیان کۆک نین کە مەبەست لە پەنابەر چییە، بەڵکوو هەر بەڵگەنامەیەک بە پێی مادە و بڕگەکانی پێناسەی دەکات(٩).

پێناسەیەکی دیکەی مافی پەنابەری ئەوەیە کە دەوڵەتەکان پارێزبەندی لە خاکی خۆیاندا بەو کەسانە دەدەن کە لە وڵاتانی دیکەوە هاتوون و لە چەوساندنەوە یان هەڕەشە هەڵدێن(١٠).

بە پێی ڕێککەوتننامەی پەنابەران لە ساڵی ١٩٥١، پەنابەر هەر کەسێکە کە بە هۆی ترسێکی ڕاستەقینە لە چەوساندنەوە بە هۆکاری ڕەگەز، ئایین، نەتەوەیی، ئەندامێتی لە گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان بۆچوونی سیاسیی دیاریکراو؛ لە دەرەوەی وڵاتی نەتەوەکەی بێت و نەتوانێت یان بە هۆی ئەو ترسەوە ئامادە نییە سوود لە پاراستنی ئەو وڵاتە وەربگرێت(١١).

بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، پەنابەر کەسێکە کە وڵاتەکەی بەجێ هێشتووە بە هۆی مەترسیی پێشێلکردنی گەورەی مافەکانی مرۆڤ یان چەوساندنەوە.

مەترسییەکانی سەر سەلامەتیی ژیانی گەیشتووەتە ئاستێک کە ناچارە وڵاتەکەی بەجێ بهێڵێت و بەدوای سەلامەتیدا بگەڕێت لە دەرەوە، چونکە حکومەتەکەی ناتوانێت یان ئامادە نییە پارێزگاریی بۆ دابین بکات. پەنابەر مافی پاراستنی نێودەوڵەتیی هەیە[١٢].

پرۆسەی ئاوێتەبوونی پەنابەران پرۆسەیەکی کارلێککارانەیە کە پەیوەستە بە هەردوو پەنابەران و تاک و دامەزراوەکانی وڵاتی میواندارەوە. پەنابەران لەگەڵ هاوڵاتییانی وڵاتی میواندار تێکەڵ دەبن، یەک کۆمەڵگە پێک دەهێنن کە جیاوازییەکانیان لەباوەش بگرێت. پرۆسەی ئاوێتەبوون پێویستی بە ئامادەیی پەنابەران هەیە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی وڵاتی میواندار بە بێ ئەوەی دەستبەرداری ناسنامەی ڕەسەنی خۆیان بن. پێویستە وڵاتی میواندار پەنابەران لەخۆ بگرن و جیاوازییەکان کەم بکەنەوە، بۆ ئەوەی دامەزراوەکان بتوانن پێداویستییەکانیان دابین بکەن. بێگومان پرۆسەی یەکخستنی پەنابەران ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی لە سەر کۆمەڵگەی میواندار هەیە، چونکە ئەوان دەست بە پرۆژەی نوێی خۆیان دەکەن، هەلی کار لە وڵاتی میوانداردا دەڕەخسێنن و ڕۆیشتنی سەرمایە و وەبەرهێنان ئاسان دەکەن. هەروەها باج دەدەن، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ خۆشگوزەرانیی ئابووریی وڵاتی میواندار. جگە لەوەش، ئامێزگرتن و تێکەڵکردنی پەنابەران لە لایەن وڵاتی میواندارەوە، کۆمەڵگە دەوڵەمەند دەکات بە هۆی کراوەیی بە ڕووی کولتوور و دابونەریت و بیرۆکە و زمان و هونەری جیاوازدا. لە ڕێگەی ئەم پێناسانەوە دەتوانین بڵێین پەنابەر ئەو کەسەیە کە وڵاتی ڕەسەنی خۆی بۆ شوێنێکی تر بەجێ دەهێڵێت، بە مەبەستی دابینکردنی ژیانێکی باشتر و سەقامگیرتر. شێوازی ڕۆیشتن زۆر جار خۆبەخشانە یان هەندێک جار زۆرەملێیە[١٣].

## پەنابەرانی سووریا لە هەرێمی کوردستان

سەبارەت بە پەنابەرانی سووریا لە هەرێمی کوردستان، لە دوای ساڵی ٢٠١١، بە هۆی ڕووداوەکانی سووریاوە ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران لە دەست درندەیی ڕژێمی سووریا و شەڕی ناوخۆ و ململانێ ناوخۆییەکان وڵاتیان جێ هێشتووە و پەنایان بۆ وڵاتانی دراوسێ برد، بە تایبەتی لەگەڵ چڕبوونەوەی هێرشە ئاسمانییەکان و سەرهەڵدانی داعش. ئەم پەنابەرانە بەرەو کەمپەکان لە وڵاتانی دراوسێ و بە درێژایی

ناوچە سنوورییەکانی تورکیا، لوبنان، ئوردن و عێراق بەڕێ کەوتن. ژمارەی پەنابەرانی سووریا لە وڵاتانی دراوسێ گەیشتە ژمارەیەکی پێوانەیی[١٤].

عێراق میوانداریی نزیکەی ٣٤٦ هەزار پەنابەری سووریی کردووە[١٥]، زۆرینەی ڕەهایان لە هەرێمی کوردستان دەژین. بە پێی ئامارێکی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارەی ئاوارەکانی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٤دا گەیشتووەتە نزیکەی ٢٥٤ هەزار و ٢٠٠ کەس، ئەمەش ٩٢ هەزار و ٤٦ کەس دەگرێتەوە کە لە کەمپەکاندا دەژین و ١٦٢ هەزار و ١٥٤ کەسیش لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین[١٦]. ٧٢ هەزار لەو کەسانە لە لایەن پڕۆگرامی جیهانیی خۆراکەوە یارمەتی و هاوکاریی نەختینەیی بۆ گوزەرانی ڕۆژانە وەردەگرن، لە کاتێکدا «UNHCR» کۆمەڵێک خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات، لەوانە پشتگیریی یاسایی، خزمەتگوزاریی تۆمارکردن، هاوکاریی نەختینەیی، پشتگیریی پەروەردە و خزمەتگوزارییەکانی دیکە.

پەنابەرانی سووری بەسەر نۆ کەمپدا دابەش کراون کە دەکەونە شارەکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆک:

١. کەمپەکانی پارێزگای دهۆک: دۆمیز، دۆمیز ٢، گەویلان، قەڵای ئاکرێ

٢. کەمپەکانی پارێزگای هەولێر: دارەشەکران، کەوەرگۆسک، باسیرمە، قوشتەپە

٣. کەمپەکانی پارێزگای سلێمانی: باریکە

هەر خێزانێک لە کەمپەکاندا لە خێوەتگەیەکدا دەژین کە ڕووبەرەکەی ٩٠ مەتر چوارگۆشەیە، کە تانکیی ئاوی هەزار لیتری لەخۆ دەگرێت و هەفتەی جارێک پڕ دەکرێتەوە. بە درێژایی کاتژمێرەکان؛ کارەبا بەردەستە. دووکاندارەکانیش بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کەمپەکاندا بوونیان هەیە[١٧].

کەمپی دۆمیز گەورەترین کەمپی پەنابەرانی سووریایە لە هەرێم، کە نزیکەی ١٥ کیلۆمەتر لە شاری دهۆکەوە دوورە. ساڵی ٢٠١١ دامەزراوە. بە هۆی زۆریی چڕیی دانیشتووان لە کەمپی دۆمیز، حکومەت ناچار بوو کەمپی دۆمیز ٢ دروست بکات کە ٣ کیلۆمەتر لە کەمپی دۆمیزی سەرەکییەوە دوورە. کەمپی قەڵای ئاکری لە ساڵی ٢٠١٣

دامەزراوە و نزیکەی ١٠٠ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری دهۆکەوە دوورە. کەمپی گەویلان لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ دامەزراوە و بە دووریی ١٠٠ کیلۆمەتر لە باشووری شاری دهۆک هەڵکەوتووە. کەمپی دارەشەکران ٤٧ کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای هەولێر دوورە و لە هاوینی ساڵی ٢٠١٣ دامەزراوە. کەمپەکە لە ١٢ بەش و دوو هەزار و ٤٨٠ خێمە پێک هاتووە، کە نزیکەی دوو هەزار و ٥٠٠ خێزانی تێدا نیشتەجێیە. کەمپی کاوەرگۆسک بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دامەزراوە و دەکەوێتە ٢٠ کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای هەولێر. «باسیرمە»، ئەم کەمپە نزیکەی ٥٠ کیلۆمەتر لە باکووری شاری هەولێر دوورە و لە ساڵی ٢٠١٣دا دامەزراوە. کەمپی «قوشتەپە» دەکەوێتە ٢٠ کیلۆمەتر باشووری شاری هەولێر و لە ساڵی ٢٠١٣دا دامەزراوە. کەمپی «باریکە» لە پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە و دەکەوێتە ٤٠ کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی[١٨].

**بەشی دووەم: دەیتا و شیکاری توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە ڕاپرسی و شێوازی شیکاری بەستووە بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان. پشتی بە ڕاپرسی و چاوپێکەوتنی کراوە بەستووە، کە شێوازێکی چۆنایەتییە و یارمەتیدەرە بۆ پشتگیریکردنی ئەو دەیتا و ئامارە چەندایەتییانەی کە لە ڕێگەی پرسیارەکانەوە کۆ کراونەتەوە و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەسەر پێکهاتەکانی سووریادا لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێم دابەش کراون. پرسیارەکان تەنیا تایبەت نین بە سوورییەکان کە لە ناو کەمپەکاندا نیشتەجێ بوون، بەڵکوو ئەو سووریاییانەی لە دەرەووی کەمپەکانیشدان؛ لەخۆ گرتووە.

کۆی ژمارەی بەشداربووان ٥٠ کەسە، لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، جیا لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ ٢٥ کەس لە هەردوو ڕەگەز کە بەم شێوەیە دابەش کرابوون، وەک لە خشتەی ژمارە (١)دا خراوەتە ڕوو:

| ڕەگەز | مێ | نێر |
|---|---|---|
| ڕێژە | ٤٩٪ | ٥١٪ |


**خشتەی ژمارە ١:** ڕێژەی سەدیی نێر و مێی بەشداربوو لە ڕاپرسییەکەدا

سەبارەت بە کاتی گەیشتنیان بۆ هەرێم، زۆربەی بەشداربووان لە قۆناغی دوای جەنگ گەیشتوونەتە هەرێم، وەک لە خشتەی (٢)دا دیارە. ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لە ڕێگەی دەروازەی سنووریی فێشخابور (سێمێلکا)ەوە هاتوونەتە ناو هەرێمەوە ٧٠٪ بووە، ئەوانەی دیکە لە ڕێگەی فڕۆکەخانەکان یان ڕێگاکانی دیکەوە هاتوونەتە هەرێم.

| ساڵی گەیشتنیان بۆ هەرێم | پێش جەنگ | دوای جەنگ |
|---|---|---|
| ڕێژە | ٪٩٣ | ٪٧ |

**خشتەی ژمارە ٢:** بەشداربووانی ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان

بەشداربووانی ڕاپرسی کە لە هێڵکاری ژمارە (١) دیارە بەسەر پارێزگاکاندا دابەش کراون، پارێزگای هەڵەبجە کەمترین ڕێژەی هەیە.




**هێڵکاریی ١:** دابەشبوونی جوگرافیای نموونەی توێژینەوەکە

ئاستی خوێندنی بەشداربووان جیاواز بوو، وەک لە خشتەی (٣)ی خوارەوەدا نیشان دراوە:

| ئاستی خوێندن | سەرەتایی | ناوەندی | بەکالۆریۆس | خوێندنی باڵا |
|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی سەدی | ١٣,٥% | ٣٢,٧% | ٣٦,٥% | ١٧,٣% |

**خشتەی ٣:** ئاستی خوێندنی بەشداربووانی توێژینەوەکە

سەرەڕای ئەو ڕێوشوێن و ئاسانکارییانەی کە بۆ ئاوارەکانی سووریا لە هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکرێن و هاوکارییەکان بەردەوامن، بەڵام دوای نزیکەی ١٤ ساڵ هێشتا ڕووبەڕووی داهاتوویەکی نادیار بوونەتەوە، بە تایبەتی کە بارودۆخی سووریا وای کردووە گەڕانەوەیان مەحاڵ بێت. بە سەرنجدان لە خراپیی دۆخی سووریا و بەردەوامیی ململانێکان، پێویستە لێکۆڵینەوە لە واقیعی پەنابەران بکرێت و ڕۆشنایی بخرێتە سەر ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کە ڕێگری لە تێکەڵبوونیان لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێدا دەکات. ئاوێتەبوونی پەنابەران لەگەڵ کۆمەڵگادا پرۆسەیەکە کە وڵاتی میواندار ئەنجامی دەدات بۆ تێکەڵکردن لەگەڵ دانیشتووانی ڕەسەن، بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە کۆمەڵگا. بۆیە وڵاتی میواندار کار بۆ تێکەڵکردنیان لەگەڵ کۆمەڵگادا دەکات وەک چارەسەرێک بۆ کێشەکانیان. پرۆسەکە لە سێ ڕەهەند پێک دێت: ڕەهەندێکی یاسایی و سیاسی، ڕەهەندێکی ئابووری، ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی. پرۆسەی ئاوێتەکردن پێویستی بە کۆمەڵگەی نەرمونیان و پێشوازیلێکراو هەیە بۆ پەنابەران، دامەزراوەی گشتی کە توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی پەنابەرانی بە هەموو جۆرەکانیەوە هەبێت، هەروەها پەنابەران توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ کۆمەڵگا و بارودۆخە نوێیەکان هەبێت بە بێ ئەوەی دەستبەرداری ناسنامەی ڕەسەنی خۆیان بن. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاستەنگەکانی ئاوێتەبوون دابەش دەکەین بۆ:

**یەکەم: ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە پرۆسەی ئاوێتەبوون**

هەر چەندە زۆرینەی ئەو پەنابەرە سوورییانەی گەیشتوونەتە هەرێمی کوردستان کوردن، واتە لێکچوونێک لە دابونەریت و کولتووری پەنابەران و پێکهاتەی خانەخوێدا هەیە، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی ڕەوینەوەی کۆمەڵێک پرس و ئاستەنگ کە ڕێگرن لە پرۆسەی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی، وەک زمان، خوێندن و تەندروستی، کە توێژەینەوەکە لە لێکۆڵینەوەی مەیدانیدا تیشکی خستووەتە سەریان.


**١. زمان**

گرنگیی زمان لە ژێر ڕۆشنایی جووڵەی مرۆڤەکان و گەیاندنی بیرۆکەکان لە چوارچێوەی سنوورە نەتەوەیی و کولتووری و زمانەوانییەکاندا بە ڕوونی دیارە.

لە کۆکردنەوەی دەیتاکاندا زمان وەک یەکێک لە سەرەکیترین بەربەستەکانی


ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی دیاری کرا. هەر چەندە زۆرینەی پەنابەرەکانی سووریا لە هەرێمی کوردستان کوردن، بەڵام جیاوازیی زاری قسەکردن لە نێوانیاندا هەیە. زاری کرمانجی کە لە لایەن پەنابەرانەوە قسەی پێ دەکرێت، جیاوازە لە زاری کوردیی ناوەندی کە زاری فەرمی و باڵادەستە لە هەرێمی کوردستان. ئەم جیاوازییە بە تایبەت لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر کێشەی دروست کردووە، بەڵام لە پارێزگای دهۆکدا کەمترە، چونکە زارەکە یەکە.

ئەم جیاوازییە کاریگەریی لە سەر توانای پەنابەران هەیە بۆ خوێندنەوە و نووسین و تێکەڵبوونیان لە کۆمەڵگەی میواندا. نەبوونی پلانێکی ڕێکخراو یان کۆرسی فێرکاریی زمان لە کەمپەکانی پەنابەران، ئەم کێشەیەی زیاتر کردووە. لە لێکۆڵینەوەکەدا کە پرسیار ئاڕاستەی بەشداربووان کراوە: ئایا هەست دەکەیت زمان بەربەستێکە لە بەردەم توانای تێکەڵبوونت لەگەڵ کۆمەڵگەدا؟ وەڵامەکە بەم شێوەیە بوو: نزیکەی ٤٤٪ی ئەو پەنابەرانەی پرسیاریان لێ کراوە، جیاوازیی زمانیان وەک بەربەستێک بۆ ئاوێتەبوون لە کۆمەڵگەدا دەبینن.




**هێلکاریی ٢:** ڕێژەی سەدی تا چەند شێوەزار کاریگەریی لە سەر ئاسانکاریی ئاوێتەبوون هەیە

هەڵبەت ئەم ڕێژەیە بەرزە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەشێک لە بەشداربووانی ڕاپرسییەکە لە پارێزگای دهۆک نیشتەجێن. لە ڕاستیدا ئەوان لەگەڵ زاری کرمانجی ڕووبەڕووی گرفت نابنەوە، بەو پێیەی پەنابەران و دانیشتووانی پارێزگای دهۆک بە یەک زار قسە دەکەن. زۆربەی ئەوانەی نیشتەجێی پارێزگای سلێمانی و هەولێرن، بەدەست زاری کوردیی ناوەندییەوە دەناڵێنن. ئەمەش بە بەربەستێکی گەورە دادەنێن، بەو پێیەی زمان پردی سەرەکییە بۆ پەیوەندیی نێوان تاکەکان و ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و دابونەریت و ئاسانکاری بۆ ئاوێتەبوونیان لەگەڵ کۆمەڵگادا. کاتێک پرسیارێک سەبارەت بە بوونی کۆرسەکانی فێربوونی زاری کوردیی ناوەندی کرا، وەڵامەکە وەک لە هێڵکاری ژمارە (٣)دا دیار بوو.




**هێڵکاریی ٣:** ڕێژەی سەدیی بەشداربووان لە خولی فێربوونی زاری کوردیی ناوەندی

تەنها نزیکەی ٦٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە دەرفەتی بەشداریکردنیان لە خولی فێربوونی زاری کوردیی ناوەندی هەبووە. زۆرێک لە چاوپێکەوتنەکان پشتڕاستیان کردەوە کە ئەم خولانە لە سەر خەرجی خۆیان بووە و مەبەست لێی بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار بووە.

لەبەر ڕۆشنایی هەردوو خشتەکەی پێشوو، کە وەڵام بۆ پرسیارەکانی شێوەزاری

کوردیی دەدەنەوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هیچ پلانێکی خوێندنەوەبۆکراو و یان ڕێکخراو نییە گرنگی بدات بە کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان ئەو زارانە و ڕۆڵیان هەبێت بۆ باشترکردنی ژیانی ئاوارەکان و ئاسانکاریکردن بۆ ئاوێتەبوونیان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا نیشتەجێن، کە ئەمە دەرفەتی بەدەستهێنانی هەلی کار و مسۆگەرکردنی داهاتوویان باشتر دەکات. پرسی زمان ئەگەر پەنابەران پێی تەیار بکرێن؛ یارمەتیدەر دەبێت بۆ دەربازبوونیان لە پشتبەستن بە کەسانی دیکە و کەمکردنەوەی هەستی لاوازی لای تاکەکان و بەهێزکردنی متمانە لای گەنجەکان.

## 2. خوێندن

پرۆسەیەکی ڕێکخراوە بە ئامانجی بەهێزکردنی بنەما سەرەکییەکانی مەعریفە و پەرەپێدانی تواکانی تاک. پەروەردە و خوێندن ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت لە پرۆسەی ئاوێتەبوونی پەنابەران لە کۆمەڵگە میوانداراەکاندا، بە تایبەتی ئەگەر پلانی دروست و داڕێژراو هەبێت. خوێندن دەتوانێت هەنگاوی کرداری بەرجەستە بکات بەرەو یەکخستنی پەنابەران، باشترکردنی ژیانیان، کەمکردنەوەی هەستی گۆشەگیری و پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان پەنابەران و باقیی کۆمەڵگا. خوێندن یەکێکە لە پرسە ئاڵۆز و هەستیارەکان، بەو پێیەی داهاتووی نەوەکانی پێوە بەستراوە و ئاسانکاری دەکات بۆ ئاوێتەبوونی پەنابەران لە کۆمەڵگە میوانداراەکاندا، دەرفەتێک بۆ پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان گرووپە جیاوازەکان لە ناو یەک کۆمەڵگەدا لە شوێنی خوێندنگاکان دەڕەخسێنێت. لە ساڵی (٢٠١١)ەوە دوای ئەوەی هەزاران خێزانی سووریا ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، کێشەی ئاستەنگی فێربوون لای منداڵانی پەنابەر سەری هەڵدا بە هۆی گواستنەوە لە پرۆگرامی زمانی عەرەبی بۆ زمانی کوردی. بەڵام دواجار بە پاڵپشتی و هاوکاریی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ گرنگی بە فێربوون بە زمانی عەرەبی درا، بەو پێیەی زمانی عەرەبی زمانی فەرمی و دانپێدانراوی خوێندنە لە سووریا. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٩دا نەتەوە یەکگرتووەکان بە هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان؛ پارەی خوێندنی ڕاگرت، ئەمەش بۆ پەرەپێدان و گرتنەبەری

سیاسەتێکی خوێندنی یەکگرتوو و دڵنیابوون بوو لەوەی کە منداڵانی پەنابەر فێری زاری کوردیی ناوەندی دەبن و پەیوەندییەکان لە ناو پۆلەکاندا پتەوتر دەبن. بڕیارەکە لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەم بڕیارە وای کرد زۆرێک لە دایکان و باوکان خۆیان لە ناردنی منداڵەکانیان بۆ خوێندنگە بەدوور بگرن بە هۆی ئەو سەختییانەی کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە، بە تایبەتی کە بڕیارەکە چوار پۆلی سەرەتایی یەکەمی لەخۆ گرتبوو. بەو مانایەیە کە منداڵێک لە پۆلی سێیەمدا کە سێ ساڵی یەکەم بە زمانی عەرەبی خوێندوویەتی، ڕووبەڕووی پرۆگرامێک بوونەتەوە بە زمانێکی نوێ -زاری کوردیی ناوەندی- کە زۆربەیان تەنها چەند وشەیەکی سادەیان لێ دەزانی، ئەمەش بووەتە هۆی دابەزینی ئاستی خوێندنی بەشێکی زۆری خوێندکاران. جگە لەوەش، خواستی دایکان و باوکان بۆ بەردەوامبوون لە فێربوونی منداڵەکانیان بە زمانی عەرەبی؛ دەگەڕێتەوە بۆ هیوای گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکەیان.


سەرەڕای هەموو هەوڵ و ڕێوشوێنە حکومی و ڕێکخراوەییەکان، بە گوێرەی ڕاپۆرتێک کە بانکی نێودەوڵەتی بە هاوکاریی وەزارەتی پلاندانان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامی داوە، ٤٨٪ی پەنابەرانی سووری لە خوێندن بێبەشن. ئەو قەیرانە ئابوورییە دووبارەبووانەی کە دانیشتووانی هەرێم بە گشتی و پەنابەران بەتایبەتی تووشی بوون، کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر واقیع و ژیانی پەنابەرانی سووریا لە هەرێمی کوردستان هەبووە، بە تایبەتی لە سەردەمی پەتای کۆڤید-١٩ و دووبارەبوونەوەی قەیرانەکانی مووچە کە لێکەوتەی ڕاستەوخۆی لە سەر ئاستی خوێندن و ڕێژەی وازهێنانی خوێندکاران هەبووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتییەکانی بۆ کەرتی خوێندن ڕاگرت. ئەمە کاتێک ڕوون بووەوە کە پرسیارێکمان کرد سەبارەت بە ڕادەی ڕازیبوونی بەشداربووان لە ئاستی خوێندن. وەڵامەکە وەک لە هێڵکاری (٤)دا دیار بوو.




**هێلکاریی ٤:** ڕێژەی سەدیی ڕازیبوون لە ئاستی خوێندن

لەم ژمارەیە بۆمان دەردەکەوێت کە تەنها ٣٪ی بەشداربووان لە ئاستی خوێندنی منداڵەکانیان ڕازی بوون. ئەم ئامارە کاریگەریی لە سەر ئایندەی تەواوی نەوەیەک هەیە، بەو پێیەی خوێندن بڕبڕەی پشتی هەر کۆمەڵگەیەکە و وای لێ دەکات باشتر گەشە بکات. ئەگەر دایکان و باوکان لە ئاستی خوێندن ڕازی نەبن، ئەگەری وازهێنان لە خوێندن زیاتر دەبێت، بە تایبەتی لە ناو کەمپەکاندا کە ژمارەی خوێندنگاکان سنووردارن، بەمەش ڕێژەی نەزانی بەرزتر دەبێتەوە و بۆشایی نێوان پەنابەران و کۆمەڵگەی میواندار فراوانتر دەکات.

یەکێک لەو پرسە ئاڵۆزانەی دایکان و باوکان لە میانی چاوپێکەوتنەکاندا لە سەر پرسی خوێندن ئاماژەیان پێ دا و پێویست بوو تیشکی بخەینە سەر؛ بڕیاری گۆڕینی زمانی فێرکردن بوو لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی و لە ساڵی ٢٠٢٢دا جێبەجێ کرا. زۆرێک لە دایکان و باوکان منداڵەکانیان بۆ خوێندنگاکانی سەر بە ئاوارە عێراقییەکانی هەرێم گواستەوە کە بە زمانی عەرەبی وانە دەڵێنەوە، وەک لە هێڵکارە ژمارە (٥)دا دیارە.




**هێلکاریی ٥:** جۆری ئەو خوێندنگایانەی کە پەنابەرانی سووری لە هەرێم تێیدا دەخوێنن


نزیکەی ٣٠٪ی بەشداربووانی توێژینەوەکە منداڵەکانیان لە خوێندنگاکانی دەرەوەی هەرێم ناونووس کردووە، واتە خوێندنگای ئاوارە عێراقییەکان، کە لە کۆتایی ئەم ساڵی خوێندندا بە بڕیارێکی حکومەتی فیدراڵی دادەخرێن، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارە پەنابەرە سوورییەکان لە خوێندن بێبەش دەبن، ئەمەش کێشەیەکە و دەبێت چارەسەری جێگرەوە و ڕیشەیی بۆ بدۆزرێتەوە.

### ٣. تەندروستی

بە گشتی کەرتی تەندروستی یەکێکە لەو کەرتانەی کە هەموو خزمەتگوزارییەک پێشکەش بە پەنابەران دەکات، بە بێ ئەوەی هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەوان و کۆمەڵگەی میواندارا هەبێت. تەنانەت ئەم خزمەتگوزارییانە حاڵەتی فریاگوزاری و نەشتەرگەریی بەپەلەش لەخۆ دەگرن کە پارەیەکی زۆر کەمیان لێ وەردەگیرێت، بە مەرجێک پەنابەر مۆڵەتی نیشتەجێبوونی کارای هەبێت. هەروەها ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش دەکرێن بریتین لە چاودێریکردنی دایکان و منداڵ، کوتان و پاڵپشتیی دەروونی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخە سەختانەی کە پەنابەران تووشی بوون، لەوانە توندوتیژی و بارودۆخی نەرێنی و دیمەنەکانی شەڕ و کوشتن، بۆیە پێویست بوو پاڵپشتیی دەروونی لە سەر ئاستی

کۆمه‌ڵگا بۆ هه‌موو ته‌مه‌نه‌کان دابین بکرێت، واته بۆ ئه‌و په‌نابه‌رانه‌ی که له ناو که‌مپه‌کانی په‌نابه‌راندا نیشته‌جێن. ئه‌مه جگه له دابینکردنی زۆرێک له چالاکییه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان، به تایبه‌ت بۆ هه‌رزه‌کاران و منداڵان، له پێناو ئاماده‌کردنیان بۆ خۆگونجاندن له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵگا و تێپه‌ڕاندنی به‌ربه‌ستی ترسی ده‌ره‌وه‌ی کۆمه‌ڵگه. ئه‌مانه هه‌نگاوی زۆر ئه‌رێنین به‌ره‌و ئاسانکاریی پرۆسه‌ی ئاوێته‌بوون. هه‌موو ئه‌م چالاکییانه له لایه‌ن پسپۆڕان و ڕێکخراوه مرۆییه‌کانه‌وه ئه‌نجام ده‌درێن که په‌یوه‌ندییان به کاروباری په‌نابه‌رانه‌وه هه‌یه، دیارترینیان کۆمیساری باڵای په‌نابه‌ران و پزیشکانی بێسنووری نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان.

له ڕێگه‌ی چاوپێکه‌وتنه‌کانه‌وه که له‌گه‌ڵ ژماره‌یه‌کی زۆر له که‌سانی ناوه‌وه و ده‌ره‌وه‌ی که‌مپه‌کان ئه‌نجام دران، کۆده‌نگی و ڕه‌زامه‌ندی له ئاستی خزمه‌تگوزارییه پزیشکی و چاودێرییه ته‌ندروستییه‌کان هه‌بوو که پێشکه‌ش ده‌کرێن. هه‌مووان ده‌ریانخست که خزمه‌تگوزاریی پزیشکی پێشکه‌ش به په‌نابه‌ران ده‌کرێت وه‌ک هه‌ر هاوڵاتییه‌کی تری هه‌رێم، به بێ هیچ جیاوازییه‌ک، به مه‌رجێک په‌نابه‌ره‌که خاوه‌نی مافی مانه‌وه‌ی نیشته‌جێبوونی کارا و به‌سه‌رچوو نه‌بێت. کاتێک پرسیار له به‌شداربووانی ڕاپرسییه‌که کرا سه‌باره‌ت به ڕه‌زامه‌ندییان له خزمه‌تگوزارییه پزیشکییه‌کان، وه‌ڵامه‌کانیان وه‌ک له هێڵکاری (٦)دا هاتووه.





**هێلکاریی ٦:** ڕێژه‌ی سه‌دیی ڕازیبوونی به‌شداربووان له خزمه‌تگوزارییه‌کان

ئەمەش بەو مانایەیە کە نزیکەی ٩٥٪ی بەشداربووانی توێژینەوەکە لە هەموو ئەو خزمەتگوزارییە پزیشکییانە ڕازین کە پێشکەشیان دەکرێت و هەست بە هیچ جیاکارییەک ناکەن لە نێوان خۆیان و کۆمەڵگەی میواندارا. هەروەها خزمەتگوزارییەکی دیکە کە لە هەرێم پێشکەش بە ئاوارە سوورییەکان دەکرێت، گواستنەوەی تەرمی ئەو کەسانەیە لە هەرێم و لە ناو کەمپەکاندا گیان لەدەست دەدەن بۆ ڕۆژئاوا لە ڕێگەی دەروازەی فیشخاپوورەوە (سێمیکا).

## دووەم: ئاستەنگە ئابووری و سیاسییەکان

### ١- ئاستەنگە ئابوورییەکان


بارودۆخی پەنابەران لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە پەنابەرانی سووریا لە وڵاتانی دیکەی دراوسێ، لە ڕووی دەستڕاگەیشتن بە هەلی کاری گونجاو تا ڕادەیەک باشترە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پەنابەران دەتوانن بە شێوەیەکی یاسایی لە زۆر شوێن و لە هەموو کەرت و بوارەکاندا کار بکەن. بەڵام قەیرانە ئابوورییە یەکلەدوایەکەکانی هەرێم و قەیرانی مووچە و پەتای کۆڤید-١٩؛ کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر ژیانی ئاوارەکان هەبووە و دەرهاویشتەی بۆ سەر بژێویی ژیان و ئاسایشی خۆراکیان هەبووە. زۆرێک لەو پەنابەرە سوورییانەی کە ڕۆژانە کار دەکەن، گلەیی ئەوەیان دەکرد کە لە لایەن هەندێک خاوەنکارەوە دەقۆزرێنەوە و کاتژمێرێک زیاتر کار دەکەن و پارەی کەمتر لە شایستەی خۆیان وەردەگرن، ئەمەش بە ڕوونی لە وەڵامەکانیاندا بۆ پرسیارێک سەبارەت بە ئاستی ڕازیبوونیان لە داهاتەکەیاندا دیار بوو. وەڵامەکە ئەوە بوو کە زیاتر لە ٦٠٪ی بەشداربووان کە لێکۆڵینەوەیان لە سەر کراوە؛ لە داهاتەکەیان ڕازی نەبوون، وەک لە هێڵکاری ژمارە (٧)دا دیارە.




**هێلکاری ٧:** ڕێژەی سەدیی ڕازیبوون لە ئاستی داهات

ئەو قەیرانە ئابوورییە دووبارەبووانەی کە هەرێم تووشی بووە، کاریگەرییەکی بەرچاو و نەرێنیی لە سەر بارودۆخی ژیانی پەنابەران هەبووە. هەر چەند ڕێگە بە پەنابەرانی سووری دەدرێت کار بکەن، بەڵام بەربەستی بەرچاو هەیە کە ڕێگرییان لێ دەکات لە بەدەستهێنانی هەلی کاری هاوتا لەگەڵ بڕوانامەکانیان، بە تایبەتی بڕوانامەی پزیشکی کە پێویستی بە ڕەزامەندیی وەزارەتی تەندروستی و خوێندنی باڵا لە بەغدا و هەرێم هەیە، بە مەرجی ئاڵۆز، بۆ ئەوەی بتوانن پیشەکەیان وەک پزیشک ئەنجام بدەن. سەبارەت بە پسپۆڕییەکانی تریش، بە هۆی قورسیی بەدەستهێنان و دەستەبەرکردنی هەموو بەڵگەنامە و بڕوانامە پێویستەکان بە هۆی بارودۆخی شەڕ لە سووریا، بووەتە بەربەستێک لە بەردەم پەسەندکردنی بڕوانامەکانیان و کارکردن لە چوارچێوەی پسپۆڕییەکانیاندا، ئەمەش زیاتر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بڕوانامەی باڵایان هەیە.

سەبارەت بەو کەسانەشی کە کارێک دەکەن و پێویستیان بە بڕوانامەی ئەکادیمی نییە، وەک لێخوڕینی ئۆتۆمبێلی گشتی، تاکسی یان ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی گەورە، پەنابەرانی سووری ناتوانن ئەو جۆرە کارانە بکەن، چونکە مافی وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێریی گشتییان نییە، تەنها دەتوانن مۆڵەتی شۆفێریی تایبەت بەدەست بهێنن. پرسیارێک کە لە توێژینەوەکەدا خراوەتە ڕوو سەبارەت بەوەی تا چەند کارەکانیان لەگەڵ ئەو بڕوانامە ئەکادیمییانە کە بە پێی پسپۆڕییەکانیان بەدەستیان هێناوە دەگونجێت، وەڵامەکە وەک لە هێلکاری ژمارە (٨)دا هاتووە.




**هێڵکاری ژمارە ٨:** ڕێژەی سەدیی ئەو کەسانە نیشان دەدات کە لە بواری خوێندنەکەیاندا کار دەکەن

دەرکەوتووە کە تەنها لە سەددا ١٧.٦ لە بواری خوێندنەکەیاندا کار دەکەن و ئەوانی دیکە لە چوارچێوەی بوارەکەی خۆیاندا کار ناکەن. سەبارەت بە هاوتابوونی بڕوانامەی بەدەستهێنراو لە سووریا، کاتێک پرسیارمان لە بەشداربووان کرد سەبارەت بەوەی کە ئایا بڕوانامەکانیان هاوتا کردووە یان نا، ٩٨٪ی خاوەن بڕوانامەکان ئاماژەیان بەوەکردووە کە نەیانکردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زۆربەی خاوەن بڕوانامەکان هیچ هیوایەکیان نییە دەرفەتی کاریان بە پێی پسپۆڕییەکانیان بەدەست بهێنن. پرۆسەی ئاوێتەبوونی ئابووریش پشت بە دابینکردنی دەرفەت دەبەستێت کە لەگەڵ کارامەییەکاندا بگونجێت، لە هەرێمی کوردستاندا ئەم دەرفەتە نەک بۆ پەنابەرانی سووریا نییە، بەڵکوو بە هۆی قەیرانی ئابوورییەوە بۆ هاوڵاتییانی هەرێمیش دەرفەتی بەدەستهێنانی هەلی کار قورس و ئاڵۆزە.

لە ڕووی تیۆرییەوە پەنابەرانی سووریا دەتوانن لە کەرتی تایبەتدا کار بکەن، بەڵام دەبێت ڕێژەکەیان لە ٢٥٪ زیاتر نەبێت لە کۆی ژمارەی کرێکاران لە هەر دامەزراوەیەک، کارگەیەک، یان کۆمپانیایەک، ئەمەش بە پێی بڕیاری ژمارە ١٧٢ی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کە لە ٢٠ی ئەیلوولی ٢٠٢٢ دەرچووە لە ژێر ڕۆشنایی کەمیی هەلی کاری بەرچاو لە هەرێم.

## ٢. ئاستەنگە سیاسییەکان

ململانێ سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و ناکۆکیی نێوان هەردوو لایەنی سەرەکیی هەرێم؛ کاریگەریی بەرچاوی لە سەر دۆخی ئاوارەکان هەبووە، بە تایبەتی لە بازگەکانی جێ نفووزی هەردوو پارتی باڵادەستی هەرێم (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان)، بە پێی چاوپێکەوتنەکان کاتێک ناکۆکیی نێوان هەردوو لا پەرەی سەندووە، ڕێوشوێنە ئەمنییەکان لە بازگەکاندا توندتر کراون و ئاستەنگ بۆ پەنابەران دروست بووە و بە بیانووی ڕێوشوێنی ئەمنییەوە بۆ چەندین کاتژمێر ڕاگیراون.

لە لایەکی دیکەوە هەر پەنابەرێکی سووری کە خاوەن مافی مانەوەی هەرێم بێت؛ ناتوانێت گەشت بکات بۆ دەرەوەی سنوورەکانی هەرێم، چونکە کاردی مانەوەی هەرێم لە لایەن حکومەتی فیدراڵییەوە دانپێدانراو نییە. هەر چەندە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵیی دانپێدانراوە بە پێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥. هەروەها ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێم ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ئاوارەکان هەبووە و ژمارەیەک پەنابەری سووری بە هۆی سەفەرکردن بۆ باشووری عێراق بە زۆر دیپۆرت کراونەتەوە.

کاتێک پرسیارمان کرد «هەست دەکەیت وەک پەنابەرێک جیاکاریت لەگەڵ دەکرێت؟»، ٣٦٪ی بەشداربووان وەڵامی «بەڵێ»یان داوەتەوە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی تا ڕادەیەک بەرزە، وەک لە هێڵکاری ژمارە (٩)دا هاتووە.




**هێڵکاریی ٩:** نیشان دەدات کە تا چەند بەشداربووان هەستیان بە جیاکاری کردووە


ناکۆکییه‌کانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی یه‌کێتیی دیموکرات (په‌یه‌ده) به‌ ڕوونی کاریگه‌ریی له‌ سه‌ر جووڵه‌ی ئاواره‌کانی ده‌روازه‌ی فیشخاپوور (سمێلکا) هه‌بووه‌، که‌ تاکه‌ ده‌رچه‌ی په‌نابه‌رانه‌ بۆ په‌یوه‌ندیکردن له‌گه‌ڵ که‌سوکاریان له‌ ڕۆژئاوای کوردستان. به‌ هۆی به‌رده‌وامیی گرژیی نێوان ئه‌و دوو لایه‌نه‌ی که‌ له‌ هه‌ردوو لاوه‌ کۆنترۆڵی هاتوچۆی په‌نابه‌رانیان کردووه‌؛ زیاتر له‌ جارێک ده‌روازه‌که‌ داخراوه‌، ئه‌مه‌ش کاریگه‌ریی له‌ سه‌ر بارودۆخی ئابووری و ده‌روونی و ژیانی په‌نابه‌رانی سووریا هه‌بووه‌.

ململانێی ناوچه‌یی و ناوخۆی هه‌رێم کاریگه‌ریی له‌ سه‌ر ڕه‌وته‌ سیاسی و فیکرییه‌کانی پارت و ڕێکخراوه‌ سیاسییه‌ کوردییه‌کان که‌ وه‌ک په‌نابه‌ر هاتوونه‌ته‌ هه‌رێم؛ هه‌بووه‌. به‌ گوێره‌ی چاوپێکه‌وتنه‌کانی توێژه‌ر له‌گه‌ڵ ژماره‌یه‌ک سیاسه‌تمه‌داری کوردی سووریا، نیگه‌رانیی خۆیان ده‌ربڕیوه‌ که‌ بوونه‌ته‌ به‌شێک له‌و ناکۆکی و ململانێیانه‌ی له‌ سه‌ر ئاستی هه‌رێمایه‌تی و ناوخۆی هه‌رێمدا هه‌یه‌. ئه‌وان ناتوانن به‌ شێوه‌یه‌کی سه‌ربه‌خۆ چالاکییه‌ سیاسییه‌کانیان بکه‌ن، به‌ بێ یه‌کلاییکردنه‌وه‌ی پێشوه‌خته‌ی په‌یوه‌ندییه‌کانیان و پشتیوانیی یه‌کێک له‌ حزبه‌ باڵاده‌سته‌کانی هه‌رێم.

### ٣. ئاسته‌نگی یاسایی

لایه‌نی یاسایی په‌نابه‌ران له‌ عێراق و به‌ تایبه‌تی له‌ هه‌رێمدا؛ یه‌کێکه‌ له‌ پرسه‌ ئاڵۆز و تێکه‌ڵاوه‌کان، به‌ تایبه‌تی له‌گه‌ڵ په‌ره‌سه‌ندنی ناکۆکیی نێوان هه‌رێم و حکومه‌تی فیدراڵی. عێراق له‌و ده‌وڵه‌تانه‌ نییه‌ که‌ واژووی له‌ سه‌ر یاسای پاراستنی په‌نابه‌ران و پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩٦٧ی په‌یوه‌ست به‌ دۆخی په‌نابه‌ران کردبێت، بۆیه‌ بڕگه‌ و یاساکان ناڕوونن و به‌ وردی جێبه‌جێ ناکرێن.

به‌ شێوه‌یه‌کی گشتی یاساکانی تایبه‌ت به‌ ئاواره‌ و په‌نابه‌ران له‌ عێراق و هه‌رێمی کوردستاندا ئاڵۆز و ناسه‌قامگیرن، به‌ تایبه‌تی له‌به‌ر ڕۆشنایی ناکۆکی و گرژییه‌کانی نێوان هه‌رێم و حکومه‌تی ناوه‌ند که‌ په‌نابه‌ران و ئاواره‌کانیش بوونه‌ته‌ به‌شێک له‌و واقعه‌، ئه‌مه‌ش هه‌ستی ترس و ناسه‌قامگیریی لای په‌نابه‌ران دروست کردووه‌. کاتێک پرسیار له‌ به‌شداربووان ده‌کرێت: «ئه‌گه‌ر ده‌رفه‌تت بۆ ڕه‌خسا بچیته‌ وڵاتی سێیه‌م و له‌وێ نیشته‌جێ ببیت، ئایا ئاماده‌ ده‌بیت هه‌رێم به‌جێ بهێڵیت؟»، وه‌ڵامه‌که‌ وه‌ک له‌ **هێڵکاری ژماره‌** (١٠)دا دیار بوو.




**هێلکاریی ١٠:** ڕێژەی سەدیی ئەو کەسانە نیشان دەدات کە ئەگەر دەرفەتیان پێ بدرێت؛ دەچنە وڵاتی سێیەم

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە نەبوونی یاسای تایبەت و ڕوون سەبارەت بە پەنابەران و داهاتوویان لە هەرێم و عێراق، وای کردووە زۆربەی بەشداربووان ئارەزووی بەجێهێشتن بکەن ئەگەر دەرفەتێک هاتە ئاراوە، لە کاتێکدا تەنها ٧٪ ئامادەیی خۆیان بۆ دەربڕیوە کە لە هەرێم بمێننەوە تەنانەت ئەگەر دەرفەتی نیشتەجێبوونیان لە وڵاتی سێیەمیشدا پێ بدرێت.

لە لایەکی ترەوە یاساکانی تایبەت بە پێدانی ڕەگەزنامە بە هاوڵاتییانی بیانی؛ باس لەوە دەکەن کە هەر تاکێک کە بۆ ماوەیەکی کەمتر لە دە ساڵ لەسەریەک بە بێ پچڕان لە ناو عێراق ژیابێت و هیچ تاوانێکی گەورەی نەکردبێت کە یاساکان پێشێل بکات و خاوەنی تەواوی توانای دەروونی و جەستەیی بێت، مافی هەیە داوای ڕەگەزنامەی عێراقی بکات، بە پێی یاسای عێراقیی ژمارە ٢٦ی ساڵی ٢٠٠٦ (مادەی شەشەم، بڕگەی ج). ئەم یاسایە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە هاوسەرگیرییان لەگەڵ عێراقییەک کردووە و ماوەی هاوسەرگیرییان لە پێنج ساڵ کەمتر نەبووە (مادەی ١١)، بەڵام ئەم یاسایە وەکوو خۆی جێبەجێ ناکرێت.

له ڕێگه‌ی چاوپێكه‌وتن له‌گه‌ڵ ژماره‌یه‌ك كه‌س، ئه‌وه ڕوون بووه‌وه كه هه‌ر كه‌سێك به فه‌رمی هاتبێته ناو هه‌رێمه‌وه، واته له ڕێگه‌ی فرۆكه‌خانه‌كانه‌وه و له كاتی نوێكردنه‌وه‌ی ماوه‌ی مانه‌وه‌ی له ساڵی ده‌یه‌مدا، پێویسته واژوو له سه‌ر نووسراوێك بكات كه وه‌كوو ده‌ستبه‌رداربوون وایه له مافی داواكردنی ڕه‌گه‌زنامه‌ی عێراقی. ئه‌م دابه‌شبوون و ناڕێكی و ناڕوونییه سه‌باره‌ت به دۆخی یاسایی په‌نابه‌ران له عێراق؛ به‌ربه‌سته له به‌رده‌م ئاوێته‌بوون و نیشته‌جێبوونیان له كۆمه‌ڵگه‌ی میواندا، به به‌راورد به وڵاتانی ئه‌ورووپی كه یاسا و ستراتیژی ڕوونیان هه‌یه بۆ په‌نابه‌ران. له عێراق په‌نابه‌ران هه‌ست به بۆشایی یاسایی و سه‌رلێشێواوی ده‌كه‌ن له ناو دامه‌زراوه‌كاندا، ئه‌مه‌ش به ڕوونی له كاتی قه‌یرانی نوێكردنه‌وه‌ی مافی مانه‌وه‌دا ده‌رده‌كه‌وت، به گوێره‌ی ئه‌و زانیارییانه‌ی كه توێژه‌ر له ڕێگه‌ی چاوپێكه‌وتنی ئاشكرا له‌گه‌ڵ ژماره‌یه‌ك په‌نابه‌ر ده‌ستی كه‌وتووه. به هۆی قه‌یرانی كۆرۆناوه مافی مانه‌وه زۆر دواكه‌وتووه، هه‌روه‌ها به هۆی دواكه‌وتنی ده‌ركردنی كاردی نیشته‌جێبوونیان؛ بڕه پاره‌یه‌كی زۆر له سه‌ر به‌شێك له په‌نابه‌ران كۆ بووه‌وه. به‌شێك له په‌نابه‌ران بۆ هه‌ر ڕۆژێك دواكه‌وتن له ده‌ركردنی كاردی مانه‌وه، به بڕی ٢٠ هه‌زار دیناری عێراقی غه‌رامه كراون، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی گرفته‌كه به هۆی به‌شی ده‌ركردنی ئیقامه‌وه بووه له ئه‌نجامی زۆریی ژماره و كه‌ڵه‌كه‌بوونی داواكاریی نوێكردنه‌وه‌ی شوێنی نیشته‌جێبوون.

## ئه‌نجامگیری

١. پرسی كۆچ و په‌نابه‌ران بابه‌تێكی ئاڵۆز و هه‌ستیاره كه حكومه‌ت و وڵاتانی میوانداری تووشی ئاسته‌نگ و كێشه كردووه، بووه‌ته هۆی دروستبوونی ناهاوسه‌نگی له ناو ده‌وڵه‌ت و كۆمه‌ڵگاكاندا.

٢. ململانێ و ناكۆكییه‌كانی سووریا له دوای ساڵی ٢٠١١، ژماره‌ی په‌نابه‌رانی زۆر زیاد كرد كه به‌سه‌ر وڵاتانی دراوسێدا دابه‌ش بوون، ژماره‌كیش له‌وان له شار و كه‌مپه‌كانی ناو هه‌رێمی كوردستان نیشته‌جێ بوون.

٣. هۆكاره كۆمه‌ڵایه‌تی و كولتوورییه‌كان، جیاوازیی زار و زمانی به‌كارهێنراو له په‌روه‌رده و خوێندندا؛ كاریگه‌ریی نه‌رێنییان له سه‌ر پرۆسه‌ی تێكه‌ڵبوونی كۆمه‌ڵایه‌تی هه‌بووه.

٤. هاتنی په‌نابه‌رانی سووریا بۆ هه‌رێم هاوكات بوو له‌گه‌ڵ چه‌ندین قه‌یرانی ئابووریی

کەڵەکەبوو، کە بە ڕوونی کاریگەرییان لە سەر ژیانی پەنابەران و سەقامگیریی داراییان هەبوو.

٥. بارودۆخی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەر ژیانی ئاوارەکان هەبوو، پڕۆسەی ئاوێتەبوونی خاو کردەوە و ئارەزووی جێهێشتنیان بۆ وڵاتی سێیەم و نیشتەجێبوونیان زیادی کردووە.

٦. پرسی پەنابەرانی سووریا پێویستی بە چارەسەری ڕیشەیی و درێژخایەن هەیە، بە تایبەتی لەبەر ڕۆشنایی نەبوونی هەنگاوی ڕاستەقینە بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخ و ململانێکانی سووریا.

## پێشنیار و ڕاسپاردە

١. بە شێوەیەکی گشتی پەنابەرانی سووریا سەرچاوەیەکی مرۆیی گرنگن لە زۆر بواردا، چ لایەنی زانستی بێت یان پیشەیی، بەو پێیەی دەتوانرێت سوود لە ئەزموونیان وەربگیرێت بۆ باشترکردن و پەرەپێدانی ژێرخانی هەرێمی کوردستان.

٢. داڕشتنی پلانی ورد بۆ داهاتوو  بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی ئەورووپا لە بواری پێشوازیکردن لە پەنابەران و ئاوێتەکردنیان لە کۆمەڵگە میوانداره‌کاندا.

٣. باشکردنی بارودۆخی ئاوارەکان و هاندانیان بۆ پەرەپێدانی ئەزموون و تواناکانیان تاکوو بتوانرێت لە کەسانێکەوە کە پشتبەستوون بە کۆمەک و هاوکاری؛ بگۆڕدرێن بۆ تاکی بەرهەمدار، بەشدار بن لە باشترکردنی ژیانی خۆیان و نەوەکانیان.

٤. لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکەوە توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئاستەنگە یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بەربەستی بەهێزن لە بەردەم پڕۆسەی ئاوێتەبوون. بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان پلانی وردیان هەبێت بۆ تێپەڕاندنی ئەو ئاستەنگانە، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتیی پەنابەرانەوە هەیە و بەم شێوەیە پڕۆسەی ئاوێتەبوون ئاسانکاری دەکات.

٥. خوێندن یەکێکە لە پایە گرنگەکان کە ئاسانکاری دەکات بۆ پڕۆسەی ئاوێتەبوون، بەو پێیەی نەوە گەنجەکانی پەنابەران دەکاتە ئامانج و ئایندەیان لە ناو کۆمەڵگەی میوانداردا دادەڕێژێت، بۆیە دەبێت فۆکەسی بخرێتە سەر و گرنگیی پێ بدرێت و کەموکورتییەکانی ئەم پڕۆسەیە چارەسەر بکرێت.

## سه‌رچاوه‌كان

١. فوزي بوخريص، الاندماج الإجتماعي والديمقراطية نحو مقاربة سوسيولوجية، مؤسسة مؤمنون بلاحدود للدراسات والأبحاث، رباط، ص٥.

٢. مجموعة مؤلفين، جدليات الاندماج الاجتماعي وبناء الدولة والأمة في الوطن العربي، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، دوحة، ط١، ٢٠١٤، ص ص ٦٦٦-٦٦٧.

٣. فوشان عبدالقادر، الاندماج الاجتماعي: المفهوم، الأبعاد والمؤشرات، مجلة الراصد العلمي، جامهة وهران، العدد ٤، ٣١ يناير٢٠١٧، ص٣٣.

٤. مجموعة مؤلفين، المرجع سبق ذكره، ص٦٦٧.

5.Michaela Hynie, Refugee Integration: Research and Policy, Peace and Conflict: Journal of Peace Psychology, American Psychological Association, 2018, Vol. 24, No. 3, 265–276.

٦. محمد احمد محمد مقدادي، اثر اللجوء السوري في الجانب الاجتماعي والتربوي في الأردن ودور كتب التربية الوطنية والمدنية في التصدي لهذه المشكلة، اطروحة دكتوراه، جامعة اليرموك، فلسطين- كلية التربية، ص١١.

٧. الإعلان العالمي لحقوق الإنسان، للأمم المتحدة ٢١٧ ألف (د-٣) المؤرخ في ١٠ كانون الأول/ديسمبر ١٩٤٨، المادة ١٤.

٨. تقرير المتوظية السامية لشوؤن اللاجئينUNHCR، ٢٠٢٠. ، على الرابط https:// mena.iom.int/ar/byanat-wmward

٩. رنا سلام امانة، مبدا عدم الاعادة القسرية للاجئين في القانون الدولي، اطروحة دكتوراه، جامعة النهرين، كلية الحقوق، سنة ٢٠١٥، ص٢٥.

١٠. أحمد عبد العليم احمد االتربي، آليات الحماية المجتمعية بالمنظمات الدولية لمواجهة مشكالت للاجئين بالمجتمع المصري، مجلة كلية الخدمة الاجتماعية للدراسات والبحوث االجتماعية، جامعة الفيوم، العدد ٢، ص٤١٩.

١١. Michaela Hynie, op. cit. p٢٦٨.

١٢. اللاجئون وطالبو اللجوء والمهاجرون، المنظمة العفو الدولية، موجود على هذة الرابط:

https://www.amnesty.org/ar/what-we-do/refugees-asylum-seekers-and-migrants/، تاريـخ الزيـارة: 2/2/2024.

١٣. سـلمى علي سـالم ابراهيـم، اندمـاج اللاجـئين في المجتمعـات المضيفة:دراسـة مقارنـة بين "الأفارقـة والسـوريين" في المجتمـع المصري، المركـز الديمقراطـي العربي،موجـود على هذا الرابـط https://democraticac.de/?p=٤٧٦٣٧&fbclid=IwAR٠i٥

١٤. شـام مصطفـي، ١١ عامـا على انـطلاق الثـورة- تعـرف على خريطـة الهجـرة والنـزوح السـوري، تقريـر الجزيـرة نـت، الرابـط: https://www.aljazeera.net/politics/٢٠٢٢/٣/١٤/١١

١٥. تقريـر المجلـس النرويجـي للاجـئين (NRC) بغـوان: الإعـتماد على الـذات للاجـئين السـوريين في إقليـم كوردسـتان العـراق: الرابـط: https://www.nrc.no/globalassets/pdf/reports/self-reliance-for-syrian-refugees-in-kri/ar

١٦. موقـع وزارة التخطيـط حكومـة اقليـم كردسـتان، هيئـة احصـاء إقليـم كوردسـتان، على الرابط: https://krso.gov.krd/ar/indicato

١٧. كمال شـيخو، ٢٥٠ ألـف سـوري في كردسـتان العـراق و٧٠ ألفـاً يعيشـون في ٨ مخـيمات، جريـدة الشرق الاوسـط،، على الرابـط: https://aawsat.com/home/article/١٤٤٩٩١١/٢٥٠

١٨. أمين الملا، المراكـز الصحيـة في مخيامـت اللاجئـي السـوريني في إقليـم كردسـتان العـراق (مخيـم قوشـتبه منوذجـا)، مركـز حرمـون للدراسـات المعـاصرة، دوحـة، ٢٠١٨، ص٥-٩.

# کۆچی کورد لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا
# گەڕانی بەدوای ماڵدا



**د. کوردستان عومەر محەمەد/ دکتۆرا لە کۆمەڵناسی**
**دیدار ئەبوزەید سەعدی/ ماستەر لە کۆمەڵناسی**

### بەرایی

کۆچ تەنیا بریتی نییە لە ڕیشەهەڵکێشان لە ماڵی یەکەم بۆ ماڵی دووەم، بەڵکوو ڕووبەڕووبوونەوەشەوە لەگەڵ کۆمەڵێک پرسیاری وجوودی و جەوهەری کە بەردەوام لە ناخی کۆچبەردا دەمێنێتەوە و بەدوای وەڵامیدا دەگەڕێتەوە. بۆیە پڕۆسەی کۆچ نەک بە گەیشتن بە ماڵی دووەم کۆتایی پێ نایەت، بەڵکوو دەبێتە سەرەتایەت بۆ پێناسەکردنەوەی خود لە ژینگەیەکی جیاواز بە ناسنامەیەکی جیاواز. بۆ ئەم مەبەستە تێگەیشتن لە فاکتەرە کاریگەرەکانی کۆچ و دۆخی کۆچبەر لە وڵاتی یەکەم و دووەم؛ دەتوانێت تێگەیشتنمان بۆ دیاردەی کۆچ زیاتر بکات، لەم پێناوەدا ئەم توێژینەوە لە دوو بەش پێک هاتووە، لە بەشی یەکەمدا هەوڵ دراوە هۆکار و فاکتەرەکانی پاڵنەری کۆچکردن لە ماڵی یەکەم بکۆڵێتەوە و لە بەشی دووەمدا بە تێڕوانینێکی فەلسەفی باس لە جیهانی دووەمی کۆچبەر و ئاستەنگ و پرسیارەکانی بەردەمی دەکات.

## ١. کۆچ لە ماڵی یەکەمەوە

### ١-١. دیارترین خەسڵەت و فاکتەرەکانی کۆچی کورد

دیاردەی کۆچ یەکێکە لەو دیاردە و باسانەی کە ڕەگوڕیشەی مێژوویی هەیە. کاتێک پێناسەی کۆچ دەکەین، دەتوانین بڵێین بریتییە لەو شوێن گۆڕینەی کە دوێنێ و ئەمڕۆ و لە ئایندەشدا ڕوو دەدات، واتە دیاردەی ڕابردوو، ئێستا و ئایندەیە. ئەم بابەتە هێندەی وڵاتانی کۆچبۆکردووی سەرقاڵ کردووە کە بەدوای چارەسەری پاڵنەرەکانی کۆچ و قەلاچۆکردنی دیاردەی کۆچ بکەون لە ئێستادا، هێندە وڵاتانی کۆچلێکردووی بەم پرسەوە سەرقاڵ نەکردووە، لە نێویشیدا کۆمەڵگەی کوردی.

کۆچ یەکێکە لە پرسە نێودەوڵەتییە گوازراوەکانی سەدەی بیست بۆ سەدەی بیست و یەک. ئەم پرسە لە سەدەی بیستەمدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دروستبوونی دەوڵەتە تازەدامەزراوەکانی جیهانی سێ هەبوو. شکستی پرۆژەی نەتەوەیی و سۆسیالیستی و ئاینیی دەوڵەتە نوێکان، یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی برەوسەندنی کۆچی چین و توێژە جیاوزەکانی ئەو دەوڵەتانە بوو بەرەو دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان. یەک لەو گرووپانەی کە ژمارەیەکی بەرچاوی کۆچ پێک دەهێنن لە ڕۆژئاوادا، کۆچەرە کوردەکانن. لە پشت کۆچی کوردەوە دوو فاکتەری سەرەکی هەیە:

یەکەمیان شکستی پرۆژەی هاوڵاتیبوونی کوردە لەو دەوڵەتانەی کە کوردستانی بەسەردا دابەش کراوە کە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریایە[١]. دووەمیان چەقبەستوویی پرسە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردییە[٢]، کە هیچی لە هۆکاری یەکەم کەمتر نییە بۆ کۆچی کوردی.

کێشەیەکی تری کۆچ پەیوەندیی بە ناسنامەی خودی کۆچەرەوە هەیە، هەم لە کۆمەڵگەکەی خۆی، هەم لەو کۆمەڵگەیەی کە کۆچی بۆ کردووە. ئەو ناسنامەیەی کە خۆی دەبینێتەوە، لە ئاستی یەکەمدا کە پێی دەوترێت ناسنامەی خودی یان «من»، کە شوێنی خۆی لە ناوەندی بازنەیەکدا دەبینێتەوە لە بەرەنگاربوونەوەدا دەبێت لەگەڵ «ئەوانی تر»، لەم ئاستەدا بەم جۆرە لە ناسنامە دەوترێت ناسنامەی خودی یان کەسی، تەرکیزی تەواوەتی لە سەر پرۆسەی پێگەیاندنی خودییە کە لە ڕێگەیەوە وێنە و شێوە جیاوازەکان بۆ خۆمان دەکێشین و بۆ ئەو پەیوەندییانەش کە لە دونیای

دەوروبەرماندان. کاتێکیش دێینە سەر ئاستی کۆمەڵەکان، بە هەمان شێوە لێرەدا کۆمەڵەکان لە ناو میللەتدا وەک تاکەکان وان و هەمان شیکردنەوەی هەیە بەرامبەر میللەتانی تر. هەر گرووپ و نەتەوەیەکی سەر ڕووی زەمین وەربگرین، ئەگەرچی لە ئاستێکی ساکاری ژیانیشدا بێت، ئەوا کەڵەکەبوویەکی کولتووری هەیە کە لە ڕێگەی ئەزموونی ژیانی خۆیەوە بە شێوەیەکی بەردەوام و بە تێپەڕبوونی مێژوو بەرهەمیان هێناوە و لە نەوەیەکەوە دەیدەنە دەست نەوەیەکی تر و ناو و ناسنامەیان بۆ دیاری دەکات، ئەمەش گرنگترین سەرمایەیە کە بۆ کۆمەڵگە و بۆ تاکەکانی دەمێنێتەوە[٣].

ناسنامەی بەکۆمەڵ پێویستی بە ئەزموونی بەکۆمەڵ و یادەوەریی بەکۆمەڵ هەیە و بە هۆیانەوە دەمێنێتەوە. ئەو ئەزموونانەی زۆر جار لە میانەی بوونی گرووپەکاندا کەڵەکە دەبێت، لە ڕێگەی مێژوو، کولتوور، ئەدەب و ماتیریاڵ و سێرمۆنیاکانیشەوە بۆ نەوەی دواتر دەگوێزرێتەوە[٤].

ئا لێرەدا و بۆ کۆچەران بابەتی قەیرانی ناسنامە دێتە ئاراوە. ناسنامە واتای ئەو کۆدەی کە تاکەکان دەتوانن لە ڕێگەیەوە خۆیانی پێ بناسێنن بەوانی دیکە، بەڵام کاتێک کۆمەڵێک یان گرووپێک یان نەتەوەیەک تووشی دۆخێکی گومان و ململانێکردن دەبن بەرامبەر بابەتی ناسنامەکەیان، ئەوا وەرگرتنی کۆد کێشەی تێ دەکەوێت، ئەمەش ترسی پەرتپەرتبوون و لێکدابران دروست دەکات لە نێوان نەوەکاندا.

ئەگەر ئەمەی پێشوو وەک تیۆرییەک سەیر بکەین، کاتێک لە کۆمەڵگەی کوردی پراکتیکی دەکەین، دەبینین لە لایەک کۆچ بۆ کورد دیاردەیەکی مێژووییە و فاکتەرەکانی دووبارەیە، هاوکات کۆچەری کورد لە غەریبیدا قەیرانی تایبەت بە خۆی هەیە.

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو شتانە چین کە کورد دەیەوێت خۆی پێیان بناسێنێت؟ بۆ نموونە جلوبەرگی کوردی. ئایا هیچ ڕاڤەکی زانستی و لۆجیکی بۆ جلوبەرگی کوردی هەیە؟ ڕاڤەی ئێمە بۆ پشتێن، کۆڵوانە، کەوش و کڵاش، ڕەفتە و جامانە، ڕەنگەکان، شێوەکانی، وەرزەکانی، بەکارهێنانی لە خۆشیدا، لە ناخۆشیدا، چییە؟ ڕاڤەی ئێمە بۆ بازاڕی کوردی، بۆ یاسا، ئایین، بۆ سیاسەتی کوردی چییە؟ ناتوانین بڵێین نییە، بەڵام ناتوانین بڵێین هەیە و کۆمەڵگە زانیاریی لە سەر کوردناندنی بەرگ و خواردن و سیاسەت و ئابووری هەیە و بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات و دەیپارێزێت و

بە ناسنامەی خۆی دەزانێت و ئەم شارەزاییە لە کوێدا بەکار بهێنێت. ئەمە بۆ مێژوو، بۆ جوگرافیا، بۆ ڕەگەز، زمان، مەعریفە و بۆ چەندەها شتی دیکەش ڕاستە. کاتێک کە تاک خاڵی بوو لەو شتانە، واتە پێناس و ناسنامەی لاوازە. لێرەدا بابەتی دووەم دێتە پێش کە زۆر جار لە ئەنجامی بەریەککەوتن لەگەڵ پێناسێکی تردا سەر هەڵدەدات. بۆ نموونە؛ پرسەکانی نەتەوە و سۆشیالیزم و دەوڵەت و مۆدێرنە و هەموو ئەو شتانەی تر لە ڕۆژئاواوە ڕووی کردە جیهانی دەرەوەی ڕۆژئاوا و زۆر نەتەوە و دەوڵەت لە بەرئەنجامی کارلێک و کار و کاردانەوەدا؛ ناسنامەیان بۆ خۆیان دروست کرد، بەڵام ئێمەی کورد لەگەڵ وروژمی شەپۆلی مۆدێرنە و دەوڵەت و بیر و ئایدیا و تەکنەلۆژیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا ئێستاش نەمانتوانیوە کار لە سەر ئەو هەموو شتانە بکەین و ناسنامەیەک بۆ خۆمان دروست بکەین و خۆمان پڕ بکەین. کاتێک دوای سێ دەیە لەو دەوڵەتەی کە ڕۆژئاوا بۆ ئێمەی دروست کردووە، ئێمە نەمانتوانیوە وەڵامێک بدۆزینەوە بۆ سوپای کوردی، ئیدارەی کوردی، دەستووری کوردی، ئابووریی کوردی، کشتوکاڵی کوردی، دیموکراسیی کوردی، تەکنەلۆژیای کوردی و سیاسەتی دەرەوەی کوردی، ئیدی هەڵە دەرناچێت گەر بڵێین لە قەیرانی ناسنامەداین. ئا لێرەدا قەیرانی ناسنامە چییە؟ ئەوەیە کە تۆ تاکێکت هەیە لە کوردستاندا خاڵییە و ناتوانێت بۆ نموونە نە وەڵامی کەلەپوور و بەرگی کوردی بداتەوە، نە وەڵامی مۆدێرنە و دیموکراسیی کوردی بداتەوە، ئەی چارەسەر؟

چارەسەر ئەوەیە تاک لای خۆیەوە دەگەڕێت بەدوای ئەو وەڵامانەدا و کاتێک لە ناو کۆمەڵگەکەی خۆیدا ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کۆچ دەکات و دەیەوێت لە کۆمەڵگەیەکی تردا ئەو وەڵامانەی دەست بکەوێت. کاتێک بە گیرفانێکی خاڵی لە ناسنامە دەچێتە دەرەوە، وەک پەڕەیەکی سپی وایە هەر پێناسەیەکی لە سەر چاپ بکەیت؛ چاپەکەی کواڵتیی باشتر دەردەچێت. بۆیە ئێمە کوردێکی ئەڵمانی، بەریتانی، ئەمەریکیی بێ کێشە و گرفتمان هەیە و هێندەی پێناس و ناسنامەی ئەوی تری کردووە بە بەرگدا، هێندە کاریگەریی ناسنامەی کوردی بەسەر نەوەکانی کورد لە وڵاتی کۆچبۆکردوودا نابینین. ئەمەش وا دەکات خێزانی کۆچی کوردی نزیک بێت لەوەی ئەگەر وڵاتی کۆچەری بۆ خۆی وڵاتی غەریبی بێت، بۆ نەوەکانی بە وڵاتی

خۆیانی بزانن و لە بەرامبەردا کۆمەڵگەی کوردی بۆ نەوەکانیان وڵاتی غەریبی بێت.

لە لایەکی ترەوە کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی و کوردستانی باشوور بە تایبەتی، وابەستەیە بە دۆخی جەنگ و سەرهەڵدانی دۆخی نوێی دوای جەنگەکانەوە. لە ساڵانی (٩٠)کان کە دەگاتە ترۆپک تاوەکوو ٢٠٠٠، بە کۆمەڵە فاکتەرێکەوە وابەستە بووە کە تاکوو ئەمڕۆش بوونیان ماوەتەوە. بۆ نموونە؛ کاتێک داهاتی تاک لە ساڵێکدا بۆ ساڵانی (٩٠)کان دادەبەزێتە سەر (٤٥٠) دۆلار، ناکرێت فاکتەری ئابووری؛ قورسایی و ڕۆڵێکی فرە کاریگەری نەبێت لە سەر کۆچی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستاندا[٥]. کاتێک دەوڵەتی عێراقی لە جەنگی هەشت ساڵەی عێراق-ئێران بە زیانێکی گەورەوەی مرۆیی و ماددی دێتە دەر، تەواوی کۆمەڵگەی عێراقی دەبێت باجی ئەو زیانانە بدەن، ناکریت بڵێین فاکتەری جەنگ پشکی شێری بەر ناکەوێت بۆ کۆچڕەوی دانیشتووانەکەی.

بەڵام ئایا لەمڕۆدا پاش تێپەڕاندنی چەندین ساڵ وڵات نەک سەقامگیری، بەڵکوو ئومێدی سەقامگیریی سیاسی و ئابوری هەیە؟ ئێمە دەڵێین نەخێر، بۆچی؟ چونکە ئەگەر چانسی کۆچکردن بخرێتە بەردەم هەر کەس لەم کۆمەڵگەیەدا، ڕەتکردنەوەی مەحاڵ دەبێت. ڕۆژانە وێنەکان بۆخۆیان دەدوێن کە بە دەیان گەنج و لاوی ئەم نیشتمانە خۆیان دەدەنە بەردەم چانسێکی زۆر لاواز و کۆچ دەکەن بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەنجامەکەی هەمان ئەنجامی ئەوانەی ساڵانی ڕابردووە کە لە باشترین ئەگەردا دیپۆرتکردنەوە و هەتنەوەیە بە کۆمەڵێک چیرۆک و بارودۆخی تراژیدی. بەڵام دووبارەبوونەوەی جەنگ و ململانێکان لە ژێر ناوی جۆراوجۆر، بەردەوامیی قەیرانە ئابوورییەکان، لاوازیی پڕۆژەیەکی مرۆڤانە و دڵسۆزانە، وای کردووە بینینی هەمووان بەو جۆرە بێت کە وڵاتی خۆت هۆکاری کێشەکان و کۆچکردن بۆ وڵاتی دی، چارەسەری کێشەکان بێت.

هاوکات، لە پشت ئەم کۆچە، کۆچەری کورد لە وڵاتی کۆچبۆکردوو هیچی پێ نییە، چونکە کاتێک نەیتوانی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لە کۆمەڵگەکەی خۆیدا هەیە، دەستەوسان دەبێ لە وەڵامی ئەو پرسیارانە کە لە نێو کۆمەڵگەی کۆچبۆکردوودا دووچاری دەبێتەوە کاتێک بەشێکی زۆری کۆچەری کورد خاوەن پڕۆژە و بەرنامەی

لاوازە لە وڵاتی خۆی و لەو وڵاتەی کە کۆچی بۆ دەکات.

لە لایەکی ترەوە نەبوونی پرۆژەی نیشتمانی بۆ پرسێکی ئەوها گرنگ کێشەکە قووڵتر و بەرفراوانتر دەکات، بۆیە لای هەمووان ئاساییە لە هەر سات و کاتێکدا کۆچی بەلێشاو، بێ بەرنامە لەم کۆمەڵگەیەدا ڕوو بدات. بە درێژایی مێژوو تا ئەم ساتەوەختە دیاردەی کۆچ لە نێو کورددا بڕیارێکی سادە و سەرپێیی و قسەلەسەرنەکراو بووە یان پەردەپۆشکراو بووە. هۆکاری ئەم پەردەپۆشکردن و باسلێنەکردنە وەک تەواوی ئەو بابەتە گرنگ و چارەنووسسازانەی تر بووە کە بە گڕ و کفێک دێن و تێدەپەڕن، لە نموونەیان ئەنفال و هەڵەبجە و... هتد. کێشەکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە خۆیلەخۆیدا کۆمەڵێکی زۆر فاکتەری پاڵنەر لەم کۆمەڵگەیەدا بوونی هەیە هەر لە سیاسییەوە تاوەکوو ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و گەندەڵی و...، هەموومان درک بەمانە دەکەین بە پیر و ژن و پیاو و گەنجانەوە، هەموو ئەمانەش یەک دنیا پرسیاری لا دروست کردووین. بەڵام کوا وەڵام بۆ ئەم پرسیارانە؟ کوا چارەسەر و ئەلتەرناتیڤی ئەم بارودۆخانە؟ ئەمە وا دەکات کە گەنجێک بڕیارێکی سەرپێیی و ناڕاست بدات بۆ کۆچکردن یان خێزانێک یان وێنەی زۆر تراژیدی دایکانی بەتەمەن بەدووی منداڵەکانیدا کە لەم دواییانەدا هەموویمان لە جەنگەڵەکانی بلاڕووسدا بینیمان و بە ڕوونی دەرکەوت کە وڵاتی خۆمان چۆن خۆمانی پەرتەوازە کردووە.

بە دەگمەن و بە پچڕپچڕ ئەم بابەتە بووە بە شوێنی گفتوگۆ و پرۆژەی جددی بۆ کار لە سەر کردن، بە تایبەت لای دەستەبژێری خوێنەوار و ڕۆشنبیر، تا وەکوو زانیاری و مەعریفەیەکی کەڵەکەبوو کە دواتر ببێتە ڕۆشنبیرییەکی سادە و ساکار لە نێو کۆمەڵگەدا لە سەر کۆچ، هۆکارەکانی، لێکەوتەکانی، مەترسییەکانی، چارەسەرییەکانی. ئەم دۆخە وای کردووە بڕیاری کۆچکردن و جێهێشتن زۆر ئاسانتر بووە لە پێشووتر، لە کاتێکدا کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ئێستادا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ پێشووتردا نەبووە، بەڵام ئێستا دیاردەی کۆچ زۆرترە، چونکە ئەگەر لە پێشوودا دەوڵەت یەک لە بەربەستە سەرەکییەکانی کۆچ بووبێت، ئەوا لە ئێستادا پاشخانێکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت بۆ بەستنەوەی تاک لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا یان وابەستەکردنی بە ناسنامەی لە نێو کۆمەڵگەدا، بە تایبەت لە ئاستی دەسەڵاتی کوردیدا.

به‌ هه‌موو ئه‌م بگره‌وبێنه‌یه‌وه‌، پرسیاری دوای کۆچکردن و گیرسانه‌وه‌ له‌ وڵاتی کۆچبۆکردوو سه‌ر هه‌ڵده‌دات، ئایا له‌ ژینگه‌ی نوێدا کۆچه‌ری کورد چیی پێیه‌؟ ئا لێره‌دا ده‌کرێت ئێمه‌ بڵێین مادام که‌سێکی به‌تاڵمان نارده‌ ناو کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی سیستماتیک، پڕۆسه‌ی سه‌رسامی و شوێنکه‌وتن له‌ ساته‌کانی یه‌که‌مه‌وه‌ ده‌ست پێ ده‌کات، به‌ جۆرێک زمان، ڕه‌فتار و مامه‌ڵه‌، پۆشین...، زۆر به‌ وردییه‌وه‌ وه‌رده‌گرێت.

لێره‌دا ئاماژه‌ به‌ فاکته‌رێکی تر ده‌ده‌ین له‌ مێژوویه‌کی دوورتر و کاریگه‌ریی هه‌بووه‌ له‌ سه‌ر بابه‌تی کۆچڕه‌وی کورد، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه‌که‌ کۆچ به‌شێک بووه‌ له‌ سروشت و پێکهاته‌ی که‌سێتیی تاکی کورد. کورد تا سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی ١٩؛ که‌متر له‌ ١٠٪ نیشته‌جێ بوون، ئه‌وی دیکه‌ی خێڵه‌ کۆچه‌رییه‌کان بوون و له‌ گه‌رمیانه‌وه‌ بۆ کوێستان و له‌ کوێستانه‌وه‌ بۆ گه‌رمیان به‌دوای له‌وه‌ڕدا کۆچیان کردووه‌، یان هه‌روه‌کوو جێگۆڕکێیه‌کی ساڵانه‌ کۆچیان ئه‌نجام داوه‌ و به‌ بێ گوێدانه‌ سنووره‌ سیاسییه‌کانی ده‌وڵه‌تی عوسمانی و ده‌وڵه‌ته‌کانی ئێران ئه‌م کاره‌یان کردووه‌. وه‌ک کۆچی ئێڵی جاف که‌ له‌م پرسه‌دا نموونه‌ی باڵایه‌. کاتێک خێڵێک یان بنه‌ماڵه‌یه‌ک تووشی دۆخێکی سیاسیی ناهه‌موار بوونه‌ته‌وه‌، کۆچکردن بۆیان ئه‌رکێکی زۆر سه‌خت نه‌بووه‌. له‌ کۆتایی سه‌ده‌ی ١٨ که‌ ‹‹زه‌ند››ه‌کان ده‌سه‌ڵاتی سیاسی له‌ ئێران له‌ده‌ست ده‌ده‌ن، هه‌مه‌وه‌ند وه‌ک هێزێکی وابه‌سته‌ی زه‌نده‌کان به‌ هه‌مان شێوه‌ لێیان ده‌شێوێت، له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستانه‌وه‌ دێنه‌ باشوور و نیشته‌جێ ده‌بن و ده‌بنه‌ خاوه‌ن موڵک و له‌وه‌ڕگه‌ و پێگه‌ی خۆیان[٦].

واته‌ کۆچی ناوخۆیی له‌ نێوان پارچه‌کانی کوردستاندا کارێکی ئه‌سته‌م نه‌بووه‌ و له‌ باکوور بۆ باشوور و له‌ ڕۆژهه‌ڵات بۆ ڕۆژئاوای کوردستان کۆچڕه‌وی هه‌بووه‌. بۆیه‌ ده‌کرێت ئه‌وه‌ی که‌ له‌ میدیاکاندا باسی لێوه‌ ده‌کرێت و به‌ چاولێکه‌ری وه‌ک فاکته‌رێکی کاریگه‌ر، ئێمه‌ پێی بڵێین خوویه‌ک و ڕۆتینێکی کۆمه‌ڵگه‌ی کوردییه‌ و کورد شه‌رمی له‌ کۆچ نییه‌ و بگره‌ جێگه‌ی شانازییه‌ بۆی. خه‌ڵکانێک هه‌ن و به‌ چاوی خۆمان بینیومانه‌ که‌ نازانین بۆ کۆچ ده‌کات و نازانین بۆ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ و ده‌توانین وه‌ک خوویه‌ک بیده‌ینه‌ قه‌ڵه‌م که‌ حه‌زه‌ بۆ جێگۆڕکێ. ئه‌م حه‌زه‌ له‌ هه‌موو کۆمه‌ڵگه‌کاندا هه‌یه‌، به‌ڵام له‌ کۆمه‌ڵگه‌ی کوردیدا زیاتره‌، به‌ جۆرێکه‌ ئه‌گه‌ر له‌ کۆمه‌ڵگه‌کانی تر حاڵه‌ت بێت؛ لای کورد دیارده‌یه‌.

## ١-٢. جوگرافیای کۆچی کورد

لێرەدا گرنگە باسی بابەتێک بکرێت، ئەویش جوگرافیای کۆچکردنە لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە پێشووتر و بەراوردکردنی بە ئێستا. مێژووی کۆچی کوردی کۆچێکی نێوخۆیی بووە لە نیشتمانی خۆیدا، بەڵام کاتێک کوردستان بە درێژایی سەدەی نۆزدە و بیست لە دۆخێکی ناسەقامگیری سیاسیدا بووە و میرنشینەکانی ڕووخاوە و بێ دەوڵەت ماوەتەوە، ئەمە وای کردووە بەرەوڕووی شەڕ و سووکایەتی و برسێتی بێتەوە، بۆیە دەستی کردووە بە کۆچ بۆ شارە سەقامگیرەکانی وەک بەغداد و ئەستەنبوڵ و تاران و دیمەشق و قاهیرە، لەو شارانە بوونەتە کرێکار و سەنعەتکار و دەستەبژێر و خاوەن گەڕەکی تایبەت بە خۆیان. کاتێک دەرگای پشتەوەی ئەو وڵاتانە بە ڕووی جیهانێکی خۆشتر لە بەغدا و ئەستەنبوڵ و دیمەشق و تاران دەکرێتەوە، کۆچی کورد بۆ ئەو شارانە ڕوو لە لاوازی دەکات و ڕووەو شوێنی باشتر هەنگاو دەنێت کە بە پلەی یەکەم وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپایە. بۆیە جوگرافیای کۆچی کوردی بە پلەی یەکەم ڕووەو ئەورووپا دەبێت، کە تیایدا زۆرتر خۆی دەدۆزێتەوە وەک لە هەر شوێنێکی تر[٧].

خودی ئەم بابەتە دەمانباتە نێو بابەتێکی تری دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە کە ئەویش گونجاندنی کۆچەرە لە نێو ژیانی کۆچڕەویدا کە مەبەست لێی بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵە وەڵامدانەوەیەکە لە لایەن تاکەوە بە مەبەستی هاوسەنگکردنی بونیادی دەروونی یان ڕەفتاری، بۆ مەرجەکانی دەوروبەر یان شارەزاییە نوێیەکان.

لە توێژینەوەیەکی مەیدانیدا کە تایبەت بە بابەتی گونجاندنی کۆچبەرانی کورد لە وڵاتانی ئەورووپا ئەنجام دراوە لە ساڵی ٢٠٠٨، توێژەر پاش ئەوەی کاری لە سەر نموونەیەکی (٢٠٠) کەسی لە کۆچبەرانی کورد دەکات، دەگاتە کۆمەڵێک ئەنجام کە جەخت لەوە دەکەنەوە کۆچبەری کورد بە ئاستێکی باش توانای گونجاندنیان لە کۆمەڵگەی ئەورووپیدا هەیە. ئەم ئەنجامە شیکردنەوەی ئەوەمان پێ دەدات کە فاکتەرە پاڵنەرەکانی کوردستان کە پێشتر باس کران، بە درێژایی مێژوو کاریان کردووە بۆ ئەوەی کورد لە کۆچبەریدا بتوانێت و تەواوی هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆ تێپەڕاندنی قۆناغەکانی گونجاندن بە شێوەیەکی ناچاری. بە پێی تیۆری «ئیزنستاد» کە لەو

توێژینەوەیەدا جێبەجێ کراوە، قۆناغەکانی گونجاندن کە بریتین لە (خۆبەدوورگرتن، ڕێککەوتن، تەواوکاری، تواندنەوە، نواندن) تێدەپەڕێنێت پاش نزیکەی حەوت ساڵ لە کۆچردن و هەڵکەندن لە زێدی خۆی[٨]. ئەم ئەنجامە بۆ خودی کۆچەر و نەوەی کۆچەری ڕەنگە باش بێت کە هاوسەنگییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتیی بۆ فەراهەم دەکات، بەڵام بە دیوێکی تردا دنیایەک ڕاڤە و شیکردنەوە لەخۆ دەگرێت و ئەو پرسیارە دەهێنێتە ئاراوە کە بۆچی کورد بە ئاسانی دەتوانێت قبووڵی هەنگاوی تواندنەوە و نواندن بکات لە کۆچەریدا؟ ئایا ئەمە پەیوەندیی بەوەوە نییە کە کۆمەڵگەی کوردی بەردەوام کۆچەریی پێ قبووڵە و بە ئاسایی وەریدەگرێت و ئامادەیە بۆ تواندنەوە و نواندن لە کۆمەڵگەیەکی تردا؟

هەر لە سەر جوگرافیای کۆچکردن، لێرەدا جێی خۆیەتی باس لە پێشبینیی گۆڕینی ئەو جوگرافیایە بکرێت لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات. تا بیست ساڵ لەمەوبەر کۆچ ڕووی لە ڕۆژئاوا بوو بە ئەمڕۆشەوە وەک خولیا و ئارەزووی کۆچ هەر ڕوو لە ڕۆژئاوایە، بەڵام لە دوای لە گۆڕانکارییەکانی سەردەمەوە، دیوێکی تری جوگرافیای کۆچ ڕووی لە ڕۆژهەڵاتە.

سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە کۆچ گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هۆکاری سەرەکی بۆ گۆڕینی سیاسەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر کۆچبەران، زۆربوونی ژمارەی کۆچبەر بووە لە ڕۆژئاوادا. زۆریی ژمارەی کۆچبەر واتە زۆربوونی ئەو کەسانەی کە خاوەن کولتوورێکی جیاوازن لە ڕۆژئاوا. لە نێو کولتووری ڕۆژئاوادا کەسی کۆچەر یان دەیەوێت پارێزگاری لە کولتووری خۆی بکات، یان دەخوازێت پەرەی پێ بدات، یان دەیەوێت بیگونجێنێت لەگەڵ کولتووری ڕۆژئاوا، لە هەردوو بارەکەدا فشار لە سەر کولتووری ڕۆژئاوا دەکات، لێرەدا بەریەککەوتن ڕوو دەدات لە نێو کولتووری باڵا کە دەیەوێت ڕامی کولتووری کۆچەر بکات لەگەڵ کولتووری کۆچبەر کە بیەوێت یان نا، فشاری لە سەر کولتووری ڕۆژئاوا داناوە. زۆربوونی فشاری کۆچەر لە سەر ڕۆژئاوا، بووە هۆی گۆڕینی سیاسەتی ڕۆژئاوا لە پرسی مرۆیی و سیاسی و پرسەکانی تایبەت بە کۆچەر.

پرۆسەی کۆچکردن لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا بە شێوەی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ شکستی یەکێتیی سۆڤیەت و شکستی ئەزموونی ئیسلامی و شکستی دەوڵەتە

نەتەوەییەکان لە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکاندا، خەڵکی ناوچەکانی بندەستی وڵاتانی سۆشیالیستی و نەتەوەیی و ئایینییەکانی بێئومێد کردووە لە بنیاتنانی ئایندەیەکی گەش، لەوە زیاتر، ئەوەی پێشووتریش بنیات نرابوو، لە بریی پێشکەوتن؛ ڕما و وێران بوو، نموونەی عێراق و ئەفغانستان و ئۆکراین و لیبیا و چەندین وڵاتی دی، خەڵکی ئەو وڵاتانەی بێئومێد کرد. لە لایەکی دی هێماکردنی ڕۆژئاوا بە پێشکەوتوویی و ڕۆژهەڵات بە دواکەوتوو، بە تایبەت بە سوودوەرگرتن لە سۆشیالمیدیا و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە ژیانی ڕۆژانەدا، وێنای جیهانی ڕۆژئاوای جوانتر و ڕۆژهەڵاتی ناشرینتر کردووە. لە لایەکی ترەوە یاسا مرۆڤدۆستییەکانی ڕۆژئاوا کە لە ڕۆژهەڵاتدا نادیدە دەگیرێت. چین، ڕووسیا، مالیزیا، ئیمارات، سعودیە، کۆریای باشوور، ژاپۆن و چەندین وڵاتی دیکە نموونەی سەقامگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیان، بەڵام لە بەرامبەردا یاساکانیان وشک و بێهەستن لە بەرامبەر کۆچەردا، بۆیە کۆچەر هیچ گرەنتییەکی مافی مرۆڤی لە چوونە نێو ئەو وڵاتانە نییە کە ئایا لە کاتی گەیشتن بەو دەوڵەتە سەروماڵی سەلامەت دەبێت یان نا. بۆیە نائومێدی لە ڕۆژهەڵات و وێناکردنی ڕۆژئاوا وەک بەهەشت و نەبوونی مافی کۆچەر لە وڵاتە گەشەسەندووەکانی ڕۆژهەڵاتدا، سێ فاکتەی سەرەکیی زۆربوونی کۆچکردنە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا.

ئەو دەرگایەی کە لە سەدەی نۆزدە و بیستدا بە ڕووی کۆچەردا خرابووە سەر پشت و کراوە بوو، لە ئێستادا کۆچەر دەبێ لە دەرگای ڕۆژئاوا بدات و ڕۆژئاوا دەیەوێت خۆی سەرپشک بکات داخۆ وەریدەگرێت یان نا. داخۆ وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا چەندە کۆچەری پێویستە و چ جۆرێکی پێویستە و کێی ناوێت و کێ دوور دەخاتەوە. دەستی کار لە ئێستادا ڕۆڵ دەبینێ لە وەرگرتنی کۆچەر، پرسی بنیاتنانی سوپای ئەورووپی و زیادکردنی بودجەی سەربازیی وڵاتانی ئەورووپا لە هاوپەیمانیی ناتۆدا؛ ڕێژەی پشتبەستن بە کۆچەر دەگۆڕێت. پیربوونی کۆمەڵگەی ئەورووپی و لاوازبوونی خێزان، کاریگەریی لە سەر پێویستیی کۆمەڵگە بە کۆچەر هەیە. هەموو ئەمانە وای کردووە ئەورووپا بە تایبەتی و ڕۆژئاوا بە گشتی پێویستی بە کۆچەر هەبێت، بەڵام ململانێی حیزبایەتی، بە تایبەت ڕاستڕەوەکان لە لایەک و ئەوانی دی لە لایەکی دی، وای کردووە

پێداچوونەوە بە یاساکانی کۆچدا بکرێ، بە جۆرێ هەوڵەکان لە پێناو هاندانی کۆچی یاسایی و کەمکردنەوەی کۆچی نایاساییە. کۆچەری یاسایی کرێکاری زیرەکە، ئەوانەیە کە مەعریفەی لە سەر گوزەران و ژیانکردنی ئەو دەوڵەتە هەیە کە بۆی دەڕوات و پێش کۆچ؛ دەوڵەتی پێشوازیکەر کار و شوێنی بۆ دابین کردووە. ئەم جۆرە یاسایە لە ئەمەریکا و کەنەدا بەرکارە. هاوکات ڕێگرە لەو کۆچەرانەی کە لە ڕێگەی باندەکانەوە ملی ڕێگە دەگرنە بەر و بە پشتبەستن بە مافی مرۆڤ لە ئەورووپا کۆچ دەکەن. ئەم جۆرە کۆچکردنە بێزراو و ناحەز کراوە و ڕۆژئاوا بۆ کۆنترۆڵکردنی ژمارەی کۆچەر و چییەتی و کەسێتیی کۆچەر، زۆر جار چاوپۆشی لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن و کۆچەر بە زۆرەملێ هەناردەی وڵاتی دی یان دیپۆرتی وڵاتی خۆی دەکەنەوە.

لە سایەی جیهانگیری و کاڵبوونەوەی سنوور و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، سەرمایە و دەستی کار لە هاتوچۆیەکی زۆردان و گەشتە فڕۆکەوانییەکان و گەشتەکانی شەمەندەفەر و ئۆتۆمبێل و ڕێگاکانی ئاوی زۆر زیاتر بووە. دۆزینەوەی هەلی کار لە ڕێگەی سۆشیالمیدیاوە زۆر بووە، کرێکاری بیانی لە جیهاندا گەشەی سەندووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بازاڕ هاندەرێکی زۆری کۆچە. بۆیە تا هۆکارەکانی پەیوەندی پێشکەوتن بەخۆوە ببینێت، تێکەڵبوونی کۆمەڵگەکان زۆرتر دەبێ و یەک لە چڕکردنەوەی تێکەڵوپێکەڵیی دیاردەی کۆچە. وڵاتانی ڕۆژئاوا لەوە تێگەیشتوون کە دیاردەی کۆچ لێکەوتەی جیهانگیرییە و دیاردەیەکی سروشتییە و ڕێگریکردن لێی سنووردارە، لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەورووپا بە تایبەتی، بۆ کۆچ لەبار نییە. نزمبوونەوەی داهاتی تاکەکەس و قەیرانی شەڕی ئۆکراین و بەهێزبوونی ڕەوتی ڕاستڕەوەی دژەکۆچەر، وای کردووە ڕۆژئاوا تەنها هەڵبژاردەی کۆچ نەبێت، بەڵکوو هەڵبژاردەی دیکە هەبێ کە ڕۆژهەڵاتە.

پێشکەوتنە بەرچاوەکانی چین و گەرمیی بازاڕی ئیمارات، وای کردووە کۆچی سەرمایە و سەرمایەدار و کۆچی دەستی کاری زیرەک بۆ ئەو وڵاتانە ڕوو لە زیادبوون بێت و ڕوو لە دەرکەوتن بکات. لەو دەوڵەتانەدا، کوردەکان، وەک زۆرینەی کۆچەرانی تر، لەدووی مافی پەنابەری و ڕەگەزنامە نین، ئەوەندەی بەدوای بازرگانی و کارکردن لە کۆمپانیا گەورەکاندا بە مووچەی بەرز وێڵن. ئەم جۆرە کۆچە دیاردەیەکی نوێیە و

پەیوەندیی هەیە بە سەرهەڵدانی ئەژدیهای زەبەلاحی چین و تێکەڵبوونی بازاڕەکان لە جیهاندا کە ئەوەندەی کار لە سەر قازانج دەکات، هێندە گرنگی بە ناسنامە نادات. بۆیە لە نێو ئەم جۆرە کۆچەدا ناسنامە جێگەی پرسیار نییە، بگرە سەرمایە و شارەزایی لە تەکنەلۆژیای سەردەم جێگەی مشتومڕە. هەر کەسێک خاوەنی سەرمایە و خاوەنی شارەزایی تەکنەلۆژی بێت، لە ڕۆژهەڵات بەخێرهاتنی لێ دەکرێ و جێگەی دەبێتەوە، بە بێ ئەوەی ڕەنگی پێست و دەوڵەت و کولتوور بەربەست دروست بکات. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە کۆچە لە جۆری کۆچکردن بۆ ڕۆژئاوا ناچێت، بەڵکوو جۆرێکی ترە و تایبەتە بەو کەسانەی کە خاوەنی سەرمایە و شارەزایین و بۆ کەسی دەستوپێ سپی گونجاو نییە.

کورد کەم تا زۆر ڕوویان لەم جۆرەی کۆچکردن کردووە، لە ئیمارات کوردانی ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا و باشووری لێیە کە لە بواری بازرگانی و تۆریزم و خواردنگەکاندا کار دەکەن. بە پێی ڕاپۆرتێک ژمارەی ئەم کوردانە بە تەنها لە شاری ئیمارات؛ ٢٥٠٠ کەس زیاتر دەبێت[٩] و سەرچاوەی وا هەیە باس لە ٥٠ هەزار کورد لە ئیارات دەکات[١٠]. ئێران هاوسنووری ئیماراتە و کوردی ڕۆژهەڵات بە ئاسانی دەگاتە ئیمارات. هەروەها کوردەکانی باشوور و ڕۆژئاوا بە هۆی ئەوەی زمانی عەرەبی زمانی دووەمیانە، ئەوانیش کێشەی گەورەیان لەگەڵ بازاڕی ئیماراتدا نییە. قەیرانەکانی سووریا و عێراق و ئێران زیاتر هاندەری ئەم کۆچکردنەیە بۆ ئەو دەوڵەتانە. بەڵام هێشتا کۆچ بۆ چین سنووردارە و لە ساڵی ٢٠٠٤دا زیاتر لە ١٠٠ سەرمایەداری کورد لەوێ نیشتەجێ بوون و لە ٢٠١٤دا ٤٠ شوێنکاری کوردی لە چیندا هەبوون[١١]. هەروەها لە ئێستادا جۆرێکی تری کۆچ؛ کۆچی خوێندکارانە بۆ ئەو دەوڵەتە بە مەبەستی خوێندن. هەندێکیان کە کارێکیان دەستگیر دەبێ؛ ناگەڕێنەوە و لەوێ دەمێننەوە بۆ کارکردن. ئەوەی جێگەی سەرنجە جیاوازییەک هەیە لە نێوان کۆچ بۆ ڕۆژئاوا و کۆچ بۆ ڕۆژهەڵات. یاساوڕێساکانی ڕۆژهەڵات گرنگی بە سەرمایە و بازرگانی دەدات، زۆر گرنگی بە ناسنامە نادات، لێرەدا هەڕەشە لە سەر ناسنامە گەلێ زیاترە وەک لە ڕۆژئاوا. کورد لە ڕۆژئاوادا خاوەنی ڕەگەزنامەن یان خاوەنی مافی پەنابەرین، ئەم دوو شتە وای کردووە کوردەکان بتوانن کەم تا زۆر باس لە ناسنامە و پارێزگاری لە ناسنامەیان

هەبێت، بەڵام لە ڕۆژهەڵات ئەم جۆرە پرسانە لەگۆڕێدا نین. ئەوەی پێناسەیە؛ سەرمایە و شارەزاییە لەگەڵ ڕەگەزنامەی ئەو دەوڵەتەی لێوەی هاتووی، کوردەکان چونکە خاوەنی ڕەگەزنامەی کوردی نین، بەڵکوو عێراقی یان ئێرانی یان سوورین، بۆیە مافی پێکهێنانی کۆمەڵە و پێگە و گردبوونەوەیان بە فەرمی نییە. ئەمە وا دەکات کێشەی ناسنامەی کوردی لە ڕۆژهەڵات زۆر زیاتر بێ لە ڕۆژئاوا ئەگەر چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە، بە تایبەت لە لایەن دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمی کوردستان. لە لایەکی دیکە، ئەم جۆرە کۆچە ڕێژەکەی دیاریکراو نییە و لەو بارەیەوە ئامارێکی ورد بەردەست نییە و هۆ سەرەکییەکەشی ئەوەیە ئەو کوردانە بە ناوی کورد لەو دەوڵەتانە تۆمار نەکراون، بەڵکوو بە ناوی ئەو دەوڵەتانەی لێوەی هاتوون تۆمار کراون. لەوە گرنگتر، چونکە تەمەنی ئەم جۆرە کۆچە کەمە و پەیوەندیی بە تەنها دوو دەیەی ڕابردووەوە هەیە، بۆیە هێشتا لێکەوتەکانی لە سەر ناسنامە بەرچاو نییە. بۆیە توێژینەوەکانی داهاتوو لەم بارەدا پڕبایەخ دەبێت.

## ٢. کۆچ، بێماڵی هەمیشەیی

### ٢-١. پڕۆسەیەکی ڕیشەهەڵکێش

کۆچ تەنیا گۆڕینی شوێنی ژیانی مرۆڤەکان نییە، بەڵکوو بریتییە لە دیاردەیەکی وجوودی بۆ مرۆڤەکان بە مۆتیڤەکانی فرەجۆری وەک ناچاری، هیوا، ترس لە داهاتوو، ملیۆنان مرۆڤ لە ئاستی جیهان شوێنی ژیان و نیشتمانی خۆیان بەجێ دەهێڵن، نەوەک تەنیا بە هۆکاری باشترکردنی ژیانیان، بەڵکوو زۆربەی جار بۆ ئەوەی نەمرن و نەبنە قوربانیی سیستمە سیاسییە دیکتاتۆرەکان، یان مەترسی بە هۆی گرووپی چەکدار و ئایدۆلۆژی کە جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکان دەکەن بە بنەمای حکومکردن لە سەر ژیانی مرۆڤەکان.

کۆچ پڕۆسەیەکی قووڵی گۆڕانی ژیانی مرۆڤەکانە لە ئاستی جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و کولتووری، تەنانەت کاریگەریی لە سەر سیستمی خۆراک و خواردنی مرۆڤەکانیش دەکات. کۆچ دابڕانێکی ڕیشەیی لە پەیوەندی، شووناس، زمان و خووەکانی مرۆڤ دەکات، کە چیتر مرۆڤی دوای کۆچ هەمان مرۆڤی پێش کۆچکردن نییە[١٢].

کۆچ پرۆسەی ڕیشەهەڵکێشانی کۆچبەرە لە شوێنی ژیان و نیشتماندا، پرۆسەی دوورکەوتنەوەیە لە یادەوەرییەکانی منداڵی و هاوڕێ و خێزانی، پرۆسەی دوورکەوتنەوەیە لەو شوێنەی کە لە سەرەتادا ئاشنا بوو بە ژینگە و هەست و سۆز و ئەزموونە سەرەتاکانی تێدا دروست بوو. هەستی لەدەستدانی نیشتمانی شوێنی ژیان کەلێنێکی قووڵی سۆزداری لە دەروونی مرۆڤەکاندا دروست دەکات. نیشتمان لێرەدا واتای شوێنی گەشەی زمان و سۆزداری و ئینتیمای کۆمەڵایەتییە، دوای نەمانی ئەو ستراکچەرە حاڵەتێکی ناڕوونی ئاراستەکان دروست دەبێت کە تیایدا کۆچەر هەستی بە لاوازی و بێپشتوپەنایی دەکات"[١٣].

پرۆسەی ڕیشەهەڵکێشان لای کۆچبەر پێش کۆچکردن دەست پێ دەکات، بە هۆی جەنگ، چەوساندنەوەی سیاسی و فشاری ئابووری. لە کاتی پرۆسەی کۆچدا؛ کۆچبەر جەستەی بە ڕێگاوەیە، بەڵام ناوەوە و دەروونی مرۆڤ هێشتا لە نیشتمانە، لە کۆمەڵناسیدا بەم حاڵەتە دەڵێن «بیۆگرافیای خولانەوە»، واتە ژیان چیتر بە هێڵێکی ڕاست بەرەو پێشەوە ناچێت، بەڵکوو پێچاوپێچ بۆ ئاراستەکان دەڕوات"[١٤]. ئەم پرۆسەی ڕیشەهەڵکێشانە تەنیا لە ئاستی جوگرافییەوە نییە، بەڵکوو کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر ناوەوەی مرۆڤە، هەستی ئارامی و وێنەی تایبەتی خود هەیە کە نائارامییەکی ڕیشەیی لە کەسایەتی و پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە خۆی و دەوروبەری دروست دەکات.

دوای گەیشتن بە وڵاتی تازە، پرۆسەی خۆگونجاندن و گۆشەگیری دەست پێ دەکات. پرۆسەی خۆگونجاندن بریتییە لە پرۆسەیەکی درێژی ئازاراویی قووڵ. زۆربەی پەنابەرەکان چەندین ساڵ لەم پرۆسەیەدا بەسەر دەبن کە تیایدا هەست بە تەنیایی و دوورەپەرێزی دەکەن. چەندین بەربەستی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و کولتووری لە بەردەمیاندا قوت دەبنەوە کە هەندێ جار وەک پەرچەکردار هەڵوێستێکی ڕادیکاڵانە بەدوای گرووپی ئایینیی کۆنەپارێزدا (conservative) دەگەڕێن کە هەستی قووڵی تەنیایی و بێوڵاتییان بۆ قەرەبوو بکاتەوە. لە زۆر حاڵەتدا کۆچبەر لە وڵاتی تازەدا پرۆسەی گەڕان بەدوای کولتوور و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دەست پێ دەکات، وەک سەلماندنی شوناسی خۆی بەرامبەر شوناسی وڵاتە تازەکە.

لەمەدا دەبینین کە گرووپی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر دروست دەکەن و لە هەوڵدان

نیشتمانێکی تازە لە سەر شێوەی نیشتمانە ڕەسەنەکەی خۆیان دروست بکەن. ئەوەی ئەم پرۆسەیە زیاتر تۆخ دەکات، پرۆسەی گونجان و شکستهێنانی کۆچبەرە لە وڵاتە تازەکە. بەو مانایەی هەتا زیاتر کۆچبەر خۆی بگونجێنێت هەلی باشی ژیان لە وڵاتە تازەکە بەدەست بهێنێت، ئەوەندە کەمتر بایەخ بە کۆبوونەوە لەگەڵ هاوزمان و هاونەتەوەکەی دەدات، بە مانایەکی تر: پرۆسەی ڕادیکاڵبوونی زۆری کۆچبەرەکان لە وڵاتە تازەکە بە هۆکاری نەگونجان و دۆزینەوەی هەلێکی باشی ژیانکردنە. زۆر جار پرۆسەی گەیشتن بە ئامانج و خۆگونجاندن تەنیا پەیوەندیی بە کۆچەرەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بە وڵاتی تازەوەیە تا چەند سیستمێکی بەهێزی هەیە بۆ لەخۆگرتنی کۆچبەرەکان.

ئاڵۆزترین هەست بۆ کۆچبەر ئەوەیە کە لە شوێنە تازەکە مافی مانەوەی یاسایی دیار نەبێ و نەزانێ دەتوانێ بمێنێتەوە یان نا. ئەمە وای لێ دەکات چەندین ساڵ لە تەمەنی نەتوانێ پلان بۆ ئیشوکار و مانەوە دابنێت، هەستی شکستهێنانی دایدەگرێت و لاوازی دەکات[١٥]. زۆرێک لە کۆچەرەکان سەرەڕای ئاڵۆزیی بارودۆخی ژیان، دەتوانن خۆیان بگونجێنن و کار بکەن، زمان فێر ببن و ژیانیان بەڕێوە ببەن، بەڵام قورسترین شت ئەوەیە هەمیشە ئەو هەستەیان هەیە کە ئێرە هیی من نییە، من بەشێک نیم لەم کۆمەڵگەیە و هەستی نامۆبوون بە مرۆڤ و شوێنەکانی هەیە.

### ٢-٢. ژیان لە دوو جیهاندا

کۆچبەر لە نێوان دوو جیهانی جیاوازدا دەژین، ژیانی ناو کۆمەڵگەیەکی تازە کە پڕە لە جیاوازیی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ژیانی کۆمەڵگەی ڕەسەنی خۆی کە بەها ناوەکی و کولتوورییەکانی لێوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوان لە گەڕانی هەمیشەییدان لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سۆزدارییەوە، لە نێوان نیشتمانی ڕەسەن و کۆمەڵگەی تازە. ئەم گەڕان و جووڵە دەبێتە هۆی گۆڕینی زمان و بیرکردنەوە و پەیوەندییەکانی. کۆچەر هەست دەکات نامۆیە بە هاوڕێ کۆن و تازەکانی. لە نیشتمانی ڕەسەندا ناتوانێت بمێنێتەوە و لە نیشتمانی تازەیشدا نائارامن. ئەم واقیع (کەتوار)ە ڕەنگە ببێتە هۆی داهێنان یان وێرانبوون. ئەو کەسەی دوو نیشتمانی هەبێت، دوو حاڵەتی نامۆبوونیشی هەیە کە سەردانی وڵات دەکات زۆر شت گۆڕاوە، نایانناسێتەوە و ناتوانێ دیسان لەگەڵیان بگونجێت. ئەو کۆمەڵە بەها و نۆرم و خەسڵەتە کەسییانەی

کە بۆ نیشتمانی تازە هێناویەتی، وای لێ دەکات لەگەڵ شوێنی تازەدا نەگونجێت. بۆیە پەنابەر لە دوو شوێندا دەژی و هیچ شوێنێکی ئارامی نەماوە بۆ ژیان. دوو نیشتمانی هەیە و هیچ نیشتمانێکی نییە.

کۆچبەر کێشەیەکی شوناسی قووڵی هەیە و تا مردنیش بە ئەستەم چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە. ئادۆرنۆ بە وردی باس لە ژیانی شێواوی کۆچبەر دەکات و ئاماژە بە ئەستەمیی ژیانێکی ڕاست لە دۆخێکی پڕ لە هەڵەدا دەکات. ئەو باس لە قورسایی دۆزینەوەی ژیانێکی چاک دەکات لە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە نامۆیی کە تیایدا مرۆڤ هەست بە نامۆییەکی قووڵ دەکات لەگەڵ دەوروبەر. کاتێک بێنیشتمانی تەنیا دۆخی دوورکەوتنەوە نییە لە کۆمەڵگەی ڕەسەنی کەسەکە، بەڵکوو برتییە لە پڕۆسەی نائومێدبوونێکی بەردەوام[١٦].

کۆمەڵگەی مۆدێرن دۆخێکی دروست کردووە مرۆڤ هەرگیز نەتوانێت لەگەڵ خۆی و دەوروبەر هەست بە یەکبوون و ئارامی بکات. هەر کەسێک کۆچ بکات، هەمیشە هەست دەکات لە نێوان خۆگونجان و ڕەتکردنەوە لە نێو نۆستالۆژیا و داهاتوو لە گەڕانێکی هەمیشەییدایە بۆ ماڵێکی تازە.

ئادۆرنۆ باس لە بێماڵی (Unbehauheit) دەکات کە تیایدا تەنیا مەبەستی شوێن نییە، بەڵکوو دۆخێکی ناوەکی و دەرەکییە، چونکە ماڵ سیمبولە بۆ ئارامی و سەربەخۆیی و گەرموگوڕی، لە کاتێکدا ئەم دۆخە لای کۆچبەر هەمیشە بوونی نییە. زۆربەی کۆچبەرەکان لە شوێنی مانەوەی خراپ و بێ ژیان و مەودای تایبەت بێ ئارامی دەژین، لە هەموو ئەوانەش بەهێزتر ئەو هەستەیە کە تۆ هەمیشە لە ماڵی خۆتدا نییت، لە نیشتمان و یادەوەرییەکانیش دووریت، تەنانەت بوونی شوێنەکانیشت لێ گۆڕاوە. ئادۆرنۆ باس لەوە دەکات کە کۆمەڵگەی مۆدێرن بونیادێکی وەهای دروست کردووە کە تیایدا مرۆڤەکان هەست بە نامۆیی دەکەن. ئەو لە شیکردنەوەی پڕۆسەکەدا تەنیا لێکەوتەکانی دیاردەکە دەستنیشان ناکات، بەڵکوو بە وردی ئەو بونیادە ڕوون دەکاتەوە کە هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی ئەم دیاردەیە[١٧].

لە لایەکی ترەوە ئیدوارد سەعید باس لەوە دەکات دیاسپۆرا تەنیا شوێنێک نییە بۆ نامۆبوون، بەڵکوو هەلێکە بۆ گەشەسەندنی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی. کۆچبەر بە

تێڕوانینێکی تر له‌ کۆمه‌ڵگه‌ و دیارده‌کانی ده‌ڕوانێت، ده‌بێته‌ چاودێریکارێکی وریای دۆخی نیشتمان[١٨]. مرۆڤی کۆچبه‌ر وشیارییه‌کی قووڵی تازه‌ی بۆ دروست ده‌بێت، له‌ ئه‌نجامدا زۆر جار هێز و وزه‌یه‌کی تازه‌ی داهێنان سه‌ر هه‌ڵده‌دات که‌ به‌ سوودی کۆمه‌ڵگه‌ ڕه‌سه‌ن و تازه‌که‌ی کۆتایی دێت. وه‌ک له‌ پێشتردا باسمان کرد، کۆچکردن ته‌نیا گۆڕینی شوێن نییه‌، به‌ڵکوو کرده‌یه‌کی وجوودی و ده‌روونییه‌ که‌ تیایدا کۆچبه‌ر له‌ حاڵه‌تێکی نائاسایی و قه‌یرانی شوناسدا ده‌ژی، به‌ هۆی ئه‌وه‌ی که‌ ژینگه‌ی گه‌وره‌بوونی خۆی جێ ده‌هێڵێت. پۆل ڕیکۆر باس له‌وه‌ ده‌کات شوناس له‌ پرۆسه‌ی گێڕانه‌وه‌دا دروست ده‌بێت کاتێک مرۆڤ ژیانی خۆی به‌ شێوه‌ی ئاڕاسته‌یه‌کی ڕاست ده‌گێڕێته‌وه‌، که‌ به‌رده‌وامی خاڵی سه‌ره‌کییه‌. کاتێک ئه‌و پرۆسه‌یه‌ بچڕانی تێ ده‌که‌وێت، وه‌ک له‌ حاڵه‌تی کۆچدا کۆچبه‌ر دووچاری له‌رزینێکی ناوه‌کیی گه‌وره‌ ده‌بێت، مرۆڤه‌کان پێویسته‌ دووباره‌ بیۆگرافیای خۆیان بنووسنه‌وه‌ له‌ نێوان ژیانی پێش کۆچ و دوای کۆچ، هه‌میشه‌ به‌دوای گه‌ڕانی شوناسیانه‌وه‌ بن[١٩].

له‌ پاڵ قه‌یرانی شوناس، زۆرێک له‌ کۆچبه‌ران دووچاری تراما ده‌بن به‌ هۆی هه‌ڵهاتن له‌ جه‌نگ، توندوتیژیی جیاکاریی نه‌ته‌وه‌یی و ئایینی له‌ شوێنی ڕه‌سه‌ن و کۆمه‌ڵگه‌ی تازه‌، هه‌روه‌ها هه‌ڵهاتن له‌ ڕێگای نایاسایی و سه‌رجه‌م ئه‌و کێشانه‌ی که‌ له‌گه‌ڵیه‌تی.

خاڵی سه‌ره‌کیی ئه‌م دۆخه‌ بریتییه‌ له‌ هه‌ستی له‌ده‌ستدانی نیشتمان و ڕۆڵه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانی پێشوو. ئه‌م دۆخه‌ی له‌ده‌ستدانی ڕۆڵه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان لای زۆرێک له‌ کۆچبه‌ره‌کان ده‌بێته‌ هۆی خه‌مۆکی و ئازاری جه‌سته‌یی هه‌میشه‌یی بێ نه‌خۆشیی جه‌سته‌ی دیاریکراو (Psychosomat ischer bessch werder)، به‌ تایبه‌تییش دوای گه‌یشتن به‌ وڵاتی تازه‌، بارودۆخێکی تازه‌ دروست ده‌بێت که‌ تیایدا کۆچبه‌ر له‌ حاڵه‌تێکدا پێویستییه‌کی زۆری به‌وانی تره‌ بۆ به‌ڕێوه‌بردنی ئاساییترین کاروباری ڕۆژانه‌ که‌ هه‌ستێکی گه‌وره‌ی بێده‌سه‌ڵاتی و لاوازیی لا دروست ده‌کات.

یه‌کێک له‌و کێشانه‌ی ڕووبه‌ڕووی زۆرێک له‌ کۆچبه‌ری گه‌نج ده‌بێته‌وه‌، بریتییه‌ له‌ پرۆسه‌ی ڕادیکاڵبوونیان و گه‌ڕان به‌دوای هه‌ستی ئینتیمایه‌ بۆ گرووپی ئایینیی توندڕه‌و بۆ قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ی هه‌ستی له‌ده‌ستدانی خێزان و نیشتمان، به‌ تایبه‌تی بۆ گرووپه‌ ئیسلامییه‌ توندڕه‌وه‌کان، وه‌ک ئه‌وه‌ی له‌ سه‌رده‌می ئایدیۆلۆژیای داعشدا

تێبینیمان کرد.

زۆرینەی خۆکوژەکانی داعش منداڵی گەڕەکەکانی تەیراوا و سابوونکەران و شۆریجە نەبوون، بەڵکوو یان لەدایکبووی پاریس یان بەرلین و شارە جیاوازەکانی ئەورووپا بوون. هۆکاری سەرەکیی ئەم ڕادیکاڵبوونە پەیوەندیی بە تێگەیشتنیانەوە نییە لە تێکستە ئایینییەکان، بەڵکوو بریتییە لە پرۆسەی گەڕانی گەنجەکان بەدوای شوناسێکی دیاری پەرچەکردارییانە بەرامبەر جیاکاریی ڕەگەزی و ناداتپەروەری لە مامەڵەکردن لەگەڵیان.

بەشێکیشیان سەرچاوەی گرتووە لە مامەڵەکردن لە منداڵیدا وەک هاوڵاتییەک کە لە ژیانی ڕۆژانەدا هەمان دانپێدانان و ڕێزی لێ ناگیرێت، یان مامەڵە لەگەڵیان ناکرێت وەک بەشێک لە کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەوەی کە زۆریان جگە لە زمانی وڵاتە ڕەسەنەکە؛ زمانی دایکییان بە باشی نازانن. گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان ئەم هەستی بەکەمزانی و جیاکاریی ئایینی و نەتەوەییە دەقۆزنەوە و بە فۆرمێکی مۆراڵی زمان، بە ئاسانی دەیکەن بە ململانێیەکی ئەخلاقی لە نێوان ‹‹ئێمە››ی باڵای دینداری هەڵبژێردراو لەگەڵ ‹‹ئەوان››ی ڕۆژئاوای باڵادەستی ستەمکار کە بە هۆی ئەوەی هەڵگری حەقیقەتی گەورە بن؛ ستەممان لێ دەکەن.

چیرۆکەکانی شکستی گەنجەکان لە خوێندن، ژیان و کار؛ لێکدانەوەیەکی ئایینی و ڕەگەزپەرستیی بەبەردا دەکرێ و لە گرووپی جۆراوجۆری ئایینیدا گەلاڵە دەکرێت. کۆچ پرۆسەیەکی ئاڵۆزی ژیانی ئەو کەسانەیە کە ئەزموونیان کردووە، کە ژیانی مرۆڤەکان بە شێوەیەکی قووڵ و هەمەجۆر دەستکاری دەکات. بەشێکی زۆری کۆچبەرەکان هەستی نامۆبوون و بێماڵی تا کۆتایی ژیانیان لەگەڵیان دەمێنێت.

بەشێک لە کۆچبەرەکان ئەم دۆخە دەکەن بە هەل وەک سەرەتایەکی تازە؛ ژیانێکی باشتر لەوەی پێشوتر دروست دەکەن، بەڵام زۆرێک لە کۆچبەرەکان ململانێیەکی گەورەی ناوەکی هەست پێ دەکەن کە زۆر نیشانەی نەخۆشیی دەروونییان تێدا دروست دەبێت و چەند خەسڵەتێکی کەسایەتییان تێدا دروست دەبێت تا کۆتایی ژیانیان لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە.

## ئەنجامگیری

دۆخی ناسەقامگیریی هەمیشەیی ئابووری و سیاسی، بەردەوام زەینی کوردی بۆ گەڕان بەدوای ماڵێکی تردا سەرقاڵ کردووە، تەنانەت ئەگەر کۆچکردنە بە بەهای نادڵنیایی و نەزانراوی جیهانی دووەمیش بێت، چونکە ئەوە لە کۆچەکە گرنگە، دەرچوون و هەڵهاتنە لە زێدی یەکەم پێش ئەوەی دڵنیایی بێت لە شوێنەی کە کۆچی بۆ دەکات. ئەم دۆخە کە لە ڕیشەیەکی مێژووییەوە سەرچاوەی گرتووە، تاکی کوردی لە نێو دوو بەرداشی ژیان لە ماڵێکی یەکەمی نەگونجاو و ناجێگیر و ماڵێکی دووەمی بێگانەدا هێشتووەتەوە و کاریگەریی لە سەر کەسایەتی، دنیابینی و تەنانەت شوناسی کردووە. هەڵکەنینی تاکی کورد لە جوگرافیایەکی ئاشنا بۆ جوگرافیایەکی نامۆ، پرسیاری وجوودی و هەستی جیاوازی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە دەتوانێت خۆشەویستی بۆ نیشمان یان ڕقلێبوونەوەی، دەاکەوتن و برەودان، بێشووناسی و متمانەبەخۆبوونی تیادا جێ ببێتەوە.

## سەرچاوەکان:

١. ئینتیسار، نادر، ئیتنۆنەتەوایەتیی کوردی، وەرگێڕانی: عەتا قەرەداخی، چاپخانەی تیشک، ٢٠٠٤، ل٣٣٥.
٢. حەمەکەریم، هێرش عەبدوڵا، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ، ناوەندی ئەندێشە، ٢٠١٣، ٤٦.
٣. الخولي، أسامة أمين ، العرب والعولمة، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ط٣، ٢٠٠٠، ص٢٩٨.
٤. ئێزابێلا، سۆفیا، پەرەسەندنی شوناسی نەتەوەیی کورد و ئەگەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، و: یاسین سەردەشتی، سلێمانی، چاپخانەی کەمال، ٢٠١٤، ل٢٢٥.
٥. النصراوی، عباس، الاقتصاد العراقی النفط. التنمية. الحرب. التدمير الافاق١٩٥٠-٢٠١٠، دار الكنوز الادبية، بيروت، ١٩٩٥، ص١٤١.
٦. الوائلی، عبد ربه سكران ابراهيم، اكراد العرق ١٨٥١-١٩١٤، (دكتوراه غير منشورة)، جامعة القاهرة، ١٩٨٧، ص٩٤.
٧3 غورغاس، جوردی، الحركة الكردية التركية فی المنفی، دار اراس، اربيل، ٢٠١٣، ص٣٨٩.
٨٣ محەمەد، کوردستان عومەر، خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتیی کۆچبەرانی کورد لە وڵاتانی ئەورووپا، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکراوەی سلێمانی، چاپخانی بینایی، ٢٠١٣، ل١٨٢.

9 Abbas Al Lawati, Staff Reporter (2007), "Expatriates hope to revive language", https://gulfnews.com/uae/expatriates-hope-to-revive-language-1.206250?utm_source=chatgpt.com, accessed: 12/9/2025.

10 Ekord Daily (2010), "The forgotten Kurds of the Arab Gulf States", https://theinsightinternational.com/mismas/articles/misc2010/4/kurdsworld446.htm?utm_source=chatgpt.com, accessed: 12/9/2025.

11 Rudaw (2014), "Language No Hurdle for Kurds Doing Business in China", https://www.rudaw.net/english/kurdistan/210520141?utm_source=chatgpt.com, accessed: 12/9/2025.

12 Castles, Stephen; Miller, Mark J, Migration und die Globalisierung, Frankfurt: Campus, 2009, s 59.

13 Eng, David L.; Kazanjian, David (Hg.): Loss: The Politics of Mourning. Berkeley: University of California Press, 2003, s 29.

14 Castles, Stephen; Miller, Mark J, Op.cit, s 59.

15 Heitmeyer, Wilhelm: Gruppenbezogene Menschenfeindlichkeit. Frankfurt/Main: Suhrkamp, 2002, s 43.

16 Adorno, Theodor W.: Minima Moralia. Frankfurt/Main: Suhrkamp, 1951, s 43.

17 Ibid, s 80.

18 Said, Edward W.: Reflections on Exile and Other Essays. Harvard University Press, 2001 s 179.

19 Ricoeur, Paul: Das Selbst als ein Anderer. München: Fink, 1996, s 64.

توێژینەوەی وەرگێڕدراو

# ئایندەناسی

# سیاسەتی کۆچبەری و
## کاریگەرییە هەمەلایەنە ئابوورییەکانی
## لە خولی دووەمی سەرۆکایەتیی «ترەمپ»دا


**نووسەران**

وێندی ئیدێلبێرگ **(grebledE ydneW)**، توێژەرێکی باڵای توێژینەوەی ئابوورییە لە دامەزراوەی بروکینگز. لە ساڵی ٠٢٠٢ تا مانگی ئازاری ٥٢٠٢ وەک بەڕێوەبەری پڕۆژەی هامیلتۆن لە بروکینگز کاری کردووە. هەروەها بەڕێوەبەری قوتابخانەی «srosivdA cexE tseW»ە.

**ستان ڤۆیگەر (regueV natS)**، توێژەرێکی باڵایە لە توێژینەوەی سیاسەتی ئابووری لە «IEA»، سەرنووسەری دیدگا ئابوورییەکانی «IEA»یە و ئەندامی سەنتەری دەرفەت و جووڵەی کۆمەڵایەتیی «IEA»ە. هەروەها ئەندامی سەنتەری ئەمەریکیی توێژینەوەی سیاسیی زانکۆی هارڤەردە و توێژەرە لە قوتابخانەی «EI» بۆ سیاسەت و ئابووری و کاروباری جیهانی.

**تارا واتسن (nostaW araT)**، بەڕێوەبەری سەنتەری ئاسایش و دەرفەتی ئابوورییە و توێژەری باڵایە لە توێژینەوەی ئابووری لە دامەزراوەی بروکینگز. نووسەری کتێبی سنووری ناوەوە: ئابووریی کۆچبەری لە سەردەمی ترسدا (١٢٠٢)ە، کە کاریگەرییە ئابوورییەکانی کۆچبەری دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە.



**وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: بەهرە مەهدی**

سەرچاوە: ماڵپەڕی etutitsnI esirpretnE naciremA

لینک: -ycilop-noitargimmi/troper/stcudorp-hcraeser/gro.iea.www//:sptth
/noitartsinimda-pmurt-dnoces-eht-ni-stceffe-cimonoceorcam-sti-dna

## بەرایی

لێرەدا هەڵسەنگاندن دەکەین بۆ کاریگەریی گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکانی سیاسەتی کۆچبەری لە سەر ئابووریی هەمەلایەنە (Macroeconomic) لە خولی دووەمی سەرۆکایەتیی ترەمپدا. پێشبینییەکانمان ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی ڕۆیشتووان و هاتووان لە ساڵی ٢٠٢٥دا ؛ (٥٢٥,٠٠٠) (ڕۆیشتوو) (١١٥,٠٠٠) (هاتوو) دەبێت، کە دەکاتە دابەزینێکی بەرچاوی هاتن و کەمێک بەرزیی ڕۆیشتن. کۆچکردن بە گشتی لە ساڵی ٢٠٢٦دا زیاتر ڕوو لە دابەزین دەکات و پاشان لە ساڵی ٢٠٢٧ و ٢٠٢٨دا بەرەو باشبوون دەچێت. پێشبینی دەکرێت ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی بە ڕێژەی (٠.٣-٠.٤) لە ساڵی ٢٠٢٥دا دابەزێنن و فشارێکی بەرچاو لە سەر هێزی کار و دامەزراندن دروست بکەن. لە ساڵانی داهاتوودا بۆی هەیە زیادکردنی مووچەی مانگانەی دامەزراندن ڕابگیرێت و تەنانەت بۆی هەیە بەرەو کەمبوونەوە بچێت.

لە کانوونی دووەمدا پشتمان بەست بە شیکاریکردن بۆ لێدوانەکانی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا و هەروەها ئەو ڕێوشوێنانەی گیرانە بەر لە کابینەی یەکەمی حکومڕانییەکەیدا، لەو ڕێگەیەوە هەوڵمان دا هەردوو سیناریۆی بەرزبوونەوەی یان نزمبوونەوەی ڕەوشی کۆچکردن لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٥ تا ٢٠٢٨دا هەڵبسەنگێنین (Edelberg et al., 2024). بۆ نموونە؛ پێشبینی دەکەین کە کۆچکردن بۆ دەرەوە یان ناوەوە لە ساڵی ٢٠٢٥دا لە (٦٥٠،٠٠٠) (ڕۆیشتوو)، (١،٣) ملیۆن (هاتوو) دەبێت.

ئێستا ئێمە خاوەنی زانیاریی نوێترین دەربارەی سیاسەتی ڕاستەقینەی حکومەت بۆ کۆچکردن کە دەتوانین وێنەیەکی ڕوونتر لە ئەولەویەتەکانی نیشان بدەین. لەم شیکارییەدا پێداچوونەوە بۆ کۆمەڵێک سیناریۆ دەکەین و لە کاریگەرییە ئابوورییە هەمەلایەنەکان دەکۆڵینەوە. پێشبینییەکانمان بۆ ڕێژەی هاتن و چوون لە ساڵی ٢٠٢٥دا دەکەونە مەودایەکی تەسکترەوە، بە نزیکەیی لە (٥٢٥,٠٠٠) (ڕۆیشتوو)، (١١٥,٠٠٠) (هاتوو) کە دەکاتە کەمبوونەوەی هاتووان بە ڕێژەیەکی بەرچاو و زیادبوونی دەرچوون تا ڕادەیەک بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو. لە پاڵ ئەگەرێکی کەمیی هاتن لەم مەودایەدا، هێشتا کەمیی هاتن و زۆریی ڕۆیشتن بە ئەگەرێکی زیاتر دەزانین. پێشبینی دەکرێت

ئەم گۆڕانکارییانە گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی بە ڕێژەی (٠،٣) بۆ (٠،٤) لە ساڵی ٢٠٢٥دا دابەزێنن.

لەو ماوەی سەرۆکایەتییەی کە ترەمپ ماویەتی، سەختە هەندێ پێشبینی بکەین، زۆربەی شتەکان بە نادڵنیایی دەمێننەوە. لەو بڕوایەداین کە کۆچ بە گشتی ڕەنگە لە ساڵی ٢٠٢٦دا لە ساڵی (٢٠٢٥)یش کەمتر بێتەوە، پاشان لە ساڵانی ٢٠٢٧ و ٢٠٢٨ دا دەست بە بووژانەوە بکات، دوای ئەوەی کاریگەرییە نەرێنییە ئابووری و سیاسییەکانی دەردەکەون.

کەمبوونەوەی دیاردەی کۆچ فشارێکی بەرچاو دەخاتە سەر دابەزینی هێزی کار و ڕێژەی دامەزراندن. زۆربوونی دامەزراندن وەک ئاستێکی گەشەکردن پێناسە دەکرێت کاتێک بازاڕی کار بە شێوەیەکی بەردەوام هەلی دامەزراندن دەڕەخسێنێت. ئەمە لە کاتێکدایە پێشبینی دەکرێت لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٢٥دا تەنها دە هەزار بۆ چل هەزار هەلی کار لە مانگێکدا هەبێت (بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٤ کە ١٤٠،٠٠٠بۆ ١٨٠،٠٠٠ هەلی کار هەبووە). تەنانەت ئەگەری ئەوەش هەیە لە نیوەی کۆتایی خولی سەرۆکایەتیی ترەمپدا زۆر کەس کارەکانیان لەدەست بدەن.

### کۆچکردن لە ٢٠٢٥دا (هاتووان)

ئێمە سەرجەم کۆچبەرانی هاتوو بۆ پێنج پۆل دابەش دەکەین: ئەوانەی لە دەرەوە دێن و بۆ هەمیشە بە یاسایی نیشتەجێ دەبن (LPR، یان کاردی سەوز)، ئەوانەی ڤیزای کاتیی ئاسایی وەردەگرن بۆ خوێندن یان کارکردن، ئەوانەی پرۆگرامی فەرمیی پەنابەران دەیانگرێتەوە، کۆچبەرانی «قبووڵنەکراو» کە لە ڕێگەی ڕێکخراوە مرۆییەکانەوە بە دەمی قبووڵیان وەرگرتووە، بەڵام بە فەرمی دانیان پێدا نەنراوە، دواتر ئاگادار دەکرێنەوە بۆ ئامادەبوون لە دادگای کۆچبەری، کۆتا دانەش هاتنەژوورەوە بە ڕێگەی نایاسایی و بێ تێپەڕبوون بە خاڵی پشکنین.

کۆنگرێس ژمارەی ساڵانەی کاردی سەوز سنووردار دەکات کە ڤیزایەکی تایبەتە بە خێزان یان هەلی کار، بەڵام وەرگرتنی ڤیزا بۆ هێنانی خێزانی پلە یەک ئەم سنووردارکردنە نایگرێتەوە. بە شێوەیەکی ئاسایی دەرکردنی ‹‹LPR›› (کە جۆرێکە لە نیشتەجێی هەمیشەیی) بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین، ساڵانە لە نێوان

(٥٠٠،٠٠٠) بۆ (٧٠٠،٠٠٠)دایە، کەمترینی ئەم ڕێژەیە لە ماوەی خولی یەکەمی ترەمپدا ڕووی دا. پێشبینیی بەربەستی زیاتر دەکەین لە ڤیزای نیشتەجێی هەمیشەیی (LPR)، ئەگەری ئەوە دەکەین بە لایەنی کەمەوە نزم بێتەوە بۆ (٤٩٠،٠٠٠) و لە حالەتی زۆر بەرزیشدا بگاتە (٥٢٠،٠٠٠) لە ساڵێکدا، لە کاتێدا لە ساڵی ٢٠٢٤دا نزیکەی (٦٧٠،٠٠٠) هەزار بووە.

ئەمەریکا ساڵانە ملیۆنان کەس بە ڤیزای کاتی وەردەگرێت، لەوانەش ڤیزای خوێندکار و ڤیزای کاتی کارکردن وەک «H-1B» و «H-2A». پێشبینی دەکەین پێدانی ئەم ڤیزایانە لە ئاستی ئاسایی کەمتر ببنەوە، چونکە داواکاری و مەرجەکانیان لە خوێندکاراندا چڕ کردووەتەوە، گەشتکردنیان لێ قەدەغە دەکەن و بەربەستی نوێ دەهێننە ڕێگەیان. پێمان وایە ڤیزای کاتی کەم بکات و ڕێژەکەی لە نێوان ٢٣٠ بۆ ٤٢٠دا بێت، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٢٤دا نزیکەی ٢،١٦٥ ملیۆن ڤیزای کاتی دەرچووە.

دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەسەڵاتی بەسەر ژمارەی ئەو پەنابەرانەدا هەیە کە لە ڕێگەی پرۆگرامی وەرگرتنی پەنابەرانی ئەمەریکاوە وەرگیراون، کە بە شێوەیەکی ئاسایی دەیان هەزار کەس لەخۆ دەگرێت. ئیدارەی ئێستا بەرنامەکەی وەستاندووە، هەر چەندە ئاماژەی بەوە کردووە کە ئامادەیە بۆ وەرگرتنی سپیپێستەکانی ئەفەریقای باشوور. بڕیارەکانی دادگا ڕەنگە ناچاریان بکات هەندێک کەس وەربگرن کە پێش ٢٠ی مانگی یەکی ٢٠٢٥ پەسەند کراون بۆ وەرگرتنیان وەک پەنابەر. مەزەندەی ئێمە بۆ کۆچی پەنابەران لە ساڵەکەدا لە نێوان ٧ بۆ ٢٠ هەزاردایە، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٢٤دا نزیکەی ١٠٦ هەزار بووە.

لە سەردەمی ئیدارەی بایدندا ملیۆنان کۆچبەر خۆیان ڕادەست دەکرد لە سەر سنوورەکان یان لە نێوان بەندەرەکانی هاتنەژوورەوە بە درێژایی سنووری باشوور، زۆربەیان ڕێگەیان پێ دەدرا بە مەرجی کاتی یان بە ئاگادارییەک بۆ ئامادەبوونیان لە دادگای کۆچبەران بچنە ژوورەوە. سەرەڕای ئەوەش، بۆ ڕێکوپێککردنی پرۆسەکە، ئیدارەکە بەرنامەیەکی مرۆیی دانا بۆ نیشتەجێکردنی کاتیی هاوڵاتیی وڵاتانی وەک کوبا، هایتی، نیکاراگوا، ئۆکراین و ڤەنزوێلا، کە پێگەی کاتیی بەخشی. هەر چەندە پرۆسەکە لە هاوینی ساڵی (٢٠٢٤)ەوە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، بەڵام

هێشتا ژمارەی هاتووان لە ساڵی ٢٠٢٤دا؛ (١،٣) ملیۆنی تێپەڕاندووە. ئیدارەی ترەمپ بە فەرمی بەرنامە مرۆییەکەی کۆتایی پێ هێنا و سنوورەکانی توندوتۆڵ کردووەتەوە. پێشبینی دەکەین ئەم ڕێژەیە ببێتە ٦٠ هەزار یان کەمتر بۆ ساڵی ٢٠٢٥. هەروەها لامان وایە ژمارەی هاتووان بە ڕێگەی نایاسایی و بە بێ پشکنینی سنوور ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات بە هۆی زیادبوونی ژمارەی سەرباز لە سنوورەکان و کەمبوونەوەی خواست لە سەر ئەمەریکا لە لایەن کۆچکەرانەوە وەک شوێنێکی شیاو بۆ ژیان.

بە شێوەیەکی گشتی بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکان لە سنوورەکان و سیستمی کۆچی ئاساییدا، دەتوانین پێشبینیی ئەوە بکەین کە لە ٢٠٢٥دا (٢،٤٧) بۆ (٢،٧٦) ملیۆن کەس کەمتر دێنە ئەمەریکاوە بە بەراورد بە ٢٠٢٤.

**کۆچ لە ٢٠٢٥دا (ڕۆیشتووان)**

ساڵانە بەشێک لە دانیشتووان کە لەدایکبووی دەرەوەی وڵاتن، لەگەڵ خانەنشینبوونیان یان بەسەرچوونی ڤیزای کاتییان، یاخود بە هەر هۆکارێکی تر جێهێشتنی وڵاتەکە هەڵدەبژێرن، ئەمانەش بە هەمان شێوە بە کۆچکردنی ڕۆیشتوو هەژمار دەکرێن.

لە پاڵ ئەوەشدا سیاسەتەکانی ئێستا کاریگەرییان لە سەر ڕێژەی کۆچکردن بۆ دەرەوە هەیە. بۆ نموونە؛ ترەمپ بەڵێنی داوە هەڵمەتی ناردنەوەی بەکۆمەڵ دەست پێ بکات و ڕێوشوێن دەگرێتە بەر بۆ دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵک. هەر چەندە ئاماری متمانەپێکراو بە ئاشکرا بڵاو نەکراوەتەوە و بە پێی زانیارییەکان ژمارەکە نەگەیشتووە بەوەی کە حکومەت مەبەستیەتی، بەڵام پێشبینیی دەکەین ڕێژەی ناردنەوە لە نیوەی دووەمی ساڵدا بەرزتر ببێتەوە. ژمارەی نێردراوەکان بەشێکی بەندە بەوەی کە حکومەت تا چەند بەردەوامە لە پشتگوێخستنی پرۆسەی یاسایی پاراستن؟ تا چ ڕادەیەک سەرچاوەکان لە دەزگا فیدراڵییەکانی تری وەک سەربازی و جێبەجێکردنی یاسای ناوخۆیی ڕێک دەخرێنەوە؟ تا چ ڕادەیەک حکومەت دەتوانێت پشتگوێی هەموو یاساکان بخات کە لە مێژە ڕێگر بوون لە ناردنەوەی پەنابەران؟ هەروەها حکومەت چەندە خێرا دەتوانێت بودجەی نوێ تەرخان بکات بۆ پرۆژەیاسای ئاشتەوایی، ئەگەر ببێتە یاسا؟

لە پاڵ ناردنەوەی زۆرەملێدا، حکومەت هانی پەنابەران دەدات کە بە خواستی خۆیان وڵاتەکە بەجێ بهێڵن و جێهێشتنەکەیان بۆ ئاسان دەکات. لە هەمان کاتدا هەبوونی ترس و دڵەڕاوکێ و جووڵانەوەکانی دژی پەنابەران؛ پرۆسەی جێهێشتنەکە خێراتر دەکەن وەک لەوەی چاوەڕێ دەکرێت، بەوانەشەوە کە تا ئێستا بێ وەڵام ماونەتەوە و دانیان پێدا نەنراوە، تەنانەت ئەوانەش کە خاوەنی بەڵگەی یاسایین بۆ مانەوە. لاوازبوونی هەلی کار بە هۆی سیاسەتە بازرگانییەکانی حکومەتەوە، وا دەکات ژمارەی ڕۆیشتووان بەرز بێتەوە.

بە گشتی پێشبینی دەکەین ژمارەکە لە نێوان (٦٧٥،٠٠٠) بۆ (١،٠٢٠،٠٠٠) کۆچی دەرەوەدا بێت، ئاستەکە بەرزترە لە ساڵی ٢٠٢٥دا لە ڕێژەی ئاسایی کۆچکردنی دەرەوە کە وڵات بەجێ دەهێڵن، کە پێک هاتووە لە تێکەڵەیەک لە ناردنەوەی زۆرەملێ و جێهێشتنی خۆویستانە لە ئەنجامی ناردنەوەی زۆرەملێ و جێهێشتنی خۆویستانە.

**وێنەی یەکەم**

**دوو سیناریۆی کۆچکردن لە ساڵی ٢٠٢٥دا**



## پێشبینیەکانی ڕەوشی کۆچ لە ٢٠٢٥ تا ٢٠٣٥

وەک لە وێنەی یەکەمدا دیارە، پێشبینییەکانمان بۆ هاتن و چوون لە ساڵی ٢٠٢٥دا بە نزیکەی (١١٥،٠٠٠) هاتن، (٥٢٥،٠٠٠) ڕۆشتوودایە. بەرزترینی ئەم ژمارەیە کاتێک ڕوو دەدات کە حکومەت لە نیوەی کۆتایی ساڵدا نەتوانێت بگات بە ئامانجەکانی لە ناردنەوەی کۆچبەران و سنووردارکردنی کۆچکردنی ئاسایی بۆ مانەوەی کاتی. بەڵام ئێمە پێمان وایە دیپۆرتکردنەوەکان ڕوو لە زیادبوون دەکەن، کۆچی خۆویستانەش بۆ جێهێشتن زیاتر دەبێت، هەروەها ئەگەری زۆری خراپبوونی بارودۆخی کۆچبەران هەیە و ژمارەی ڤیزا کاتییەکانی وەک ڤیزای خوێندکاران بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە. لە ئەنجامدا پێشبینی دەکەین لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥دا ژمارەی هاتووان و ڕۆشتووانی ئەمەریکا وەک یەک بێت یان تەنانەت دەرچوون بەرزتر بێت لە هاتن.

هەر چەندە ناتوانین پێشبینییەکی ورد بکەین بۆ ڕەوشی کۆچ بۆ ساڵانی ٢٠٢٨ تا ٢٠٢٨، بەڵام پێشبینی دەکەین پرۆسەی دیپۆرتکردنەوە چڕتر بکرێتەوە لە کۆتاییەکانی ٢٠٢٦دا، کە دەبێتە هۆی دەرچوونی زیاتر. لە هەمان کاتدا کەمبوونەوەی ژمارەی هاتن کە هەر لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٤دا دەستی پێ کردووە. پێشبینیی ئێمە بۆ کۆچکردن بە گشتی لە ساڵی ٢٠٢٦دا، (٧٣٥,٠٠٠) ڕۆیشتوو، (٥٠٧,٠٠٠) هاتوو دەبێت. لە دوای ساڵی ٢٠٢٦، پێشبینی دەکەین کاردانەوە سیاسی و ئابوورییەکان سیاسەتی کۆچبەری هاوسەنگ بکەن، کۆچکردن وردە وردە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوتە تایبەتییەکەی خۆی. هەر چەندە ئەگەری ئەوەش هەیە کە کۆچبەری بە درێژایی خولی دووەمی ترەمپ بە نەرێنی بمێنێتەوە، بەڵام گریمانەی ئەوە دەکەین لە ساڵانی ٢٠٢٧ و ٢٠٢٨دا جارێکی دیکە ئەرێنی ببێتەوە.

لێکۆڵینەوەکە وا گریمانە دەکات کە تا ساڵی ٢٠٢٩ سیاسەتی کۆچبەری بە تەواوی دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتە مێژووییە ئاساییەکەی خۆی. پێشبینی دەکرێت کۆچکردن لە ساڵی ٢.٢٩ دا بۆ ١،٥٩ ملیۆن بۆ ١،٨٠ ملیۆن بێت. ئەوەی جێگای سەرنجە بەرزترین ژمارەی هاتن لە ساڵی ٢٠٢٩دا ڕوو دەدات لە دوای دەستبەکاربوونی ترەمپەوە، بەو پێیەی هاتنەژوورەوە دەگەڕێتەوە باری ئاسایی لە کاتێکدا نەبوونی هاتنی ئەم دواییە هاتنی دەرەوە کەم دەکاتەوە. بۆ ساڵی ٢٠٣٠ تا ٢٠٣٤، پێشبینی دەکەین کۆچکردن لە

نێوان ١،٣٦ ملیۆن و ١،٦٥ ملیۆندا بێت. وردە وردە دادەبەزێتەوە بۆ نزیکەی ١،٤ ملیۆن، کە ئەمە ڕێژەیەکی ئاساییە.

گرنگە دان بەوەدا بنێین کە پێشبینیکردن بۆ کۆچ لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٩ تا ٢٠٣٤دا کارێکی ئاسان نییە. تەنانەت ئەگەر ڕەوشە سیاسییەکەش ئاسایی بێتەوە، ڕەنگە ئەمەریکا چیتر کێبڕکێی جیهانیی پێ نەکرێت لە بواری تەکنەلۆژیا و خوێندنی باڵادا. لەو حاڵەتەدا لەوانەیە ئەمەریکا چیتر خواستی زانایانی بواری زانست، ئەندازیاران و خوێندکاران نەبێت بۆ ئەوەی کۆچی بۆ بکەن. لە بریی ئەمەریکا، ئەورووپا یان ناوچەکانی دیکە هەڵبژاردەی یەکەمیان بێت. بە هەمان شێوە ڕەنگە کۆمپانیاکان کەمتر مەیلیان هەبێت بۆ وەبەرهێنان لە ناوچەکەدا، توانای بەرهەمهێنانی ئەمەریکا کەم دەبێتەوە بە هۆی کەمیی هێزی کار و سیاسەتەکانی دیکەی سەردەمی ترەمپ، لێکەوتەکانیشی تا ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوام دەبن. بەڵام لێرەدا ئێمە هەوڵمان نەداوە ئەم گۆڕانکارییانە بەو وردەکارییانەوە وێنا بکەین.

## کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی کۆچ لە سەر ئابووریی هەمەلایەنە

بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی کۆچبەری لە سەر هێزی کار، سەرەتا دەست دەکەین بە دیاریکردنی کاریگەرییەکان لە سەر دانیشتووانە مەدەنییە ئاساییە سەروو ١٦ ساڵەکان (سەرباز، زیندانییان، ئەوانەی ژیانیان لە نەخۆشخانە یان خانەی بەساڵاچووان بەسەر دەبەن ناگرێتەوە). بە هەمان شێوەی کارەکانی پێشوومان، ڕاپرسیی کۆمەڵگەی ئەمەریکی و ڕاپرسیی دانیشتووانی ئێستا بەکار دەهێنین بۆ خەمڵاندنی پشکی کۆچبەران کە بەشێکن لە دانیشتووان (Edelberg et al., ٢٠٢٤). لە وێنەی دووەمدا خەمڵاندنی ئەگەرەکانی بەرزترین و نزمترین کۆچکردن کامانەن و چ کاریگەرییەکیان دەبێت لە سەر دانیشتووانی مەدەنیی سەروو ١٦ ساڵ لە ساڵی ٢٠٢٥ تا ٢٠٢٨دا. لە نزمترین ئەگەردا، دانیشتووانی سەروو ١٦ تا ساڵی ٢٠٢٨ بە ڕێژەی 1.5 ملیۆن کەم دەبێتەوە، بەڵام لە ئەگەری زۆر بەرزبوونەوەدا دەگاتە ٢،٢ ملیۆن.

هەمان شێوازی بەکارهێنراوی کارەکانی پێشوو بەکار دەهێنین بۆ خەمڵاندنی ئەوەی کە ئەم حاڵەتانەی کۆچکردن بە گشتی کاریگەرییان لە سەر ژمارە و گەشەی


هێزی کار هەیە (Edelberg and Watson, 2024). بە تایبەتی ڕاپرسیی کۆمەڵگەی ئەمەریکی بەکار دەهێنین بۆ زانینی ئەوەی کە کۆچبەرە تازە هاتووەکان چەند خێرا دەگەنە ڕێژەی بەشداریی درێژخایەن لە هێزی کار، کە لە کۆتاییدا لە سەددا ٧٦دا جێگیر دەبێت. بەو پێیەی ئەم دەستکارییە لە ماوەی چەند ساڵێکدا ڕوو دەدات، پێشبینی دەکرێت هاتنەناوەوەی کۆچبەران لە ساڵێکدا کاریگەریی درێژخایەنی هەبێت لە گەشەی هێزی کار لە چەندین ساڵی دواتردا. بەم شێوەیە ئێمە لە هەردوو حاڵەتەکەدا زۆربوون یان کەمبوونی دانیشووان، ڕێژەی ئەو ژمارە کرێکارە زیادانەی کە بەشوێن هەلی کارەوەن؛ دەدۆزینەوە.

خێراتربوونی گەشەی دامەزراندن دەبێتە هۆی گەشەی هێزی کار، چونکە بازاڕ جموجوڵی تێ دەکەوێت و بە شێوەیەکی بەردەوام هەلی دامەزراندنی نوێ دەڕەخسێنێت. سەردەمی پێش کۆرۆنا، زۆربەی پێشبینیکەران هاوڕا بوون لە سەر گەشەی مانگانەی بەردەوامی دامەزراندن، کە هاوتەریبە لەگەڵ گەشەی پێشبینیکراوی دانیشتووان و گۆڕانکاری لە ڕەخساندنی هێزی کاردا. ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠٢٢دا لە نێوان ٦٠ هەزار بۆ ١٤٠ هەزار کەس دەبێت، لە ساڵی ٢٠٢٤دا ٦٠ هەزار بۆ ١٠٠ هەزار کەس کەم دەبێتەوە و لەگەڵیشیدا خانەنشینکردن بەردەوامە. ئەم زانیارییانە لە ڕیزی یەکەمی خشتەی یەکەمدا خراونەتە ڕوو.

ڕیزی دووەمی خشتەی یەکەم خەمڵاندنی ئێمە بۆ ئەگەرەکانی گەشەی دامەزراندن دوای ئەوەی گۆڕانکاریی بەرچاو کرا لە ڕەوشی کۆچبەری لە ساڵانی نێوان ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٤، دواتر سیناریۆی بەرزبوونەوەی بۆ ئێستا و داهاتوو. هەروەها ئاماژە دەکەین بە ئەگەری بەرزبوونەوەی دامەزراندن بۆ ساڵی ٢٠٢٢ تا ٢٠٢٤، کە پێداچوونەوەیەکە بە کارەکانی پێشووترماندا و دەڕوانینە ڕەوشی کۆچکردن لە ساڵی (٢٠٢١)ەوە (Edelberg and Watson ٢٠٢٤) . گەشەی دامەزراندن بۆ ساڵی ٢٠٢٥ تا ٢٠٢٨، پەیوەستە بە زیاد و کەمبوونی کۆچبەری و هەروەها ڕێژەی پارەی هاتوو و ڕۆیشتوو هەر لە سەرەتای (٢٠٢٥)ەوە.

**وێنەی دووەم**

**زیادبوونی دانیشتووانی مەدەنیی ئاسایی لە مانگی یەکی ٢٠٢٥دا لە ئەگەری هەردوو سیناریۆی کۆچبەریدا:**




لە بەرزترین گریمانەدا پێشبینیی ئەوە دەکەین لە ساڵی ٢٠٢٥دا بازاڕی کار دەتوانێت ڕێژەی کارکردن ٦٠ بۆ ٩٠ هەزار زیاد بکات بە بێ زیادکردنی مووچە و هەڵاوسانی نرخ لە سەرووی ئامانجی بانکی فیدراڵییەوە.

ئەم ڕێژەیەی ساڵی ٢٠٢٥ هەمان ئەو ڕێژەیە کە پێش کۆرۆنا و گۆڕانکارییە گەورەکانی کۆچبەری پێشبینی دەکرا. بەڵام هێشتا ژمارەی دامەزراندن بۆ ساڵی ٢٠٢٥ کەمتر دەبێت لە ساڵی ٢٠٢٤ کە بە خەمڵاندنی ئێمە لە نێوان ١٤٠،٠٠٠ بۆ ١٨٠،٠٠٠دا بوو. بۆ ساڵی ٢٠٢٦ تا ٢٠٢٨، گەشەی دامەزراندن لە حاڵەتی زۆر بەرزی کۆچکردندا نزیک دەبێت لە پێشبینییەکانی پێشووترمان.

لە سێیەم ڕیزی خشتەی یەکەمدا خەمڵاندنەکانمان لە نزمترین گریمانەدا دەخەینە ڕوو. لەم حاڵەتەدا پێشبینی دەکەین کە بازاڕی کار لە ساڵی ٢٠٢٥دا دەتوانێت هاوکار بێت لە گەشەی دامەزراندن بە ڕێژەی ٤٠ هەزار بۆ ٧٠ هەزار کەس، کە پێشبیبی دەکرێت کەمتر بێت لە ڕێژەی پێش کۆرۆنا. بە تێپەڕبوونی کات؛ ڕێژەکە لە پێشبینییەکانماندا بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات، چونکە کەمبوونەوەی کۆچ بەرەو ناوەوەی وڵاتەکە بارگرانییەکی قورستر دەخاتە سەر گەشەی هێزی کار. بۆ نموونە؛ تا ساڵی ٢٠٢٨، گەشەی دامەزراندن لە دابەزینی مانگانەی ١٠ هەزار هەلی کارەوە دەبێتە زیادبوونی ٣٠ هەزار هەلی کار.

لەبەر ئەوەی کۆچکردن لە ساڵی (٢٠٢٤)ەوە بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە و پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠٢٥دا لە ژێر هەردوو سیناریۆی بەرز و نزمدا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزین بەخۆیەوە ببینێت، گۆڕانکارییە گرنگەکان لە ساڵی ٢٠٢٥دا وا دەکەن خەمڵاندنمان بۆ ئەگەری زیادبوونی دامەزراندن لە ساڵەکەدا کەمێک ناڕوون بن. لە خشتەی دووەمدا خەمڵاندنەکانمان کردووە بۆ ئەگەری زیادبوونی دامەزراندن بۆ نیوەی یەکەم و دووەمی ساڵی ٢٠٢٥، کە پەیوەستە بە زیاد و کەمبوونی ڕێژەی کۆچکردنەوە لە هەردوو ساڵی ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥.

دوو ڕیزی سەرەتای خشتەی دووەم ڕێژەی زیادبوونی کارکردنی کۆچبەران نیشان دەدەن لەم ساڵانەی دواییدا.

ڕیزی یەکەمی خشتەی دووەم سیناریۆی ئەگەری زۆر زیادبوونی دامەزراندن نیشان دەدات. لە سیناریۆی بەرزدا ئەگەری دامەزراندن لە مانگێکدا لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥ لە نێوان ٨٠ هەزار بۆ ١١٠ هەزار و لە نیوەی دووەمدا لە ٦٠ هەزار بۆ ٩٠ هەزار دەبێت. ڕیزی دووەم سیناریۆی نزم ڕوون دەکاتەوە، لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥دا ڕێژەکەی ٨٠ بۆ ١١٠ هەزار و لە نیوەی دووەمدا ٤٠ بۆ ٧٠ هەزار دەبێت. بەڵام لە نزمیی سیناریۆکەدا وای بۆ دەچین کە گەشەی مانگانەی دامەزراندن لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٢٥دا؛ ٤٠ هەزار کەمتر بێت لە نیوەی یەکەم.

## خشتەی یەکەم

| | 2022 | 2023 | 2024 | 2025 | 2026 | 2027 | 2028 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Range of Pre-Pandemic Estimates | 60,000–140,000 | 60,000–130,000 | 60,000–100,000 | 60,000–90,000 | 50,000–90,000 | 50,000–90,000 | 50,000–90,000 |
| Range Adjusted to Account for Unexpected Trends in Immigration | | | | | | | |
| Under High Immigration Estimates Beginning in 2025 | 120,000–200,000 | 140,000–210,000 | 140,000–180,000 | 60,000–90,000 | 40,000–80,000 | 40,000–80,000 | 50,000–90,000 |
| Under Low Immigration Estimates Beginning in 2025 | 120,000–200,000 | 140,000–210,000 | 140,000–180,000 | 40,000–70,000 | 0–40,000 | -10,000–30,000 | -10,000–30,000 |

ڕیزەکانی خوارەوەی خشتەی (٢) ئاماژە بە زیادبوونی خێرای ڕێژەی کارکردن دەکات لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥ لە نێو کۆچبەرانی ئەم دواییانەدا. زۆربوونی داواکارییەکانی مۆڵەتی کارکردن لە مانگی یەک تا مانگی چواری ٢٠٢٥، ئاماژەیە بۆ زیادبوونی ئارەزووی کارکردن لە ناو ئەو کۆچبەرانەی توانای کارکردنیان هەیە، وەک لە وێنەی (٣)دا نیشان دراوە. پێویستە دان بەوەشدا بنێین کە وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردنی کۆچبەران بە بەراورد بەو خواستە زۆرەی کارکردنیان؛ بە پێی پێویست نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە پاڵ زۆربوونی داواکاری بۆ کارکردن سەرەڕای کەمبوونەوەی بەرچاوی کۆچ لە هاوینی (٢٠٢٤)ەوە، زۆرێک لە کۆچبەرانی ئەم دواییە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی دامەزراندنیان لە کەرتە حکومییەکاندا دەکەن دوای دەستبەکاربوونی ترەمپەوە لە مانگی یەکەمی ٢٠٢٥.

دەمانەوێت بزانین تا چ ڕادەیەک زیادبوونی ئارەزووی کارکردن لە نێوان کۆچبەرانی ئەم دواییەدا کاریگەریی هەیە لە سەر گەشەی دامەزراندن لە ساڵی ٢٠٢٥. وای دادەنێین کە کۆچبەرەکانی ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٤؛ ڕێژەی کارکردنیان لە نیوەی یەکەمی ٢٠٢٥دا لە سەددا ٧٦ بووە، ئەمەش ڕێژەی دامەزراندن لە نیوەی یەکەمی ساڵدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەکاتەوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەری گەشەسەندن لە نیوەی دووەمی ساڵدا کەم دەبێتەوە، بەو پێیەی ڕێژەی کارکردنی کۆچبەری ئەم دواییانە لەو ئاستە بەرزەدا نەبووە.

ڕیزی سێیەمی خشتەی (٢)؛ ئەگەری دامەزراندن لە سیناریۆی بەرزدا دەخاتە ڕوو، کە ڕەنگدەرەوەی بەرزبوونەوەی هێزی کارە لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥دا. لەم سیناریۆیەدا مەودای کارکردن لە نێوان (٢١٠،٠٠٠) بۆ (٢٤٠،٠٠٠) دەبێت بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥. لە نیوەی دووەمدا ڕێژەکە لە نێوان (٣٠،٠٠٠) بۆ (٦٠،٠٠٠)دا دەبێت. ڕیزی چوارەم سیناریۆی زۆر نزم ڕوون دەکاتەوە، (٢٠٠،٠٠٠) بۆ (٢٣٠،٠٠٠) لە نیوەی یەکەمی ٢٠٢٥ و (١٠،٠٠٠) بۆ (٤٠،٠٠٠) لە نیوەی دووەمی ساڵدا. بە واتایەکی تر: بەرزیی خواستی کارکردنی کۆچکردووانی ئەم دواییانە لە نیوەی یەکەمی ساڵدا، ڕێژەی دامەزراندن لە نیوەی یەکەمدا بەرز دەکاتەوە، بەڵام لە نیوەی دووەمی ساڵدا ڕێژەکە دادەبەزێنێت.

## خشتەی دووەم

| | First Half | Second Half |
|---|---|---|
| Assuming Typical Trends in Immigrant Labor Force Participation | | |
| Under High Immigration Projections | 80,000–110,000 | 60,000–90,000 |
| Under Low Immigration Projections | 80,000–110,000 | 40,000–70,000 |
| Assuming Recent Immigrants Quickly Ramp Up Labor Force Participation in Early 2025 | | |
| Under High Immigration Projections | 210,000–240,000 | 30,000–60,000 |
| Under Low Immigration Projections | 200,000–230,000 | 10,000–40,000 |

لە مانگی یەک تا مانگی پێنجی ٢٠٢٥، گەشەی مانگانەی دامەزراندن بە تێکڕا ١٢٤ هەزار بووە. گەشەی ڕاستەقینەی دامەزراندن لە هەریەک لەم مانگانەدا لەوانەیە لە سەروو یان لە خواری گەشەی پێشبینیکراوەوە بێت. بە پێی ئامارە مێژووییەکان، بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی ڕاستەقینەی دامەزراندن؛ بازاڕی کاریش گەرموگوڕتر دەبێت، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی زۆربوونی داهات و بەرزبوونەوەی نرخەکان. بە کەمبوونەوەی ڕاستەقینەی دامەزراندنیش، بازاڕی کاریش لاواز دەبێت و بە شوێنیشیدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی داهات و دابەزینی نرخ.

هەروەک شیکارییەکانی پێشووترمان، ئاماژە دەکەین بە کەمبوونەوەی بەرچاوی کۆچبەری لە ساڵی ٢٠٢٤دا و کاریگەرییەکانی لە سەر گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی لە ساڵی ٢٠٢٥دا. لە خشتەی (٣)دا ئەو هۆکارانە باس کراون کە کاریگەرییان هەیە لە سەر گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی ڕاستەقینە لە ساڵی ٢٠٢٥دا. لەبەر کەمبوونەوەی کۆچکردن لە هەردوو ساڵی ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥دا لە ناو دانیشتووانی ئاسایی مەدەنیی تەمەن ١٦ ساڵ و سەرووتردا بە ڕێژەی ٢.٢ ملیۆن لە ساڵی ٢٠٢٤دا، هەر بۆیە پێشبینییەکانمان بە نزیککراوەیی لە هەردوو سیناریۆکەدا هاوشێوەن، کاریگەرییە ئابوورییەکانیش بە هەمان شێوە هاوشێوە دەبن. بە گشتی لە سیناریۆی بەرزدا کۆچکردن لە ناو هاوڵاتییانی ئاساییدا لە ٢،١ ملیۆنەوە کەم دەبێتەوە بۆ ١٣٠ هەزار لە


ساڵی ٢٠٢٥دا. لە سیناریۆی نزمدا، لە ٢،٦ ملیۆنەوە کەم دەبێتەوە بۆ ٣٨٠ هەزار لە ساڵی ٢٠٢٥دا. لە ئەگەری زۆر بەرزی کۆچکردندا هێشتا گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی لە سەددا (٠،٣) دادەبەزێنێت بۆ ساڵی ٢٠٢٥ بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٤. لە ئەگەری زۆر کەمی کۆچکردندا حاڵەتەکە لەوەش لاوازتر دەبێت و بەرهەمی ناوخۆیی بە ڕێژەی لە سەددا (٠،٤) دادەبەزێنێت.

ڕیزی یەکی خشتەی (٣)، ئاماژە بە هۆکارە ڕاستەوخۆکان دەکات کە کار لە گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی ڕاستەقینە لە ساڵی ٢٠٢٥دا دەکەن، ئەمەش لە ئەنجامی جیاوازیی بازاڕی کار لە هەردوو سیناریۆکەدا. ڕیزی یەکەم تیشک دەخاتە سەر کەمیی بەرهەمی ناوخۆیی بە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری لە لایەن کۆچبەرانەوە. هەروەها زیانەکانی داهاتی کۆچبەران خەمڵێنراوە بە پێی ئەو پیشە و سکیڵە پێشبینیکراوەی ئەو کۆچبەرانە هەیانە.

ڕیزی دووەمی خشتەی (٣) کاریگەرییە لاوەکییەکانی سەر گەشەی ئابووری دەخاتە ڕوو بە هۆی دابەزینی چاوەڕواننەکراوی خەرجییەکانی بەکاربەرەوە، لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی ڕەوشی کۆچ لە ساڵی ٢٠٢٥دا، کە بە گشتی پێشبینی دەکرێت گۆڕانکاریی چاوەڕواننەکراو لە خەرجییەکانی بەکاربەردا کاریگەریی لە سەر ئابووری هەبێت بە هۆی کەمبوونەوەی خواست لە سەر شمەکی بازرگانەکان. لە بنەڕەتدا ئەگەر بازرگان و خاوەنکارەکان بڕیاریان دا هەلی کار بڕەخسێنن و بەرهەمهێنان بەردەوام بکەن بۆ ساڵی ٢٠٢٥، لەو بڕوایەدا دەبن خواست لە سەر شمەکەکەنیان بە نزیکی هێندەی خواستی ساڵی ٢٠٢٤ بێت. تووشی سەرسوڕمان دەبن کە دەبینن دەرەنجامەکە جیاواز دەبێت، دەستبەجێ گۆڕانکاری لە ستراتیژی بەرهەمهێنانیاندا دەکەن و بە پێی خواستی بازاڕ خۆیان دەگونجێنن. ئەگەر ڕێژەی کۆچ بۆ ٢٠٢٥ سفر بێت (واتە هاتوو و ڕۆیشتوو یەکسان بن و ژمارەی دانیشتووان زیاد یان کەمی نەکردبێت)، ئەوا خاوەنکارەکان ناچارن بەرهەمهێنان سنووردار بکەن یان هەندێ لە کرێکارەکانیان لە ئیشەکانیان دوور بخەنەوە (ئیتر کرێکارەکان لەدایکبووی ئەمەریکا بن یان کۆچبەرانی دانیشتووی ئەمەریکا).

## وێنەی (٣)

## کۆی گشتیی داواکارییەکانی مۆڵەتی کارکردن بۆ ساڵی ٢٠٠٣ تا مانگی چواری ٢٠٢٥




بۆ خەمڵاندنی کاریگەریی سەرەتایی لە سەر خەرجیی بەکاربەر، وای دادەنێین کە بڕی پاشەکەوتکردن لە ناو ئەو کۆچبەرانەی کە دەبووایە لە ساڵی ٢٠٢٥دا لە ئەمەریکا بوونایە، یەکسانە بە بڕی پاشەکەوت لە سەرتاسەری وڵات کە لە سەددا (٤،٤) بووە لە ساڵی ٢٠٢٥دا. لە لایەکەوە بڕی پاشەکەوتکردن لە ناو کۆچبەرانی ئەم دواییانەدا بەرزترە لە دانیشتووانی تر، بە جۆرێک پارە پاشەکەوتکراوەکانیان دەنێرنەوە وڵاتەکەی خۆیان لە جێی ئەوەی لە ناو ئەمەریکادا بە کڕینی شمەک و خزمەتگوزاری خەرجی بکەن. لە لایەکی ترەوە بڕی پاشەکەوتیان نزمترە لە دانیشتووانی ئاسایی ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی لە سەرەتای هاتنیاندا پێویستییان زۆرە و پاشەکەوتی لێ ناکرێت، هەروەها سەرچاوەی داهاتیشیان زۆر سنووردارە، بەشی پاشەکەوت ناکات. لە کۆتاییدا ئێمە بڕی پاشەکەوتی نیشتمانی بەکار دەهێنین و تێبینی دەکەین کە کاریگەرییە خەمڵێنراوەکان لە سەر خەرجییەکانی بەکاربەر بەو ڕادەیەش هەستیار نین بە هەموو گۆڕانکارییەکان لە پێشبینییەکانمان بۆ بڕی پاشەکەوت.

ڕیزی سێیەمی خشتەی (٣)، کاریگەریی زیادبوونی پاشەکەوتی ناچاری لە لایەن کۆچبەرانەوە پیشان دەدات کە ژینگەکە ناچاریان دەکات پاشەکەوتی بکەن، کە لە هەردوو سیناریۆی بەرز و نزمدا ڕاست دەبێت لە ساڵی ٢٠٢٥دا. زیاد لەوەش، ئێمە وای بۆ دەچین کە بڕی پاشەکەوت لە ناو کۆچبەرانی ئەمەریکادا (٨،٠) دەبێت بۆ ساڵی ٢٠٢٥، کە زیاترە لە بڕی ساڵی ٢٠١٩ کە (٤،٤) بووە. ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر ڕێژەی بەرهەمی ناوخۆ لە ٢٠٢٥ دا بە ڕێژەیەکی کەم. بە دڵنیاییەوە ئەگەر بڕی پاشەکەوت بەرزتر بێتەوە یان هاوڵاتییان زیاتر پاشەکەوت بکەن لەو بڕەی ئێمە پێشبینیمان کردووە، ئەوا کاریگەرییەکەی لە سەر خەرجکردن و بەرهەمهێنان زیاتر نەرێنی دەبێت.

**خشتەی (٣)**

| | High | Low |
|---|---|---|
| Direct Effect on GDP Growth | –0.18 | –0.23 |
| Additional Effect Owing to Reduction in Consumer Spending | –0.05 | –0.06 |
| Additional Effect Owing to Higher Saving Among Immigrants in US | –0.09 | –0.09 |
| **Total Effect on GDP Growth** | **–0.31** | **–0.38** |

**کاریگەریی کۆچبەری لە سەر گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی لە ٢٠٢٥دا لە دوو سیناریۆدا**

لە شیکارییەکانماندا گۆڕانکارییە ئابوورییەکانی کۆچبەری لە ساڵی ٢٠٢٥دا کاریگەریی ئەوتۆیان نەکردووەتە سەر سیاسەتی دراو لە هەردوو سیناریۆکەدا. بە شێوەیەکی ئاسایی چاوەڕوان دەکرێت یەدەگی فیدراڵی سیاسەتی دراوی گونجاوتر پەیڕەو بکات لە بەرامبەر کەمبوونەوەی چاوەڕواننەکراوی خواستی گشتی، بە مەبەستی کەمکردنەوەی مەترسیی هەڵاوسان. هەر چەندە لەو سیناریۆیانەی کە لێی دەکۆڵینەوە، هەم بەرهەمی ڕاستەقینە و هەم توانای ئابووری بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری کەم دەبێتەوە، بۆیە لێکدانی دارایی ئاسایی بەکار دەهێنین کە گونجاوترە بۆ ئەو حاڵەتەی گۆڕانکارییەکان لە سەر خواست کاریگەرییان لە سەر دراو نییە (واڵن و ڕیچلن، ٢٠١٥).

## که‌مبوونه‌وه‌ی ڕێژه‌ی کۆچبه‌ری

به‌ که‌مبوونه‌وه‌ی کۆچبه‌ری؛ توانای ئابووری بۆ به‌رهه‌مهێنانی کاڵا و خزمه‌تگوزارییش به‌ هۆی که‌مبوونه‌وه‌ی هێزی کاره‌وه‌ که‌م ده‌بێته‌وه‌. به‌ واتایه‌کی تر: که‌میی هێزی کار ده‌بێته‌ هۆی زۆربوونی تێچووی به‌رهه‌مهێنان له‌ کۆمپانیاکاندا، له‌ ئه‌نجامیشدا هه‌ڵئاوسانی لێ ده‌که‌وێته‌وه‌. بۆ نموونه‌؛ مه‌ککیبین و هاوکارانی، ٢٠٢٤، ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌که‌ن که‌ که‌مبوونه‌وه‌ی هێزی کار به‌ ڕێژه‌ی ١،٣ ملیۆن به‌ هۆی دیپۆرتکردنه‌وه‌ی به‌کۆمه‌ڵه‌وه‌، ده‌بێته‌ هۆی به‌رزبوونه‌وه‌ی نرخه‌کان به‌ ڕێژه‌ی له‌ سه‌ددا 1.5 له‌ ماوه‌ی سێ ساڵدا، به‌ واتایه‌کی تر: هه‌ڵئاوسان به‌ ڕێژه‌ی له‌ سه‌ددا (٠.٥) له‌ ساڵی ٢٠٢٥ تا ٢٠٢٨ به‌رز ده‌کاته‌وه‌.

له‌ شیکارییه‌کانماندا کاریگه‌ریی کورتخایه‌ن له‌ سه‌ر هه‌ڵاوسان که‌متر ده‌بێت له‌وه‌ی پێشبینیمان کردووه‌، چونکه‌ بۆمان ده‌رده‌که‌وێت که‌ که‌مبوونه‌وه‌ی خواستی گشتی؛ ئه‌وه‌نده‌ی دابه‌زینی توانای ئابووری بۆ به‌رهه‌مهێنانی کاڵا و خزمه‌تگوزارییه‌کان کاریگه‌ره‌. به‌ گشتی پێشبینی ده‌که‌ین نرخی هه‌ندێک له‌ کاڵا و خزمه‌تگوزارییه‌کان به‌رز ببنه‌وه‌ به‌ که‌مبوونه‌وه‌ی کاڵاکان و خواسیتش له‌ سه‌ریان جێگیره‌ (وه‌ک به‌رهه‌مه‌ کشتوکاڵییه‌کان و پێویستییه‌ ته‌ندروستییه‌کانی ماڵه‌وه‌)، نرخی ئه‌و شمه‌کانه‌ی تریش داده‌به‌زێت که‌ خواست له‌ سه‌ریان که‌م ده‌بێته‌وه‌، له‌م حاڵه‌ته‌دا به‌رهه‌مهێنانی شمه‌ک جێگیره‌ (وه‌ک کرێ خانوو له‌و ناوچانه‌ی که‌ دانیشتووانی کۆچبه‌ریان زۆره‌). که‌مبوونه‌وه‌ی کۆچبه‌ری ده‌بێته‌ هۆی هه‌ڵئاوسان بۆ ماوه‌یه‌ک، به‌ڵام پێمان وایه‌ که‌ کاریگه‌رییه‌که‌ی که‌م ده‌بێت.

له‌ خه‌مڵاندنه‌کانی خشته‌ی (٣)دا چه‌ند کاریگه‌رییه‌کی گرنگی تر نه‌خراونه‌ته‌ ڕوو، بۆ نموونه‌؛ ئه‌م خه‌مڵاندنانه‌ باس له‌ گۆڕانکارییه‌کانی قازانجی کۆمپانیاکان یان جۆره‌کانی تری داهاتی سه‌رمایه‌داری ناکه‌ن که‌ ده‌ستبه‌جێ سه‌ر هه‌ڵده‌ده‌ن له‌ ئه‌نجامی گۆڕانکارییه‌کانی هێزی کار له‌ ساڵی ٢٠٢٥دا، که‌ ئه‌م خاڵه‌ له‌ لایه‌ن کلیمێنس (٢٠٢٢)ه‌وه‌ ئاماژه‌ی پێ کراوه‌. سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌، خه‌مڵاندنه‌کان باس له‌ هیچ کاریگه‌رییه‌کی نه‌رێنی له‌ سه‌ر گه‌شه‌ی به‌رهه‌مهێنان ناکات که‌ له‌ که‌مبوونه‌وه‌ی کۆچبه‌رییه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ ده‌گرێت، به‌ده‌ر له‌ دۆزینه‌وه‌کانی «CBO» ساڵی ٢٠٢٤ سه‌باره‌ت به‌ په‌یوه‌ندیی نێوان کۆچبه‌ری و داهێنان. له‌ کۆتاییدا ئه‌وان گۆڕانکاریی زۆر وردی بازرگانی یان به‌کاربه‌ر له‌به‌رچاو ناگرن که‌ ببێته‌ هۆی گۆڕانکاریی زیاتر له‌ وه‌به‌رهێنان یان خه‌رجییه‌کانی ماڵان.

**خشتەی چوارەم**

| | Typical | High | Low |
|---|---|---|---|
| Effect of an Increase in Labor Force | 1.7 | 1.3 | 0.8 |
| Effect of the Resulting Increase in Investment to Keep Up with Labor Force Growth | 0.7 | 0.5 | 0.4 |
| **Total Effect on Real GDP** | **2.4** | **1.8** | **1.2** |

وێناکردنی بەرهەمی ناوخۆیی ڕاستەقینە لە ساڵی ٢٠٣٤دا، لە ئەگەری سیناریۆ جیاوازەکانی کۆچبەریدا بە بەراورد بە سیناریۆیەک کە کۆچبەری هاتوو زیاتر نین لە ڕۆیشتوو.

خشتەی (٣) باس لەو هۆکارانە دەکات کە کاریگەرییان لە سەر گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی لە ساڵی ٢٠٢٥دا هەیە، بەڵام ئەگەر ژمارەی کۆچبەری جیاوازی ببێت، ئەوا گەشەی بەرهەمی ناوخۆییش لە ساڵی ٢٠٢٦دا جیاواز دەبێت. بۆ نموونە؛ ئەگەر کۆچ لە (٥٢٥،٠٠٠)ەوە لە ساڵی ٢٠٢٥ بۆ (٧٣٥،٠٠٠) لە ساڵی ٢٠٢٦ دابەزێت، واتە ژمارەی ڕۆیشتووان زیاتر بێت، وەک لە سیناریۆی نزمدا پێشبینی کراوە، وای بۆ دەچین کە گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی لە ساڵی ٢٠٢٦دا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بێتەوە. لە سیناریۆی نزمدا گریمانەکانمان ئاماژە بەوە دەکەن کە نزیکەی ٢،٢ ملیۆن پەنابەر کەم دەکەن لە ماوەی چوار ساڵدا، لەگەڵ ٢،٢ ملیۆن ڕۆیشتنی خۆبەخشانە لە دەرەوەی ئەوەی پێشبینیمان کردبێت.

ئەم ژمارانە زۆر کەمترن لەو ڕێژەی دیپۆرتکردنەوەی کە ترەمپ لە لێدوانەکانیدا لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا ئاماژەی پێ کردووە. ئەگەر کابینەکەی ترەمپ ڕێژەی دیپۆرتکردنەوە بەرزتر بکاتەوە، دوژمنایەتیی زیاتر لەگەڵ کۆچبەراندا بکات بە ڕێژەیەک کە زیاتر لەوەی کە لە سیناریۆی نزمدا پێشبینی دەکرێت، ئەوا زیانی ئابووریی گەورەتر دێنە ئاراوە، بە جۆرێک کە دەتوانێت بازاڕی کار؛ دابینکردنی شمەک و کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەیەکی پێشبینینەکراو تێک بدات. هەر چەندە پێمان وا نییە هەڵمەتەکە بە تەواوی جێبەجێ بکرێت، بەڵام «مەکبین و هاوکارەکانی لە ساڵی ٢٠٢٤»دا بۆیان دەرکەوتووە کە لابردنی (٧.٥) ملیۆن کرێکار لە ساڵی ٢٠٢٥دا

کاریگەریی ئابووریی زۆر بەرچاوتر دەهێنێتە ئاراوە لەوەی پێشبینیی دەکەین، چ لە مەودای کورتخایەن یان درێژخایەندا.

لە هەردوو سیناریۆکەدا پێشبینی دەکرێت کە ژمارەی کۆچبەران بە گشتی تا ساڵی ٢٠٣٤ ئەرێنی بێت، واتە هاتووان لە ڕۆیشتووان زیاتر بن. لە ئەنجامدا هێزی کار زیاتر دەبێت بە بەراورد بەو گریمانەیەی کە کۆچکردن بۆ هەر ساڵێک لە ساڵی ٢٠٢٥ تا ٢٠٣٤ هاوسەنگ بێت، واتە هاتووان و ڕۆیشتووان یەکسان بن. لە خشتەی (٤)دا کاریگەریی پێشبینیکراو لە سەر ئاستی بەرهەمی ناوخۆیی لە ساڵی ٢٠٣٤ بۆ هەردوو سیناریۆکە دەخاتە ڕوو، بە بەراورد بەوەی کە کۆچکردن سفر بێت، واتە هاتووان و ڕۆیشتووان یەکسان بن. بۆ ڕوونترکردنەوەی بەراوردکردنەکە، خشتەی چوار سیناریۆیەکی وێناکارییش لەخۆ دەگرێت کە تێیدا کۆچکردنی ساڵانە (١،٢٥) ملیۆنە لە ساڵی ٢٠٢٥ تا ٢٠٣٤، کە نزیکە لە ڕەوتی کۆچبەری ئاسایی.

ڕیزی دووەمی خشتەی (٤)، کاریگەرییە پێشبینیکراوەکانی سەر زیادبوونی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارەکان دەخاتە ڕوو. بەو پێیەی ئەو کۆچبەرانەی لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٥ بۆ ٢٠٣٤ دەگەنە ئەمەریکا، پێویستییان بە ئامێر و ژێرخانی پێویست دەبێت بۆ ئەوەی کارەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەر ئەنجام بدەن، پێشبینی دەکەین کە ڕێژەیی سەرمایە زیاتر بێت لە ناو ئەو سیناریۆیانەی کە کۆچبەری زیاتریان تێدایە. لە ئەنجامدا وەبەرهێنان داهاتی سەرمایەی زیاتریان دەست دەکەوت. ڕیزی سێیەم پێک هاتووە لە کاریگەریی زیادبوونی هەلی کار و زیادبوونی سەرمایە. بە بەراورد لەگەڵ سیناریۆی سفری کۆچکردندا (واتە هاتووان و ڕۆیشتووان یەکسان بن) لە ساڵی ٢٠٢٥ تا ٢٠٣٤، سیناریۆی نزم و بەرز ئاستی بەرهەمی ناوخۆیی ڕاستەقینە لە ساڵی ٢٠٣٤ بە ڕێژەی لە سەددا (١،٢) و لە سەددا (١،٨) بەرز دەکەنەوە. کەلێنی نێوان ئەو دوو سیناریۆیە فراوانتر دەبێت ئەگەر سیاسەتی کۆچبەریی توند پەیڕەو بکرێت، لە بریی گەڕانەوەی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی درێژخایەن دوای تەواوبوونی خولی سەرۆکایەتیی (٢٠٢٥-٢٠٢٩). بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا قازانجی بەرهەمی ناوخۆیی کەمتر دەبێت لەم حاڵەتەی کۆچبەریدا بە بەراورد بەوەی ئەگەر ڕەوتی کۆچکردن لە ئاستی ئاسایی نزیک بێتەوە لە ماوەی ساڵانی (٢٠٢٥-٢٠٣٤)دا.

ئەم خەمڵاندنانە هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنیی کۆچبەری ڕاستەوخۆ لە سەر بەرهەمهێنان لەخۆ ناگرن. بە پشتبەستن بە «CBO» (٢٠٢٤) بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنان، یەکخستنی کاریگەرییەکی لەو شێوەیە ڕەنگە ئاستی بەرهەمی ناوخۆیی لە ساڵی ٢٠٣٤ لە ژێر سیناریۆی بەرزدا بە ڕێژەی نزیکەی لە سەددا (٠،٢) بە بەراورد بە بەرهەمی ناوخۆیی لە سیناریۆی نزمدا زیاد بکات.

## ئەنجامگیری

گۆڕانکارییە بەرفراوانەکانی سیاسەتی کۆچبەری کە لە لایەن ئیدارەی دووەمی ترەمپەوە کاریگەرییەکی بەهێز دەخەنە سەر ئابووری بە شێوەیەکی گشتی، بە کەمبوونەوەی بەرچاوی هاتووان و زیاتربوونی ڕۆیشتووان، پێشبینی دەکەین کە کۆچ لە ساڵی ٢٠٢٥دا سفر (یەکسانی لە هاتووان و ڕۆیشتووان)، یان تەنانەت نێگەتیڤ بێت (ڕۆیشتووان زیاتر بن لە هاتووان). وای بۆ دەچین سیاسەتی کۆچبەری لە ساڵی ٢٠٢٦دا زیاتر توندتر بێت، دواتر لە ساڵی ٢٠٢٧ و ٢٠٢٨ بەرەو باشبوون دەڕوات. کەمبوونەوەی بەرچاوی هاتووان لە ساڵی ٢٠٢٥ بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٤، پێشبینی دەکرێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی هێزی کار، لاوازیی دامەزراندن و کەمبوونەوەی بەرهەمی ناوخۆیی بە نزیکەیی لە سەددا (٠،٣) بۆ (٠،٤).

ئەم دەرئەنجامە ئابوورییانە نایەکسانیی فرەلایەنە دەشارنەوە. هەندێک پیشەسازی و کۆمپانیا و خاوەنماڵەکان گەورەترین بارگرانی دەکەوێتە سەرشانیان بە هۆی کەمبوونەوەی کۆچبەری هاتوو و زیادبوونی ژمارەی ئەوانەی وڵات بەجێ دەهێڵن، جا بە خواستی خۆیان یان بە ناچاری. جگە لەوەش، ڕەنگە سیاسەتەکانی ئیدارەی ئەمەریکا توانای ئەمەریکا بۆ کێبڕکێ جیهانییەکان لاواز بکات و دەرئەنجامی درێژخایەن لە دەرەوەی پێشبینییەکانمان دروست بکات. بەڵام تەنانەت کاتێک سەرنجێکی کەم دەخەینە سەر کاریگەرییەکانی کەمبوونەوەی کۆچبەری لە ماوەی چوار ساڵەکەدا، بە ڕوونی کاریگەرییە نەرێنییەکان بە هۆی سنووردارکردنی کۆچبەرییەوە لە سەر هێزی کار و بەرهەمی ناوخۆیی دەبینین.

# سەرچاوەکان

1 BEA (US Bureau of Economic Analysis). 2025. “Personal Saving Rate.” Federal Reserve Bank of St. Louis. May 30. https://fred.stlouisfed.org/series/PSAVERT.

2 BLS (US Bureau of Labor Statistics). 2017. “Projections Overview and Highlights, 2016–26.” October. https://www.bls.gov/opub/mlr/2017/article/projections-overview-and-highlights-2016-26.htm.

3 BLS (US Bureau of Labor Statistics). 2019. “Civilian Labor Force, by Age, Sex, Race, and Ethnicity.” September 4. https://web.archive.org/web/20191023065137/https:/www.bls.gov/emp/tables/civilian-labor-force-summary.htm.

4 CA (US Department of State, Bureau of Consular Affairs). 2019. Report of the Visa Office 2019. Table 15. https://travel.state.gov/content/travel/en/legal/visa-law0/visa-statistics/annual-reports/report-of-the-visa-office-2019.html.

5 CA (US Department of State, Bureau of Consular Affairs). 2023a. Report of the Visa Office 2023. Table 3. https://travel.state.gov/content/travel/en/legal/visa-law0/visa-statistics/annual-reports/report-of-the-visa-office-2023.html.

6 CA (US Department of State, Bureau of Consular Affairs). 2023b. Report of the Visa Office 2023. Table 15. https://travel.state.gov/content/travel/en/legal/visa-law0/visa-statistics/annual-reports/report-of-the-visa-office-2023.html.

7 CA (US Department of State, Bureau of Consular Affairs). 2024. “Monthly Nonimmigrant Visa Issuance Statistics.” https://travel.state.gov/content/travel/en/legal/visa-law0/visa-statistics/nonimmigrant-visa-statistics/monthly-nonimmigrant-visa-issuances.html.

8 CBO (Congressional Budget Office). 2019. An Update to the Budget and Economic Outlook: 2019 to 2029. August 21. https://www.cbo.gov/publication/55551.

9 CBO (Congressional Budget Office). 2020. The Budget and Economic Outlook: 2020 to 2030. January 28. https://www.cbo.gov/publication/56020.

10 CBO (Congressional Budget Office). 2022. The 2022 Long-Term Budget Outlook. July 27. https://www.cbo.gov/publication/57971.

11 CBO (Congressional Budget Office). 2023. The Budget and Economic Outlook: 2023 to 2033. https://www.cbo.gov/publication/58848.

12 CBO (Congressional Budget Office). 2024. Effects of the Immigration Surge on the Federal Budget and the Economy. July 23. https://www.cbo.gov/publication/60165.

13 CBO (Congressional Budget Office). 2025a. The Demographic Outlook: 2025 to 2055. January 13. https://www.cbo.gov/publication/60875.

14 CBO (Congressional Budget Office). 2025b. "Historical Data and Economic Projections." https://www.cbo.gov/data/budget-economic-data.

15 CBO (Congressional Budget Office). 2025c. "Noncyclical Rate of Unemployment." Federal Reserve Bank of St. Louis. March 17. https://fred.stlouisfed.org/series/NROU.

16 Clemens, Michael A. 2022. "The Fiscal Effect of Immigration: Reducing Bias in Influential Estimates." Working Paper No. 15592. IZA Institute of Labor Economics. September. https://www.iza.org/publications/dp/15592.

17 DOS (US Department of State). 2020. Report to Congress on Proposed Refugee Admissions for Fiscal Year 2021. https://www.state.gov/reports/report-to-congress-on-proposed-refugee-admissions-for-fy-2021/.

18 DOS (US Department of State). 2023. Proposed Refugee Admissions for Fiscal Year. Table 1. November 3. https://www.state.gov/bureau-of-population-refugees-and-migration/releases/2023/11/report-to-congress-on-proposed-refugee-admissions-for-fiscal-year-2024.

19 Edelberg, Wendy, Cecilia Esterline, Stan Veuger, and Tara Watson. 2024. "Immigration and the Macroeconomy in the Second Trump Administration." Brookings Institution, American Enterprise Institute, and Niskanen Center. December 3. https://www.brookings.edu/articles/immigration-and-the-macroeconomy-second-trump-administration/.

20 Edelberg, Wendy, and Tara Watson. 2024. New Immigration Estimates Help Make Sense of the Pace of Employment. Hamilton Project. March 7. https://www.hamiltonproject.org/publication/paper/new-immigration-estimates-help-make-sense-of-the-pace-of-employment/.

21 McKibbin, Warwick J., Megan Hogan, and Marcus Noland. 2024. "The International Economic Implications of a Second Trump Presidency." Working Paper No. 24-20. Peterson Institute for International Economics. September. https://www.piie.com/publications/working-papers/2024/international-economic-implications-second-trump-presidency.

22 RPC (US Department of State, Bureau of Population, Refugees, and Migration, Refugee Processing Center). 2025. "Summary of Refugee Admissions as of 31-December-2024." https://view.offic eapps.live.com/op/view.aspx?src=https%3A%2F%2Fwww.wrapsnet.org%2Fdocuments% 2FPRM %25 20 Refugee%2520Admissions%2520Report%2520as%2520of%252031%-2520Dec%25202024.xlsx&wdOrigin=BROWSELINK.

23 SSA (Social Security Administration). 2019. The 2019 OASDI Trustees Report. https://www.ssa.gov/oact/TR/2019/V_B_econ.html.

24 TRAC (Transactional Records Access Clearinghouse). 2022. "Border Patrol Arrests." July. https://tracreports.org/phptools/immigration/cbparrest/.

25 TRAC (Transactional Records Access Clearinghouse). 2024a. "Immigration and Customs Enforcement Removals." February. https://tracreports.org/phptools/immigration/remove/.

26 TRAC (Transactional Records Access Clearinghouse). 2024b. "Who Is Being Given Humanitarian Parole to Temporarily Enter the Country: Latest Data." September 6. https://tracreports.org/reports/749/.

27 TRAC (Transactional Records Access Clearinghouse). 2025a. "Immigration Prosecutions Jump in March 2025." June 3. https://tracreports.org/reports/761/.

28 TRAC (Transactional Records Access Clearinghouse). 2025b. "Stopping 'Inadmissibles' at U.S. Ports of Entry." May. https://tracreports.org/phptools/immigration/cbpinadmiss/.

29 TRAC (Transactional Records Access Clearinghouse). 2025c. "Trump Claims on Immigration Enforcement: Rhetoric vs Reality." May 15. https://tracreports.org/reports/759/.

30 TRAC (Transactional Records Access Clearinghouse). 2025d. "Trump Immigrant Removals Now 10 Percent Below Biden's Record." March 25. https://tracreports.org/reports/756/.

31 US Census Bureau. 2011–24. American Community Survey. https://www.census.gov/programs-surveys/acs.html.

32 US Census Bureau. 2011–25. Current Population Survey. https://www.census.gov/programs-surveys/cps.html.

33 USCIS (US Citizenship and Immigration Services). 2003–25. "Application for Employment Authorization, Eligibility Category and Filing Type." https://www.uscis.gov/tools/reports-and-studies/immigration-and-citizenship-data.

34 USCIS (US Citizenship and Immigration Services). 2023–25. "FY22 Appropriations Reporting Requirement—Application Processing Data." https://www.uscis.gov/tools/reports-and-studies/immigration-and-citizenship-data.

35 Whalen, Charles J., and Felix Reichling. 2015. "The Fiscal Multiplier and Economic Policy Analysis in the United States." Contemporary Economic Policy 33 (4): 735–46. https://doi.org/10.1111/coep.12104

# کۆچی ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا

## وردبوونەوەیەک لە دەیتا و ئامارەکان

وەرگێڕان و ئامادەکردن: ئایندەناسی



دیاردەی کۆچی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ وڵاتانی ئەورووپا، بە یەکێک لە گرنگترین دیاردە مرۆیی و شارستانییەکانی سەدەی بیست و یەک دادەنرێت. ئەم کۆچە وێڕای چەندین پاساوی لاوەکی، جۆرەها هۆکاری جیاوازی وەک: جەنگی بەردەوام، ناسەقامگیریی سیاسی، تەنگەژەی ئابووری و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی... هتد؛ لەخۆ دەگرێت. ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە دیاردەی کۆچ و کۆچبەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەورووپا، بە تایبەت لە ساڵانی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤دا، بە پشتبەستن بە نوێترین ئاماری فەرمیی یەکێتیی ئەورووپا، نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوەندی کۆچی تێکەڵ (Mixed Migration Centre) و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

بە پێی نوێترین ئامارەکانی ناوەندی کۆچی تێکەڵ، کۆی گشتیی چوونە نێو خاکی ئەورووپا تەنها لە ساڵی ٢٠٢٤دا نزیکەی ١٩٩,٢٠٠ کەس بووە. ئەگەرچی ئەم ڕێژەیە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ کەمترە کە خۆی دەبینییەوە لە نزیکەی ٢٧٠,٧٠٠ کەس. ئەم دابەزینە لە ڕێژەی کۆچدا دەکرێت بۆ چەندین هۆکاری وەک سیاسەتە نوێ و سەختگیرەکانی یەکێتیی ئەورووپا بگەڕێنرێتەوە، لەگەڵ کۆنترۆڵی توندتری سنوورەکان و گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسیی هەندێک وڵاتانی ناوچەکە. لە لایەکی ترەوە ئامارە گشتییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە لە ساڵی ٢٠٢٠دا نزیکەی ٨٧ ملیۆن کۆچبەری نێودەوڵەتی لە ئەورووپا دەژین، کە ئەمەش زیادبوونێکی بەرچاو نیشان دەدات، بە نزیکەی ١٦٪ لە ساڵی (٢٠١٥)ەوە. ئەم زیادبوونە درێژخایەنە ڕەنگدانەوەی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵام هێشتا ئەم ئامارە هەموو ڕاستییەکان دەرناخات، چونکە زۆر جار کۆچبەران ڕێگای نایاسایی بەکار دەهێنن یان لە ئامارەکاندا تۆمار ناکرێن. بۆ وێنە کۆچبەرانی سووری، ئەفغانی، عێراقی و کورد، زۆر جار بە شێوەی نایاسایی و بە پاساوی جیاواز و ئامانجی تایبەتی دەچنە ناو خاکی ئەورووپا و لە هیچ ئامار و دەزگایەکی فەرمیی تایبەت بە کۆچ و کۆچبەران ناو و ناونیشانیان تۆمار ناکرێت.

### ئامارەکانی کۆچ لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا

بەرمەبنای ناسەقامگیریی دۆخی سیاسی، ئەمنی و ئابووریی بەشێکی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، ڕێژە و بڕی کۆچ گۆڕانێکی بەرچاو و هەستپێکراوی تیادا بەدی دەکرێت. بۆ دەستنیشانکردنی بەشێک لەم ڕێژانە، دەکرێت چەند وڵاتێک بە نموونە وەربگرین، لەوانە:

### - کۆچبەرانی سووری

کۆچبەرانی سووری بەشی زۆری کۆچبەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێک دەهێنن. لە ساڵی ٢٠٢٤، بە پێی ئامارەکانی کۆمسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەرەکان (UNHCR)، پێکهێنەری ٣٨.٩٪ی کۆی ڕێژەی ئەو کۆچبەرانە بوون کە گەیشتوونەتە وڵاتی یۆنان، هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٤دا وڵاتی یۆنان زیادبوونێکی بەرچاوی لە ژمارەی کۆچبەرانی سووری بەخۆوە بینیوە. لەم ساڵەدا ٦٢,٠٢٢ کەس گەیشتنە یۆنان، کە زیادبوونێکی ٢٧٪ یە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ کە ٤٨,٧٢١ کەس بوون. لە نێو ئەم ژمارە زیادبووەدا سوورییەکان پێکهێنەری ٣٨.٩ ٪ گەیشتووانیان بوون، کە ئەمەش پیشاندەری ئەوەیە کە سوورییەکان هێشتا گرنگترین گرووپی کۆچبەرن کە بەرەو یۆنان هەڵدێن. هەروەها کۆچبەرانی سووری بە ڕێژەی ٦٤.٥٪ی چوونەتە ناو وڵاتی قوبرس. ئەم کۆچە لە ساڵی ٢٠٢٤دا دابەزینێکی بەرچاوی لە ژمارەی کۆچبەرانی گەیشتوودا تۆمار کرد، بە تایبەت کە لەم ساڵەدا ٦,٠٩٧ کەس گەیشتنە قوبرس، کە دابەزینێکە لە ١٠,٩٢٠ کەس لە ساڵی ٢٠٢٣. لەگەڵ ئەمەشدا سوورییەکان هێشتا زۆرترین گرووپی کۆچبەری گەیشتوو بوون و پێکهێنەری ٦٤.٥٪ی گەیشتووانیان بوون. هەروەها ئیتاڵیا یەکێکە لە گرنگترین وڵاتانی ئەورووپی و دەروازەی سەرەکیی گەشتنی کۆچبەرانی ڕۆژهەڵاتە بە وڵاتانی ڕۆژئاوا. لە ساڵی ٢٠٢٤دا ٦٦,٤٧٥ کەس لە ڕێگەی دەریاوە گەیشتوونەتە ئیتاڵیا، کە ئەمەش دابەزینێکی گەورەی ٤٢٪ بەراورد بە ١٥٧,٦٥١ کۆچبەر لە ساڵی ٢٠٢٣دا. هەروەها لە نێوان کانوونی یەکەم و کۆتایی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤دا، سوورییەکان پێکهێنەری ١٩٪ی کۆچبەریان لە خاکی ئیتاڵیا پێک هێناوە.

زیاتر لەوە، پاش کەوتنی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە ٨ی دیسەمبەری ٢٠٢٤، ‹‹UN-HCR›› لە ڕاپۆرتێکدا دەربارەی کۆچبەرانی سووری، ڕایگەیاندووە کە زیاتر لە ١.٤ ملیۆن هاوڵاتیی سووری گەڕاونەتەوەماڵەکانی خۆیان، بەڵام هێشتا نزیکەی ٣ ملیۆن پەناهەندەی سووری لە ئەورووپا دەژین. ئەم گەڕانەوەیە بەرچاو و خێرایە نیشانی ئەوە دەدات کە زۆرێک لە سوورییەکان هەمیشە ئارەزووی گەڕانەوەیان بۆ نیشتمانی خۆیان هەبووە، بەڵام شەڕ و کوشتار و ناسەقامگیریی ئەمنی ڕێگرییان لێ کردوون.

## - کۆچبەرانی ئەفغانی

ئەفغانستان دووەم وڵاتی سەرەکیی کۆچوڕەوی هاوڵاتییانی ڕۆژهەڵاتە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا. بە پێی بەشێک لە ئامارە فەرمییەکان لە ساڵی ٢٠٢٤دا، ئەفغانییەکان ٢١.٦٪ی تێکڕای پەنابەرانی وڵاتی یۆنان پێک دەهێنن، بە تایبەت دوای کۆنترۆڵکردنی ئەفغانستان لە لایەن تاڵیبانەوە لە ئابی ٢٠٢١، کۆچی ئەفغانییەکان بۆ ئەورووپا زیادی کرد، بە تایبەت ژنان و منداڵان کە لە مافەکانیان بێبەش کراون. زۆرێک لە ئەم کۆچبەرانە پیاوانی گەنجن پاش ئەوەی لە خزمەتی سەربازی هەڵدێن، یان لە ترسی سزادان بۆ کارکردن لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا و ناتۆ بە ناچاری کۆچ دەکەن. ئەمە واتای ئەوەیە کە ئەفغانستان نەک تەنها پەناهەندەی ئایینی و عەقیدەیی هەیە، بەڵکوو پەناهەندەی سیاسییش بۆ وڵاتانی ئەورووپا بەرهەم دەهێنێت.

سووری و ئەفغانییەکان زۆرترین داواکاریی پەناهەندەییان پێشکەش کرد لە هەردوو ئەو ماوەیەدا، سەرەڕای کەمبوونەوەی داواکارییەکانیان. بە شێوەیەکی گشتی خواستی سوورییەکان کەمبوونەوەیان بە ٤١٪ بینی، لە کاتێکدا ئەفغانییەکان کەمبوونەوەیان بە ٢٢ لە سەددا تۆمار کرد. ئەفغانییەکان دووەم گرووپی گەورە بوون لە ڕووی بوونی نایاسایی هاوڵاتییانی لە یەکێتیی ئەورووپا کە ڕێژەکەی ١١٣,٠٠٠ کەس بووە.

## - کۆچبەرانی عێراقی و کورد

کۆچی عێراقییەکان بە تایبەت کورد، سێیەم گرووپی گەورەی کۆچبەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەورووپا پێک دەهێنن. بە پێی ئامارەکان لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠٢٠)، نزیکەی ٧٠٪ی داواکارانی پەناهەندەیی عێراقییەکان لە وڵاتی ئەڵمانیا کوردن، هەروەها لە بەریتانیاش نزیکەی ٦٥-٧٠٪ی کۆچبەرانی عێراقی کوردن. جیا لەوانە، تەنها لە ساڵی ٢٠١٥دا نزیکەی ١٢١,٥٠٠ هاوڵاتی عێراقی گەیشتوونەتە وڵاتانی ئەورووپا و داوای پەناهەندەییان لە یەکێک لە وڵاتەکان کردووە. ئەم ڕێژەیە بەرزترین ئاماری ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکانی بواری کۆچ بووە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ هاوڵاتییە عێراقییەکان لە مێژووی کۆچ و کۆچبەری لەو وڵاتەدا، ئەمەش دوای دەرکەوتنی «داعش» و دەستپێکردنی شەڕی بەرفراوان لە عێراقدا. لەگەڵ ئەوەدا نیوەی کۆچبەرانی عێراقی لە ئەڵمانیا کوردن، ئەمەش ئەوە

نیشان دەدات کە ئاستی کۆچکردنی کورد لەو وڵاتە یەکجار بەرزە، ئەویش بە هۆی چەوساندنەوە و پەراوێزخستنی نەتەوایەتی و ناسەقامگیریی سیاسی و خراپیی دۆخی ئابووری و بژێویی ژیانیان بووە.


ڕێکخراوەکانی بواری کۆچ لە ڕۆژئاوا، ئەوەیان تێبینی کردووە کە دیاردەی کۆچ لە نێو عێراقییەکان و کورد بە تایبەتی لە هەڵکشانی بەردەوامدایە. بۆ وێنە؛ لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢-١٩٩٥)دا داواکارییەکانی ساڵانەی پەناهەندەیی عێراقی لە ئەورووپا لە نێوان ١٠,٠٠٠ و ٢٠,٠٠٠ کەس بوو، بەڵام لە نێوان ساڵانی ١٩٩٧ و ١٩٩٨دا ژمارەکە زیاتر لە ٤٠,٠٠٠ کەس بووە و تا ئێستا ئەم هەڵکشانە بەردەوامە.

## - کۆچکردن بۆ یەکێتیی ئەورووپا

لە ساڵی ٢٠٢٢دا، ٥.١ ملیۆن کۆچبەر لە وڵاتانی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا هاتوونەتە یەکێتیی ئەورووپا، بەم پێیە کۆچکردن بۆ یەکێتیی ئەورووپا دوو هێندە زیادی کردووە لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٢١دا؛ ٢.٤ ملیۆن کەس بووە. لە هەموو وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا، جگە لە لۆکسمبۆرگ و سلۆڤاکیا، لە ساڵی ٢٠٢٢دا ٥٠٪ یان زیاتری کۆچبەران لە دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا هاتوون. بەم پێیە دیارترین ئەو وڵاتانەی کۆچبەرانی ناو یەکێتی ئەورووپا بوون لە ساڵی ٢٠٢٢دا، بریتی بوون لە:

- ئەڵمانیا (١,٦ ملیۆن کەس یان ٣١٪ی هەموو ئەو کۆچبەرانەی لە وڵاتانی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا هاتوونەتە یەکێتیی ئەورووپا)
- ئیسپانیا (٨٦٠ هەزار کەس یان ١٧٪)
- ئیتاڵیا (٣٣٤ هەزار کەس یان ٧٪)
- چیک (٣٣١ هەزار کەس یان ٦٪)
- فەڕەنسا (٣١٧ هەزار کەس یان ٦٪)

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسانەی کە کۆچیان کردووە بۆ ٥ ئەندامەکەی یەکێتیی ئەورووپا، ٦٧٪ی هەموو ئەو کۆچبەرانەیان پێک هێناوە کە لە ساڵی ٢٠٢٢دا لە وڵاتانی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا هاتوونەتە ناو یەکێتیی ئەورووپاوە.




**هێڵکاریی داواکاریی مافی پەنابەرێتی لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا بە پێی ئاماری مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٢٥**

**سەرچاوە: ئاژانسی یەکێتیی ئەورووپا بۆ پەنابەران**


بە پێی ئەم هێڵکارییە، لە مانگی ئایاری ٢٠٢٥دا یەکێتیی ئەورووپا ٦٤ هەزار داواکاریی پەنابەریی وەرگرتووە، کە ئەمەش بە بەراورد بە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٤ بەرەو دابەزین دەڕوات.

دوابەدوای دەرکردنی ڕژێمی ئەسەد لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٤، داواکارییەکانی سووریا لەناکاو دابەزین بە ڕادەیەک کە لە چەند مانگی ڕابردوودا نەبووەتە باوترین ڕەگەزنامەی پەناخوازان لە یەکێتیی ئەورووپا، لەگەڵ کەمبوونەوەی داخوازیی هاوڵاتییانی سووری بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری. لە مانگی شوباتەوە ئەڵمانیا بووەتە سەرەکیترین شوێن لە یەکێتی ئەورووپادا، دواتر ئیسپانیا و ئیتاڵیا و فەڕەنسا لە مانگی ئایاری ٢٠٢٥ داواکاریی زیاتریان وەرگرتووە.

ژمارەی ئەو دۆسیەیانەی کە چاوەڕوانی بڕیاری قۆناغی یەکەم بوون لە ئاستێکی پێوانەیی نزیکدا ماوەتەوە، کە ٩٢٨ هەزار کەیسیان لە کۆتایی مانگی ئایاری ٢٠٢٥دا هەڵپەسێردراون. مەزەندە دەکرێت کە کۆی ژمارەی ئەو کەیسانەی کە لە تانەدان یان

پێداچوونەوەدان یان چاوەڕوانی بڕیارێک بوون، لە کۆتایی مانگی نیسانی ٢٠٢٥دا (نوێترین زانیاری) نزیکەی ١.٣ ملیۆن حاڵەت بووە.

لە کۆتایی مانگی ئایاری ٢٠٢٥دا نزیکەی ٤.٤ ملیۆن کەس سوودمەند بوون لە پاراستنی کاتی لە یەکێتیی ئەورووپا، دوای ئەوەی لە داگیرکاریی تەواوەتیی ڕووسیا بۆ ئۆکراین هەڵهاتن. زۆربەی سوودمەندەکان لە لایەن ئەڵمانیا و پۆڵەندا میوانداری کران، بەڵام چیک زۆرترین سوودمەندی سەرتاسەریی میوانداری کرد.




**هێڵکاریی ڕێژەی وڵاتانی کۆچبەر و پەناخوازی ئەورووپا لە ساڵی ٢٠٢٢دا**

**سەرچاوە: ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچبەران**

**کۆچبەرانی سەر بە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

چەندین وڵاتی تر هەن کە بەشدارییان لە ڕێژەیەکی بەرزی کۆچی ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا هەیە، لە نموونەی ئێرانییەکان، پاکستانییەکان و یەمەنییەکان. ئێرانییەکان پێکهێنەری ٦.٢٪ی پەناهەندەیی وڵاتی قوبرس بوون تەنها لە ساڵی ٢٠٢٤دا، یەمەنییەکانیش ٣٪ی گەیشتووانی یۆنان بوون. ئەم کۆچانە زۆر جار بە هۆی پەراوێزخستنی سیاسی، ئایینی یان نەتەوایەتی و هەروەها دۆخی نالەبار و ئابووری؛ شوێن و ماڵی خۆیان دەگوازنەوە و نیشتمانی خۆیان بە یەکجاری جێ دەهێڵن.

## - ناوچەکانی ڕۆژئاوای باڵکان

دۆڵی ڕۆژئاوای باڵکان یەک لە گرنگترین ڕێڕەوە وشکانییەکانە بۆ گەیشتن بە وڵاتانی ئەورووپا. لە ساڵی ٢٠٢٤دا ژمارەی کۆچبەران لە ڕێڕەوی ڕۆژئاوای باڵکان تاکوو ئەندازەیەک دابەزینی بەرچاوی بە ڕێژەی ٧٨٪ بەخۆیەوە بینیوە، بەراورد بە ساڵی پێشوو کە کۆی ٢١,٥٢٠ کەس بوو. ئەم دابەزینە بەرچاوە لە ژمارەی کۆچبەراندا دەکرێت بۆ چەندین هۆکار وەک سیاسەتی توندی وڵاتانی ئەم ناوچەیە و هەروەها کۆنترۆڵی باشتری سنوورەکان بگەڕێتەوە. هەروەها لە نێوان کانوونی یەکەم و تشرینی دووەمی ٢٠٢٤دا، سێ نەتەوەی سەرەکی کە ئەم ڕێڕەوەیان بە شێوەیەکی بەرچاو بەکار هێناوە، ئەوانیش سووری، تورکی و ئەفغانی بوون، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە سەرەڕای دابەزینێکی گشتیی ئاستی کۆچ لەم ناوچەیە، ئەم سێ نەتەوەیە بە هۆکاری جوگرافی؛ هێشتا زۆرترین بەکارهێنەری ئەم ڕێڕەوەن.

## - ڕێڕەوی سنووری ڕۆژهەڵات

لە بەرانبەر دابەزینی ڕێڕەوەکانی تری کۆچدا، ڕێڕەوی سنووری ڕۆژهەڵات زیادبوونێکی بەرچاوی بەخۆوە دیوە. ژمارەی گەیشتووان لە ڕێڕەوی سنووری ڕۆژهەڵات بە ڕێژەی سێ هێندە زیادی کردووە، واتە بە ڕێژەی ١٩٢٪ بۆ ١٧,٠٠١ کەس تەنها لە ساڵی ٢٠٢٤دا. سێ نەتەوەی سەرەکی کە ئەم ڕێڕەوەیان بەکار هێنا، بریتی بوون لە ئۆکراینی، ئەتیۆپیایی و سۆماڵی. ئەم زیادبوونە لە ڕێڕەوی ڕۆژهەڵاتدا دەکرێت

بۆ شەڕی ڕووسیا و ئۆکراین و نائارامی لە هەندێک وڵاتانی ئەفەریقی بگەڕێتەوە، ئەمەش وای کردووە کۆچبەران ڕێڕەوی جیاواز بۆ گەیشتن بە ئەورووپا بدۆزنەوە.

## هۆکارەکانی کۆچ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

کۆچی دانیشتووانی ڕۆژهەڵات بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا؛ چەندین هۆکاری جۆراوجۆری هەیە کە بە پێی ڕاپۆرتی بەشێک لە دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی بواری کۆچ گرنگترینیان بریتین لە:

### - کاریگەریی جەنگ و شەڕی چەکداری

جەنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی کۆچی بەکۆمەڵن. شەڕی سووریا کە لە (٢٠١١)ەوە دەستی پێ کرد، بووە هۆی ئاوارەکردنی ملیۆنان کەس، هەروەها ناسەقامگیریی دۆخی سیاسیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و دواتر گەشەسەندنی گرووپی داعش لە ٢٠١٤، بووە هۆی ئاوارەکردنی ملیۆنان عێراقی و کورد. کاریگەریی جەنگی ئەفغانستانیش کە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ بەردەوام بوو، بووە هۆی ئاوارەکردنی ملیۆنان ئەفغانی. ئەم جەنگانە نەک تەنها خراپبوونی ئاسایش و سەلامەتیی بەدوادا هاتووە، بەڵکوو تێکچوونی بناغەکانی ژیان وەک خوێندن، تەندروستی و خزمەتگوزارییە گشتییەکانیشی بەدوادا هاتووە. زۆر جار خێزانەکان ناچار دەبن بۆ دابینکردنی ئاسایش بۆ منداڵەکانیان و ڕزگارکردنیان لە شەڕ و توندوتیژی، وڵاتەکەیان جێ بهێڵن.

### - ناسەقامگیریی سیاسی و چەوساندنەوە

قووڵبوونەوەی ناسەقامگیریی ڕەوشی سیاسی لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ بووە هۆی کۆچی بەکۆمەڵ و بەرفراوان. لە سووریا حکومەتی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد بۆ ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵ خەڵکی سووریای دەچەوساندەوە، لە عێراقیش دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و سەددام حسێن، وڵاتەکە بووە مەڵبەندی گەرا و گەشەکردنی تیرۆریستان و هێزە فرە ئایینی و مەزهەبییە توندڕەوەکان، ئەم

ناسەقامگیرییە سیاسییە تایبەت بە کەمینەکان زیانبەخشتر بووە، وەک کوردانی عێراق و سووریا، کریستیانەکان و ئێزیدییەکان کە ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و کوشتاری بەکۆمەڵ بوونەتەوە. بە پێی ئامارەکان، نزیکەی ٧٠٪ی داواکارانی پەناهەندەیی لە عێراق لە ئەڵمانیا کوردن، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە گەلی کورد بە هۆی چەوساندنەوە و پەراوێزخستنی نەتەوایەتی؛ ناچار بە جێهێشتنی نیشتمانەکەی خۆیان دەبن.

## - قەیرانی ئابووری و نەبوونی دەرفەتی کار

نەبوونی دەرفەتی کار و هەژاریی بەرفراوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە هەمیشەیی بووەتە هۆی کۆچی ئابووری و جێهێشتنی ناچاری لە پێناو دابینکردنی بژێویدا، نەبوونی کار، دابەزینی نرخی نەوت کە سەرچاوەی سەرەکیی دارایی زۆرێک لە وڵاتانە، لەگەڵ گرانی و دابەزینی کواڵتیی ژیان؛ بوونەتە هۆی ئەوەی کە گەنجان بە ناچاری و بۆ دۆزینەوەی ژیانێکی باش ڕوو لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بکەن. بە پێی ئامارە فەرمییەکان نزیکەی ٨٧ ملیۆن کۆچبەری نێودەوڵەتی لە ئەورووپا دەژیان تەنها لە ٢٠٢٠دا، کە بە نزیکەی ١٦٪ زیادی کردووە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٥. کۆچی ئابووری زۆر جار تێکەڵی کۆچی سیاسی و هونەرییش دەبێت، چونکە خوێندکارانی زانکۆ، پزیشک و ئەندازیار و هونەرمەندان بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی پێشکەوتن لە ئەورووپا؛ وڵاتەکەیان جێ دەهێڵن.

## - کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەوا

گۆڕانی کەشوهەوا لە ماوەی کۆتاییدا بووە هۆکارێکی نوێ بۆ دیاردەی کۆچ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. وشکەساڵی لە عێراق، سووریا و ئەفغانستان، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و کەمبوونەوەی ئاو بوونەتە هۆی ئەوەی کە جووتیارەکان نەتوانن زەوی و کشتوکاڵ و کاری وەرزێریی خۆیان لە پێناو بژێویی ژیانیاندا ئەنجام بدەن، ئەمە لە کاتێکدا پاڵپشتییەکی ئەوتۆی حکومییان نییە. هەر بۆیە دانیشتووانی ئەو ناوچانە بە ناچاری زەوییە کشتووکاڵییەکانیان جێ دەهێڵن و کۆچ بۆ شارەکان یان دەرەوەی وڵات

ده‌که‌ن. توێژینه‌وه نوێیه‌کان ئه‌وه نیشان ده‌ده‌ن که گۆڕانی که‌شوهه‌وا ده‌توانێت له ماوه‌ی (٢٠٢١-٢٠٣٠)دا کاریگه‌ریی گه‌وره له سه‌ر ئاڕاسته‌ی کۆچ له نێوان ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست و باکووری ئه‌فه‌ریقا و ئه‌ورووپا دابنێت.

## هۆکاره تایبه‌ته‌کان بۆ به‌شێک له پێکهاته نه‌ته‌وه‌ییه‌کانی ڕۆژهه‌ڵات

- **کورد**

کورد له هه‌ر چوار وڵاتی دابه‌شکراوی (تورکیا، ئێران، عێراق، سووریا)دا ڕووبه‌ڕووی چه‌وساندنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی بوونه‌ته‌وه. له تورکیا بۆ ماوه‌ی چه‌ندین ده‌یه شه‌ڕی نێوان «PKK» و حکومه‌تی تورکیا بووه‌ته هۆی ئاواره‌کردنی سه‌دان هه‌زار کورد. له ئێرانیش دانیشتووانی کورد له زێدی خۆیان به هۆی چالاکیی سیاسی و کولتوورییانه‌وه ڕووبه‌ڕووی سزا و تاوانبارکردن ده‌بنه‌وه. له عێراق سه‌ره‌ڕای هه‌بوونی هه‌رێمی کوردستان وه‌ک یه‌که‌یه‌کی فیدراڵ، هێشتا کێشه‌ی سیاسی و ئابووریی له‌گه‌ڵ حکومه‌تی ناوه‌ند له به‌غدا هه‌یه، هه‌روه‌ها نزیکایه‌تیی داعش و گرووپه تیرۆریستییه‌کان بوونه‌ته هۆی ئاواره‌بوونی سه‌ده‌ها هه‌زار دانیشتووانی کورد. له سووریاش کورد که زۆربه‌یان له ناوچه‌ی باکووری ئه‌و وڵاته ده‌ژین، ڕووبه‌ڕووی هێرشی گرووپه‌کانی پشتگیریکراو له تورکیاوه ده‌بنه‌وه. ئه‌مه واتای ئه‌وه‌یه که نه‌ته‌وه‌ی کورد ڕووبه‌ڕووی چه‌وساندنه‌وه‌ی سیاسی، ئابووری و نه‌ته‌وایه‌تی ده‌بنه‌وه.

- **سوورییه‌کان**

کۆچی سوورییه‌کان سه‌ره‌تا به ڕاپه‌ڕینی به‌هاری عه‌ره‌بیی ٢٠١١ ده‌ستی پێ کرد، که بووه شه‌ڕێکی ناوخۆیی خوێناوی. له کاتێکدا که سوورییه‌کان پێکهاته‌یه‌کی جیاوازن که عه‌ره‌ب، کورد، تورکمان، ئه‌رمه‌ن، سه‌رانی و که‌مینه‌کانی تری تێدایه، هه‌ریه‌که‌یان هۆکاری جیاوازی کۆچیان هه‌یه، له‌م نێوه‌نده‌دا کورد له سووریادا به تایبه‌ت له ناوچه‌ی ڕۆژئاوای کوردستان، ڕووبه‌ڕووی هێرشی تورکیا و گرووپه پڕۆکسییه‌کان بوونه‌ته‌وه، له کاتێکدا عه‌ره‌به‌کان زیاتر به هۆی شه‌ڕی ناوخۆیی و کوشتار ناچار به کۆچ بوون.

- **ئەفغانییەکان**

کۆچی ئەفغانییەکان پەیوەستە بە شەڕی چوار دەیەی ناوخۆی ئەو وڵاتە، کە لە (١٩٧٩)ەوە دەستی پێ کرد. دوای گەڕانەوەی تاڵیبان بۆ دەسەڵات لە ٢٠٢١، بە تایبەت ژنان، منداڵان و ئەو پیاوانەی لەگەڵ هێزەکانی نێودەوڵەتی کاریان کردبوو، ڕووبەڕووی مەترسیی ژیان بوونەتەوە. زۆرێک لە کۆچبەرانی ئەفغانی هونەرمەند و خوێندکاری زانکۆن، کە دەتوانن بەشدارییەکی باش لە ئابووریی ئەورووپادا بکەن.

## سیاسەتی یەکێتیی ئەورووپا بەرامبەر کۆچ

یەکێتیی ئەورووپا لە هەوڵێکی بەردەوامدایە بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێژە و بڕی کۆچی یاسایی و نائاسایی لە وڵاتانی ئەورووپادا، بۆ ئەم مەبەستەساڵانە چەندین ڕێگە و شوێنی پەیوەست بە دۆسیەی کۆچ و کۆچبەران دەگرێتە بەر، لەم نێوەندەدا چەندین هەنگاوی جۆراوجۆری گرتووەتە بەر، لەوانە:

- **سیاسەتی دەرکردن و گەڕاندنەوە**

یەکێتیی ئەورووپا لە ساڵانی کۆتاییدا بەرانبەر کۆچ سیاسەتێکی سەختگیرانەی وەرگرتووە، لە ساڵی ٢٠٢٤دا سیاسەتی دەرکردن و ڕەتکردنەوەی پەنابەریان گەیاندووەتە ئاستێکی بەرز، چونکە تەنها نزیکەی ١٩٪ی ئەو کەسانەی کە بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ دەکراوە؛ لە ماوەی سێ مانگدا گەڕێنراونەتەوە، بەم پێیە یەکێتیی ئەورووپا پلانی بۆ دامەزراندنی «ناوەندەکانی گەڕانەوە» داناوە کە لە دەرەوەی سنوورەکانی یەکێتیی ئەورووپا بۆ هەڵگرتنی کۆچبەران دەرکراون، لە کاتێکدا چاوەڕوانی گەڕاندنەوەیان بۆ وڵاتانی خۆیان دەکەن. ئەم سیاسەتەش پشتیوانییەکی بەهێزی لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە بەدەست هێناوە، چونکە مەترسیی پێشێلکردنی مافەکانی پەناهەندەکان؛ ئەگەرێکی بەردەوامە.

- **سیاسەتی پاراستن بە شێوەیەکی کاتی**

یەکێتیی ئەورووپا لە ساڵی ٢٠٢٢دا «بەرنامەی پاراستنی کاتی»ی بۆ پەناهەندەی ئۆکراینی جێبەجێ کرد، کە ئاسانکارییەکی بێوێنەی پێشکەش کرد، بەڵام ئەم جیاوازییە لە مامەڵە لەگەڵ پەناهەندەی ئۆکراینی و ئەوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە هۆی ڕەخنەی بەرفراوان لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ. لەم دواییەشدا بە هۆی گریمانەی کۆتاییهاتن

و وەستاندن و خاوبوونەوەی شەڕی ئۆکراین و ماندووبوونی ئابووری، هەندێک وڵات وەک نەرویج و سلۆڤاکیا پشتگیرییان بۆ پەناهەندی ئۆکراینی کەم کردووەتەوە.

لە ١٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤دا، ئەنجوومەنی داد و کاروباری ناوخۆی یەکێتیی ئەورووپا ڕێنمایی دروستکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی قاچاخچێتی پەسەند کرد. لە نێو بڕگەکانی دیکەدا، یاساکە پێناسەکانی ئێستا فراوانتر دەکات و سزای توندتر بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێنێت کە پەیوەندییان بە تاوانەکانەوە هەیە. بەڵام نیگەرانیی جددی هەیە کە بتوانێت زیاتر ئەو کەس و ڕێکخراوانە ئاشکرا بکات کە خزمەتگوزارییە مرۆییە بنەڕەتییەکان پێشکەش دەکەن. بەڵام هیچ مەرجێکی یاسایی پابەندکەر لە دەقەکەدا نییە بۆ ڕێگریکردن لە واژۆکاران لە بەکارهێنانی بڕگەکانی بۆ دادگاییکردنی کۆچبەران و ئەو کەسانەی کە یارمەتییان دەدەن.

- **ڕاگرتن و کەمکردنەوەی داواکارییەکان**

دوای کەوتنی ڕژێمی ئەسەد لە ساڵی ٢٠٢٤دا، زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپا داواکارییەکانی پەناهەندەیی هاوڵاتییانی سوورییان ڕاگرت، ئەم بڕیارەش پرسیاری گەورەی لە سەر دۆخی نزیکەی یەک ملیۆن پەناهەندەی سووری لە ئەورووپا دروست کرد. نەمسا زیاتر چووە پێشەوە و بە خێرایی ڕایگەیاند کە دەستی کردووە بە ئامادەکردنی پلانەکان بۆ «بەرنامەیەکی ڕێکوپێک بۆ گەڕانەوە و دەرکردن»ی نیشتەجێبووانی سووری لە وڵاتەکەی، بەڵام ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هۆشیارییان داوە کە ئەورووپا لە گەڕاندنەوەی پەناهەندەی سووری، چونکە هێشتا دۆخی سیاسی و ئەمنی لە سووریا ناجێگیرە.

## ئاماری مەترسییە سەرەکییەکانی کۆچ و ئاسۆی نادیار بۆ پەنابەران

ڕێڕەوەکانی کۆچ بۆ ئەورووپا مەترسیدارترین ڕێڕەوەکانی جیهانن. لە ساڵی ٢٠٢٤دا کۆی گشتیی مردووانی ڕێڕەوی ناوەڕاستی دەریای سپیی ناوەڕاست گەیشتووەتە ١,٧١٧ کەس، لە کاتێکدا ژمارەی گەیشتووان دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێژەی مردن بەراورد بە ژمارەی گەیشتووان بەرز بووەتەوە. لە ڕێڕەوی ڕۆژئاوای ئەفەریقا/ئاتلانتیکیش بۆ جزیرەکانی کاناری، ١,٠٦٢ حاڵەتی مردن تۆمار کراوە، بەڵام ڕاپۆرتی سەربەخۆی دامەزراوەی «Ca-Minando Fron-

teras››دا ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە نزیکەی ١٠,٤٥٧ کۆچبەر لە دەریا و لە ڕێگەی بەرەو ئیسپانیادا مردوون، ئەمەش بەو واتایەی پێویستی بە چاودێریی نێودەوڵەتی و چارەسەرێکی دەستبەجێ هەیە.

لە ڕۆژهەڵاتیشدا بە تایبەت کە پەنابەرانی سووری لە پلەی یەکدا دەبینرێن و دوای دەرچوونی دراماتیکیی بەشار ئەسەد و ڕژێمەکەی، کە کۆتایی بە دەیان ساڵ لە دیکتاتۆریەتی دڕندانە و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هێنا، ڕۆشناییەکی خستە سەر داهاتووی زیاتر لە یەک ملیۆن پەنابەری سووری لە ئەورووپادا. تەنانەت پێش ڕووخانی لەناکاو و چاوەڕواننەکراوی ئەسەد، هەندێک وڵات بەدوای ئەگەری گەڕانەوەی هاوڵاتییانی سووریادا دەگەڕان بە پاساوی ئەوەی کە دەتوانرێت بەشێک لە سووریا بە «خاکی سەقامگیر» هەژمار بکرێت. بۆ نموونە هەردوو وڵاتی دانیمارک و هەنگاریا پێشتر لە سەر ئەم بنەمایە مافی نیشتەجێبوونی هەندێک لە پەنابەرانی سووریایان هەڵوەشاندەوە. لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٤دا، حەوت وڵاتی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا داوای هەڵسەنگاندنیان بۆ دۆخی سووریا دەکرد بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی پەنابەرانی سووریا، بە تایبەتی ئیتالَیا، تەنانەت هەوڵی دابوو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد لە ڕێگەی هەوڵە دیپلۆماسییە بەردەوامەکانەوە لە ماوەی ساڵەکەدا بگۆڕێت. بە پێی زانیارییەکان، یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم پەیوەندییە دەستەبەرکردن و دروستکردنی ناوچەیەکی سەلامەت بووە لە سووریا بۆ ئاسانکاریی گەڕانەوەی ئاوارەکان لە بەرامبەر هەڵگرتنی سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر ڕژێم.

لەم چوارچێوەیەدا زۆرێک لە وڵاتان لە سەرانسەری ئەورووپا وەڵامیان دایەوە و بە خێرایی داواکارییەکانیان بۆ هاوڵاتییانی سووریا ڕاگرت. نەمسا لەوە زیاتریش ڕۆیشت و لە ڕۆژی دوای ڕووخانی ئەسەد ڕایگەیاند کە دەستی کردووە بە ئامادەکردنی پلان بۆ «بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی گەڕانەوە و دیپۆرتکردنەوە»ی هاوڵاتییانی سووری لەو وڵاتە. لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەڵمانیا کە میوانداریی زۆرترین دانیشتوانی سووریا دەکات، چۆن وەڵام دەداتەوە؟ بەو پێیەی کۆچ لە ساڵانی ڕابردوودا بووەتە پرسێکی سیاسیی زۆر دابەشکەر لە ناو ئەڵمانیادا، لە ئێستاشدا پاڵپشتییەکی بەرچاوی هەیە بۆ کۆتاییهێنان بە پارێزگاریکردن لە سووریاییەکان تەنانەت پێش کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی ئەسەد. دواتر حکومەتی ئەڵمانیا پلانێکی چوار خاڵیی بۆ هاوڵاتییانی سووری لە وڵاتەکەدا بڵاو کردەوە

کە وێڕای ڕێگەدان بە «مانەوەی ئەو کەسانەی کە حکومەت پەسنی کردوون، هەمان کات ئەو بڕگانەش بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو کەسانە دەخاتە ڕوو کە کۆمەڵەی تاوانکاری یان توندڕەویان هەیە، جگە لەوەش کاری کرد بۆ دانانی بەرنامەیەکی تایبەت بۆ گەڕانەوەی ئەو خۆبەخشانەی کە دەیانەوێت ئەڵمانیا بەجێ بهێڵن».

سەرەڕای ئەوەش، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی نادیار لە سووریا، یەکێتیی ئەورووپا هۆشداری دەدات لە پەلەکردن لە گەڕانەوەی هاوڵاتییانی سووری، بە هەمان شێوە هیومان ڕایتس ووچ سەرنجی بۆ «دۆخی ناجێگیری سووریا و بەردەوامیی شەڕ لە هەندێک ناوچەی وڵاتدا ڕاکێشاوە. «UNHCR›› لە دوای ڕووخاندنی ئەسەد بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و دان بەو خواستەدا دەنێت کە ڕەنگە زۆرێک لە سوورییەکان هەستی پێ بکەن بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەیان و دەستخستنی کار بۆ بژێویی ژیانیان، بەڵام «بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی دانیشتووانی سووریا دەبێتەوە». ‹›قەیران، بەردەوامیی ئاستی بەرزی ئاوارەبوونی ناوخۆیی و وێرانکاری و زیانگەیاندنی بەرفراوانی ماڵ و ژێرخانی گرنگ دەبێت لەبەرچاو بگیرێت.››

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، هێشتا کاربەدەستانی یەکێتیی ئەورووپا لەو باوەڕەدان ساڵانە لە سنوورەکانی ئەورووپا ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی گەورە دەبینەوە کە پێویستیان بە وریایی و گونجانی بەردەوام هەیە. لە کاتێکدا کە ساڵی ٢٠٢٤ کەمبوونەوەی بەرچاوی دەروازە سنوورییە ناڕێکەکانی بەخۆیەوە بینی، هەروەها ڕێکخراوی کۆچبەران لە یەکێتیی ئەورووپا تیشک دەخاتە سەر گۆڕانێکی مەترسیدار و داینامیکی بەوەی کە دەسەڵاتدارانی سنوورەکان لە سەرانسەری ئەورووپا دەبێ ئامادە و نەرمونیان بن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەرانە ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگارییە پەرەسەندووانە ببنەوە. پابەندبوون بە پاراستنی سنوورەکانی ئەورووپا، لە هەمان کاتدا بەرزترین ستانداردەکانی مرۆڤایەتی و هاوکارییە.

لە کاتێکدا ئامارەکانی کۆچی ناڕێک لە ساڵی ٢٠٢٤دا ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنەکانە، بەڵام ئاستەنگەکان هەر وا ماونەتەوە. تۆڕەکانی قاچاخچێتی خۆیان لەگەڵ بارودۆخی نوێدا دەگونجێنن و ڕەوتی کۆچکردن دەتوانێت بە خێرایی بگۆڕێت. دەسەڵاتداران ڕایانگەیاندووە کە توندوتیژی لە لایەن قاچاخچییەکانەوە بە درێژایی ڕێگای بەڵکانی ڕۆژئاوا زیاد دەکات و پەرەسەندنی ناسەقامگیر لە ناوچە و کەناراوەکاندا هێشتا بەردەوامە لە پاڵنانی کۆچکردن بەرەو ئەورووپا.

# سەرچاوەکان

1. Mixed Migration Centre (MM- Quarterly Mixed Migration Update: Europe Quarter, 2024, https://mixedmigration.org/wp-content/uploads/2025/02/QMMU-2024-Q4-Europe.pdf
2. Eurostat - Migration and asylum in Europe – 2024 edition https://ec.europa.eu/eurostat/web/interactive-publications/migration-2024
3. Frontex - Irregular border crossings into EU drop sharply in 202 https://www.frontex.europa.eu/media-centre/news/news-release/irregular-border-crossings-into-eu-drop-sharply-in-2024-oqpweX
4. Nature Scientific Data - Experts' assessments of migration scenarios between the Middle East & North Africa and Europe, https://www.nature.com/articles/s41597-023-02532-1
5. European Union Agency for Asylum (EUAA) - Latest Asylum Trends https://euaa.europa.eu/latest-asylum-trends
6. IOM World Migration Report - Europe Chapter 2024, https://worldmigrationreport.iom.int/what-we-do/world-migration-report-2024-chapter-3/europe
7. USA for UNHCR - Refugee Statistics, https://www.unrefugees.org/refugee-facts/statistics/
8. Euronews - Number of refugees and asylum seekers in Europe keeps rising, data shows (September 2024), https://www.euronews.com/my-europe/2024/09/04/number-of-refugees-and-asylum-seekers-in-europe-keeps-rising-data-shows

راپۆرتی ئایندەیی

ئایندەناسی

# سیاسەتی پەنابەرێتی

## لە وڵاتانی بەریتانیا و ئەڵمانیا

ئامادەکردن: ئایندەناسی



لە سەردەمی ئەمڕۆدا وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی تەنگەژە سیاسیی و ئابوورییە جیهانیی قووڵ بوونەتەوە، بە جۆرێك کە کاریگەریی لەسەر مسۆگەرکردنی مافەکانی پەنابەرێتی وەك یەکێك لە گرنگترین بابەتە نێودەوڵەتییەکان جێ هێشتووە. بەریتانیا و ئەڵمانیا، وەک دوو لە گرنگترین وڵاتانی ئەورووپا، سیستەمی جیاواز و تایبەتیان لە بەڕێوەبردنی کێشەی پەنابەرێتی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی مێژوو، کولتوور، و ئامانجە سیاسییەکانییانە. کاریگەریی گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکانی وەك شەڕی ئوکڕاینا، و ناسەقامگیریی سیاسی، زۆر لە بەرنامە و سیاسەتی پەنابەرێتی ئەم دوو وڵاتەی لێك جودا کردووەتەوە. لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵ دراوە جیاوازییەکانی دوو سیستەمی پەنابەرێتی وڵاتانی بەریتانیا و ئەڵمانیا لە نێوان ساڵانی ٤٢٠٢-٥٢٠٢دا بخرێنە ڕوو، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامار و داتای فەرمییەوە، بە وردبوونەوە لەسەر بنەمای یاسایی، جیاوازیی لە دیدگا و کۆنتێکستە یاساییەکان، شێواز و پرۆسەی داواکاریی مافی پەناخوازیی، مامەڵە و مافەکانی ژیانی ڕۆژانەی پەنابەران، و لە کۆتاییدا هەڵسەنگاندن و پێشبینی. ئەم ڕاپۆرتە کاریگەری سیاسەتەکانی tixerB لەسەر سیستەمی پەنابەرێتی بەریتانیا و ئەڵمانیا وەك یەکێك لە گەورەترین وەرگرانی پەنابەر لە ئەوروپا، شێوازی بەڕێوەبردنی نوێیان ڕووندەکاتەوە.

## جیاوازی بنەماکانی یاسای پەنابەرێتی لەنێوان بەریتانیا و ئەڵمانیادا

یاساکانی مافی پەنابەرێتی لە نێوان وڵاتی بەریتانیا و ئەڵمانیادا لە بنەڕەت و پرنسیپەکانیدا جیاوازی بەرچاویان هەیە، هەرچەندە هەردوو وڵات بەشداری سەرەکی هەر دوو کۆنفرانسی جنێفی ساڵی ١٥٩١ و پرۆتۆکۆڵی ساڵی ٧٦٩١-ن، بەڵام شێوازی جێبەجێکردن و شرۆڤەی یاساکان لە نێوانیاندا جیاوازی بەرچاوی هەیە. لە بەریتانیا، یاسای پەنابەرێتی بەپێی سیستمەکانی (tcA noitargimmI )ی سالی ٤١٠٢ و (tcA sredroB dna ytilanoitaN )ی ساڵی ٢٢٠٢ ڕێکخراوە، کە تیایدا ماددەی ٨ و ٩ی یاسای ناسنامە و شوناس و سنوور، جەخت لەسەر سێ ئاستی مامەڵەکردن لەگەڵ پەنابەران دەکاتەوە. ئەم یاسایە کاردانەوەی ڕاستەوخۆی بەریتانیا بووە بۆ کەمکردنەوە و ڕێگریی لە هاتنی پەنابەران بە شێوازی یاساغ، بەتایبەت ئەوانەی کە لە ڕێگەی (کەناڵی کانیشۆ)وە چوونەتە ئەو وڵاتەوە. لەم نێوەندەدا وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا بەرپرسیاری

جێبەجێکردنی ئەم یاسایانەیە و لە ساڵی ٤٢٠٢دا بودجەیەکی ٩.٧ میلیار پاوەندی بۆ بەڕێوەبردنی مامەڵەی کۆچ و پەنابەرێتی تەرخان کردووە.

لە بەرامبەردا، ئەڵمانیا بەپێی دەستوور، کە لە ماددەی A٦١ دا جەخت لە ڕێکخستنی مافی پەنابەرێتی بە پێی هەلومەرجی سیاسیی و یاسایی دەکاتەوە، واتە ئەم وڵاتە بە یاسای بنەڕەتی، مافی پەنابەرێتی دابین دەکات کە لە ماددەی ٦١دا هاتووە: «ئەو کەسانەی لەسەر بنەمای سیاسیی دەچەوسێندرێنەوە مافی پەنابەرێتییان هەیە». (FMAB) egnilthcülF dnu noitargiM rüf tmasednuB وەک ڕێکخراوی سەرەکی، بەرپرسیارە لە وردبینی و بڕیاردانی داواکانی پەنابەران. بە پێێ ناوەڕۆکی ئەو ماددە دەستوورییانە، وڵاتی ئەڵمانیا بەشێوەیەکی ڕونتر و بەپێی دەقی یاسا بنەڕەتییەکانی مافی مرۆڤ دەربارەی کەیسی پەنابەران دوواوە و هەمان کات سیستەمێکی بەهێزتری مافی پەنابەریی بەراورد بە وڵاتانی تری ئەورووپی دامەزراندووە. ئۆفیسی فیدراڵی بۆ کۆچ و پەنابەران (FMAB) وەك دەسەڵاتی سەرەکی بڕیاردەر لەسەر داواکارییەکانی مافی پەنابەران کار دەکات، ئەم ئۆفیسە بۆ ٨٩ لق لە سەرتاسەری ئەڵمانیا دابەش بووە و ٠٠٥,٨ کارمەندی هەیە. لە ساڵی ٤٢٠٢دا حکومەتی فیدراڵی ئەڵمانیا ٧,٣٢ میلیار یۆرۆی بۆ مامەڵەی پەنابەران و کۆچبەران تەرخان کرد، کە ئەمە ٦.٠٪ ی تێکڕای بودجەی ناوەندی نیشتمانیی ئەڵمانی (PDG) بووە، کە تایبەتە بە کاروباری پەنابەرانی ئەو وڵاتە.

لە بەریتانیادا سیستەمی پەنابەرێتی لە بنەڕەتدا پشت بە یاساکانی noitargimmI seluR و ylsA mulysA dna noitargimmI stcA دەبەستێت، بۆ جێبەجێکردنی کەیسەکانی پەنابەرێتی eciffO emoH بەرپرسیارە لە پرۆسەی وردبینی و بڕیاردان.

لەلایەکی ترەوە تەنها لە ساڵی ٤٢٠٢ەوە، بەریتانیا ٨٣١,٨٠١ داواکاری پەنابەری وەرگرتووە، کە ٨١٪ زیاتر بوو لە ساڵی ٣٢٠٢، لە کاتێکدا ئەڵمانیا ٩٩٣,٦٣٢ داواکاری پەنابەری لە ساڵی ٤٢٠٢دا تۆمار کردووە، ئەمە ئەوە پێشان دەدات کە ئەڵمانیا بەردەوام یەکێك لە گرنگترین مەکۆ و ناوەندی پەنابەرانە لە نێو وڵاتانی ئەورووپادا. بە شێویەکی گشتی، ئەڵمانیا ٨٢ داواکاری پەنابەری بۆ هەر ٠٠٠١ دانیشتوانێك هەیە، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە بەریتانیادا ٦،١ بۆ هەر ٠٠٠١ دانیشتووانێکە، لەسەر ئەم بنەمایە ناوەندی پەنابەرانی یەکێتی ئەوروپا (AAUE) ئەوەی ڕایگەیاندووە کە ئەڵمانیا ١٢٪ ی کۆی داواکارییەکانی پەنابەری لە یەکێتی ئەورووپا وەرگرتووە، کە

ئەمە زۆر زیاترە بەراورد بە فەرەنسا (٤١٪) و ئیتاڵیا (٢١٪) زۆر زیاترە، ئەمانەش لە کاتێکدایە کە بەگوێرەی ڕاپۆرتی RCHNU بەریتانیا تەنها ١٪ ی کۆی پەنابەرانی جیهان وەردەگرێت.

لەسەر ئەو بنەمایانە، پێگەی هەر دوو وڵات لە نێو سیستمی مافەکانی پەنابەرێتی و یاسای نێودەوڵەتیدا جیاوازە؛ بەریتانیا لە ساڵی ٢٠٢٤دا تەنها ٦١ داواکاری پەنابەری بۆ هەر ٠١,٠٠٠ کەس هەیە، کە لە ڕێژەی ناوەندیی یەکێتی ئەورووپا ٢٢ داواکاری بۆ ٠١,٠٠٠ کەس کەمترە، ئەم ئامارە نیشاندەری سیاسەتی سەختگیرانەی بەریتانیایە لە پەسەندکردنی مافی پەنابەران. لە هەمان کاتدا، بەریتانیا بەرپرسیاری تێچووی بودجەیەکی ٧,٤ ملیار پاوەندی بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمی کۆچ لە ئەستۆ گرتووە، کە تیایدا ٦,٢ ملیار پاوەند تەنها بۆ نیشتەجێکردنی پەنابەران بەشێوەیەکی کاتی تەرخان دەکات، بەپێی «ئۆفیسی هەستە نیشتمانییەکان»، هەر پەنابەرێك لە بەریتانیدا بەگشتی ماوەی ٠٨٧ ڕۆژ چاوەڕوانی بڕیارەی وەڵامدانەوەی داخوازییەکەی دەکات، کە ئەمە بە یەکێك لە درێژترین ماوەی چاوەڕوانی پەنابەران لە سەرتاسەری ئەورووپا دادەنرێت.

لە ساڵی ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥دا گۆڕانکارییەکی هەستپێکراو و ئاشکرا لە مامەڵەی بەریتانیا لەگەڵ دۆخی پەنابەراندا بەدیدەکرێت، بەتایبەت دوای مامەڵەکانی «tixerB»، بەریتانیا چیتر بەشداریی «ڕێککەوتننامەی دابڵن» نییە کە ڕێگەی بۆ گواستنەوەی پەنابەران لە نێوان وڵاتانی ئەورووپا خۆش کردبوو. ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەم وڵاتە دەبێت بەرپرسیارێتی تەواوی داواکارییەکانی پەنابەری لە ئەستۆی خۆی بگرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئازادیی زیاتریشی هەیە لە دانانی سیاسەت و یاساکانی خۆی. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە حکومەتی بەریتانیا یاسای (emehcS adnawR) دانێت، کە بە پێی یاساکە پەنابەران دەنێردرانە وڵاتی ڕواندا بۆ چارەسەرکردنی داواکارییەکانیان. ئەم پلانە تاوەکو ساڵی ٢٠٢٤ نزیکەی ٠٠٧ ملیۆن پاوەندی خەرجی کردووە بەبێ ئەوەی هیچ پەنابەرێك بنێردرێت. لە بەرامبەردا، ئەڵمانیا بەردەوام هاوکاریی نزیکتری لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا هەیە و بەشداریکەری چالاکی ycnegA noinU naeporuE rof mulysA (AAUE)یە، کە پاڵپشتی لۆجیستی و تەکنیکی بۆ بەڕێوەبردنی پەنابەران بەشێوەیەکی بەردەوام پێشکەش دەکات.

## بەراوردی یاساکانی پەنابەرێتی لەنێوان بەریتانیا و ئەڵمانیا

لە ناوخۆی ئەورووپادا جیاوازییەکی بەرچاو لە مامەڵەکردن لەگەڵ یاساکانی مافی پەنابەرێتیدا هەیە، بە جۆرێك کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ژیانی پەنابەران بەجێ هێشتووە. لە بەریتانیا، یاسای (tcA sredroB dna ytilanoitaN)ی ساڵی ٢٢٠٢، گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەسەر سیستەم و یاساکانی پەنابەرێتیدا هێناوە، ماددەی ١١ی ئەم یاسایە جیاکاریی لە نێوان پەنابەرانی «گونجاو» و «نەگونجاو» بەپێی شێوازی گەیشتنیان بە بەریتانیا دەکات. ئەم یاسایە دەسەڵاتی گەورەی داوەتە وەزیری ناوخۆ بۆ ڕەتکردنەوەی داواکارییەکان بەبێ چاوپێکەوتن، کە پێشتر تەنها لە بارودۆخە تایبەتەکاندا ئەم بابەتە ڕووی دەدا، هەروەها ماددەی ٥١ دەسەڵاتی بەڵگەی ڕێگەپێدان دەداتە بەرپرسانی سنوور ئەگەر گومانیان لە ساختەکاری هەبێت. هەروەها ماددەی ٨٢، پارێزگاریی زیاتر دەداتە کارمەندانی حکومەت لە دژی سکاڵاکردن کار بکەن.

لە لایەکی ترەوە پەنابەرانی «نەگونجاو» تەنیا مافی وەرگرتنی ڕێگەپێدانی کاتی ٠٣ مانگەیان هەیە، لە جیاتی ڕێگەپێدانی درێژخایەن کە ماوەی ٥ ساڵە. ماددەی ٦٣ی هەمان یاساکە دەسەڵاتی ناردنی پەنابەران بۆ وڵاتانی سێیەم دەداتە دەست حکومەت. هەروەها ماددەی ٢٤ دەسەڵات دەداتە بەرپرسان ئەگەر بێت و کەسێك کە بە شێوازی نایاسایی بێتە ناو وڵات، دەستبەسەر بکرێت تاکو پرۆسەکە تەواو بێت.

لە بەرامبەردا، ئەڵمانیا سیستەمێکی یەکسانی ماڵی بۆ هەموو پەنابەران هەیە، بەپێی یاسای نوێی کە لە ساڵی ٥٢٠٢ کاردەکات، مافی پەنابەرێکی تەنها بەبێ پشتگیریی، ناتوانێت لە مانگێکدا زیاتر لە ٠٦٤ یۆرۆ وەربگرێت ئەگەر بە سەربەخۆیی ژیان بکات. ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بەراورد لە و یارمەتیدانەی کە ٩٣,٧٤ یۆرۆ لە هەفتەیەك (نزیکەی ٠٠٢ یۆرۆ لە مانگێکدا) دەکات، بەراورد بەوەی کە بەریتانیا پێشکەشی دەکات. یاسای نوێی ناسراو یاسای مافی پەنابەران AsylbewerberleistungsgesetzA (GLblysA) کە لە کانوونی دووەمی ٥٢٠٢-ەوە کار دەکات، ڕێژەی یارمەتییەکان لە ٨١٥ یۆرۆ بۆ کەس و خێزانێك لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەربەخۆدا بەرز دەکاتەوە. هەروەها ئەم یاسایە ڕێگە دەدات پەنابەران دوای ٩ مانگ بۆ وەرگرتنی یارمەتیی کۆمەڵایەتی (eflihlaizoS) ئامادە بن، کە پێشتر ٨١ مانگ بوو.

ئۆفیسی فیدراڵی بۆ کۆچ و پەنابەران (FMAB) لە ساڵی ٤٢٠٢دا، ١٥٧,٩٢٢ داواکاریی

پەنابەری یەکەمجار و ٤٩١,١٢ داواکاری دووبارەی وەرگرتووە، ئامارەکە نیشاندەری ئەوەیە کە ئەڵمانیا بەردەوام وڵاتێکی گرنگی پەنابەران و وەرگرتنی داخوازییەکانیانە. لە ڕووی پرۆسە یاساییەکانەوە، بەریتانیا سیستەمی دادگای تایبەت (lanubirT reit-tsriF) و دادگای بەرز (lanubirT reppU) هەیە بۆ سکاڵاکردن لە بڕیارەکانی وەزارەتی ناوخۆ. ماددەی ٢٨ی یاسای tcA mulysA dna noitargimmI ,ytilanoitaN لە ساڵی ٢٢٠٢ مافی سکاڵاکردن دەستنیشان دەکات.

## بەراوردی پرۆسەی داواکاریی مافی پەنابەرێتی لەنێوان هەردوو وڵاتدا

پەیوەندی پەنابەران بە ئاژانسەکانی حکومەت لە هەر دوو وڵاتدا جیاوازی بەرچاو هەیە؛ لە بەریتانیادا، وەزارەتی ناوخۆ (eciffO emoH) بەرپرسیاری سەرەکی وردبوونەوەیە لە داواکارییەکانی مافی پەنابەران، هەروەها ناوەندەکانی تۆمارکردن لە چەندین شوێنی جیاجیادا وەك nodyorC, loopreviL, و wogsalG کە تایبەت بە کاروباری پەنابەران دامەزراون. سەرباری ئەوە بەریتانیا لە ساڵی ٤٢٠٢دا ڕووبەڕووی کێشەی پێداچوونەوە بە دۆسییە جیاوازەکانی مافی پەنابەران بووەتەوە، بۆ نموونە تاوەکو ١٣ی ئاداری ٥٢٠٢، ٠٠٥,٩٠١ کەس چاوەڕوانی بڕیاردانن لەسەر دۆسییە و داواکارییان، ئەم ڕێژەیەش تاوەکو مانگی کانوونی یەکەمی ٤٢٠٢ کەمی کردووە.

لە بەرامبەردا، ئەڵمانیا سیستەمێکی دابەشکراوی لەنێو ویلایەتەکانیدا (rednäL) هەیە، بەپێی FMAB پەڕگە و بەڵگەکان لە هەموو لقەکانەوە دەتوانن بە شێوەی ئەلیکترۆنی و بە ڕێگەی یاسایی پارێزراو زانیارییەکانیان بۆ دادگا کارگێڕییەکان بنێرن، زیاتر لەوە بەریتانیادا زۆرترین داواکاری پەنابەری لە نەتەوەکانی ئاسیایی وەك: (پاکستانی، ئەفغانی، بەنگلادیشی و هندی) هەبووە، جیا لەوە نەتەوەکانی ئەفریقا بە ڕێژەی (١٢٪)، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕێژەی (٨١٪) و ئەورووپییەکان بە ڕێژەی (٣١٪) چوونەتە بەریتانیا.

سیستەمی چاوپێکەوتن لە هەردوو وڵاتدا بۆ ساڵی ٤٢٠٢ و ٥٢٠٢ بە شێوازی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، لە بەریتانیا چاوپێکەوتنەکان لە لایەن کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ-وە ئەنجام دراون، لە کاتێکدا لە ئەڵمانیادا کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی فیدراڵیی کۆچبەران و پەنابەران (FMAB) ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکەن کە ڕاهێنانی تایبەتیان وەرگرتووە. پرۆسەی داوای پەنابەرێتی لە هەردوو وڵاتدا جیاوازە، لە ئەڵمانیادا پرۆسەی FMAB لە تۆمارکردنی سەرەتایی لە ناوەندە تایبەتەکاندا دەست پێ دەکات، دوای ئەوە

چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ کارمەندانی FMAB بە یارمەتی وەرگێڕ ئەنجام دەدرێت، پاشان بڕیاردان لەسەر بنەمای زانیاری وڵاتی سەرچاوە و لە کۆتاییشدا ئەگەری پێداچوونەوە لە دادگا هەیە. کاتی پرۆسەکە لە ساڵی ٢٠٢٥دا، بۆ ٢١ مانگ زیادی کردووە، بەتایبەتی بۆ ئەو دۆسیانەی ڕەتکراونەتەوە، بەڵام ئەم دۆسییەی لە دادگاکانن، ٧.٦١ مانگ دەخایەنێت. لە بەریتانیادا پرۆسەی eciffO emoH بە داواکردنی سەرەتایی کاتی گەیشتن یان لە ماوەی یەک ساڵدا دەست پێدەکات، دوای ئەوە چاوپێکەوتنی وردبینی لە ئۆفیسەکانی eciffO emoH، پاشان بڕیاردانی سەرەتایی لە لایەن کارمەندانی تایبەتەوە و ئاپیل لە lanubirT reit-tsriF بەڵام بەریتانیا کێشە و گرفتی گەورەی پشتگیریکردنی ڕاستەوخۆ بۆ پەنابەران هەیە کە ماوەی چاوەڕوانی درێژ دەکاتەوە.

### بەراوردی مافەکانی پەنابەران لە نێوان هەردوو وڵاتدا

دەستگەیشتن بە یارمەتی دارایی یەکێکە لە گرنگترین لایەنەکانی ژیانی پەنابەران لە بەریتانیا کە پەنابەران مافی وەرگرتنی ٩٣,٧٤ یۆرۆیان لە هەفتەیەکدا هەیە (نزیکەی ٥٠٢ یۆرۆ لە مانگێکدا)، لەگەڵ نیشتەجێبوون لە شوێنە دیاریکراوەکاندا کە لە لایەن حکومەتەوە دیاری دەکرێت، هەروەها سیستەمی کارتی draC NEPSA بۆ دابینکردنی خواردن بۆ پەنابەرانی وڵاتەکە دابین دەکرێت، بەڵام لە ئەڵمانیادا، ئەو پەنابەرانەی کە لە ناوەندەکانی وەرگرتندا ژیان دەگوزەرێنن، تەنها ٠٥١-٠٠٢ یۆرۆ لە مانگێکدا وەردەگرن، چونکە شوێنی مانەوەیان بۆ دابین دەکرێت لە ژوور و خواردنی پێویست، بەڵام ئەو پەنابەرانەی بە سەربەخۆیی دەژین و چاوەڕیی شوێن و دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانە نین، زیاتر وەردەگرن.

خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەر دوو وڵاتدا، جیاوازی بەرچاویان لە ڕووی دابینکردن و پێشکەشکردن و کوالیتیدا هەیە؛ لە ئەڵمانیادا پەنابەران لە ماوەی یەکەمدا کە ٨١ مانگە، تەنیا مافی چارەسەری کێشەی پزیشکی ئاسایی و ئەو پەنابەرانەی پێویستی پزیشکی زیاتریان هەیە لە ڕێگەی دڵنیایی تەندروستی GLblysA و بەرنامەی retmälaizoS-ەوە، بەڵام دوای ٨١ مانگ مافی تەواوی بیمەی تەندروستی (VKG) و دەستڕاگەیشتن بە تەواوی خزمەتگوزارییەکان و چارەسەری دەروونی و تایبەتیان دەبێت. لەم ئەرکەدا چەند دامەزراوەیەکی تەندروستی پێشکەوتوو هەن، لە نموونەی ڕێکخراوە تایبەتەکانی وەك tsneidsfliH resetlaM کە خزمەتگوزاری پزیشکی بۆ پەنابەران دابین

دەکات، هەروەها دامەزراوەی tleW red etzrÄ بۆ چارەسەری خۆڕایی و sorübideM وەك ئۆفیسی پزیشکی بۆ ئەوانەی بەبێ مۆڵەت پێدان کاردەکەن. بەڵام جیاواز لەوانە لە بەریتانیادا پەنابەران مافی erac ycnegremE لە secivres PG ،E&A یان هەیە دوای تۆمارکردن، بەرنامەیەکی گشتییان بۆ چارەسەری نەخۆشی دەروونیی هەیە، بەڵام خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەو وڵاتە تا ڕادەیەك سنووردارە بە تایبەت بۆ ئەو دۆسێیانەی هەندێك چارەسەری تایبەتیان بوێت و پێویستی بە پارە بێت و ماوەی چاوەڕوانی درێژی بۆ چارەسەرکردن بوێت، هەروەها لە وڵاتی بەریتانیا ڕێکخراوە تایبەتەکانی وەك srotcoD fo eht dlroW KU بۆ خزمەتگوزاریی خۆڕایی، hsitirB deR ssorC بۆ پشتگیری تەندروستی و eegufeR licnuoC بۆ ڕێنمایی دەستڕاگەیشتن بە SHN کار بۆ پشتیوانی دۆسییەی پەنابەران دەکەن.

سیستەمی فێرکردن و خوێندن لە هەردوو وڵاتدا لە ڕووی پرۆگرام و دابینکردنی خزمەتگوزارییەوە جیاوازی بەرچاو هەیە، لە ئەڵمانیادا فێرکردنی زمان لەڕێگەی esruksnoitargetnI کە ٠٠٩-٠٠٦ کاتژمێر فێرکردنی ئەڵمانی و esrukhcarpssfureB بۆ فێرکردنی زمان کە بۆ کاری تایبەت دەبێت بە خۆڕایی بۆ پەنابەران دابین دەکات، خوێندنی بەرز لە ڕێگەی پرۆگرامی EgellokneidutS بۆ ئامادەکردن بۆ زانکۆ، بەرنامەی ekcürbneidutS بۆ پرۆگرامی نێوان زانکۆکان و GöfAB وەك یارمەتی داراییەکی خوێندکاران پێشکەش دەکات. هەروەها ڕێکخراوەکانی وەك namreG) DAAD egnahcxE cimedacA) بۆ کۆرسی خوێندن، ytisrevinU noriK بۆ خوێندنی ئۆنلاین و loohcS IDeR بۆ فێرکردنی تەکنەلۆجیا کار دەکەن. جیا لەوانە لە بەریتانیا فێرکردنی زمان لە ڕێگەی sessalc LOSE (segaugnaL rehtO fo srekaepS rof hsilgnE) و segelloc noitacude tludA دابین دەکرێت، کە هەندێکیان بە خۆڕایی و هەندێکیان بە پارە خزمەتگوزارییەکان پێشکەش دەکەن، خوێندنی بەرز بۆ deinapmoccanU) CSAU nerdlihC gnikeeS mulysA) کە مافی خوێندنیان هەیە، هەروەها sutats eef emoH دوای وەرگرتنی sutats eegufer و sesruoc sseccA بۆ ئامادەکردن بۆ زانکۆ دابین دەکرێت، پاشان ڕێکخراوەکانی وەك STAR (seegufeR rof noitcA tnedutS) بۆ پشتگیری خوێندکارانی پەنابەر، elcitrA ٦٢ بۆ کۆرسی خوێندن و noitacudE eegufeR KU بۆ ڕێنمایی خوێندن کار دەکەن.

لە بواری خوێندندا، بەریتانیا سانسۆرێکی زۆری لەسەر مافی خوێندن و دەستگەیشتن بە پرۆسەی خوێندن داناوە، پەنابەران ناتوانن بۆ قوتابخانە و کۆلێجە نیشتمانییەکان بچن تاوەکو بڕیاری کۆتایی لەسەر داواکارییان نادرێت. لە بەرامبەردا، ئەڵمانیا مافی خوێندنی بە شێوەی خوێندنی ڕۆژانە بۆ منداڵان و گەنجان تاوەکو تەمەنی ٨١ ساڵی دابین کردووە. هەروەها بەریتانیا کارکردنی پەنابەرانی بەتەواوی قەدەغە کردووە، تاوەکو بڕیاری ئەرێنی لەسەر داواکارییان نەدرێت، لە کاتێکدا ئەڵمانیا دوای ٣ مانگی چاوەڕوانی، ڕێگە بە پەنابەران دەدات کار بکەن و پارە پەیدا بکەن.

سەرباری ئەمانە، لە بەریتانیادا لە ساڵی ٤٢٠٢، ٠٠٢,٥١ خێزان لە ئینگلاند یارمەتی بۆ دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون وەرگرتووە، ئەویش لە لایەن دەسەڵاتە ناوخۆییەکانەوە دوای جێهێشتنی شوێنی پەنابەرییان و نیشتەجێکردنیان وەك هاوڵاتییەکی ئاسایی ئەو وڵاتە، ئەمەش بە ڕێژەی ٣٩٪ زیاد بووە بەراورد بە ساڵی ٣٢٠٢.

### هەڵسەنگاندن و بەرنامەی داهاتوو

بە لەبەرچاوگرتنی سەرجەم یاسا و شێواز و ڕێبازەکانی تایبەت بە مامەڵە و پێدانی مافی پەنابەرێتی لە هەردوو وڵاتی بەریتانیا و ئەڵمانیادا، دەتوانین بڵێین سیستەمی پەنابەرێتی ئەڵمانیا لە ڕووی ڕێزگرتن لە پرەنسیپ و مافە بنچینەییەکانی مرۆڤەوە لە بەریتانیا باشتر و لە پێشترە. ڕێژەی پەسەندکردنی مافی پەنابەرێتی لە ئەڵمانیا بەرزترە و یارمەتی دارایی و مافەکانی کارکردن باشترن، بەو پێیەی لە چارەکی دووەمی ٥٢٠٢دا، ئەڵمانیا ٠٥٤,٣١ بڕیاری ئەرێنی لە قۆناغی یەکەمدا بۆ وەرگرتن و جێبەجێکردنی داخوازیی پەنابەران داوە، کە ئەم ڕێژەیە هێشتا بەراورد بە وڵاتی ئیسپانیا کە (٠٦٠,٦١) و فەرەنسا (٠٢٢,٤١) کەمترە، بەڵام ئەمە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی داواکارانەوەیە نەك کەمبوونەوەی پێدانی مافی پەنابەریی و  هاوکارییە سەرەکییەکان بۆ پەنابەران.

ئامارەکانی وەرگرتنی پەنابەر لە ساڵانی ٤٢٠٢-٥٢٠٢-دا جیاوازی بەرچاویان هەیە؛ ئەڵمانیا ٠٥٥,٠٥٢ داواکاری لە ٤٢٠٢ وەرگرت کە زۆرترین ژمارەیە لە یەکێتی ئەورووپا، لە کاتێکدا بەریتانیا ٣٤٣,٩٠١ داواکاری لە ٥٢٠٢ وەرگرتووە، کە بەرزترین ژمارەیە لە ساڵی ٩٧٩١ەوە. وڵاتانی سەرەکی کۆچبەران بۆ ئەڵمانیا پێك دێن لە: سووریا، ئەفغانستان و تورکیا، بەڵام بۆ بەریتانیا ئێران، ئەفغانستان، سوریا و ئەلبانیان. لە ساڵی ٥٢٠٢دا، بەریتانیا ژمارەیەکی زیاتری ٣٤٣,٩٠١ داوای پەنابەرێتی وەرگرت کە بەرزترین ڕێژەیە

لە ساڵی ١٩٧٩ەوە. لە بەرامبەردا، ئەڵمانیا لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥دا، ٥٩٤,٥٦ داواکاری وەرگرتووە، کە کەمبوونەوەیەکی ٥٠٪ لە چاو ساڵی ٢٠٢٤دا نیشان دەدات. لە ئەڵمانیادا پەنابەران بە شێوەیەکی بەرچاو لە سووری و ئەفغانییەکان پێك دێنن و نزیکەی ١١٠,٠٠٠ داواکاری لەلایەن ئەو دوو نەتەوەیەوە تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٤ پێشکەش کراوە، هەرچەندە هێشتا ئەمە ڕێژەیەکی کەمترە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ کە لە ١٥٤,٠٠٠ پەنابەر داوای مافی پەنابەرێتییان کردبوو، ئەمەش نیشاندەری کاریگەری سیاسەتە نوێیەکانی ئەڵمانیایە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شێوازی وەرگرتن داواکارییەکانی مافی پەنابەران.

پێشبینی دەکرێت بەریتانیا بەراورد بە ئەڵمانیا و تەواوی وڵاتانی ئەورووپا، لە مامەڵەکردن لەگەل دۆسیەی پەنابەران بەشێوەیەکی گشتی زیاتر سەختگیر بێت، بەتایبەت دوای ئەو ململانێ توندەی لە نێوان پارتە سیاسییەکانی وڵاتەکەدا هەیە، کە هەر یەکەو بەرنامەی خۆی بۆ دۆسێی پەنابەرانی وڵاتەکە هەیە، لە کاتێکدا ئەڵمانیا بەهۆی پێداویستیی زۆری بۆ دەستی کار و کرێکار و تەمەنی دانیشتوان، ڕەنگە سیاسەتێکی کراوەتر بۆ وەرگرتن و پەسەندکردنی داخوازی پەنابەران هەبێت، بەتایبەت لە ئەڵمانیا کێشە و گیروگرفتی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی هەیە، بۆ نموونە ڕێژەی زاوزێ لە ئەڵمانیا و ئەورووپا بۆ هەر ژنێك لە ئێستادا گەیشتووەتە نزمترین ئاستی خۆی، کە بۆ هەر ژنێك لە ئەڵمانیا دەگاتە (١.٢) منداڵ، لە ئەڵمانیادا لە ساڵی ٢٠٢٤ دا، ٦٠٠ هەزار منداڵ لە دایک بوون؛ لە دۆخێکدا ١ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس مردوون، واتە ڕێژەی مردن بەراورد لەگەڵ لە دایکبوون لە ئەڵمانیادا دوو هێندە زیاترە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ژنانی پەنابەر بەگشتی دوو بۆ سێ منداڵیان دەبێت (هەڵبەت پەنابەران لەبەر ئەوەی مافی پەنابەرێتی وەربگرن، نەوەی زیاتر دەخەنەوە)؛ واتە ڕێژەی منداڵبوون لە ئەڵمانیا دەگاتە ژێر یەك منداڵ بۆ هەر ژنێک.

لەگەڵ ئەمەشدا، هەردوو وڵات بەرنامەی وردیان بۆ داهاتوو و باشترکردنی سیستەمی پەنابەرێتی داڕشتووە؛ ئەڵمانیا بەرنامەیەکی گەورەی بۆ نوێکردنەوەی مافەکانی وەرگرتن و پەسەندکردنی مافی پەنابەران هەیە، حکومەتی ئەڵمانیا دەیەوێت لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٥-٢٠٣٠ پرۆسەکە بە دیجیتاڵی بکات، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی AI بۆ خێراکردنی مامەڵەکان و کەمکردنەوەی کات بۆ ٦ مانگ بۆ بڕیاردان لە قۆناغی یەکەمی دۆسییەکان واتە بڕیاری سەرەتایی، ناویان لێ ناوە Integration from Day One کە دەستپێکردنی فێرکردنی زمان و هونەر لە ڕۆژی یەکەمەوە لەخۆ دەگرێت و دروستکردنی

ناوەندی نوێ کە هەموو ناوچەکان و زۆنەکانی پەنابەران دەگرێتەوە. بەریتانیاش دوای ڕاگرتنی پلانی adnawR، بەرنامەی نوێی داڕشتووە کە بە evitanretlA adnawR ناسراوە، ئەم بەرنامەیە dnammoC ytiruceS redroB بۆ دروستکردنی ناوەندی تایبەت و قەرەبووکردنەوەی کەلێنەکان بۆ کەمکردنەوەی کەڵەکەبوون (golkcab) بۆ ژێر ٠٠٠,٠٥ کەس، هاوکات زیادکردنی ٨٢٪ لە گەڕانەوەی ئەو پەنابەرانەی ڕەت دەکرێنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بە وردی هاوکاری زیاتر لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپی پێشکەش دەکات.

بەراوردی سیستەمەکان خاڵە بەهێز و لاوازەکانی هەردوو وڵات دەردەخات؛ ئەڵمانیا سیستەمی یاسایی خۆپارێزی و خزمەتگوزاری تەندروستی بەرفراوانتر پێشکەش دەکات و هەوڵی یەکگرتنی باشتری پەنابەران و تێکەڵکردنیان بە کۆمەڵگە دەدات و پرۆگرامی فێرکردنی جیددیان هەیە، بەڵام پرۆسەکە بەشێوەیەکی ڕێژەیین و کاتەکەی درێژخایەنە، هەروەها زمانی ئەڵمانی بە هۆی قورسیی فێربوونییەوە بووەتە ئاستەنگ و نەبوونی شوێنی کار لە هەندێك کات و شوێندا وەك خاڵی لاواز دەبینرێت. لە بەریتانیا زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی جیهانی ناسراوە، SHN وەک سیستەمی تەندروستی نیشتیمانیی، مێژووی درێژی وەرگرتنی کۆچبەرانی هەیە و سیستەمی یاسایی waL nommoC وەك خاڵێکی بەهێز پشتیوانی دەکرێت، بەڵام گرفتی گەورە سنووردارکردنی مافی کارکردن و سیاسەتی توندی گەڕانەوە و کەمیی پرۆگرامی یەکگرتنە کە ئەمانە تێکڕا وەك خاڵی لاواز دەژمێردرێن.

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین هەر دوو سیستەم ئاستەنگ و لێهاتوویی باشیان هەیە؛ بە شێوەیەکی گشتی ئەڵمانیا سیستەمێکی داڕێژراوتر و یەکگرتووی باشتری هەیە، لە کاتێکدا بەریتانیا لە یەکلاکردنەوەی دۆسییەکان و پێدانی مافی کارکردن خێراتر و کارایە. هەر دوو وڵات پێویستیان بە چارەسەری ئاستەنگەکانی پشتگریی دۆسێی پەنابەران هەیە و پێویستە خێراتر پرۆسەکان بۆ باشترکردنی دۆخی پەنابەران یەکلایی بکەنەوە. ئەم بەراوردکاریە نیشاندەری ئەوەیە هەر چەندە هەردوو وڵات وەك دوو ناوەندی گەورەی وەرگرتنی پەنابەران، بەشداریی هەمان پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانن و پەیوەستن بە چوارچێوەی یاساکانەوە، بەڵام شێوازی جێبەجێکردن و بەرنامەی سیاسییەکان کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ژیان و داهاتووی ملیۆنان پەنابەر هەیە.

**تێبینی:** ئەم بەراوردە لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەیە کە تاکو ٨٢ی ئەیلوولی ٥٢٠٢ ئامادەکراوە.

# سەرچاوەکان

1- House of Commons Library - Asylum statistics, 25/9/2025, https://short-url.org/1gdni

2- UK Government Statistics - Immigration system statistics, 25/9/2025, https://short-url.org/1gdnm

3- Parliament UK Research Briefings - Immigration statistics, 25/9/2025, https://short-url.org/1gdnG

4- Statista - Total asylum applications in Germany 2014-2024, 26/9/2025, https://short-url.org/1gdoc

5- European Union Agency for Asylum - Latest Asylum Trends, 26/9/2025, https://short-url.org/1byG0

6- Refugee Council UK - Statistics on refugees and people seeking asylum26/9/2025, https://short-url.org/1gdov

7- Eurostat - Asylum applications monthly statistics, 27/9/2025, https://short-url.org/1byGm

8- Bundesamt für Migration und Flüchtlinge (BAMF) - Official German asylumauthority, 27/9/2025, https://short-url.org/1byGt

9- House of Commons Library - Asylum statistics, 27/9/2025, https://short-url.org/1gdoZ

10- European Union Agency for Asylum - Latest Asylum Trends, 28/9/2025, https://short-url.org/1byGA

11- Migration Observatory UK, 28/9/2025, https://short-url.org/1byGF

12- German Federal Ministry of Interior, 28/9/2025, https://short-url.org/1gdp9



# دیاردەی کۆچ لە هەرێمی کوردستان

## هۆکار، ئاستەنگ و سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا

ئامادەکردن: د. ژیلوان لەتیف یارئەحمەد

کۆچ وەك یەکێك لە گرنگترین دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی جیهان، لە ئێستادا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی ملیۆنان کەس هەیە. هەرێمی کوردستان، وەك بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دوو دەیەی ڕابردوودا لەم گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بەدەر نەبووە، و وەك بەرهەمهێنەرێکی دیاردەی کۆچ و کۆچبەریی بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا دەناسرێت. ئەم ڕاپۆرتە هەوڵێکە بۆ وردبوونەوە لە هۆکارەکانی کۆچکردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان و نیشاندانی دیمەنێکی ڕوون لەم کێشە ئاڵۆزە، بەتایبەت کۆچی هاوڵاتیانی کورد بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا، هەروەها لێکدانەوەی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی کۆچ بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا لە دوای پەتای کۆڕۆنا و شەڕی ئۆکرانیا، پاشان تێگەیشتنی جیاواز و مامەڵەی ئەو وڵاتانە بەرامبەر بە کۆچبەرانی جیاواز لەسەر ئاستی جیهان، ئەویش بە پشتبەستن بە ئاماری نوێی ساڵانی ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ و داتاکانی ڕێکخراوە کوردستانی و نێودەوڵەتییەکان.

## هۆکارو هاندەرەکانی کۆچ لە هەرێمی کوردستان

مەبەست لە چەمکی کۆچکردن ڕۆیشتنی دانیشتووانی ناوچەیەکی دیاریکراوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە پێناوی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆیان، لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو ئەم کۆچە لە چوارچێوەی سنووری وڵاتدا ڕووی دا ئەوا پێی دەوترێت کۆچی ناوخۆیی، بەڵام ئەگەر تێپەڕاندنی سنووری ڕامیاری وڵاتەکەی تێ کەوت، پێی دەوترێت کۆچی نێودەوڵەتیی. ئەم پڕۆسەیە وادەکات کۆچبەران لە ناوەندە کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسییەکەیانەوە بچنە ناوەندێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی جیاواز. لە هەمانکاتدا پڕۆسەکە دووبارەکردنەوەی گونجاندن و تێکەڵبوونی کۆچبەران لەگەڵ بوارە جیاوازەکانی ژیان لە کۆمەڵگەی نوێدا لەخۆ دەگرێت، چونکە کۆچکردن سەرەڕای ئەوەی کە جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوونە بۆ شوێنێکی نوێ، لە هەمان کاتدا ئەم کۆچە هەموو ئەو داب ونەریت و ڕەفتارو هەڵسوکەوتانە دەگرێتەوە کە ڕەنگە نزیك یان دوور بێت لەو خەسڵەت و سیفەتانەی کە کۆچبەر هەڵگری بووە لەو وڵاتەی کۆچی لێوە کردووە بۆ ئەو وڵاتەی کە کۆچی بۆ کردووە. لەسەر بنەمای ئەو دووری و نزیکییە ئامادەباشی کۆچبەر بۆ خۆگونجاندن و وەرگرتنی گۆڕانکری و دیاردەکانی ژینگە نوێیەکە و گوزارشتکردن لێیان بە ڕەفتار و هەڵسوکەوت دیاری

دەکرێن، بێگومان ئەم هەنگاوانە لە چوارچێوەی دیاردەی کۆچکدا، کۆمەڵێك هۆکار و پاڵنەریی سەرەکیی و لاوەکی لەخۆ دەگرێت.

لەم بارەیەوە ماردین حەمە ڕەشید، بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی دەزگای «لوتکە» بۆ کاروباری ئاوارە و پەنابەران دەربارەی پاڵنەرەکانی کۆچ لە هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە بەردەوامیی کۆچی گەنجان و لاوان بۆ کۆمەڵێك هۆکار و ئەو تەنگەژە یەك لە دوای یەکانە دەگەڕێتەوە کە ڕووبەڕووی هاوڵاتیان بووەتەوە لە ناڕوونی ئایندەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بووەتە کێشەی سەرەکی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، جگە لە بێکاری دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگەکان وخراپی گوزەرانیان. د.کوردستان عومەر محەمەد، پسپۆڕ لە کاری کۆمەڵایەتیی و کۆچبەرانی کورد لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، پێی وایە لە باسکردنی دیاردەی کۆچدا خاڵی سەرەکی و گرنگ فاکتەرەکانی پشت بڕیاردانە لە کۆچکردن بەو مانایەی ئەوەی هەنگاوی کردارییی بۆ کۆچکرن دەهێنێتە ئاراوە، فاکتەرەکانی کۆچکردنە کە بە دوو ئاڕاستە کار دەکەن و تەواوکەری یەکترن بۆ ئەوەی بڕیارەکە هەنگاوی جێبەجێکردن وەرگرێت، ئەویش فاکتەرە پاڵنەرەکانی کۆچکردنە و لە بەرامبەریدا، فاکتەرە ڕاکێشەرەکانی کۆچکردنە، ئەم فاکتەرانەش هێندە کاریگەرو بەهێزن کە ئیدی کۆچبەر ئاوڕ لە زۆر شت ناداتەوە و تەنانەت دوای کۆچکردنی بۆ کاتێکی زۆر کاریگەری لەسەری دەمێنێت و زامی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە مایەی هەڵکەندنی ئەو لە زێدی خۆی زۆری دەوێت تاوەکو تیمار ببێت. بۆیە زۆر جار کە کۆچبەری کورد ئەدوێنیت وێنەی باش و جوانت ناداتێ لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و کەمجار پەشیمانە لەوەی کە کۆچی کردووە و زێدی خۆی بەجێ هێشتووە، چونکە فاکتەرەپاڵنەرەکانی کۆمەڵگەکەی ئەو هێشتا وەك خۆی وان و هەر پاڵنەرن بۆ ئەو، بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگەیەکی سیستماتیکی ڕێکخراودا کە هۆکارە ڕاکێشەرەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بە بەرنامەی توندوتۆڵ خۆیان نمایش دەکەن کە شوێنی سەرنج بێت.

لەسەرئەم بنەمایانە دەکرێت گرنگترین هۆکارە پاڵنەرەکانی کۆچی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان چەندین هۆکاری جیاواز لە خۆ بگرێت؛ لەم بارەیەوە د.کوردستان عومەر محەمەد، جەخت لەوە دەکاتەوە کە پرۆسەی کۆچکردن لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا

بە شێوەی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ شکستی یەکێتی سۆڤیەت و شکستی ئەزمونی ئیسلامی و شکستی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان، خەڵکی ناوچەکانی بندەستی وڵاتانی سۆشیالیستی و نەتەوەیی و ئاینییەکانی بێئومێد کردووە لە بنیاتنانی ئایندەیەکی گەش، لەوە زیاتر، ئەوەی پێشوتریش بنیات نرابوو، لە بری پێشکەوتن، ڕما و وێران بوو، نموونەی عێراق و ئەفغانستان و ئۆکرانیا و لیبیا و چەندین وڵاتی دی، خەڵکی ئەو وڵاتانەی بێئومێد کرد، لە لایەکی دی هێماکردنی ڕۆژئاوا بە پێشکەوتووی و ڕۆژهەڵات بە دواکەوتوو بە تایبەت بە سوودوەرگرتن لە سۆشیال میدیا و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و بەکارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانەدا، وێنای جیهانی ڕۆژئاوای جوانتر و ڕۆژهەڵاتی ناشرینتر کردووە. فاکتەرێکی تر، بریتییە لە یاسا مرۆڤدۆستییەکانی ڕۆژئاوا کە لە ڕۆژهەڵاتدا نادیدە دەگیرێت. چین، ڕووسیا، مالیزیا، ئیمارات، سعودیە، کۆریای باشوور، ژاپۆن و چەندین وڵاتی دیکە لە دیدی ڕۆژئاوا نموونەی سەقامگیریی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیان، بەڵام لە یاساکانیان وشك و بێ هەستن لەبەرامبەر کۆچبەردا، بۆیە کۆچبەر هیچ دەستەبەرییەکی مافی مرۆڤی لە چوونە نێو ئەو وڵاتانە نییە کە ئایا لە کاتی گەیشتن بەو دەوڵەتە سەروماڵی سەلامەت دەبێت یان نا؟ بۆیە نائومێدی لە ڕۆژهەڵات و وێناکردنی ڕۆژئاوا وەك بەهەشت، و نەبوونی مافی کۆچبەر لە وڵاتە گەشەسەندووەکانی ڕۆژهەڵاتدا، سێ فاکترەی سەرەکی زۆربوونی کۆچکردنە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا.

لە لایەکی ترەوە، هۆکارە ئابوورییەکان و ڕێژەی بێکاری و داهاتی کەم بوونەتە سەرەکیترین هۆیەکانی کۆچ، بەپێی ئامارەکانی فەرمانگەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣دا، دانیشتووانی هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە زیاتر لە ٦.٥ ملیۆن کەس، کە ٣.٣ ملیۆنیان پیاو و ٣.٢٦ ملیۆنیان ژن بوون. بەڵام ئەو خوێندنەوەیەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام دراوە ئاماژە بە کێشەیەکی قووڵ دەکات، بە پێی دوایین لێکۆڵینەوەی «کوردستان ٢٤» کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٤دا بڵاو کرایەوە، ٨٧٪ خێزانەکانی هەرێمی کوردستان داهاتیان کەمترە لە ٨٥٠ دۆلار لە مانگێکدا، ئەم ڕێژەیە ئاماژە بە قورسیی بارودۆخی ئابووری دەکات کە وای کردووە زۆرێك لە خەڵك بیری کۆچکردن بکەنەوە.

ئاماری بێکاریی گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا ئاڵۆزییەکی جیاوازی نیشان دەدات؛ بەپێی «ناوەندی لێکۆڵینەوە ڕووداو» ڕێژەی بێکاری تاکو مانگی ئەیلوولی ٢٠٢٣ لە نێو گەنجاندا گەیشتووەتە ١٣.٦٪، هەروەها بەپێی ئامارێکی «ڕێکخراوی کوردیش گڵۆب» ڕێژەی بێکاری گەنجان لە مانگی ئایاری ٢٠٢٥ نزیکەی ٣٧.٢٪ بووە، هەروەها فەرمانگەی ئامار و زانیارییش لە هەمان مانگی ٢٠٢٥دا ئاماژە بە ڕێژەی ٢٧.٢٪ی بێکاری لە نێو گەنجانی هەرێمی کوردستاندا دەکات. بارودۆخی دیمۆگرافیی و ڕێژەی گشتی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ئامارێکی مەترسیدارن و هۆکاری پلەیەکی کۆچی گەنجانن بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا.

لە لایەکی ترەوە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لە نموونەی کارکردن لە نێو ئافرەتاندا جیاوازییەکی گەورە لە هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێت؛ بۆ وێنا، ئافرەتان بە ڕێژەی ١٦.١٪ کاردەکەن بەراورد بە ٦١.٥٪ بۆ پیاوان، و ڕێژەی بێکاری لە نێو ئافرەتاندا دەگاتە ١٣.٥٪، جیا لەوانە ڕێژەی (NEET) گەنجانی نەخوێندەوار، یاخود بێکار و ڕانەهێنراو لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمانە بە تێکڕا لە گرنگترین هۆکارەکانی هەوڵی کۆچکردن بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، چونکە بە پێی خەمڵاندنی «ڕۆژنامەی ڕووداو»، نزیکەی ٢٠،٠٠٠ کەس لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە هەمان هۆکار لە ساڵی ٢٠٢٣دا کۆچیان کردووە، لە کاتێکدا سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاماری جیاواز دەخاتەڕوو، کە نزیکەی ٢٦،٠٠٠ کەس دەخەمڵێندرێت، بەشێك لە هۆکارەکانی کۆچ بۆ هۆکارە سیاسیی و ئەمنی و کەمتەرخەمیی حکومەت لە بەردەم کێشەکانی گەنجان و نەبوونی بەرنامەی ڕوون بۆ چارەسەری کێشەی بێکاری و خزمەتگوزارییەکان دەبیننەوە.

## گۆڕانکاریی لە سیاسەتی ڕۆژئاوا و کاریگەریی لەسەر پەنابەرانی کورد

پاش چەندین دەیە لە کۆچی هاوڵاتیانی ڕۆژهەڵات بەرەو ڕۆژئاوا، لە ئێستادا وڵاتانی ڕۆژئاوا لەبەردەم گۆڕانکاریی ڕیشەیی دان لە سیاسەتی کۆچ و مامەڵەیان لەگەڵ پەنابەر و مافەکانیدا، لەمبارەیەوە «ماردین حەمە ڕەشید» دەربارەی گۆڕانکارییەکان لە سیاسەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە مافی پەنابەرێتی ئاماژە بەوە دەکات بە هۆی

زۆریی كۆچی كۆچبه‌ران و گرتنه‌به‌ری ڕێگه‌یه‌كی مه‌ترسیدار و هه‌بوونی ڕێژه‌یه‌كی زۆری كۆچبه‌ر له‌ وڵاتان و كه‌مبوونه‌وه‌ی ده‌ستی كار بۆ هاوڵاتیانی ڕه‌سه‌نی وڵاتانی ئه‌ورووپا و ناڕه‌زایه‌تی پیشاندانیان له‌ هاتنه‌ ژووره‌وه‌ی كۆچبه‌ران و گرتنه‌به‌ری ڕێڕه‌وی توندوتیژی هه‌ندێك له‌ كۆچبه‌ران، بووه‌ته‌ هۆكار بۆ گۆڕینی سیاسه‌تی وڵاتانی ئه‌رورووپا به‌رامبه‌ر به‌ كۆچبه‌ران. وڵاتانی ئه‌ورووپا له‌ كاتی هه‌بوونی جه‌نگ له‌ هه‌ر وڵاتێكی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست و نه‌بوونی سه‌قامگیریی، به‌شیوازێكی مرۆڤانه‌ پێشوازیان له‌ كۆچبه‌ران كردووه‌ و هه‌میشه‌ هه‌ستیان به‌وه‌ كردوه‌ كه‌ ئه‌م كۆچبه‌رانه‌ له‌ وڵاتانی خۆیان هه‌ڵهاتوون به‌هۆی هه‌بوونی مه‌ترسی له‌سه‌ر  گیانی خۆیان و خێزانه‌كانیان، جه‌نگی ئۆكرانیا هۆكارێكی تری گۆڕینی هه‌ڵوێستی وڵاتان بوو به‌رامبه‌ر به‌ كۆچبه‌رانی وڵاتانای دیكه‌ به‌ هۆی ڕێژه‌ی زۆری ئاواره‌كانی جه‌نگی ئۆكرانیا.

شه‌ڕی ئۆكرانیا كاریگه‌ری له‌سه‌ر كۆچبه‌رانی هه‌رێمی كوردستان هه‌بووه‌؛ له‌ یه‌ك لایه‌نه‌وه‌ بایه‌خی زۆری نێوده‌وڵه‌تی بۆ په‌نابه‌رانی ئۆكرانی وای كردووه‌ كه‌متر سه‌رنج بۆ كێشه‌كانی ناوچه‌ی كوردستان بدرێت، له‌ لایه‌كی تره‌وه‌، مامه‌ڵه‌ی جیاوازی وڵاتانی ڕۆژئاوا له‌گه‌ڵ په‌نابه‌رانی ئۆكرانیا، كاریگه‌ریی له‌سه‌ر  په‌نابه‌رانی هه‌رێمی كوردستان كردووه‌.  به‌پێی ئاماری UNHCR له‌ ساڵی ٢٠٢٤دا، زۆرینه‌ی كۆچبه‌رانی كورد كه‌ به‌ره‌و ئه‌ورووپا به‌ ڕێگه‌ی توركیا و یونان گه‌یشتوونه‌ته‌ وڵاتانی ئه‌ورووپی، له‌ كاتێكدا له‌ كاتی شه‌ڕی ئۆكرانیا ڕێگه‌ی وڵاتانی ڕۆژهه‌ڵاتی ئه‌ورووپا بۆ كۆچبه‌رانی كورد زیاتر بووه‌، ئه‌گه‌رچی ڕێژه‌ی په‌سه‌ندكردنی داخوازییه‌كانی په‌نابه‌رانی كورد له‌ ٣٠٪ كه‌متره‌ كه‌ ئه‌مه‌ ئاماژه‌ به‌ سه‌خته‌ بۆ مامه‌ڵه‌كردنی ڕۆژئاوا له‌گه‌ڵ په‌نابه‌رانی كورد، به‌تایبه‌ت كه‌ به‌پێی ئاماره‌كانی دامه‌زراوه‌ی «IOM» له‌ ساڵی ٢٠٢٤، زۆرینه‌ی ئه‌و كۆچبه‌رانه‌ی كه‌ له‌ هه‌رێمی كوردستانه‌وه‌ گه‌یشتوونه‌ته‌ ئه‌وروپا گه‌نجانی ته‌مه‌ن ١٨-٣٥ ساڵن، و زۆریان كۆلێژیان ته‌واوكردووه‌ یاخود پسپۆری ته‌كنیكین به‌ڵام زۆرینه‌یان له‌ وڵاتانی ئه‌وروپا بێ مای په‌ناهه‌نده‌یی ماونه‌ته‌وه‌.

له‌ چوارچێوه‌ی گۆڕانكاری له‌ سیاسه‌تی وڵاتانی ڕۆژئاوا به‌رامبه‌ر به‌ كۆچ و جه‌نگ و ناسه‌قامگیری له‌ رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا و ڕۆڵی نه‌رێنییان له‌سه‌ر وێنای مرۆڤی كۆچبه‌ر، له‌ هه‌مان كاتدا مامه‌ڵه‌ی وڵاتانی ڕۆژئاوا له‌ پاش شه‌ڕی ئۆكرانیا و كۆرۆناوه‌،

د. کوردستان عومەر محەمەد، پێی وایە هۆکاری سەرەکی بۆ گۆرینی سیاسەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر کۆچبەران، زۆربوونی ژمارەی کۆچبەران بووە لە ڕۆژئاوادا، زۆری ژمارەی کۆچبەر واتا زۆربوونی ئەو کەسانەی کە خاوەن کولتوورێکی جیاوازن لە ڕۆژئاوا، لە نێو کولتووری ڕۆژئاوادا، کەسی کۆچبەر یان دەیەوێت پارێزگاری لە کولتووری خۆی بکات، یان دەخوازێت پەرەی پێ بدات، یان دەیەوێت بیگونجێنێت لەگەڵ کولتووری ڕۆژئاوا، لەهەر دوو بارەکەدا، فشار لەسەر کولتووری ڕۆژئاوا دەکات، لێرەدا بەریەککەوتن ڕوودەدات لە نێو کولتووری باڵا کە دەیەوێت ڕامی کولتووری کۆچبەر بکات لەگەڵ کولتووری کۆچبەر کە بیەوێت یان نا، فشاری لەسەر کولتووری ڕۆژئاوا داناوە. زۆربوونی فشاری کۆچبەر لەسەر ڕۆژئاوا، بووە هۆی گۆرینی سیاسەتی ڕۆژئاوا لە پرسی مرۆیی و سیاسی و پرسەکانی تایبەت بە کۆچبەران.

لەسەر ئەم بنامایانە سیستەمی هەڵسەنگاندنی داخوازییەکانی پەنابەران، گۆرانکاری بەرچاوی بەخۆوە دیووە؛ لە ساڵی ٢٠٢٤دا، وڵاتانی ئەورووپا سیستەمی نوێیان بۆ هەڵسەنگاندنی داخوازییەکان داناوە کە زیاتر جەختی لەسەر "پەنابەری ڕاستەقینە" دەکردەوە. ئەمە ئەگەری قبووڵکردنی داخوازییەکانی کۆچبەرانی کوردستان کە بە زۆری بە هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆچ دەکەن، زیاتر لە هەر وڵاتێکی تر کەمی کردووە. بەم پێیە سەبارەت بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی قبووڵنەکردنی داخوازییەکانی پەنابەران یان ڕەتکردنەوەی کۆچبەر، بەپێی دوایین ئامارەکانی «UNHCR» لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٤دا، ژمارەی ئەو کەسانەی بەناچاریی کۆچیان کردووە لەسەر ئاستی جیهان گەیشتووتە ١٢٣ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس، کە ئەمە بەرزترین ئاستە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تاوەکو ئەو قۆناغە. لەم نێوەندەدا بۆ کۆچبەرانی هەرێمی کوردستان، لەگەل ئەوەی ڕێژەی کۆچ و ژمارەی کۆچبەر بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا زیادی کردووە، هاوکات لەگەڵ زۆربوونی داخوازیی مافی پەنابەریی، پەسەندکردنی لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە کەمی کردووە، ئامارەکانی «UNHCR» ئاماژە بە زیادبوونی ژمارەی کۆچبەر لە هەرێمی کوردستان بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا و زیادبوونی بەکارهێنانی ڕێگەی نوێ بۆ کۆچکردن دەکەن، بۆ نموونە لە ڕێگەی دەریای سوور و باکوری ئەفریقا. لەگەڵ ئەم زیادبوونە بەشێکی بەرچاوی پەسەندکردن و

وەرگرتنیان وەک پەنابەر لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا کەمی کردووە ئەویش بە هۆی قورسبوونی یاساکانی کۆچ لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەوروپا، زیادبوونی کۆنترۆڵ لەسەر سنوورەکان و کەمبوونی ڕێژەی قبووڵکردنی داخوازییەکانی پەنابەری کورد. وێڕای ئەوانەش ڕێژەی وەرگرتنی پەنابەر  وپێدانی مافی پەنابەرێتی بە کۆچبەرانی کورد لە وڵاتی ئەڵمانیا نزیکەی ٢٥٪ بۆ پەسەندکردنی داخوازیی پەنابەرانی لورد تەنگا بۆ ساڵی ٢٠٢٤، لە کاتێکدا هەریەك لە فەرەنسا بە ڕێژەی ١٨٪ و هۆڵەندا بە ڕێژەی ٣٢٪ و بەریتانیا بە ڕێژەی کەمتر لە ١٥٪ی داواکاریی پەنابەرانیان پەسەند کردووە.

**هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە نێوان بەهاناوەچوون یاخود ڕەتکردنەوەی پەنابەر**

لەم کاتەدا سیاسەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە کۆچ لە نێوان دوو بەرداشی نەرێنی و پەرگیرانە یاخود مرۆییانەیە، هاوکات پاسەواکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ ڕەتکردنەوەی کۆچکردن لە نێوان دوو گریمانەی پاساوی مرۆیی و شارستانین یاخود ڕاسیزم و نەژادپەرستانە، بە جۆرێك کە زۆرترین مشتومڕی بە دوای خۆیدا هێناوە. زۆرینەی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە چوارچێوەیەکی فەرمیدا جەخت لەوە دەکەنەوە کە کارنامە و نەخشەڕێی سیاسییان لەسەر بنەمای یاسای نێودەوڵەتی و پارێزگاریی لە مافەکانی مرۆڤ دامەزراوە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە زۆرجار جیاوازی لە هەڵوێستی فەرمییان نیشان دەدات. ماردین حەمە ڕەشید پێیوایە بە هۆی ئەوەی هەموو وڵاتان هەمان بۆچوونیان لەسەر کۆچبەران نییە، هەندێك وڵاتان بە یاسایی کار لەسەر ڕەتکردنەی کۆچبەران دەکەن، بۆ نموونە تەماشای سەقامگیری وڵاتی ڕەسەنی کۆچبەرەکە دەکەن و بەپێی بارودۆخەکە بڕیار دەدەن. بەڵام هەندێکی دیکە نەژادپەرستانە بڕیار دەدەن، بە بیانووی ئەوەی کە کولتوورو ئایینیان تێ کەدەدەن. زیاتر لەوە د.کوردستان عومەر محەمەد،  هێما بۆ ئەوە دەکات ئەو دەرگایەی کە لە سەدەی  ١٩ و ٢٠ بە ڕووی کۆچبەردا خرابووە سەر پشت و کراوەبوو، لە ئێستادا کۆچبەر دەبێت لەدەرگای ڕۆژئاوا بدات و ڕۆژئاوا دەیەوێت خۆی سەرپشك بکات داخۆ وەریدەگرێت یان نا، بۆ نموونە وڵاتیکی وەك ئەڵمانیا بیر لەوە دەکاتەوە چ ژمارەیەك لە کۆچبەری پێویستە و چ جۆرێکی پێویستە و کێی ناوێت و کێ دوور دەخاتەوە. لە ئێستادا دەستی کار لەوەرگرتنی کۆچبەر ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، پرسی بنیاتنانی سوپای

ئەورووپی و زیاکردنی بودجەی سەربازی وڵاتانی ئەورووپا لە هاوپەیمانی ناتۆدا، ڕێژەی پشتبەستن بە کۆچبەر دەگۆڕێت، هەروەها پیربوونی کۆمەڵگەی ئەورووپی و لاوازبوونی خێزان، کاریگەری لەسەر پێویستی کۆمەڵگە بە کۆچبەرهەیە. هەموو ئەمانە وای کردووە ئەورووپا بەتایبەتی و ڕۆژئاوا بەگشتی، پێویستی بە کۆچبەر هەبێت، بەڵام ململانێی حیزبایەتی بەتایبەت ڕاستڕەوەکان لە لایەك و ئەوانیی دیی لە لایەکی دی، وای کردووە پێداچوونەوە بە یاساکانی کۆچ بکرێت بە جۆرێك هەوڵەکان لە پێناوهاندانی کۆچی یاسایی و کەمکردنەوی کۆچی نایاساییە. کۆچبەری یاسایی، کرێکاری زیرەکە، ئەوانەن کە زانیاریان لەسەر گوزەران و ژیانکرنی ئەو دەوڵەتە هەیە کە بۆی دەڕۆن و پێش کۆچ، دەوڵەتی پێشوازیکەر کار و شوێنی بۆ دابین کردووە، ئەم جۆرە یاسایە لە ئەمریکا و کەنەدا بەرکارە، هاوکات ڕێگرە لەو کۆچبەرانەی کە لە ڕێگەی باندەکانەوە ملی ڕێگە دەگرنە بەر و بەپشتبەستن بە مافی مرۆڤ لە ئەورووپا کۆچ دەکەن. ئەم جۆرە کۆچکردنە، بێزراو و ناحەز کراوەو ڕۆژئاوا بۆ کۆنترۆڵکردنی ژمارەی کۆچبەر و چییەتی و کەسێتی کۆچبەر، زۆرجار چاوپۆشی لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن و کۆچبەر بە زۆرەملێ هەناردەی وڵاتی دی یان دیپۆرتی وڵاتی خۆی دەکەنەوە.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و تایبەتمەندی کۆچبەرانی کورد لە بەردەم وڵاتانی ڕۆژئاوا، وەها وێنا دەکرێت کە زۆرجار وەك (کۆچبەری ئابووریی) تەماشا دەکرێن نەك وەك پەنابەری سیاسی. ئەمە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕێژەی پەسەندکردنی داخوازییەکانیان هەیە، هەرچەندە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وەك Human Rights Watch و Amnesty International بەردەوام ڕەخنە لە سیاسەتەکانی وڵاتانی ئەورووپا سەبارەت بە مامەڵە لەگەڵ کۆچبەرانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەگرن لە نێویاندا کۆچبەرانی کورد، بەڵام پاساویی ڕۆژئاوا جێبەجێکردنی سیاسەتی (Safe Country) بۆ عێراقە، واتە زۆرێك لە وڵاتانی ئەورووپا عێراق و هەرێمی کوردستان وەك زۆنی سەلامەت و سەقامگیر وێنا دەکەن. بەم پێیە ئەگەری پەسەندکردنی داخوازییەکانی پەنابەر بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان هێشتا لە ژێر کاریگەری کێشە سیاسی و ئابوورییە جۆراوجۆردایە.

سەرباری ئەمانەی باس کرا، جیاکاریی نەتەوایەتی و ئایینی فاکتەرێکی تری هەڵوێستە نەرێنییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایە بەرامبەر کۆچی ڕۆژهەڵاتییەکان، بۆ نموونە بەراورد بە پەنابەرانی مەسیحی و ئێزیدی عێراقی، پەنابەرانی موسڵمانی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی سەختی زیاتر دەبنەوە و ڕێژەی پەسەندکردنی داخوازییەکانی کەمینە ئایینییەکان زۆرجار زیاترە.

## جیاوازی هەڵوێستی ئەمریکا و کەنەدا بەرامبەر مافی پەنابەران

هەریەك لە وڵاتانی ئەمریکا و کەنەدا کە دوو ناوەندی سەرەکی کۆچی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتن لە دوای وڵاتانی ئەوروپا بە زۆر هۆکاریی سیاسی، ئابووریی و جوگرافیی و ...هتد، مامەڵە و تێڕوانینیان لەگەڵ کۆچبەر و مافەکانی پەنابەرێتی جیاوازە، «د.کوردستان عومەر محەمەد» بۆچوونی وایە کە جیاوازییەك لە نیوان ئەوروپاو ئەمریکادا ئەوەیە، سنورەکانی ئەمریکا کۆنترۆڵی زیاترە وەك لە سنوری ئەوروپا، کیشوەرەی ئەوروپا زیاتر لە رێگەیەکی ئاویی و وشکانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات هەیە بەڵام ئەمریکا تاکە یەك ڕێگەی وشکانی لەگەڵ مەکسیك و کەنەدا . گەیشتن بە ئەوروپا و ئەمریکا ئەستەم نییە بەڵام وەك ڕێگەکانی ئەوروپا ئاسان نییە. لە لایەکی دیکە یاساکانی ئەمریکا و کەنەدا بەتەنها دیموکراتیی و سەرمایەدارانەن، بەڵام لە ئەوروپا سۆسیال دیموکرات ڕەوتێکی بەهێزە و ئەم پارتانە پشگیری ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ زیاتر دەکەن، هەروەها «ماردین حەمە ڕەشید» ئاماژە بەوە دەکات کە بە هۆیی جیاوازی بارودۆخی جوگرافی و ئابووری وسیاسیی، لە وڵاتانی ئەوروپا زیاتر بە نایاسایی کۆچبەران کۆچ دەکەن بەڵام لە وڵاتی کەندا بەشیوازێکی یاسایی هەڵدەبژێردرێت، لە کاتێکدا ئەمریکا تەنها لە سەر سنووری مەکسیکەوە پەنابەران دەڕۆن و کۆچەکان نایاسایین، جیا لەوە ئەوروپا یاسای هاوبەشی هەیە، بەڵام لە ئەمریکا و کەندا بڕیاری کۆتایی دەچێتە لای حکومەتی فیدڕاڵی.

لە سۆنگەی جیاوازیی سیاسەتی ئەمریکا بەراورد بە وڵاتانی ڕۆژئاوا، و بەهۆی ڕۆڵی ڕاستەوخۆی لە عێراق و پشتگیری لە هەرێمی کوردستان، ئەمریکا بەرنامەی تایبەتی بۆ کۆچبەرانی کورد هەیە، هەر بۆیە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کۆچبەرانی کورد جیاوازی بەرچاوی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا هەیە، ئامارەکانی وەرگرتنی پەنابەر لە ئەمریکا بۆ ساڵی ٢٠٢٤ بە پێی ڕاپۆرتە فەرمییەکانی UNHCR»» ئەوە نیشان دەدەن

کە کۆی گشتی پەنابەری وەرگیراو گەیشتووەتە ١٠٠,٠٠٠ کەس، لەوانەش نزیکەی ٣,٥٠٠ کەس لە عێراق و هەرێمی کوردستان بوون، ئەوەی تایبەت بە بەرنامەی پەسەندکراوی SIV (Special Immigrant Visa) بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا کاریان کردووە کە ئەمە دەرفەتێکی تایبەتی بۆ کۆچبەرانی کورد ڕەخساندووە.

هەمان کات سیاسەتی کەنەدا هاوشێوەی ئەمریکا جیاوازی بەرچاوی لەگەڵ لوڵاتانی ئەورووپی هەیە، کەنەدا یەکێکە لە باشترین وڵاتان بۆ پەسەندکردنی داخوازییەکانی کۆچبەرانی کورد، بەتایبەت کە سیستمی «Provincial Nominee Program» و «Express Entry» ڕێگەی بەردەوام بۆ کەسانی کارامە و خوێندەوار دەدکاتەوە تاکو کۆچ بۆ ئەو وڵاتە بکەن، بە پێی ڕاپۆرتەکانی UNHCR»» ئامارەکانی کەنەدا بۆ ساڵی ٢٠٢٤ ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆی گشتی کۆچبەری وەرگیراو گەیشتووەتە ٤٦٠,٠٠٠ کەس، لەوانەش نزیکەی ٨,٠٠٠ کەس لە عێراق و هەرێمی کوردستان بوون، گرنگتر لەوە ڕێژەی پەسەند کردنی داخوازیی بۆ کۆچبەرانی کورد گەیشتووەتە ٦٨٪ کە ئەمەش ئامارێکی بەرز و پێشوازی کارانەیە، لە کاتێکدا ئەم دەرفەتانە ئەو ڕاستییانە نیشان دەدەن کە ئەمریکا و کەنەدا تا ڕادەیەکی بەرچاو لە وڵاتانی ئەورووپی جیاوازترن، چونکە لە ڕووی جوگرافییەوە لە هەرێمی کوردستان دوورن، کە ئەمە مانای ئەوەیە کۆچبەران دەبێت ئامادەیی زیاتریان هەبێت، هەروەها سیستمی یاسایی ئەم دوو وڵاتە ڕێگە بە کۆچبەرانی کورد دەدات بە شێوازی یاسایی داوای مافی پەناهەندەیی بکەن، زیاتر لەوە بازاری کاری ئەمریکا و کەنەدا پێویستیان بە کرێکاری پسپۆڕ هەیە، کە ئەمە لەگەڵ تایبەتمەندی زۆری کۆچبەرانی خوێندەواری کورد دەگونجێت.

## دیاردەی کۆچ وەك دەرفەتێك بۆ مرۆڤ و ڕەگەزێکی پێشخستن و ئاڵوگۆڕ

دیاردەی کۆچ وەك نەریتێکی جیهانیی بە هەمیشەیی لە لایەن پەنابەرەوە وەك دەرفەتێکی نوێ بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ تەماشا دەکرێت، لە کاتێکدا کۆچ وەك هەڕەشەیەکی مەترسیدار لە لایەن بەشێکی وڵاتانی پەناهەندەوە تەماشا کراوە، لە نێوان ئەم دوو ڕوانگە جیاوازەدا، د. کوردستان عومەر محەمەد ئاماژە بەوە دەکات لە سایەی جیهانگیریی و کاڵبوونەوەی سنوور و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، سەرمایە و دەستی کار لە هاتوچۆیەکی زۆر دان و گەشتە فرۆکەوانییەکان و گەشتەکانی

شه‌مه‌نده‌فه‌ر و ئۆتۆمۆبێل و ڕێگه‌كانی ئاوی زۆر زیاتر بووه. دۆزینه‌وی هه‌لی كار له ڕێگه‌ی سۆشیال میدیاوه زۆر بووه، كرێكاری بیانی له جیهاندا گه‌شه‌ی سه‌ندووه، له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌مانه بازاڕیش هانده‌رێكی زۆری كۆچه. بۆیه تاكو هۆكاره‌كانی په‌یوه‌ندی پێشكه‌وتن به‌خۆوه ببینێت، تێكه‌ڵبوونی كۆمه‌ڵگه‌كان زۆرتر ده‌بێت و یه‌ك له چڕكردنه‌وی تێكه‌ڵ و پێكه‌ڵی دیارده‌ی كۆچه. بۆیه وڵاتانی ڕۆژئاوا له‌وه تێگه‌یشتوون كه دیارده‌ی كۆچ لێكه‌وته‌ی جیهانگیرییه و دیارده‌یه‌كی سروشتییه و ڕێگریكردن لێی سنووردراره، به‌ڵام ئێستا هه‌وڵه‌كان له‌و پێناوه‌دایه كه كۆچ، یاسایی و سنوربۆدانراو بێت. جیا له‌وه، ماردین حه‌مه ڕه‌شید ئه‌وه دووپات ده‌كاته‌وه كه ده‌كرێت كۆچ وه‌ك ده‌رفه‌تێكی پێشخستن له ڕووی زمان و كولتوور و بیر و لایه‌نی ئابووری و سیاسییه‌وه ته‌ماشا بكرێت بۆ هاتنه ژووره‌وه‌ی تازه‌گه‌ریی و خزمه‌تكردن و پێشخستینی وڵات، له نموونه‌ی ئه‌و وڵاتانه‌ی كه كۆچ وه‌ک ده‌رفه‌ت ده‌بینن هه‌ریه‌ك له ( ئه‌مریكا، كه‌نه‌دا، ئوسترالیا و ئه‌ڵمانیا)ن.

له چوارچێوه‌ی ئه‌و وڵاتانه‌ی كه دیارده‌ی كۆچ وه‌ك ده‌رفه‌تێك ته‌ماشا ده‌كه‌ن، كه‌نه‌دا ده‌بێته نموونه‌یه‌كی سه‌ركه‌وتوو، چونكه به شێوه‌یه‌كی سیستماتیك كۆچ وه‌ك چالاكیی گه‌شه‌ی ئابووری به‌كار ده‌هێنێت. له چوارچێوه‌ی یاسای په‌نابه‌ریی كه‌نه‌دیی بۆ كۆچ، به‌رنامه‌ی (Century Initiative) وه‌ك په‌یڕه‌وێكی یاسایی گونجاو ده‌بینرێت كه ئامانجی ئه‌وه‌یه دانیشتووانی كه‌نه‌دا له ساڵی ٢١٠٠دا بگه‌یه‌نێته ١٠٠ ملیۆن كه‌س، كه ئه‌مه زیاتر له دوو ئه‌وه‌نده‌ی ئێستایه‌تی، ئه‌م به‌رنامه‌یه پشت به‌و دیدگایه ده‌به‌ستێت كه كۆچبه‌ران ده‌توانن ڕاسته‌وخی به‌شداری له گه‌شه‌ی ئابووری و كۆمه‌ڵایه‌تیدا بكه‌ن.

سه‌باره‌ت به به‌شداریی سه‌ركه‌وتووانه‌ی په‌نابه‌رانی كورد له وڵاتانی په‌ناهه‌نده‌دا، ڕاپۆرته‌كانی UNHCR»» جه‌خت له‌وه ده‌كه‌نه‌وه كه ئاماره‌كانی سه‌ركه‌وتنی كۆچبه‌رانی كورد له وڵاتی كه‌نه‌دا، به جۆرێكه كه ڕێژه‌ی ده‌ستكه‌وتنی كار له ماوه‌ی یه‌ك ساڵدا ٧٨٪ بووه. ناوه‌ندی داهات دوای پێنج ساڵ له كاركردن ٥٢,٠٠٠ دۆلاری كه‌نه‌دی بووه، ڕێژه‌ی ده‌ستپێكردنی كاری تایبه‌ت ٢٣٪ بووه، هه‌روه‌ها له وڵاتی ئوسترالیا له ڕێگه‌ی به‌رنامه‌ی (Regional Sponsored Migration Scheme) پڕۆسه‌ی نیشته‌جیكردنی كۆچبه‌رانی له ناوچه دووره‌ده‌سته‌كاندا جێبه‌جێ كردووه، ئه‌م سیاسه‌ته هاوكاری به پڕكردنه‌وه‌ی كه‌لێنی گه‌وره و كارگه‌ری له ناوچه كه‌م گه‌شه‌سه‌ندووه‌كاندا كردووه. كۆچبه‌رانی كورد

زۆرجار لە پیشە جۆراوجۆرەکانی وەك کشتوکاڵکردن، پیشەسازیی و خزمەتگوزاری بەشێوەیەکی بەرچاو بەشدارییان لە گەشەپێدانی ئابووری ناوخۆییدا هەبووە.

لە چوارچێوەی ڕاپۆرتەکانی UNHCR»»دا وڵاتی سوید نموونەیەکی سەرکەوتووە بە تایبەت لە پێش گۆڕانی سیاسەتەکانی لە ساڵی ٢٠٢٢دا. ئەو کۆچبەرانەی کورد کە لە دەیەی ٩٠کاندا چوونەتە ئەو وڵاتە ئێستا بەشێکی گرنگن لە ئابووریی کۆمەڵگەی سوید. پەنابەرانی ئەو وڵاتە نەك تەنیا وەك هێزی کاریگەری بەشداری کردووە، بەڵکو وەك دامەزرێنەری کۆمپانیاکانیش ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە، هەروەها وڵاتی نەرویج-یش بەرنامەی (High Skilled Migrant) پەیڕەو دەکات، کە لە ڕێگەیەوە هەوڵ دەدات کەسانی پسپۆڕ ڕاکێشێت. کۆچبەرانی کورد بەتایبەتی لە بوارەکانی تەکنەلۆجیا و پزیشکی تا ڕادەیەکی بەرچاو سەرکەوتوو بوون، ئەم بەرنامەیە کاریگەری ئەرێنی هەبووە لەسەر گەشەی بوارە تەکنەلۆجییەکان لە ئەم وڵاتە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک وڵات دیاردەی کۆچ وەك دەرفەتێك بۆ پێشکەوتن دەبینن و بەرنامەی تایبەتیان بۆ ئەم مەبەستە دامەزراندووە، لەوانە: کەنەدا و سیستمی Start-up Visa، ئەم سیستمە ڕێگە بە کۆچبەرانی کۆمپانیا دامەزرێنەرەکان دەدات کە پڕۆژەی نوێگەرایانەیان هەبێت، ئەم بەرنامەیە بووە هۆی دروستبوونی هەزاران کاری نوێ و پێشکەوتنی بواری تەکنەلۆژیا. هەروەها وڵاتی ئەڵمانیا و بەرنامەی EU Blue Card کە تیایدا کەسانی پسپۆری یەکێتی ئەورووپا ڕادەکێشێت. ئەم بەرنامەیە بە ئاسانکردنی ڕێکارەکانی مامەڵەی کۆچبەران و پێشکەشکردنی مافە کۆمەڵایەتییەکان، توانیوویەتی پسپۆڕانی زۆر لە جیهانەوە ڕابکێشێت.


### ئاکامەکانی نەرێنییەکانی دیاردەی کۆچ لە هەرێمی کوردستان

وێڕای سەرکەوتنی بەشێکی بەرچاوی پەنابەرانی کورد لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دیاردەی کۆچ کاریگەریی نەرێنی کردووەتە سەر هەرێمی کوردستان لە دیارترینیان:

یەکەم: زیاد بوونی دیاردەی کۆچکردنی مێشکەکەکان (Brain Drain)؛ بەم پێیە کۆچکردنی کەسانی خوێندەوار و پسپۆڕ لە هەرێمی کوردستان کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی ناوخۆیی هەبووە، بەپێی ئاماری وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی

کوردستان، لە ساڵی ٢٠٢٤دا، ٣٨٪ لە دەرچووانی زانکۆکان ئارەزووی کۆچکردنیان هەبووە، زۆرینەی ئەوانەی کۆچ دەکەن لە بوارەکانی پزیشکی، ئەندازیاری، و تەکنەلۆجیان، کە ئەمەش وای کردووە کەمبوونەوەیەکی بەرچاو لە پسپۆڕانی ناوخۆیی ڕووبدات.

دووەم: لێکەوتەی لەسەر بارودۆخی ئابووریی و گەشەپێدان، بەپێی خەمڵاندنێکی وەزارەتی دارایی و ئابووریی، هەرێمی کوردستان ساڵانە نزیکەی ٢.٣ ملیارد دۆلار بەهۆی کۆچکردنی کەسانی کارامەوە لە دەست دەدات، ئەمەش کاریگەریی لەسە کەمبوونی وەبەرهێنان لە بوارە تەکنەلۆجییەکان، زیادبوونی پشتبەستن بە کرێکاری بیانی، و لاوازبوونی توانای داهێنان و نوێکاریی بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەجێ هێشتووە.




**هێڵکارییەکی نموونەیی بۆ ساڵی ٢٠٢٤: کۆچی هەرێمی کوردستانی عێراق بەرەو ڕۆژئاوا، ئەورووپا و ناوخۆیی عێراق**

سەرچاوە: ئامارە فەرمییەکانی UNHCR، KRSO، IOM و ICMPD

## چارەسەری گۆڕینی دیاردەی کۆچ بۆ دەرفەت و بەرەوپێشچوون

لە پێناو گۆڕینی دیاردە و نەریتی جیهانیی کۆچکردن لە هەڕەشە و ئاڵنگارییەوە بۆ دەرفەت و خۆبنیاتنان، پێویستە چەند هەنگاوێکی سیاسیی و سیستماتیك دابنرێت لە گرنگترینیان:

یەکەم: سیاسەتی Circular Migration؛ بۆ ئەوەی کۆچ بگۆڕدرێت لە هەڕەشەوە بۆ دەرفەت، پێویستی بە دروستکردنی بەرنامەیەکی ئەوتۆیە کە ڕێگە بە کۆچبەرانی کورد بدات بەشێوەیەکی کاتیی کار بکەن و دواتر بگەڕێنەوە، هەروەها لە ڕێگەی بەرنامەی تەکنۆلۆجی دوورەوە کە ڕێگە بە کەسانی پسپۆڕ دەدات لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان کار بکەن.

دووەم: وەبەرهێنان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بۆ وێنا بەشداریکردن لەگەڵ پارتنەرەکانی وەك World Bank، UNDP، و EU بۆ دروستکردنی دەرفەت و قۆستنەوەی کار لە ناوخۆ دەتوانێت کاریگەری بەرچاو هەبێت، وەبەرهێنان لە تەکنەلۆجیا و نوێکاریی دەتوانێت دەرفەت و کاری نوێ دروست بکات کە هاوتەریبن لەگەڵ ئەوانەی لە دەرەوە پێشکەش دەکرێت.

سێیەم: حەواڵەکردن Remittance، بەپێی ئاماری بانکی ناوەندی عێراق، کۆچبەرانی عێراقی و کورد ساڵانە نزیکەی ٤.٢ ملیارد دۆلار دەنێرنەوە ماڵەوە، ئەم پارەیە دەتوانرێت بە شێوەیەکی سیستماتیك لە پرۆژەی گەشەپێدان بەکار بهێنرێت، وەك وەبەرهێنان لە ژێرخان، پەروەردە، و تەکنەلۆجیا.

بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بتوانێت دیاردەی کۆچ وەك دەرفەتێك بۆ دروستکردن و خۆبنیاتنان بەکار بێنێت پێویستە چەند هەنگاوێك بگرێتە بەر لەوانە:

یەکەم: دروستکردنی Kurdistan Talent Magnet Program، بە واتای تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ گەڕاندنەوەی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات، ئەمەش لە ڕێگەی پێدانی قەرزی کەم یان بەخشین بۆ دامەزراندنی کۆمپانیا و دروستکردنی پارکی تەکنەلۆجی لە هەولێر، سلێمانی، و دهۆ ك و شارەکانی تر.

دووەم: جێبەجێکردنی بەرنامەی Digital Nomad Kurdistan، واتە ڕێگەدان بە کۆچبەرانی کورد لە دەرەوە کە هەر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کار بکەن، ئەمەش بە

دابینکردنی ئینته‌رنێتی خێرا و شوێنکاری هاوبه‌ش، له‌گه‌ڵ ئاسانکاری یاسایی بۆ کارکردنی کۆمپانیا بیانییه‌کان مسۆگه‌ر ده‌بێت.

سێیه‌م: وه‌به‌رهێنان له‌ په‌روه‌رده‌ و لایه‌نی ته‌کنیکی، هاوکاری له‌گه‌ڵ زانکۆکانی جیهان بۆ دروستکردنی به‌رنامه‌ی نوێ، فێرکردنی زمانی ئینگلیزی و زمانه‌کانی تری ئه‌وروپی، و ڕاهێنانی کاری تیمی و کارامه‌ییه‌کانی که‌ ده‌توان ڕیشه‌یه‌کی پته‌و و به‌هێز بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ دابین بکه‌ن.

## تایبه‌تمه‌ندی کۆچبه‌رانی کورد و ڕێژه‌ی سه‌رکه‌وتنیان له‌ وڵاتانی ڕۆژئاوا

ڕه‌وه‌ندی کوردیی له‌ دیاسپۆرا ڕۆڵێکی گرنگی له‌ پرۆسه‌ی کۆچ و یه‌کخستندا هه‌بووه‌، هه‌رچه‌نده‌ تاکو ئێستا ئامار و زانیارییه‌کی دروست سه‌باره‌ت به‌ ڕێژه‌ی کۆچی هاوڵاتیانی کورد بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا له‌ به‌ر ده‌ست نین، به‌ڵام به‌ پێی به‌شێك له‌ ئاماره‌ نافه‌رمییه‌کان نزیکه‌ی ٢.٥ ملیۆن کورد له‌ ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێمی کوردستان ده‌ژین، که‌ ته‌نها له‌ وڵاتی ئه‌ڵمانیا نزیکه‌ی ١.٥ ملیۆن کورد هه‌ن، به‌ڵام به‌هۆی نه‌بوونی ناسنامه‌ی پێویست و دابه‌شبوونی کورد به‌سه‌ر وڵاتانی عێراق، سووریا، ئێران و تورکیادا ناتوانرێت ڕێژه‌ی سه‌رکه‌وتنی کۆچبه‌ران له‌ وڵاتانی ڕۆژئاوا به‌ وردی وه‌ربگرین، هه‌روه‌ك «ماردین حه‌مه‌ ڕه‌شید» ئاماژه‌ی بۆ ده‌کات که‌ به‌هۆی نه‌بوونی به‌ڵگه‌نامه‌ی کوردیی، هه‌موو په‌ناخوازانی کورد له‌ هه‌رێمی کوردستان به‌ عێراقی ئاماره‌کانیان پێشانده‌درێت، هه‌ربۆیه‌ ڕووبه‌ڕووی ئاسته‌نگییه‌کی زۆرده‌بینه‌وه‌ له‌و ڕووه‌وه‌، به‌ڵام به‌ هۆی کۆچی زۆری هاوڵاتیانی هه‌رێمی کوردستان ساڵانه‌ ڕێژه‌ی له‌ ٧٠٪ بۆ ٧٥٪ په‌ناخوازی کوردن که‌ ڕێژه‌ی داواکردنی مافی په‌نابه‌ری پێ ده‌هێنن له‌ ته‌واوی عێراقدا و له‌ وڵاتانی ئه‌وروپا. به‌پێی لێکۆڵینه‌وه‌یه‌ك له‌لایه‌ن «سه‌نته‌ری لێکۆڵینه‌وه‌کانی کوردستان»ه‌وه‌ له‌ ساڵی ٢٠٢٤، کۆچبه‌رانی کورد تاوه‌کو ئه‌ندازه‌یه‌کی به‌رچاو سه‌رکه‌وتووبوون چونکه‌ چه‌ندین تایبه‌تمانییان تێدا هه‌بووه‌ ، بۆ نموونه‌ ٧٨٪یان زمانی ئینگلیزی له‌ ئاستێکی باش ده‌زانن، ٦٥٪یان بڕوانامه‌ی کۆلێج یان به‌رزتریان هه‌یه‌، ٤٢٪یان پێش کۆچکردن ئه‌زموونی کاریان هه‌بووه‌ له‌ بواره‌کانی ته‌کنه‌لۆجیا یان ئه‌ندازیاری، ٥٦٪یان پاشه‌که‌وتیان هه‌بووه‌ بۆ سه‌ره‌تای ژیانی نوێ، به‌م پێیه‌ ئه‌م ئامارانه‌ ئه‌وه‌ نیشانده‌ده‌ن که‌ کۆچبه‌رانی کورد ئاماده‌ییان هه‌بووه‌ و پلانی پێویستیان بۆ ڕووبه‌ڕووی ئه‌م قۆناغه‌ هه‌بووه‌.

## ئامار و داتاکان چی دەڵێن

لەسەر بنەمای ئامارو زانیارییە پێویستەکانی نێو ڕاپۆرتەکە چەند خاڵێك وەك ئەنجام دەستنیشان دەکەین ئەوانیش:

یەکەم: دیاردەی کۆچکردن لە هەرێمی کوردستان لە ئەمڕۆدا دیمەنێکی ئاڵۆز و پڕ ئاڵنگاریی تێدا دەبینرێت؛ لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی بێکاری گەنجان لە هەرێمی کوردستان بە ئاستێکی بەرز بە ڕێژەی (٢٧.٢٪ - ٣٧.٢٪) گەیشتووە، و ٨٧٪ لە خێزانەکان داهاتیان کەمترە لە ٨٥٠ دۆلار لە مانگێکدا، دەبینین کە هەرێم لە ڕووی ئابووری و کۆمەلایەتییەوە لە دۆخێکی ئاساییدا نییە، ئەمەش هۆکارو پاڵنەرەکانی کۆچی زیاد کردووە.

دووەم: کۆچکردن لە هەرێمی کوردستانەوە تەنها دیاردەیەکی چاولێکەریی و خۆویستی نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی کێشە قووڵەکانی سیاسی، ئابووری، و کۆمەلایەتییە. بەپێی ئامارەکان، نزیکەی ٢٠,٠٠٠ کەس لە ساڵی ٢٠٢٣دا کۆچیان کردووە، و ئەمە ڕێژەیەکی بەرچاوە بۆ دانیشتوانێکی ٦.٥ ملیۆن کەسی لە هەرێمێکدا.

سێیەم: شەڕی ئۆکرانیا و پەتای کۆڕۆنا کاریگەری ڕاشکاویان لەسەر سیاسەتی وەرگرتنی کۆچبەران هەبووە. مامەڵەی جیاواز لەگەڵ پەنابەرانی ئۆکرانیا (پەسەندکردنی بەرفراوان و خێرا) بەراورد بە پەنابەرانی هەرێمی کوردستان (پەسەندکردنی کەمتر لە ٣٠٪) ئاماژە بە بوونی دوو پێوەری مامەڵەکردن دەکات، کە تەواو لێك جیاوازن.

چوارەم: لەکاتێکدا وڵاتانی ئەوروپا، نەخشەی سیاسەتی مرۆیی و یاسایی ڕاگەیاندووە، بەڵام جێبەجێکردنی کردارەکی زۆرجار جیاوازی لە ئاخاوتنە فەرمییەکان نیشان دەدات. ڕێژەی پێدانی مافی پەنابەرێتی بەپێی وڵاتان جیاوازە، ئەڵمانیا (٢٥٪)، هۆڵەندا (٣٢٪)، بەڵام بەریتانیا (کەمتر لە ١٥٪)ە.

پێنجەم: ئەمریکا و کەنەدا سیاسەتی جیاوازیان بەرامبەر کۆچبەران هەیە، کەنەدا بە ڕێژەی پەسەندکردنی ٦٨٪ بۆ کۆچبەرانی کورد، خۆی وەك وێنەیەکی ئەرێنی نیشان داوە، لە کاتێکدا ئەمریکا بە بەرنامە تایبەتەکانی خۆی (SIV)، نزیکەی ٣,٥٠٠ کەسی لە ساڵی ٢٠٢٤دا وەرگرتووە.

شەشەم: ئەگەرچی هەندێك وڵات وەك کەنەدا، ئوسترالیا، و تاکو ڕادەیەك ئەڵمانیا کۆچ وەك دەرفەتێك بۆ گەشە تەماشا دەکەن، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان ئەمە مانای دەرچوونی مێشکە داهێنەرەکانە، کە ساڵانە زیانێکی ٢.٣ ملیارد دۆلاری بۆ هەرێمی لێ دەکەوێتەوە.

## سەرچاوەکان


1. Kurdistan Region population to exceed 6.5 million by end of 2023: Kurdistan Region Statistics Office, Kurdistan 24, 19/9/2025, https://tinyurl.com/ym479rmt
2. UNHCR,Iraq data 19/9/2025, https://data.unhcr.org/en/country/irq
3. UNHCR,Iraq data 20/9/2025, https://www.unhcr.org/iq/
4. reliefweb, Iraq, Humanitarian Situation, 20/9/2025, https://reliefweb.int/country/irq
5. DTM Iraq: Cross-Border Monitoring Report, Data Collection Period: March-May 2025 (July 2025), reliefweb, Iraq, Humanitarian Situation, 20/9/2025, https://tinyurl.com/4rubr8f6
6. IOM (International Organization for Migration), 22/9/2025, https://tinyurl.com/3bkh6rds
7. IOM (International Organization for Migration), 22/9/2025, https://tinyurl.com/4m38u5b3
8. International Organization for Migration Iom, 22/9/2025, https://tinyurl.com/y7fd8zue
9. USA for UNHCR,26/9/2025, https://tinyurl.com/2xuyn4he

١٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ د.کوردستان عومەر محەممەد، مامۆستا لە کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان /بەشی کاری کۆمەڵایەتی.

١١. چاوپێکەوتن لەگەڵ ماردین حەمە ڕەشید، بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی دەزگای «لوتکە» بۆ کاروباری ئاوارە و پەنابەران.

کتێبی ئایندەیی

# ئایندەناسی




# گەڕان بە دوای ماڵ لە نێو
# کۆچبەران و پەنابەرانی زۆرەملێدا
# خەڵك لە جووڵەدا

**ئامادەکردن: ئایندەناسی**

کتێبی گەڕان بە دوای ماڵ لە نێو کۆچبەران و پەنابەرانی زۆرەملێدا (The Search for Home among Forced Migrants and Refugees)، ساڵی ٢٠٢٤ لە لایەن بڵاوکراوەی Routledge لە ئەمریکا بڵاو کراوەتەوە و لە لایەن ماریا سۆفیا ئاگوێر (Maria Sophia Aguirre)، پرۆفیسۆر لە بەشی ئابووریی زانکۆی کاسۆلیکی ئەمریکا و ئانتۆنی ئارگاندۆنا (Antonio Argandoña) پرۆفیسۆری خانەنشین لە بواری ئابووری و ئەخلاقی بازرگانی لە قوتابخانەی بازرگانی IESE لە زانکۆی ناڤارا لە ئیسپانیا، ئامادە کراوە؛ کتیبەکە پێشەکییەك، سێ بەش و هەشت تەوەر لەخۆ دەگرێت، کە بریتین هەشت توێژینەوە کە لە لایەن توێژەرانی بوارە جیاوازەکانەوە نووسراوە.

**بەرایی**

پێشەکی ئەم کتێبە بە ناونیشانی: پێناسەی دووبارەی چەمکی «ماڵ» لە سەردەمی ئاوارەییدا، بە هێنانەوە باسی ئەو ڕاستییە دەست پێ دەکات کە پرسی ئاوارەیی زۆرەملێ و پەناربەرێتی، یەکێکە لە گەورەترین ئاڵنگاری و فراوانترین قەیرانەکانی سەدەی ٢١. لەم کتێبە نووسەران هەوڵیان داوە لێکۆڵینەوە لەسەر دوو بابەتی سەرەکی بکەن:

١. «ماڵ» وەك پێداویستییەکی بنەڕەتیی مرۆڤ: بۆ کەسێکی ئاوارە، ماڵ تەنیا بینایەک یان شوێنێکی جوگرافی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک بابەتی سەرەکییە بۆ ژیان وەك: ئاسایش، هەستکردن بە سەربەخۆیی، کەرامەتی مرۆڤ و هیوا. نووسەران دەڵێن، کاتێک مرۆڤ ناچار دەکرێت زێدی خۆی بەجێ بهێڵێت، نەک تەنیا شوێنێک، بەڵکو ئەم پایە سەرەکییانەی ژیانی لە دەست دەدات.

٢. پێویستیی بەکارهێنانی شێوازی فرەپسپۆری: پێشەکییەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی پێویستە لە چوارچێوە نەریتییەکانی توێژینەوە تێپەڕین بۆ ئەوەی بە تەواوی لەم قەیرانە تێ بگەین. کتێبەکە کۆمەڵێک توێژەری بەشە ئەکادیمییە جیاوازەکان وەك ئابووری، یاسا، دەروونناسی، کۆمەڵناسی و سیاسەت کۆ دەکاتەوە. ئەم ڕێبازە فرەپسپۆڕییە ئەوە نیشان دەدات کە ئاڵنگاریی سازکردنەوەی ماڵ، کێشەیەکی تەنیا کۆمەڵایەتی یان سیاسی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی ئاڵۆزە کە پێویستی بە چارەسەری هەمەلایەنە هەیە.

ئەنجامگیریی پێشەکییەکە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە، کە هەوڵی پەنابەران بۆ مانەوە تەنیا چاوەڕوانیی یارمەتی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی چالاکە بۆ دووبارە دروستکردنەوەی ماڵ، کە پێویستی بە هاوکاری دامەزراوە میواندارەکان و سیاسەتەکانی پشتیوانیکردن و دواجار تێگەیشتنێکی قووڵە لە ناوەڕۆکی ونبووی پەنابەران.

**بەشی یەکەم: شرۆڤەی ئەزموون: بیستن**

١. ئەو خێزانانەی کە بە دوای ئاشتی و کەرامەتن: گەڕان بە دوای «ماڵ» لە نێو کۆچبەران و پەنابەرە زۆرەملێیەکان.

٢. دروستکردنی ماڵێکی دیجیتاڵ: ماڵداریکردن لە کاتی هاوئامادەبوون و نەبوونی دیجیتاڵیدا.

٣. ژیانی خێزانی و ئەزموونی کرێکارە کۆچبەرەکان و وەرزێك لەگەڵ منداڵانی بچووك لە ئەمریکا.

لە بەشی یەکەمدا، ئەزموونی ژیانی خەڵکانی ئاوارە و پەنابەر وەرگیراوە و لەسەر دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتیان ورد بۆتەوە. پرسیار لەوە دەکرێت کە ماڵ چ مانایەکی هەیە کاتێك لە دەست دەردەچێت و چۆن ئەم چەمکە لە زەینی پەنابەرندا دەمێنێتەوە؟ هەوڵی خێزانەکان بۆ پاراستنی کەرامەتیان لە ڕێڕەوی ئاوارەیی، گۆڕانی ڕۆڵی خێزانی لە کۆچکردن و شرۆڤەکردنی دیاردەکانی وەك «ماڵی دیجیتاڵی» وەك ئامرازێك بۆ دروستکردنی هەستی پەیوەستبوون، بابەتەکانی تری ئەم بەشە پێك دەهێنن.

**بەشی دووەم: ئەو شێوازانەی کە بە شێوەیەکی کاریگەر یارمەتی نۆژنکردنەوەی ماڵ دەدات.**

٤. ئەزموونی سوورییەکان لە جێگۆرکێی زۆرەملێ: نیشتەجێکردنی دووبارە و سازکردنەوەی ماڵ لە کەنەدا

٥. دۆسێی کۆچبەرە نێودەوڵەتی ڤێنیزوێلا: چۆن سیاسەتێکی دۆستانەی کۆچبەرانە لە کۆڵۆمبیا، تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگەدا ئاسان دەکات.

٦. وەبەرهێنان بۆ لەخۆگرتن: چۆن وەبەرهێنانی لە گۆشەنیگای پەنابەران، یارمەتیی خۆگونجاندنی ئاوارەکان لە کۆمەڵگە خۆماڵییەکانی وڵاتی میوان دەدات.

بەشی دووەم بە شێوەیەکی کرداری هەوڵی پێدانی پێشنیار و هێنانەوەی نموونە سەرکەوتووەکانی تێکەڵبوونی ئاوارە و پەنابەرەکان لە ژینگەی دووەمیان دەکات. بۆ ئەم مەبەستە، بەرنامە و سیاسەتەکانی وڵاتانی وەك کەنەدا و کۆڵۆمبیای وەك نموونە باس کردووە؛ لە کەنەدا سیاسەتی نیشتەجێکردنەوەی ئاوارە سوورییەکان و لە کۆڵۆمبیا سیاسەتی هاوکاریکردن و هەڵسوکەوتی دۆستانە، هۆکارێکی سەرەکی خۆگونجاندنی ڤێنیزوێلاییەکان بووە. چەمکی «وەبەرهێنان لەگەڵ گۆشەنیگای کۆچبەری» وەك چەمکێکی نوێ، ئاماژەیەکە بۆ وەبەرهێنانێکی ئامانجدار، کە بەکارهاتووە بۆ ئەوەی کار لەسەر تیکەڵبوون و لەخۆگرتنی خێرای ئاوارەکان لە وڵاتی خانەخوێ بکات.

**بەشی سێیەم: ڕاسپاردەی سیاسیانە**

٧. چەمکی «ماڵ» لە گوتاری مافی مرۆڤ بە جەختکردنەوەی تایبەت لە پێداویستییەکانی ئەو کەسانەی جێگۆڕکێیان پێ کراوە.

٨. دروستکردنی ماڵ لە سیاست و داهێنانەکانی پەنابەرێتیی ئەمریکا لە یەکخستن و لەخۆگرتنی پەنابەران.

لەم بەشەدا ئەنجامگیری و بەدەستهاتووە ئەکادیمییەکان دەخاتە بەردەستی وڵاتان بۆ ئەوەی وەك ڕێگەچارە و سیاسەتی کرداری لە لایەن دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەکار بێن، بەجۆرێك کە کەرامەتی مرۆڤی پەنابەر لە ماوەدرێژدا دەستەبەر بکرێت. لەم بەشەدا چەمکی «ماڵ» لە گوتاری مافی مرۆڤ ڕوون کراوە و جەخت لەوە کراوەتەوە کە پێداویستییەکانی پەنابەران زۆر لەوە زیاترە کە تەنیا بیر لە نیشتەجێبوونیان بکرێت، بەڵکو گرنگیدان بە دۆخی دەروونی، کۆمەڵایەتی و تەندروستیان پێویستە زیاتر بێت.

کتێبی گەڕان بەدوای ماڵدا لە نێوان کۆچبەران و پەنابەرانی زۆرەملێدا، تەنیا کۆمەڵێک توێژینەوە نییە، بەڵکوو بەیاننامەیەکی شیکاری بەهێزە و نەخشەڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن و چارەسەرکردنی یەکێک لە قووڵترین ئاڵنگارییەکانی ئێستای جیهان. گرنگی سەرەکیی ئەم کتێبە لە توانای مرۆڤسازی و تێڕوانینی مرۆڤانەیە بۆ قەیرانێکی جیهانییە، کتێبەکە بە دانانی چەمکی «ماڵ» لە ناوەندی سەرنجدانیدا، لە ئاماری وشک دوور دەکەوێتەوە و جەخت لەسەر پێداویستییە سەرەتاییەکان و کەرامەتی مرۆیی پەنابەران دەکاتەوە. کتێبەکە ئەوەمان پێشان دەدات کە هەوڵدان بۆ مانەوە لە لایەن پەنابەرانەوە، تەنیا دۆزینەوەی پەناگە نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکی ئاڵۆزی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ناسنامە و سەربەخۆیی. پەیامی سەرەکی کتێبەکە ئەوەیە کە «ماڵ» وەک بەرپرسیارێتییەکی هاوبەش، لەسەر ئەو تێڕوانینە دامەزراوە کە دووبارە بنیاتنانەوەی ماڵ، بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشە. ئەم بەرپرسیارێتییە نەک تەنها لە ئەستۆی خودی پەنابەراندایە، بەڵکو لە ئەستۆی کۆمەڵگە میواندارەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و حکومەتەکانیشدایە.

## فەرهەنگی ئایندەناسی

# ئایندەناسی





# کۆچ و کۆچی نێودەوڵەتی

ئامادەکردن: ئایندەناسی

کۆچی نێودەوڵەتی، یەکێکە لە دیاردە بەرچاوەکانی سەردەم و تا ڕادەیەک بووەتە قەیرانێکی نێودەوڵەتیش بۆ زۆر لە دەوڵەت و حکومەتە جیهانییەکان و زۆرێک لە دانیشتوانی جیهان. ملیۆنان کەس ساڵانە و بگرە هەزاران کەس ڕۆژانە لە وڵاتە خۆماڵییەکانی خۆیانەوە ڕوودەکەنە وڵاتێکی دی، بە ئامانجی دۆزینەوەی هەلێکی باشتری ژیان. ئەم دیاردە ئاڵۆز و پڕ سەرکێشییە چ بە تاک بێت یان بە کۆمەڵ هۆگەلی فراوانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی پاڵنەریەتی و لەگەڵ خۆیدا زۆر پرسیار دەربارەی شوناسی تاک، وڵات، مافەکانی مرۆڤ و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دروست دەکات.

## لە ڕووی زمانەوانییەوە

لە هەنبانە بۆرینەی هەژاری موکریانی-دا واتایەکی کۆچ ئاوا هاتووە: بارکردن لە ئاوایی، هەروەها کۆچاو -کۆچاوکۆچ-یش هەر نزیک لە هەمان واتای کۆچیان بۆ دانراوە. بە پرۆسەی ڕەوەندەکانیش وتراوە کە چەندجار جێ زۆزانی خۆیان دەگۆڕن، بۆ کۆچا-ش بە کەسێک وتراوە کە لە ئاوایی باری کردبێت.

کۆچ (الهجرة) لە عەرەبیدا ڕیشەکەی لە فرمانی «هجر»ەوە هاتووە، بە مانای دووربوون و دوورکەوتنەوە یان جێهێشتن و دەرچوون (الترك والمغادرة) دێت. وشەی «هاجر» بە مانای جێهێشتن و گواستنەوە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی ترە. لە «لسان العرب» دا هاتووە کە «هجر» پێچەوانەی پابەندبوون و پەیوەستبوونە. کۆچ واتە چوونە دەرەوە لە خاکێک بۆ خاکێکی تر. کۆچ لای عەرەبان بە کەسێکی دەشتنشین دەوترا کە لە بادیەی خۆیەوە دەچووە شارێک یان جێیەکی دیکە و بە هەمیشەیی دەگوازرایەوە.

کۆچ بە هاوواتای ئەم وشانەی زمانی ئینگلیزی دانراوە: Migration بە واتای پرۆسەی گواستنەوەیە، یان جوڵەی مەبەستدارە، بەمەبەستی کۆچ. لە کاتێکدا وشەی Emigration بەو جوڵەیە دەوترێت کە نێوان دوو وڵاتدا ڕوودەدات، واتە: لە وڵاتی بنەڕەتی و سەرەتاییەوە دەردەچێت بۆ وڵاتی دووەم و خانەخوێ و پەنابۆبراو، بە مانایەکی دیکە دەرچوون و گواستنەوەیە بۆ دەرەوەی وڵاتی خۆت.

لە فەرهەنگی ویبتسر ی نوێدا (Webster New) سێ مانای سەرەکی بۆ وشەی «هاجر» (Migrate): داناوە:

- گواستنەوە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر، بە تایبەتی لە وڵات یان هەرێم یان شوێنی نیشتەجێبوون بۆ شوێنێکی تر بە مەبەستی جێگیر بوون.
- گواستنەوەیەکی بەردەوام و خولییە لە هەرێمێکەوە بۆ یەکێکی دی یان لە ژینگەیەکەوە بۆ ئەوی دی.
- گواستنەوە یان گەشتکردن (To Transfer)

چەمکی کۆچ لە زۆر فەرهەنگدا دەبینرێت، لە معجم المصطلحات الجغرافية دا، بە مانای گواستنەوەی تاکەکانە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر بە مەبەستی جێگیربوونی

هەمیشەیی یان کاتی. هەروەها لە المعجم الديمغرافي کە لەلایەن بەشی کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە وەشێنراوە وەک پڕۆسەی گواستنەوە لە شوێنی سەرەتایی بۆ شوێنی نوێ پێناسەکراوە.

## لە ڕووی چەمکناسییەوە

دیاریکردنی واتای چەمکی کۆچ جیاواز و فراوانە، بە هۆی ئەوەی لە چەند گۆشەی جیاوازەوە وشەکە کاری خۆی دەکات و لێکەوتەی جیاوازی مێژوو، ئابووری، جوگرافی و کۆمەڵایەتی هەیە، بۆیە پێناسەکانیشی جیاوازن. جیا لەوەش بە پیی کێڵگەی لێکۆڵینەوەکەش دیدی پسپۆڕان و توێژەران دەگۆڕێت.

لە ڕووی زاراوەوە کۆچ پێناسە کراوە بەوەی: «گواستنەوەی خەڵک لە یەکەیەکی کارگێڕییەوە بۆ یەکەیەکی کارگێڕیی دیکە»، یاخود کەسێک یان کۆمەڵەیەک، شوێنی نیشتەجێبوونیان جێ بهێڵن و بچنە شوێنێکی تر بە مەبەستی ژیانکردن لە شوێنی دووەم. هەروەها بە واتای پڕۆسەی گواستنەوەی تاک لە نێوچەیەک کە ناوی «شوێنی سەرەتایی»ی پێ دەوترێت بۆ ناوچەیەکی تر کە ناوی «شوێنی گەیشتن»ی پێ دەوترێت، بە مەرجی ئەوەی پڕۆسەی گواستنەوەکە خۆی بە تەواوی تێپەڕبوونی سنوورە کارگێڕییەکان دوو نێوچە بگرێتەوە و جێگیربوون لە شوێنی نوێ لەخۆ بگرێت و ماوەیەکی دیاریکراو بخایەنێت.

هەندێک لە پسپۆڕان کۆچیان پێناسە کردووە بەوەی: «کردارێکی پەیوەندیدارە بە گۆڕانی شوێنی مرۆڤ لە نیشتمان و زێدییەوە بۆ شوێنێکی تر کە دەتوانێت کاری لێ بدۆزێتەوە و ئەرک و پیشەیەک بزانێت کە لە شوێنی سەرەتایی نەیدەتوانی ئەو پیشەیەی وەک کار جێبەجێ بکات و داهاتی خۆی پێ پەیدا بکات، هۆیەکانی وەک کەمدەرامەتی و کەمیی داهات و تەنگوچەڵەمەی ئابووری یان کۆمەڵایەتی و سیاسی وا دەکەن ئەو مرۆڤە هەوڵ بدات بۆ باشترکردنی ژیان و کەمکردنەوەی فشاری ژیان کۆچ بکات».

کۆچ بە مانا گشتییەکەی، گۆڕانی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەییە بۆ شوێنێکی نوێ، واتە گۆڕان لە ژینگە و یەکەی نیشتەجێبووندا. کۆچ هەمیشە نەرێنی نییە؛ زۆر

کات پرۆسەیەکی ناچارییە، هەندێجاریش پرۆسەی بیرکردنەوەی لە گۆڕینی شێوەی ژیان بۆ باش یان لە باشەوە بۆ باشتر و باشترین، واتە پەیوەستە بە خەون و دنیابینی مرۆڤ خۆیەوە. بەڵام بە زیادبوونی ئەم دیاردەیە و ئەو کاریگەرییە خراپانەی کۆچ کە لەسەر هەردوو نێوچەی سەرەتایی و گەیشتن جێی دەهێڵێت، زۆرجار دەبێتە قەیران و کێشەیەک کە کۆمەڵگە و حکومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگ و کێشە دەکاتەوە، بەهۆی کاریگەرییە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافییەکانی.

بە پێی ئاماری هۆبەی دانیشتووانی سەر بە کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەی کۆچبەری نێودەوڵەتی لە جیهاندا بۆ ساڵی ٢٠٢٤ بووە بە ٣٠٤ ملیۆن کەس، ئەو ژمارەیە نزیکەی دوو هێندەی ژمارەیە بە بەراورد بە ئاماری کۆچ لە ساڵی ١٩٩٠دا، کاتێک ژمارەیان نزیکەی ١٥٤ ملیۆن کەسی کۆچبەری نێودەوڵەتی بوو. کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان بە نزیکەیی ٣,٧٪ خەڵکی جیهان پێک دەهێنن، لە نێو ئەمانەشدا ژنان ڕێژەی ٤٨٪ ی کۆی کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان پێک دەهێنن.

## سەرچاوەکان

- مامۆستا هەژار (٢٠٢٤)، هەنبانە بۆرینە، بەرگی دووەم، ڕێکخراوی خاڵ و دەزگای ڕوانگە، سنە.

- أشجان الفضلي ( ٢٠٢٤/٨/٢٨)، « الهجرة الدولية: مفهومها مشروعيتها والنظريات المفسرة لها»، https://perimjournal.com/?p=١٥٧٣ .


-الأمم المتحدة (٢٠٢٥)، «الهجرة»، https://www.un.org/ar/global-issues/migration.


CFS

Center for Future Studies

# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکـۆڵیـنەوەی ئایندەیی
















CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٢٥) ساڵی شەشەم، ئەیلوولی ٢٠٢٥